


# دارسمە دەنووکی
# لە سمین ناپارێزێ

## کۆمەڵێک وتار، لێداون و بابەت

بەشی یەکەم

کۆکردنەوەو ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی

پووشپەڕی ٢٧٢٦ی کوردی = جوونی ٢٠٢٦ی زایینی

سەرچاوە
Serchawe

# پێڕست:

**بابەتی ساڵی ............................ ٢٠٢٠...................... ٦**

١- نەک هەر فەرزەندی کەمتر، بەڵکوو نەبوونی دایک و باوکیش لە پێداویستییە بە پەلەکانە.....

٢- هەواڵێکی خۆش لە دارسمینی خستم.....

٣- "دارسمە"ش بووەتە گالیلە.....

٤- سمینی بیرەوریی دانیشتووانی بن دیواری مزگەوتێک.....

٥- سماندنی سندووقی ڕەشی فەرمانگەی هەڵبژاردنەکانی وەزارەتی نێوخۆ.....

٦- سماندنی «بەیەکەوە گونجانی دوو ڤایرۆسی ورد و درشت».....

٧- سماندنی کۆڤیدۆکەی سەرەخۆرە.....

٨- سماندنی گرێی سەوزەی سێزدەبەدەر.....

٩- سماندنی بیرۆکەی شەهادەتتەڵەبان.....

١٠- دەمامک بە دەممەوە گیر نابێ.....

١١- سماندنی بیرۆکەی شەهادەتتەڵەبی و دوژمنی خەیاڵی.....

١٢- سماندنی چەند وشەیەکی بڤە.....

١٣- سمینی بنهەنگڵی کلۆخوێی بۆگەن.....

١٤- سمینی فرت و فێڵی زێنەبی کرمانێ.....

١٥- سماندنی دروشمە سواوەکەی خومەینی.....

١٦- ختۆکەی حەوتەکان و سمینی کلکی شەش.....

١٧- سمینی دەردەدڵێکی جاشانە.....

١٨- سمینی ئەم دیوئەودیوی نەریتی کۆنی بەرخوێن.....

١٩- سمینی جەمسەری تێکگیرانی دوو هیلالان.....



سەرچاوە
Serchawe

٢٠- سمینی یادداشتی ئاخوندێکی چڕشێت.....
٢١- شانازیی بە "مەڕ" بوونمان دەکەین.....
٢٢- سمینی سووچێکی هەڵڵای ماڵی خاڵم.....
٢٣- کوڕۆنا و گەمارۆ ئابوورییەکان جووتشەشن.....
٢٤- ئەو کەندەی بەردەوام دەسمێ سەری کۆماری ئیسلامیی بێکڵاو هێشتەوە.....
٢٥- خەیانەتی گەورەی کوردانی ڕۆژهەڵات لەقاو درا.....

## بابەتی ساڵی ..................... ٢٠٢١............... ٧٤

٢٦- لێدەن لە ناڵ و لە بزمار.....
٢٧- بزنە مەرەز وە زمان هات و شوان دەبێ وشیار بن.....
٢٨- خەتای خۆتان بوو درۆم کرد.....
٢٩- لایەنگری لە مەنقەڵسازان.....
٣٠- پیرۆزبایی خێرای هەشتی مارس لە ئێرانەوە.....
٣١- پستە و تۆمگوڵەبەڕۆژە و کوولەکەی بەکرێ.....
٣٢- شەمشەمەکوێرەی دووپێ حەزی لە چ تاریکەشەوێکە؟.....
٣٣- کوردایەتیکردنی بێژانەسەر.....
٣٤- ڕێگەی قودس بە مۆسکۆدا نزیکترە.....
٣٥- ئۆمەتی هەمیشەدەرسەحنە نزیکەی نیوسەدەیە بە پێکوتەی تایبەت کوتراون.....
٣٦- سەرۆک "کۆمار"ی باش هەمیشە مێهرەبانە.....
٣٧- تاکتیکی فیمینستێک و خۆپێشاندانی ئیمام مەهدی.....
٣٨- گازگرتن و فیکەلێدان بە یەکەوە سەرکەوتن مسۆگەر دەکەن.....
٣٩- بەعبەع و مەعمەع و ئاڵزایمێری مێژوو.....
٤٠- دەستێک و چەند پێناسەی فەلسەفیانە.....
٤١- تۆ بڵێی "نیسکاو" باشترین درمانی کۆرۆنا بێت؟.....

٤٢- شینگێڕی بۆ پیاوێکی زلی بێدەنگ.....
٤٣- ئەو سەرۆککۆمارەی چوارپەلی لەنێو توێکڵی گوێز دایە.....
٤٤- پاشەڕۆژی ناڵەکەری کۆنی ژەنگاوی.....
٤٥- قاڵتاخاوا ژینگەی ئارامی قاڵتاخانە.....
٤٦- درۆی بەگەڵەگایی هەر لە تۆ جوانە.....
٤٧- فەرقی ئەسبهای ئینقلابی و غەیری ئینقلابی.....
٤٨- وەزەی ئەتۆم بۆ بەرزکردنەوەی نرخان.....
٤٩- دیپلۆمات - قاچاخچی (بەرکوڵێک لە فەرهەنگی وشەی سەیروسەمەرە).....

## بابەتی ساڵی.................٢٧٢٢............... ١٧٦

٥٠- بیباری ژاراوی بۆ چارەسەرکردنی ڕێژەی هەژاران.....
٥١- بەداخەوە شەهیدسازیی ئەمجارە پەکی کەوت.....
٥٢- لێکدانەوەی "جاش"انی.....
٥٣- تاوانی غەزەل و سەربڕینەکەی.....
٥٤- هەڵۆ لە پەرەسێلکە بەرزتر دەفڕێ.....
٥٥- تۆ بڵێی ئەم شێوازە خۆشەی تۆڵەسەندنەوەیە ببێتە باو؟.....
٥٦- بۆکرووز و بۆچرووکی گوڵی سووسەن و یاسەمەن.....
٥٧- سووکە ڕێگەی دابینکردنی کەرەستەی هەناردەکردنی شۆڕشی ئیسلامی.....
٥٨- زاوای خراپ بەرەی خەزووری دەخاتە سەر ئاو.....
٥٩- "دڵداریدەرمانی" شێوازی نوێی چارەسەری هەموو کێشانە.....
٦٠- "بەرهەڵێخ" بە شێوازی دیکە نوێ دەبێتەوە.....
٦١- هەموو کێشەیەک بە فوو چارەسەر دەکرێت.....
٦٢- لێکدانەوەی دوو گۆرانیی موبتەزەل.....
٦٣- گەلاڵەی سەرکەوتووانەی کۆماری ئیسلامی بۆ خزمەت بە فراوانکردنی دەسەڵاتی جوولەکان.....

بەشی یەکەم


٦٤- نەقیزەی دەسەڵات و کۆڵمتی چاکسازیخوازان.....

٦٥- تێرۆریزمی نەرم و مەخمەلی یان تێرۆری گەشتیارتۆقێن.....

٦٦- بەڵێ بنۆکگۆمار هەموو شتێک "بی فایدە است".....

٦٧- یەکسانیخوازی بە زەبری زیندان و فیشەک.....

٦٨- لێکدانەوەی گەوجانە.....

٦٩- بۆ خوێندنەوەی ئەم بابەتە دەست بە چاوتانەوە بگرن.....

٧٠- هەناردەی قاچە مریشک لە جیات "صدور انقلاب".....

٧١- دوو کیسە چای چەکوشسەوز بۆ حەمیدی نووری لە سۆئید.....

٧٢- فارسی شەکەرە و حیزبی دیموکراتمون "حەللە".....

٧٣- شێوازێک بۆ بێزارکردنی خەڵکی لە گۆشتخواردن.....

٧٤- منداڵەبەربوون بە شانتەکاندنێک.....

٧٥- ئابووریزانی لێهاتوو لە دکتۆری قۆڵبڕ باشترە.....

٧٦- هەر خامنەیی دەزانێت کێ کۆنەپەرەستە!.....

٧٧- ژن، ژیان، ئازادی" بووەتە دارتەرمی مێژوویەک.....




## بابەتی ساڵی ..................... ٢٠٢٠

## نەک هەر فەرزەندی کەمتر، بەڵکوو نەبوونی دایک و باوکیش لە پێداویستییە بە پەلەکانە

پرۆژەی وەستاندنی لەدایکبوون لە لایەن دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە لە باشووری ئەم وڵاتە وەک پاشگەزبونەوە لە پەرپێدانی رێژەی دانیشتووانی سەرانسەری ئێران خرایە بواری جێبەجێکردنەوە. ئەم پرۆژەیە لە یەکێک لە نەخۆشخانەکانی شاری ئەهوازی باشووری ئێران واتە کەمێک ئەملاوەتری شاری "ئابادان" دەستی پێکرد. لە یەکەم هەنگاوی سەرەتای پرۆژەکە کە ڕۆژی ٢٦ی سەرماوەز هەواڵەکەی بڵاوکرایەوە، چوار ژن بە یەکەوە لە بەشی چاودێریی چڕ(ئای سی یوو)ی نەخۆشخانەی لەدایکبوونی گیانیان لێ سەندرا. لە جیاتی منداڵان بە سەلامەتی لە دایک بن دایکان بێ سەلامەتی گیانیان لەدەست دا.

"ئای سی یوو" یان بە کوردییەکەی خۆمان "بەشی چاودێریی چڕ"، بە ئەو بەشەی نەخۆشخانە دەگوترێ کە هەموو پێداویستییەکانی نەخۆشی کاتی سەرەمەرگی لێیە و پزیشکی شارەزا لەم بەشەدا بەردەوام خەریکی پارێزگاریکردن لە نەخۆشانی زۆر هیلاکن و زۆر جاران نەخۆشانی نیوەمردوو وەک فارس دەڵێن "احیا" یان بەکوردی بڵێن "دەژیێننەوە". دیارە

ئێران خۆی بە گشتی بۆ دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی و لەسەرووی هەموویانەوە میرزا عەلی ئاغای خامنەیی وەک "ئای سی یوو" وایە و بۆیان بووەتە بەشی "چاودێریی چڕ" و دەسەڵاتەکە وەک جەندەکێکی نەخۆشی لێ هاتووە کە بەئاستەم و دووبەڵا نەفتی لە بەر دەڕوات و بە زەحمەت پشووی ئابووری دەخواتەوە.

دەڵێن قسە قسەی لێدەکەوێتەوە و ئێمەش لە سەرەوە گوتمان ئەهواز دەکەوێتە ئەملاوەتری ئابادانەوە. کاتێک ناوی ئابادانمان هێنا، دەکەوینەوە یادی "سینەما ڕێکس" و ئەو سینەمایەی لە کۆتایی تەمەنی ڕژێمی پاشایەتی بەدەستی ئاغا و یاورانی بە دانیشتووانییەوە ئاگر درا و خەتاکەی خرایە سەر ملی دارو دەستەی دەسەڵاتی پاشایەتی دوای دەیان ساڵ دەرکەوت کەر لە کوێ کەتوە و هەرامە لە کوێ دڕاوە.

دەڵێن مرۆڤ ئەگەر زۆری گوت، بەسەر هەموو جۆرە قسەیەکدا دەکەوێ و ئێمەش خەریک بووین بە باسی ئەم ئابادان و شتی دیکە بەسەر سیاسەتدا بکەوین. یادی بەخێر جاران کە سەیری پاسەکانی نێوان شارەکانی ئێرانمان دەکرد، لە سەر شووشەی دواوەیان بە خەتێکی جوان نووسرابوو "فرزند کمتر، زندگی بهتر"، بەڵام کاتێک دەچووینە نێو پاسەکە لە بان ئاوێنەی ژوورسەرکی کاکی شۆفیرکەی نووسرابوو "بحث سیاسی ممنوع."

چەندساڵێکە لەترسی جەندرمە چاوزەقەکان، نانا سەربازانی گومناو، کەس ناوێرێ باسی فەرزەندی کەمتر بکا و لە نێو پاسەکانیش بیر لە سیاسی بکاتەوە و هەر دوو دروشمەکە لە دەرەوە و نێوەوەی ماشێنەکان هەڵگیراون. ئاخر وەلیی فەقیهـ وەک خۆیان دەڵێن نایبی بەرحەقی ئیمامی زەمان و نوێنەری خوا لە سەر زەوی لەم دواییانەدا بە مەبەستی زیادکردنی خێڵی چەکدارانی سەر بە ئیمپراتۆرییەتی هەناردەکاری ئینقلابی ئیسلامی و بە کوشتندانیان لە لوبنان و سوریە و یەمەن و باشووری عێراق پێویستە لەشکری ساحێبولزەمان پەرە پێبدا. ڕێک بەم مەبەستە بوو دروشمی فەرزەندی کەمتر هەڵگیرا و کەڵکوەرگرتن لە حەب و ئامێر و ڕێگەی پێشگیریکردن لە منداڵبوون پێشی پێگیرا. جەنابی ڕێبەر کە بۆ خۆی لە تەڕی دەخوا و لە وشکی دەنوێ، هیچ باکی لە برسیەتیی منداڵانی زۆر و زەوەندی خێزانە ئێرانییەکان نەبوو. ئەو هەر دەیەوێ دانیشتووانی ئێران زۆر بن و بە برسیەتی و نەخوێندەواری گەورە بن و دەستیان تفەنگ بگرێ و بە ئاواتی جەمێک نانی گەرم و تێرکردنی سکیان کۆڵینەوەی گیرفانی کوژراوانی بەرکانی جەنگ ڕوو بکەنە نێو ڕیزەکانی پیرۆزی "حیز"بۆ لای لوبنان و نێو چەکدارانی بەشار ئەسەد و خزمەت حووسیەکانی یەمەن و بۆ پارووبەک نان و کەمێک شرەخۆری خۆیان بە ئاگر و ئاسندا بکەن.

کورد دەڵێ تەکبیر و تەغدیر لێک دوورن. جا چیرۆکەکەی زیادکردنی منداڵبوون و وەچەنانەوە پێچەوانە کەوتەوە. ئەو

بەشی یەکەم

مێرمندالڵ و لاوانەی چاویان بە جیاوازیی نەتەوەی و زوڵم و بێکاری و برسییەتی و گرانی و ستەمی ئاخوندەکان کەوت، لە دەستیان وەزاڵەهاتن. وای لێهات گرانبوونی بێنزینیان کردە بیانوو. ئەوە بوو راپەڕین و کەمێکی مابوو کۆشکی شای ئاخوندان تێک برمێنن. ئەوانیش کە کونەمشێکیان لێ ببوو بەڵاخانە و دوای سەرکوتکردنی خەڵک بە خۆیان داهاتنەوە و ئەمجارە بیریان لە فەرزەندی کەمتر و راپەڕینی خاوتر کردەوە، بەڵام سواربوونی کەر عەیبێکە و دابەزینەوەی دەیکات بەدوو. هەر بۆیە بێئەوەی ڕاییگەیەنن، نەک دەستیان بە کەمکردنەوەی فەرزەند کرد، بەڵکو کەوتنە گیانی گەورەکانیش. دوای ئەوەی ڕاستەوخۆ لەسەر شەقامەکان گوللەبارانیان کردن و بەشێکی زۆریان لە ژێر ئەشکەنجەدا کوشتن، کەوتنە بیری ئەمە پرۆژەی فەرزەندی کەمتر بە شێوازێکی دیکە جێبەجێ بکەن. بۆ ئەم کارەش بە دوو هۆی زۆر سەرکی لە نەخۆشخانەی "لەدایکبوون"ی ئەهوازەوە دەستیان پێکرد. هۆی یەکەم ئەوەیە: کوشتنی دایکان لە حەب و کاندۆم باشترە، چونکە ئەگەر دایکە مرد ئیدی وەچە نانەوەکە دەوەستێ. هۆی دووەمیش: کوشتن لە باشوورەوە ترس و تۆقاندن و کەمبوونەوەی ئەو عەرەبانەی لێ دەکەوێتەوە کە بە تەمای جیابوونەوەن.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٢ی دێسەمبەری ٢٠١٩

## هەواڵێکی خۆش لە دارسمینی خستم

لەوەتەی بەرەبەیـانی ڕۆژی هەینـی ١٣ی بەفرانبـارەوە بەسـەر خـاڵ و پیـت و وشـە و ڕسـتە و دێـڕی ئەم سـتوونە نووسـراوەی بەرچاوتـانـدا «قونـدە قونـدە»مە و کلکـم هەڵـدەتەکێنم. بەڵام لێتـان تێـک نەچێـت، مـن کلـکهەڵتەکێنە نـیم و هەمـان «دارسمە»کەی جارانم. ئەو دارسمەیەی بەردەوام دەنووکی بۆ هەڵکۆڵینی نێوقەدی دارە ئەستوور و بەقەوەکـان لەکـاردایە و سەر و دەنووکی وەک چەقەنەی ئاشی لە هەڵبەزینە و، سەرەڕای ئەمەش مێشکی لە کارکردن ناوەستێ. ڕەببـی دوژمنـی حەوت پشـتتان وەک بەشـێکی زۆری ئەم هینـانەی خۆمـان مێشـکی لە کـارکردن نەوەسـتێت و نازنـاوی بێدەمـاخی بەسـەردا نەبـڕێ. لە بەرەبەیانی ڕۆژی هەینییەوە لە جیات سەر و دەنووکم. دڵم کەوتووەتە لێدان و زۆرجار خۆشم وادەزانم دڵەکوتەمە. دڵـم بە چەشنێک تەپەی دێت دەڵێی چەند کەس جووت پێ، پێلەقە بە دیـواری ژوورەوەیـدا دەدەن. منـیش هەر هەڵـبەز و دابەزمە و کلکم هەڵدەتەکێنم. نازانم ئەم کلکهەڵتەکاندنەم لە چییەوە؟ قسـەی خۆمـان بـێ، دڵەکوتەکەشم وەک دڵەکوتەی شـاعیر نییە کە دەڵێ:

"دڵەکوتەم نییە و دڵم جێی کیژێکی خانومانە
منداڵە ئۆقرە ناگرێ، بۆم دروست کردوە جۆلانە"...

جۆلانە بە ئارامی ڕادەژێت. ئەویش ئەگەر کیـژی خانومـانی لەسەر بـێ، بە شـاعیرێکی لێهـاتووش نەبـێ وەسفی نـاکرێ. من پێچەوانەی شاعیر:

ئەم دڵەم دەکا جۆلانێ
هیچ‌کەس وەک خۆم نازانێ
بۆچ وا کەوتە ڕاژانێ ...

نانا، خراپی بیر لێ نەکەنەوە، نەمدەویست بڵێم ئەم دڵەم دەکا جۆللانێ/ بـۆ بەزمی فـاتمە سوڵتـانێ. دەمهەویست شتێکی دیـکە بڵـێم، بڵـێم منـیش وەک سیاسـەتمەداری کـوردم لێقەومـاوە. داردەسـتێکم بە دەسـتەوەیە هەردوو سـەری شـتێکی بـۆگەنی پێوەیە و نـاوێرم دەستی کەمێ. ناچـارم ناوەنـدی دارەکە بە دوو پەنجە بگـرم و وەک تەرازوو لە دەستمدا لەنگەر بگـرێ و ئەمسەر و ئەوسەری بەرز و نزم بێتەوە.

## بەشی یەکەم

وەرن خۆتان لە جیات من دابنێن و بهێننە بەرچاوی خۆتان کە بە دەم کلکهەڵتەکاندنەوە، دڵتان بەتوندی لێ بدات و دارێکیشتان پێبێ، ئەمسەر و ئەوسەری بۆگەن بێ و ناچار بن لەنگەری هەردوو لا بۆگەنەکە ڕابگرن.
هەروا لەگەڵ دڵەکوتەکەمدا کلکی خۆمی بۆ هەڵدەتەکێنم و خەریکی هەڵپەڕکێ و شایی و لۆغانەکە دەبم. بەڵام ئەم دارە لەکۆڵم نابێتەوە. ئەو دارەی هەردوو سەری بە شتێکی بۆگەن پیس بووە، ناتوانم فڕێی بدەم و ئەگەر بەدەستیشمەوە بێ، خۆ بەدڵی خۆم چێژ لە شایی و هەڵپەڕکێکە وەرناگرم. تۆ بڵێی هەتا ئەو کاتەی بارانێکی بەڕەحمەت دەبارێ و ئەمسەر و ئەوسەری دارە پیسەکە دەشواتەوە و دواتر خۆرەتاو بۆنی ناخۆشی پاشماوەی پیسایییەکە لەنێو دەبا، ئەم شایی و کلکهەڵتەکاندنەم بەردەوام بێ؟ ئەو کات بە دڵی خۆم سەرێکی دارەکە دەگرم و سەرەکەی دیکەی لە زەوی دەدەم و دەیکەمە ئەستووندەگ و یارمەتیدەری ڕاگرتنی هاوسەنگیی خۆم و یەک بە دەمم دەنگ هەڵدەبڕم و هاوار دەکەم.

ئەم دارە بۆگەنەم لەکۆڵ بێتەوە، هەر ئەستووندەگ و یارمەتیدەریشم ناوێ. دەخۆم ڕادەبینم لەسەر پێی خۆم بوەستم و وەک زۆربای یۆنانی بیکەم بە شایی و هەڵپەڕکێ. ئەگەر بۆگەنی ئەمسەر و ئەوسەری ئەم دارەپیسە نەبێ، گوێ بە کەس نادەم با هەر پێم بڵێن دارسمە، کەندەسمە یان کلک هەڵتەکێنە، خۆ دەتوانم ببم بە بولبولیش. ئەگەر بۆنی پیسی ئەمسەر و ئەوسەری ئەم دارە لێم بگەڕێ، وەک بولبول دەچریکێنم. تۆڵەی سیاسییە کوردەکانیش دەکەمەوە. لە جیات ئەوان دێمە دەنگ و شێعر و گۆرانی دەڵێم و شانی سەرچۆپیکێشی شایی و هەڵپەڕکێی نێو دڵم دەگرم و ڕایدەکێشمە سەر گۆڕەپانێکی گەورە و شاییەکە ئەوەندە گەورە دەکەم، هەموو خەڵکی شاروگوند و کۆمەڵگەکان بێنە سەیری و گوێ لە بەندانم بگرن. یەک بەخۆم هاواردەکەم و دەڵێم من نە دارسمەم و نە کەندەسمە و نە کلک هەڵتەکێنە و تەنانات نە بولبولیش. دەبمە مرۆڤ و لەنێو باڵندەکان ڕوو دەکەمە بولبول و دەڵێم من مرۆڤم و پەندی زمانە وای لێ کردووم بڵێم:

«منیش ئەی بولبولی شەیدا وەکوو تۆم
وەها دوورم لە هێلانە و گوڵی خۆم
منیش وەک تۆ لەکیسم چوو گوڵی سوور
منیش هێلانەکەم لێکراوە خاپوور
هەتا دوژمن نەگەوزێنێ دە خوێنم
دەخوێنم بۆ گەلی خۆم، هەر دەخوێنم ...»

نانا، ڕوودەکەمە مرۆڤەکان و دەڵێم ئەم هەموو شایی و لۆغان و هەڵپەڕکێیە بۆ ئەمەیە لە بەرەبەیانی ڕۆژی ١٣ی بەفرانباری ٢٧١٩ەوە بە هۆی پارچە پارچەبوونی دوژمنێکی تینووی خوێنی کوردان و خوێنڕێژی خوێنی هەزاران ڕۆڵەی خۆرهەڵاتی نێوەڕاست، شایی و گەڕیان و ڕۆینە و سێپێیی و سوێچکەیی و شێخانی دەکەم.

**بەشی یەکەم**

**یەکجێ بۆگەنێک بەرلووتم دەگرێ و دارەکە بە دووسەری بۆگەنیوەوە بەدەستمەوەیە و ئەمسەر ئەوسەری کێم و جەڕاحەت و زووخاوی یەکتر بوغزاندن و پیلانی ژێربەژێر و خۆفرۆشی لێ دەتکێتەوە. دارە پیسەکە فڕێ دەدەم و بەرەو نێوقەدی درەختێکی ئەستوور دەچم. پەنجەکانم لە تەلاشە گرەکەی قایم دەکەم و سەر و دەنووکم دەکەمەوە چەکوشی دارسمین و، بۆ تێرکردنی سکی برسیم بەدوای وردە زیندەوەرەکانی نێو کۆتەرە دارکەدا دەگەڕێم.**

**سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٦ی جانێورێری ٢٠٢٠**

## "دارسمە"ش بووەتە گالیلە

ئەم گالیلەیە تۆوێکی خراپی بۆ چاندووین. هەمووی خەتای ئەوە. «کۆپرنیت»زانای پێش گالیلە، زۆر لە گالیلە زووتر زانیبووی زەوی وەک ئەستووندەک نەچەقێنراوە و چەقی رەق و تەقی هەسارەکان نییە و «خۆر»یش وەک فرفرە بە دەوریدا ناسوورێتەوە.

ئەو دەیزانی زەوی لەکاتێکدا بە ٢٤ کاتژمێر جارێک وەک خولخولە بە دەوری خۆیدا هەڵدەسووڕێ، لە هەمانکاتدا بەدەوری خۆریشدا دەخولێتەوە. بەڵام «کۆپرنیک»ی زانا وەک گالیلە خوا لێی نەگۆڕیبوو و ئەم خول و سووڕانەی گۆی زەوی نەکردبوو بە هاتوهاوار. ئەگەر کاک ناگالیلە بێدەنگەی لێکردبایە، ڕەنگە ئێمەش نەمانزانیبایە زەوی بەم خێراییە بە دەوری خۆیدا دەسووڕێتەوە و فێری بێدەنگی دەبووین و حیز و سەلامەت ژیانمان ڕادەبوارد.

منی دارسمەش دەردی گالیلەم گرتوە و خەریکم سەری خۆم بە فەتەڕات دەدەم. بەخۆم و بەم سەرودەنووکە بچووکەم دەمهەوێ دەست و قاچی «ئاغا» بخەمە نێو کاژەڵاکی گوێزەوە. دەڵێن جاری جاران ئەگەر هەتیو مەتیوی توقە و سۆدرە، پشیلەیان دەگرت، سەری پەنجەی هەر چوار دەست و قاچیان دەخستە نێو نیوەی قاپۆرە گوێزێک. جا پشیلەی ماڵوێران لە چەنگ و نینۆک دەکرا و نە دەیتوانی بۆ پێشەوە پەل باوێ و نە دەشیتوانی بۆ دواوە بگەڕێتەوە و هەر دەبوو هەوڵی بێهوودەی دابا. «ئاغا»ش لە ئەم ڕۆژانەی دواییدا بە مەردەی پشیلەی گۆرین چووە و دوای ٨ ساڵ، هەفتەی ڕابردوو یەکەم جار بوو قەنناسە بەدەست هاتە نێو خەڵک و چەند کرنۆشێکی بەدرۆی بۆ خوا برد. بەڵام دیاربوو هەر چوارپەلی لە نێو توێکڵە گوێزدا ماونەتەوە.

ئێستا ئەم پرسیارە لای کەسانی وردبین و چازان دەخولێ کە ئەم شێر و ڕێوی هێنانەوەیە چ پێوەندییەکی بە گالیلە و مالیلەوە هەیە؟ پێوەندییەکەی ئەوەیە ئەوەی من لە خوارەوە سەبارەت بە «ئاغا» دەیڵێم، زانایانی بەر لە منیش دەیزانن، بەڵام ئەوان وەک کۆپرنیگ بێدەنگەیان لێی کردوە و منیش گالیلەئاسا خەریکم ملی لە دەزوو باریکترم دەخەمە بەر گیوتینەوە.

جا ئەمجارە وەرنە سەیری ئاغا کە چۆن قاچ و دەستی لە نێو توێکڵە گوێزکاندا گیری خواردوە، پەل داوێ و ناتوانێ

هەنگاوێک بچێتە پێشەوە.

دیسان دەیڵێمەوە، ئەوەی لەمەدوا باسی دەکەم، تەنیا تۆزقاڵێکیشی خۆم نەمدۆزیوەتەوە و هەمووی کاری «کۆپرنیک»ەکانی دیکەیە:

- ئەوان دەزانن ئابووریی وڵات ڕووخاوە و «ئاغا»ش باسی سەربەخۆیی ئابووریمان بۆ دەکا و من دەیڵێم.

- ئەوان دەزانن هەناردەی نەوتی ماڵی «ئاغا» لە مانگانە ٣ ملیۆن و نیو بەرمیلەوە بۆ خوارووی ٣٠٠ هەزار بەرمیل دابەزیوە و هەر من دەیڵێم.

- ئەوان دەزانن وڵات بێ فرۆشتنی نەوت ناتوانێ لە بواری ئابوورییەوە لەسەر قاچی خۆی بوەستێ و هەر من دەیڵێم.

- ئەوان دەزانن درۆی گرفتی تەکنیکیی فرۆکە ئۆکرانییەکە لەلایەن ماڵی «ئاغا»وە سازکرابوو و هەر من دەڵێم.

- ئەوان دەیانزانی بە دوو مووشک فڕۆکەکە پێکرابوو و هەر من دەیڵێم.

- ئەوان دەیانزانی کاتێک فڕۆکە ئۆکرانییەکە لە فرۆکەخانەی ئیمام هەرامەوە هەستاوە لە ژێر چاودێریی سوپای پاسداراندا بووە و هەرمن دەیڵێم.

- ئەوان دەیانزانی فڕۆکەکە هەتا لە ئاسمانی ئێران دەردەچێ، لەنێو بورجی چاودێریی فرۆکەخانەدا لە سەر مۆنتیۆری ئامێری چاودێری دیار دەبێ و هەر من دەیڵێم.

- ئەوان دەیانزانی ئەگەر پەدافەند تەقەی لە فرۆکەی شەڕکەر کردبایە نەیدەنگاوت، بەڵام هەر لە نێو مۆنیتۆری باندی چاودێریەوە ئەم فڕۆکەیە ئەنگێوراوە و هەر من دەیڵێم.

- ئەوان دەیانزانی نەوەیەکی خومەینی بڕیاربووە لەگەڵ ئەم فڕۆکەیە بڕوات و گێڕاویانەتەوە و هەر من دەیڵێم.

- ئەوان دەزانن ئاغا بە خۆی و بە دارودەستەی ئەوەندە بچووک بووەتەوە لە نێو توێکڵە گوێزێکدا جێگەیان دەبێتەوە و بۆ هەمیشە خللۆر دەبنەوە، ئەویشیان هەر من دەیڵێم.

بروا بکەن ئەوەی گوتم هەمووی وڕێنەبوو. یانی وڕێنە نا هەمووی لە خەیاڵ و فانتازیای هەستی بەگالیلە بوون سەرچاوەی وەرگرتبوو. ئێستاشی دەگەڵدا بێ کە چاوتان پیت و وشە و ڕستە و دێڕانەی پێکهێنەری ئەم نووسراوەیە دەنگێوێ، هەر وام دەزانی گالیلەم. بەڵام ئێستا بیری لێ دەکەمەوە دەڵێم خوایە زۆر شوکر نەبووم بە گالیلە و هەروا دارسمەم.

ئەگەر دارسمە نەبوایەم، ناچار بووم باسی زۆر شتی دیکە بکەم کە هەم ئێوەی کۆپرنیک سیفەت دەیانزانن و هەم منی گالیلە سیفەت. ئیدی ئەوکات ئێوە لە زانایی خۆتانتان دەفشی و بە گەوجیەتیی من پێدەکەنین. خۆ ماڵی «ئاغا» بە خۆی و بە دارۆغە و مارۆغەکانی ئەوەندەیان تین دەبەردا نەماوە و لە گیانەڵڵادان. بەڵام چاوی جاسووسێم کوێر بێ و ئەنگوستی پەلپیتێکیم شکێ، ئەگەر منیش زۆری لەدوو بدەم و ئەوەی بن بەڕەی بخەمە سەربەڕەی، وەک گالیلە دەکەومە بەر غەزەبی کلیسا و وەک عەبولعەزیزە کۆرەی داسنی دەبێ بووکی خۆم بە نامرادی بنێرمەوە ماڵی دەباوان. هەر لەبەر ئەمەشە دارسمەم و دەچمەوە سک دارکوتانی خۆم و ئەگەر گالیلەش مابایە پێم دەگوت: «سەری گوتیە زمانی، هەتا ئەتۆم جیرانی، خۆشیم نایەتە گیانی".

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢١ی جانێورێری ٢٠٢٠

## سمینی بیرەوریی دانیشتووانی بن دیواری مزگەوتێک

منتان دیتووە، ڕۆژ تا ئێوارە خەریکی دارکوتانم! ڕۆژانە هەر دەیکوتم و دەیکوتم و دەیکوتم!

نێوقەدی ئەم دارە ڕەق و تەقانە دەکوتم، بە دەنووک ئاردیان لێوە بەبا دەکەم و بە هەزار زەحمەت و کوێرەوەری دەنکە کرمێک لە نێوقەدی دارەکاندا دەدۆزمەوە. ئەگەر زۆر برسی نەبم، لە زاری خۆمی دەگرمەوە و دەرخواردی جووجەڵەکانمی دەدەم، بەڵکوو ئەوانیش وەک من گەورە بن، سەریان خڕ بێ و دەنووکیان تیژ بێ و دەستبە دارکوتان بکەن، بە هەزاران زەحمەت و کوێرەوەری کرمێک یان دارخۆرەیەک لە نێوقەدی دارەکان دەربێنن و سکی خۆیانی پێ تێر بکەن.

ئەمڕۆ لەسەر ئەم هەموو زەحمەت و ماندوو بوونەم بیرم لە ڤایرۆسی کرۆنا دەکردەوە. جاروبار لە دارکوتان ماندوو دەبم بۆ وچانێک لە جێی خۆم لادەچم، دەچمە گوێسوانەیەک، لە بەرهەیوانی ماڵێک و سەر دەڕابەی دووکانێک کوێ هەڵدەخەم. هەموویان دەڵێی مامۆستای سیاسەت و پسپۆڕی تاقیگەی پزیشکین. هەر یەکەو بەزمێک بەم کرۆنا ماڵوێرانە دەکەن. ئەوەی چەپە یان پێشترێ لە حەوز و کانی و بەرەی حیزب و ڕێکخراوە چەپەکانی خواردوەتەوە، یان دەموچاوێکی تەڕ کردوە، دەڵێ: «ئەوە کاری ئێمپریالیزمە.» ئەوان بە لێکدانەوەی لەرزۆکی خۆیان کە نە دڵیان لە بۆچوونەکانی سەرۆک »مائۆ» و هاوڕێ «هووشیمین» بەردەبێ و نە سمێڵەکانی جێبەجێکاری دیکتاتۆریی پرۆلتاریایان لەبیر دەچێتەوە، دەڵێن ئەمە شەڕی ئابوورییە و ڕێی تێدەچێت، «کارتێل» و «تراست» و ڕێکخراوە سیخوڕییەکانی سەر بە ئێمپریالیزم بە مەبەستی پێشگرتن بە گەشەکردنی چینی پرۆلتاریای «چین» ئەم «کرۆنا» حیز و حیزبابەیان بەگژ چینی کرێکاری بەرهەمهێنی «چین«دا کردبێ. ئەم قسانە زیاتر لە سەر دەڕابەی ئەو دووکانانەوە دەبیسم کە خاوەنەکانیان دوای ماوەیەکی دوورودرێژی چەپ بوون، ئێستا بە سەری ڕووتاوە و سمێڵی تاشراوەوە کاتی نیوەڕۆیان، ڕێک ئەو کاتەی مشتەرییەکانیان کەمێک دەسڵەمنەوە؛ ئەو لێکدانەوانە لەسەر بنەمای «بەشی ئابووریی ژێرخانە» بۆ یەکتر بەیان دەکەن.

موسوڵمانان لە هەمووان زووتر کرۆنا لەکۆڵ خۆیان دەکەنەوە. یان دەڵێن پەنا بەخوا ئاخیر زەمانە و یان دەڵێن خوا تووشی کافرانی کردوە و لە ئێمە دوورە و دەڵێن یارەبی خوا هەموو لایەکمان بپارێزێ. ئەمەشم زیاتر لە نزیک شوێنی دەسنوێژهەڵگرتن و سەر هەیوانی نوێژگەکانەوە بیستوە. ئەوان دەڵێن ئەم کافرانە هەموو جڕ و جانەوەرێک دەخۆن، بۆیە

ئەم پەندەیان بەسەر هات.

یەکێک دەیگوت: ئەمڕۆ بەو گوێیانەی خۆم بیستم دەیانگوت وەزیری تەندروستیی ئێرانیش داوای کردوە هاتوچۆی هەموو فرۆکە ئێرانییەکان بۆ چین بوەستێندرێ و هەتا ئەم پەتای کرۆنایە لایەکی بەلایەکدا دەکەوێ، کەس هاتوچۆی چین نەکا. هەر لە تەنیشت خۆیەوە یەکی دیکە گوتی کورە ئەوە دەڵێی چی؟ هەر ئەمڕۆ بالیۆزی چین لەگەڵ بەڕێوەبەری کۆمپانیای فرۆکەوانیی ماهان کۆ بۆوە و گوتی ئەم کۆمپانیایە هاتوچۆکانی بۆ چین ڕاناگرێ و هەر بەردەوام، دە...ـ یەکی خرپنەی ڕیش ماشوبرنجی قسەکانی پێ بڕی، دووکەڵی سیغارەکەی بە بن سمێڵە ڕەش و سپی و ڤاوەییەکانیدا دەردایەوە و ئاخێکی تەوساویی هەڵکێشا و گوتی، دنیا هەتا سەر بە کەس نامێنێ. سەردەمێک ئەم فرۆکانەی کۆمپانیای «ماهان» هەر پێیان دەکرا چەک و چۆڵ و جەماعەتی «فاتمیوون» و «زەینەبیوون» بەرەو شام و کەربەلا و نەجەف و یەمەن بگوازنەوە. دوای بڕانی عاجی حاجی قاسم، ماهانیش بە هەتیوی مایەوە و بۆ پڕکردنەوەی جێگەی نەوتی نەفرۆشراو خەریکە دەست دەزاری ڤایرۆسی کرۆناش ڕۆدەکا.

یەکێکی دیکە هەتا ئێستا بە بێدەنگی سەری لەوانی دیکە بادەدا و دیار نەبوو ئەوانی پێ نەزانە یان خۆی سەرودەر لە دۆخەکە دەرناکا، هەڵیدایە و گوتی: کورە فرۆکەی چی و مرۆکەی چی؟ ئەمرۆ شتێکی زۆر سەیروسەمەرەتر ڕووی داوە. ئەمڕۆ هەواڵێک بڵاو بووەتەوە، هەتا ئێستا لە قامووسی ئەم چل ساڵەی دواییدا ڕووی نەداوە. ئەوە دەڵێن چی؟ گاڕانیان بە پانەوە بردوە، لەم نێوەدا دیارە گوێلکە بۆریش هەر نەماوە. لە ماوەی ئەم چل ساڵەدا هەر پارە و داهاتی ئێمەیان بەم فرۆکانەی ماهان بەرەو وڵاتانی دەوروبەر گواستەوە. لەبیرتانە ساڵی ڕابردوو حەسەن نەسروڵڵا دەیگوت هەتا ئێران فلسێکی هەبێ دەیدا بە ئێمە؟ ئەمڕۆ پشتی حەسەن نەسروڵڵا و حەماس و مەماسیش شکا. ئەمڕۆ لەجیاتی پارە بۆ ئەوانە بەرێ بکەن، لەم تارانەی خۆمان ٥٠٠ میلیۆن تمەنیان لەگەڵ هەندێک دۆلار لە نووسینگەی «مەجلیسی ئەعلای ئینقلابی ئیسلامیی عێراق» دزیوە. پاشان بۆ پووشبەسەر کردنی خستوویانەتە ملی کورێژگەیەکی ماڵوێران کە گوایە پارەی ژنگواستنەوەی نەبوە و بە ناچاری ئەم پارانەی دزیوە.

ئەم بۆچوونانەی دواییم لە زمان نوێژنەکەرانی بەسالاچووی نوێژنەکەری ماندووی دامە و سێڕسکێنی بن دیواری مزگەوتێکەوە بیست. تێکەڵ بوون دەگەڵ مرۆڤەکانیش بۆ منی دارسمە هەر زیانی لێ دەکەوێتەوە. کە بەدەمیانەوە دەچم، لە دارسمینەکە دوور دەکەومەوە و بێهوودە شتی دیکە دەسمم.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٥ی فێبریوێری ٢٠٢٠

## سماندنی سندووقی ڕەشی فەرمانگەی هەڵبژاردنەکانی وەزارەتی نێوخۆ

ئەمەیان لەزیرەکی خۆمەوە نییە و ئاکارێکە لە دایک و باوک داپیرە و باپیرە گەورەکانمەوە بۆم ماوەتەوە. مەبەستم سماندنە.

ئەگەر لە سماندن بوەستم، ژیانیشم دەوەستێت و دەبێ لینگان جووت بکەم و گیان بە گیانئەستێن بسپێرم. بەشێک لەکاری سماندن بۆ من بە مانای بەدەستهێنانی بژێوی ژیانی خۆم و جوجەڵەکانمە کە بە تەمام دەرنگانی پاییزێکی دیکە بیانئەژمێرم. بەشەکەی دیکەیشی ئەو درێژدادڕییە بۆ من بووە بە «فەرهەنگ» و ئەوانەی دەیخوێننەوە و گوێی بۆ شل دەکەن، ڕەنگە ژانەسەرێکی سووک بیانگرێ و تاقەتی خوێندنەوە و بیستنیان نەمێنێ. دیارە لەنێو ئەوانیشدا کەسانی جۆراوجۆر هەن. هەندێکیان بە بێدنگی پشتم تێدەکەن و وازم لێدێنن وهەندێکش لە دڵی خۆیاندا یان بە دەنگ سێ چوار سووکە جێنوم ڕێدەهاڵێنن. بۆ ئەوەی ئەم پێشەکییە دابخەم، دەڵێم گەردنی خۆتان و باب و باپیرتان ئازاد بێت، چۆنی پێتان خۆشە وابکەن. بەڵام قسەی خۆمان بێت ئەگەر گەردنم ئازاد نەکردن، چی ڕوو دەدات و کێ هەرامە بە کڵاوی من دەپێوێت؟

با لەبابەتەکە دوور نەکەوینەوە و بچینەوە سەر سماندنەکە: سندووقی فڕۆکە ئۆکرانییەکەی چەند هەفتە لەمەوبەر بە دەستی بەهێزی فڕۆکەشکێنەکانی سوپای پاسداران بە ئاسمانی شینی بە دووکەڵ چڵکنکراوی تارانەوە کەوتە خوارەوە، هەروا جێی مشتومڕی بەرپرسانی ئەم وڵاتانەیە کە خۆیان بە میراتگری ١٧٦ گیانبەختکردووی نێو فڕۆکە پێکراوەکە دەزانن.

ئەو جۆرەی منی سەربچووکی دەنووکڕەق لە کاتی کوتانی نێوقەدی دارەئەستوورەکان لە هازەهازی بێسانسۆڕی توێکڵی دەنگەبەری ئەم دارانەوە بیستومە، ئەو کاتەی فڕۆکەکە لە ئاسمانی ئێران دەکەوێتە بەر زەبری دوو مووشەکی سوپای پاسداران و بە ١٧٦ سەرنشینەوە لە ئاسماندا پارچە پارچە دەبێت، هەموو ڕووداوەکە لەژێرسەری گای پیردا ڕوو دەدا. هازەهازی توێکڵە دارەکە دەیگوت، خامنەیی فەرمانی تەقاندنی مووشەکی دژە فڕۆکەی بە سوپای پاسداران داوە و بەپێی ئەزموونەکانی پێشوویەوە ویستوویەتی تەقاندنەوەی فڕۆکەکە و کوشتنی سەرنشینانی بێتاوان بخاتە ئەستۆی ئەمریکا و ماوەی چەند ڕۆژان تازیە و کۆڕی پرسەیان بۆ ڕابگەیەنێ و خۆشی لە شینگێڕیدا بەشدار بێت و دەست بەلاچاویەوە بگرێت و فرمێسکی سەگاوییان بۆ هەڵبرێژێ. هەر بۆیەشە کاتێک مووشەکی یەکەم باش فڕۆکەکە ناپێکت و چاوەڕوان دەکرێت



سەرچاوە
Serchawe

فڕۆکەوانەکە بە جۆرێک سەرنشینان بگەیەنێتەوە زەوەی، ڕەهبەری موعەزەمی شۆڕش و نایبی بەرحەقی ئیمامی زەمان دەستووری تەقاندی مووشەکی دووهەم دەدا، فڕۆکەکە هەموو ئەوانی تێدابوون پارچە پارچە دەبن. هەتا ئێرە کارەکە بۆ ئەوان بەباشی دەچێتە پێش هەموو شتێک بە مەرامی دڵی ئاغایە.

دوای ئەوەی فیلمی تەقاندنی مووشەکی دووهەم بڵاو دەبێتەوە و کافرانی ئەوروپایی پێیدەزانن، ئەمجارە سندووقە ڕەشەکان لە ڕێبەری کز و چرچ و گۆج و زمان شڕ و جنێوفرۆش دەبن بە گونی قۆڕ.

جا گەلی دەدۆستان و خێڵی دە دارسمان، وڵاتانی ئوروپاییش لە دەسەڵاتی ئێران دێنە هەنجەتان و دەڵێن ئەم سندووقانەمان دەوێ.

ئەگەر ڕاستیتان دەوێ، کۆماری ئیسلامی کۆڵێک سندووقی ڕەشی جۆراو جۆاوجۆری وەک سندووقی ئیعدامەکانی ساڵانی شێستەکانی لایە، بەڵام لەبەرچاوی خەڵک دەیانشارێتەوە. سندووقی ڕەشی ژووری فەرمانگەی هەڵبژاردنەکانی وەزارەتی نێوخۆی ئێرانیش یەکێک لەو سندووقانەیە کە ماوەی زیاتر لە چل ساڵە زانیاریی هەڵبژارنەکانی کۆماری ئیسلامی لە خۆیدا کۆدەکاتەوە.

لە ماوەی ئەم چل ساڵەدا تەنیا دوو پیاوی نزیک لەدەستەڵاتی تاران واتە میرحوسێن مووسەوی و مەهدی کەرووبی وەغیرەت دەکەون و داوای زانیارییەکانی نێو ئەم سندووقە دەکەن و هەر ئەوا ڕەشاویژ و لە دوورەوە کەمێک لە زانیارییەکان دەخوێننەوە. هەر بەهۆی ئەم کارەیانەوە نیزیکەی دە ساڵی ڕەبەقە بە فەرمانی کابرا یەک دەستەکە هان لە کونە ڕەشا.

دەترسم هەرچی دارسمەی ئەم وڵاتەیە بە مەردی چالاکانی ژینگەپارێزی ئێران بچن و بە بیانووی هاوکاریکردنی ڕێکخراوە هەواڵگرییەکانی بێگانە و سیخوڕیکردن بۆ دوژمن دەستبەسەر بکرێن و پاشان بە کۆمەڵ بیانخەنە سەر ڕووبەری هەموو ئەو سەتوچەند کاناڵە تەلەڤیزیۆنەی ئێران و بە گشتی ددان بەو تۆمەتانە دابنێن کە بە زەبری فێڵ و تەڵکە لێیان کراون بە تاوان و پاشان لە لایەن دەستەڵاتی دادی ئیسلامییەوە وەک «گەنیوی سەرزەوی و دژبەری خوا»(مفسد فی‌الارض و محارب با خدا) حوکمی لەسێدارەدانیان بۆ دربچێت و تەرمەکانیان لەولاتری گۆڕستانی «خاوەران» بە کۆمەڵ بخرێنە ژێر خاکەوە.
بە جەهەننەم! ئیدی کێرد گەیشتووەتە سەر ئیسقانم و منیش باسی سندووقە ڕەشی ژووری فەرمانگەی هەڵبژاردنەکانی وەزارەتی نێوخۆ دەکەم. ئەم سندووقە لەگەڵ سندووقی ڕەشی فرۆکە ئۆکرانییەکە چەند جیاوازی و وێکچوونێکی هەیە کە من



سەرچاوە
Serchawe

بەشی یەکەم

بەپێی توانا و تێگەشتنی خۆم هەندێک لەم جوداوازی و وێکچوونانە دەخەمە ڕوو:

١- هەردوو سندووکە پێویستیان بە ئەندازیار واتە موهەندیس هەیە. سندووقی ڕەشی هەڵبژاردنەکان ئەندازیار دروستی دەکا و هەموو کەس دەتوانێت نێوەڕۆکەکەی بخوێنێتەوە و سندوقی فڕۆکە ئەندازیار هەم دروستی دەکا و هەم دەیخوێنێتەوە.

٢- سندووقی هەڵبژاردنەکان ئەگەرچی ڕەش نییە، بەڵام لە سندووقە ڕەشی فرۆکەکە زیاتر دەپارێزرێ.

٣- ئەوانەی داوای دابەزاندنی نێوەرۆکی سندووقە ڕەشی هەڵبژارنەکان دەکەن دەگیرێن، ئەشکەنجە دەکرێن، دەکوژرێن و شرت و گوم دەکرێن؛ بەڵام ئەوانەی لە دەرەوەی ئێرانەوە داوای سندووقی ڕەشی فرۆکەکە دەکەن، دەسەڵاتی ئێران لەبەریان دەپارێتەوە و ئەمڕۆ بۆ سبەی تەفرەیان دەدا.

٤- لە ئەنجامی دابەزاندنی نێوەرۆکی سندووقە ڕەشەکەی فڕۆکە دەردەکەوێ ١٧٦ کەس بە فەرمانی بەئەنقەستی کەسێک گیانیان لەدەست داوە و لە ئەنجامی پشکنین سندووقی هەڵبژاردنیش دەردەکەوێت ٨٠ ملیۆن کەس بە دەستی هەمان کەسەوە بە زەقە زەقی چاوانیانەوە، زیندووی مـــــردوون.

٥- نێوەرۆکی سندووقە ڕەشەکەی هەڵبژاردن ڕاستییەکیش ئاشکرا دەکا کە ناوێرم بیڵێم ناوەکەی/ کوشتوومی هەناوەکەی/ شلوێیە سەرچاوەکەی....

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٦ی فێبریوێری ٢٠٢٠



سەرچاوە
Serchawe

## سماندنی «بەیەكەوە گونجانی دوو ڤایرۆسی ورد و درشت»

ڕەنگە خوێنەری هێژا بە وشەی ڤایرۆسی درشت بە زەردەخەنەوە بڵێ: دارسمە و خوێندەواری؟ یان دارسمە و ڤایرۆس و مایرۆس و تەندروستی و مەندروستی كوجا مەرحەبا؟ بەڵام ئەوەی ڕاستی بێت ڕەنگە ئەوانەی بەوردی زانستی پزیشكییان خوێندوە، وەک من لە ڤایرۆسی درشت تێنەگەن.

منی دارسمەی ماڵوێران زۆر جاران لە ترسی دەنگەدەنگی دانیشتووانی ژێر سێبەری داران لە دارسمین دەوەستم و گوێ بۆ ئەوانە شل دەكەم لەژێر سێبەری دارەكاندا دەحەسێنەوە.

زۆر ناخۆشە ماوەیەک خەریكی كوتان و سمینی نێوقەدی دارێكی ڕەق و تەق بی و كاری سمین و كونكردن بە نیوەچڵی جێ بهێڵی و بچییە سەر نێوقەدی دارێكی دیكە و دیسان لە سەرەتاوە دەست بە كوتان و سمین بكەی. جا هەر بەم هۆیەوە من زۆر جار كە كاری سمینی نێو قەدی دارێک بە نیوە دەكەم و لە ناكاو كۆمەڵێک مرۆڤ بۆ حەسانەوە و ڕابواردنی كات دێنە ژێر دارەكە، منیش لەترسی بەردەقانی و هەڕەشەی منداڵانی چاو زیت و پیاوانی كەم عەقڵ بێدەنگ دەبم و هەست ڕادەگرم. هەر ئەمەش وایكردوە لەژێر سێبەری ئەم دارانە گوێم لە قسە و دەردەدڵی عاشقان، شەڕی ژن و مێردان، گۆرانیی دەنگخۆشان، لۆرەلۆری ڕەزاگران، باسوخواسی ئەدیبان، شەڕە شێعری شاعیران، لێكدانەوەی سیاسەتوانان، قاقا و پێكەنینی سەرخۆشان، وردبوونەوەی پزیشكان و دەرمانسازان و سرتوخورتی دڵداران و زۆر شتی دیكەش بێت. جا هیچ سەیر و جێگەی سەرسوڕمان نییە دارسمەی موخلیستان لەهەر شتێ مشتێ بزانێ.

ئەگەر بە عەقڵی ئێوە توانیبێتم هەڵتانبفریوێنم و بە عەقڵی خۆم ڕێگەی ڕاستتان پێشان بدەم، ڕەنگە ئامادەی ئەوەم كردبن بوونی ڤایرۆسی درشتیش لاتان سەیر نەبێ.

وەک پزیشكان دەڵێن ڤایرۆسی ورد ئەوەندە زۆر و جۆراوجۆرن كە لە ئەژمار نایەن و زانایانی ئەم بوارەش بەتەواوی هەموویان ناناسن، هەر بۆیەش لە ناكاو ڤایرۆسێكی نەناسراو كە بە چاو نابینرێ، دەلینگیان لێ هەڵ دەكا و دەستێک بە خەڵكەكە دادێنێ و كۆمەڵێكیان لێ دەكوژێت. هەر بەمجۆرە سارس و ڤایرۆسی نەخۆشیی ئەنفلۆوەنزای باڵندە و ئەنفلۆوەنزای بەراز و ئیبۆلا و ئەم دواییانەش ڤایرۆسی كۆرۆنا دەركەوتن.

«کۆرۆنا»ش وەک بەشێکی بەرچاوی ئەم ڤایرۆسانەی پێش خۆی لە وڵاتی چینەوە سەری هەڵدا و خێرا خۆی بە سێپەلکی دانیشتووانی وڵاتەکەدا کرد و بە هەزارانی خنکاند و دەیان هەزار کەسیشی نەخۆش خست. لەم وڵاتەی ئێمە کە پێچەوانەی هەموو وڵاتانی جیهان ڤایرۆسی درشتی بەلێشاوە، ڤایرۆسە درشتەکانمان سەرهەڵدانی کۆرۆنا خەنیی کردن و وەک سەت پووره هەنگیان لە خەڵەفێدا دۆزیبێتەوە، بە هاتنی کۆرۆنا شاگەشکە بوون. پێیان وابوو ئەم ڤایرۆسە خێری خوایە و بەسەریاندا باریوە. بە فڕۆکان ڕێگەی چینیان گرتەبەر و وەزیری داسەپاوی دەرەوەی وڵاتەکەشمان خۆی پەل کردەوە و لە بەرچاوی کامێراکان بەپێکەنینەوە بە زمانی چینی سڵاوی بۆ سەرمایەدارە چەپە مائۆیستەکان نارد.

جا کە ئێوە لەسەر بنەمای زانستی پزیشکی و بایۆلۆژی بڕواتان بە ڤایرۆسی درشت نییە، دەبێ تێبگەن، ڤایرۆسە درشتەکان بەشی هەرە زۆریان لە وڵاتی ئێمە دەژین و نزیکەی نیو سەدەیە دەسەڵاتی ڕەسمییان بەدەستە و پێش ئەویش دیسان هەر بە چپە پێتان دەڵێم لە کەیەوە دەسەڵاتدارن. ئەم ڤایرۆسە درشتانە، کاتێک بە بوونی کۆرۆنا لە چین شاگەشکە بوون، خێرا باوەشیان بۆ گرتەوە و کۆمپانیایەکی فڕۆکەوانییان بۆ تەرخان کرد و دەستیان بە ڤایرۆس کێشانەوە کرد و ئەلحەق بۆ ئەوانیش خێری دایەوە.

ڤایرۆسە دەسەڵاتدارەکانی وڵاتی ئێمە سەرەتا بەناچاری لە کاتێکی خراپدا میوانداریی کۆرۆنایان کرد. کاتێک خەریکی جێژنی ساڵوەگەڕی ڤایرۆساویکردنی ئێران بوون، بێدەنگەیان لە کۆرۆنا کرد و گوتیان ئەگەر خەڵک بە بوونی کۆرۆنا بزانن بەشداریی جێژنەکەمان ناکەن. چەند ڕۆژ دوای ئەم جێژنە، کاتی هەڵبژاردنی ڤایرۆسە درشتەکانی مەجیلس بوو، بەڵام کۆرۆنای هاوردەی ڤایرۆسە درشتەکان دەستی نابووە بینەقاقای بەشێکی بەرچاوی خەڵک و حاشای لێ نەکرا، بەڵام هەتا تەواوکردنی هەڵبژاردنەکان، کۆرۆنا بەشێکی زۆری وڵاتی تەنییەوە.

پزیشکان و پسپۆڕانی زانستی بایۆلۆژی و زیندەورناسی دەڵێن ڤایرۆسەکان بۆ مانەوە و بەردەوام بوون خۆیان دەگەڵ ژینگە دەگونجێنن. ئەم ڤایرۆسە درشتانەی ئێمەش وایان کرد و سەلماندیان بەڕاست ڤایرۆسی سەردەمن. ئاخر ئەوان لە چل ساڵ لەمەوبەرەوە بە هەموو شێوەیەک وەک مڵۆزم خۆیان دەگەڵ ئەم ژینگەیە گونجاندوە. کاتێک جێژنی ساڵڕۆژی بە دەسەڵات گەیشتنیان و شانۆی هەڵبژاردنەکانی ڤایرۆسەکانیان بۆ مەجلیسی ڤایرۆسان کۆتایی هات، بەتەواوی خۆیان دەگەڵ کۆرۆنا گونجاند و بۆ دەسەڵاتی خۆیان بە خێروبەرەکەتیان زانی.

ئێستا وەختە خەنی بن، کۆرۆنا جێگەی پۆلیس و هێزە ئەمنییەکانی گرتووەتەوە و لە ترسانی کەس لێک نزیک نابێتەوە و هەموو خەڵک خۆیان کۆڕ و کۆبوونەوە و تێکەڵبوون و خۆپێشاندان دەپارێزن. خەڵک هۆشی ئەوەی نەماوە لە ڕێژەی کەمی

بەشدارانی ساڵرۆژی سەرکەوتنی دەسەلاتی زاڵ و نەچوونی خەڵک بۆ سەر سندووقەکانی شانۆی هەڵبژاردن و تەنانەت کەس لە ژمارەی کوژراوانی پووشبەسەر کراوی خۆپێشاندانەکانی پاییزی ڕابردووش ناپرسێتەوە.

**ئەوەیە ڕێککەوتن و بەیەکەوە گونجانی دوو ڤایرۆسی ورد و درشت!**

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٦ی مارچی ٢٠٢٠

## سماندنی کۆڤیدۆکەی سەرەخۆرە

کەسێکی وەک من کە بۆ دابینکردنی بژێوی ژیانی خۆی و جوجەڵەکانی لە بەیانییەوە هەتا ئێوارە بە دەنووک خەریکی کوتانی کۆتەرە دارەکان بێ، هەرگیز دڵی بە گیرۆدەبوونی خەڵک بە نەخۆشییەکی وەک نەخۆشیی کۆرۆنا خۆش نابێ.

باش نییە نەک هەر باڵندەیەکی وەک دارسمە بەڵکوو تۆی خوێنەریش مەرگی کەسانی دیکە تەنانەت هی دوژمنانیشت بە نەخۆشییەک وەک کۆرۆنا بە ئاوات بخوازی. بەڵام بە من و تۆ نییە و ئێستا ڤایرۆسێک بە ناوی "کۆڤید١٩"ی سەر بە بنەماڵەی کۆرۆنا بەربینگی بە هەموو دانشیتووانی سەر ئەم گۆی زەوییە سەهۆڵبەندان و بەردەڵان و خۆڵەپۆتە گرتوە. بە هەموو دەرودەشت و کێو و تەلان و گەوە و قارە و دورگەکاندا بڵاوبووەتەوە و تەنانەت ڕەحمی بە دانیشتووانی کەشتییەکانی نێو دەریاکانیش نەکردوە.
وەک پێشتریش گوتوومە، بە حوکمی ئەوەی باڵندەیەکی سووکەڵەم، گەلێک شوێنان دەگەڕێم و لە پەسیو و پەنا لقی ئەستوور و لەپشت گەڵا و پرژەڵی داران دوور لە مەترسیی داڵ و هەڵۆ و ڕاوکەری دیکە گوێ بۆ لێدوان و قسەی ئەموئەو شل دەکەم. زۆر شتی ڕاست و درۆ دەبیسم و خۆشم بەهۆی ئەم هەموو بیستن و گێڕانەوە جودایە بوومەتە شارەزای لێکدانەوەی بارودۆخی سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی، گەردوونناسی، پزیشکی و....

بۆ مەگەر من چیم لەو خەڵکە کەمترە بە کەیفی خۆیان وەک شارەزای هەموو بوارێک دەست بە لێکدانەوە و هەڵوەشاندنەوە و هەڵپێچانەوەی جۆراوجۆر دەکەن؟ ئەی ئەوە نییە پزیشک دەبێتە سیاسەتوان، گۆرانیبێژ دەبێتە شارەزای سیاسەتی نێودەوڵەتی و تەکسیئاژۆ دەبێتە مامۆستای ئایینی و مامۆستای ئایینیش لێمان دەبێ بە ڤایرۆسناس و پشت و ڕەچەڵەکی کۆڤید١٩ دەباتەوە نێو خۆڵەپۆتی تێکەڵاوی گێژەڵووکەی بەر ماڵی هابیل و قابیل؟ تۆ خوا منیش مافی ئەوەم نیە وەک هەموو ئەوانە لە بەرەی خۆم زیاتر پێ ڕابکێشم و دەست بە لێکدانەوەی هەموو جۆرە بابەتێک بکەم؟ سوور دەزانم دەستم بۆلەمل دەدەی و پێم دەڵێی لەسەر حەقی. دیارە ئەگەر گوتیان حەق، ئاو ڕادەوەستێ و قسەی خۆمان بێت، ئەوەندە بە سرتە بخوێننەوە: " ئاویش وەک هەموو شتێک بە ڕاوەستان بۆگەن دەبێ."

تۆ خوا لێمگەڕێن با بە بیانووی کۆڤیدۆکەی بنەماڵەی بەڕێزی کۆرۆناوە بە کەیفی خۆم دەست بە لێکدانەوە و شەن و کەوی ئەو شتانە بکەم کە وەک ئێوە تەنیا خۆم پێموایە لێی حاڵیم. بۆچی بە ڕێزەوە ناوی بنەماڵەی کۆرۆنا دێنم، چونکە بە ناوی سارس و کۆڤیدەوە لێمان دەرکەوت، هیچ لێی بەدوور نییە سبەودووێیەکی بە ناوێکی دیکە لێمان دەربکەوێ. ئەوکاتەی

بەشی یەکەم

بە کۆڤیدی١٩ دەڵێم کۆڤیدۆکە هیچ بە مانای بێڕێزی پێکردن نییە و تەنیا لە خۆشەویستییان وای پێدەڵێم.
ئەمجارە دیمە سەر ئێرانەکەی خۆمان، ئەو ئێرانەی گەلێک جاران ئەوداروئەم دارم تێیدا کردوە و لە ترسی کوندەبەبووی وێرانکەر لەم لقەوە بۆ ئەو لق و لەم بێشەوە بۆ ئەو بێشە و لەم دارستانەوە بۆ ئەو دارستان شوێنەونکەم کردوە. بە ڕۆژ و بە مانگ هەستم ڕاگرتوە و نەموێراوە بەم دەنووکەمەوە بە هێواشیش لە کۆتەرەی دارێکەوە بژەنم.

ئەم کۆڤیدۆکەیە ئەگەر ڕێگەی نەکەوتبایە ئێران وهەرنەبێت لە ئێران زوو هەست بەمە کرابایە پێویستە پێشی پێبگیرێت، خەڵکی ئێران و ناوچەکەی بەم دەردە نەدەبرد.
هەر ئەو کاتەی کۆڤیدۆکە لە چین بڵاو بۆوە، کاربەدەستانی ئێران وایانزانی حەوت پوورە هەنگیان لە خەلەفێکدا دۆزیوەتەوە و پێیەوە شاگەشکە بوون. ئەو کاتەی وڵاتان هەستیان کرد بە مەبەستی پێشگرتن لە گواستنەوەی کۆڤیدۆکە بۆ لای خۆیان پێویستە کەمێک لە چین دوور بکەونەوە، مەلاکانی تاران شلەوتوندەیان بە مێزەرە ڕەش و سپیەکانیان کرد و تفیان کردە مشتیان و بەرەو لەباوەشگرتنی چین قۆڵیان لێ هەڵمالی. بەم هیوایە بوون هەرنەبێ بۆ چەند مانگێک جێگەی هەموو ئەو فرۆشیارانە دەگرنەوە کە نەوتیان ڕەوانەی چین دەکرد. کۆمپانایا فڕۆکەوانیەکانی ئێران فڕۆکەکانیان بەرەو چین و پێچەوانە ختە هاشوهووش و فرۆکەکان بە بەتاڵی دەچوون و هەموو جارێک بە هەزاران کۆڤیدۆکەوە دەگەڕانەوە. مێزەربەسەران بە دڵ و دەروونی پیسەوە نوێژی شوکرانەبژێریان دەکرد و پێیان خۆش بوو هەتا بە حاسڵی فرۆشتنی نەوتەکەیان چەکدارانی گوێلەمستیان لە هیلالی شیعەدا تێر دەکەنەوە، ئەگەر ئەم دۆخە بەردەوام بێت. کاتێک لە خۆیان ڕوانی، ئەو کۆڤیدۆکانەی بە فرۆکان دەیانکێشانەوە، خۆیان هاویشتە سنگ و سێپەلکی هەزاران ئێرانی و، تەنانەت مێزەربەسەرە دەسەڵاتدارەکانیشیان وەقرخە قرخ خست.

ئێستا زیاتر لە سێ مانگی ڕەبەقە کۆڤیدۆکە دەستکیسیی مێزەربەسەرەکان سپیەلاکی دەیان هەزار کەسی بەسەرکردووەتەوە و هەزاران کەسی کوشتوە. دەسەڵاتی مێزەر ئەوەندەی بۆی کرا میواندارێی لەم میوانە وردیلەیە کرد و پێی وابوو بۆ کوشتنی دژبەرانی دەسەڵات و خەڵکی برسی و وەزاڵە هاتوو جێگەی پاسدارانی بۆ دەگرێتەوە، بەڵام کۆڤیدۆکە وەک فریزوو ڕەگئاژۆ بوو و وەک جاشکوولەی بەهاران خۆی لەنێو ژێرخانی ئابووری و تەندروستی و سیاسیی ئێراندا گەوزاند و خەریکە هەمووشتێکی نیوە هەڵوەشاوی ئەم وڵاتە هەڵدەوشێنێتەوە و پێموایە سەری نیزامی موقدەسیش دەخوا.

**هیوادارام ئەوانەی دەتوانن ئەم پیتانەی سەرەوە بەرنەوە سەریەک و هەموو مرۆڤە جوان و دڵپاکەکانی سەر ئەم زەوییە لەئازاری کۆڤیدۆکە بەدوور بن.**

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ١٩ی مارچی ٢٠٢٠



سەرچاوە
Serchawe

# سماندنی گرێی سەوزەی سێزدەبەدەر

سێزدەبەدەری ئەمساڵ پێچەوانەی هەموو ساڵانی پێشوو سێزدە بەڕوورەوە بوو. دیارە سێزدە بەڕوورەوەی ئەمساڵ زۆر پێش نوێبوونەوەی ساڵ دەستی پێکردبوو و چوارشەممە سووریشی گرتەوە. ئەوخەڵکانەی ساڵی ساڵان بەسەر ئاگری ئێوارەی سێشەممەی ئاخری ساڵ بازبازدێنیان دەکرد و بە ئاگریان دەگوت: "زەردیی من بێتە تۆ و سووریی تۆ بێتە من"، ئەمساڵ لە ترسی ڤایرۆسۆکەیەکی بچووک کە بە چاو نابینرێ، نەیانوێرا لەدەوری ئاگر لە یەکتر کۆببنەوە.

ئەم چوارشەممە سوورەیەی ڕابرد، نەیهێشت پیرەپیاوان و پیرەژنان بە هەڵپەڕین و داپەڕینی سەر ئاگری گەنجەکان نا، بەڵکوو بەو دەستبازییە دزەکییانە پێبکەنن کە گەنجەکان هەتا پاریش وایاندەزانی بەساڵاچووەکان ئاگایان لێی نییە.
بەزمی چوارشەممە سوورەکە هەرچەندە لە ئێران باش پێشی نەگیرا یان ئەگەر بوێرین بێڵێین پێشیان پێنەگرت، بەڵام لە نەورۆز و سێزدەبەڕووری ئەمساڵدا خەڵکەکە هەر لە ژوورەوە بوون.

ئەم لەژوورە بوونەوەش زۆر شتی دیکەی لێکەوتۆتەوە. ڕاوێژکارێکی یارمەتیدەری کێشە کۆمەڵایەتییەکان ڕۆژێک پێش سێزدەبەژووری ئەمساڵ لە ئێران ڕایگەیاند، ڕۆژانە چەندین ئەوەندەی جاران لە لایەن ژن و مێردانی بێزار لەیەکەوە زەنگ بۆ ژمارە تەلەفۆنە تایبەتەکەیان لێدەدرێ و بە تایبەت ژن و مێردەکان سکاڵایان هەیە. دیارە زۆربەی ئەو ژن و مێردانەی بەهۆی ئەم سێزدەبەژوورەوە لە یەکتر بێزارن، ماوەیەک بەسەر ژیانی هاوسەرییاندا تێپەڕێوە و قسەی خۆمان بێت هەندێک جاریش پێیانوایە مامری دراوسێکەیان قازێکی سپی و قەڵە و گۆشتنە.

هەرچی ڕاوێژکارەکەیە باسی ئەمەی نەکردوە و زیاتر گوتوویەتی کێشەی ژن و مێردەکان لەسەر ڕاگرتنی پاکوخاوێنی و خۆپاراستن لە ڤایرۆسەکەیە. ڕاوێژکارەکە هەر ئاماژەی بە ئەوەندە کردوە و نەیگوتوە، مێردەکان بیانوویان بە نینۆکی لاکاویی ژنەکانیان گرتوە و گوتوویانە ئەم ڤایرۆسە حیزە خۆی لەژێر ئەم نینۆکە درێژانەدا حەشار دەدا. نەشیگوتوە لە سەر فرێدانی جووتە ماسییە سوورە بچووکەکان لە نێو ژن و مێردەکاندا کێشە دروست بووە. ئاخر ساڵی ساڵان، ماوەی ئەوچەند ڕۆژەی ماسییە سوورەکانی سەر سفرەی حەوسین لە ماڵەوە دەبوون، ژن و مێردەکانیش کەمتر یەکتریان دەدی و لە ئاکامدا دیارە خۆیان باشتر دەزانن بە درۆ یان بە ڕاست پێدەکەنین و وایان دەنواند ژیانی ئەم دوو ماسیە بە ژیانی بەختەوەرانەی خۆیان دەشوبهێنن. بەڵام ئەمساڵ وا باشتربوو ماسییەکان زوو فڕێ بدرێنە نێو ڕووبارەکان. جا ئەودەم ماسیی

گەورەتر هەڵیانبلووشێ یان لەگەڵ ئاوە ساردەکان نەگونجێن و دوور لە ئێوەی خوێنەر، بمرن.

خۆ ئەگەر تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان نەبوایەن و لە ڕێگەی ئەم تۆڕانەوە دەنگ و سەدای نێو ماڵەکان نەهاتبایە دەرەوە، زۆر شتی دیکەش ڕووی دەدا. ئەم خەڵکە ئەوکاتەی دەچنە سەر تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانیش، بە خۆیان ناوەستن و زۆر شتی سەیر و سەمەرە دەکەن. دیارە ئێمە نە حەقمان هەیە لە خۆڕا قسە بۆ ئەو کەسانە هەڵبەستین کە دووبەدوو لە سەر ئەم تۆڕانە پەیام دەگۆڕنەوە و نە زۆر باشیش ئاگامان لە کەینە و بەینەیانە، بەڵام ئەوەی بەئاشکرا باسی دەکەن، لەبەرچاوی هەمووانە.

ئەوەی لەگەڵ ئەم کۆڕۆنا و مۆڕۆنایە لە تۆڕە کۆمەڵایتیەکان دەرکەوت، وشەی "قەرەنتینە" یان "کەرەنتینە"یە کە دەگوترێ لە وشەی "کارەنتین"ی فەرەنسایی وەرگیراوە. دیارە ئەم خەڵکە هەر کەیفیان بە "کارەنتین" نایە و لێی بێزارن و زیاتر حەزیان لە ئازادی و سەربەخۆیی و هێندێک جار بەرهەڵڵاییشە، بۆیە لەگەڵ هاتنی ئەم کۆڕۆنایە بەگژی داهاتن و بەرەنگاری بوونەوە. وشەی "دابڕگە"، "هاوێرگە" و تەنانەت "دابەستە"شیان بۆ دانا. پاساوەکانیان ئەمە بوو کە دابڕگە و هاوێڕگە لە دابڕین و هاوێرکردن وەگیراون کە دابڕین بە مانای لەیەک جیاکردنەوە و هاوێرگەش لە هەڵاواردنەوە وەرگیراوە. بەڵام بڕوا بکەن من ئەوەندە بە "دابەستە" پێکەنیوم، ژانە سکم گرتوە.

ڕەنگە ئەوانەی بەتەمابوون سەوزەی سێزدەبەدەر گرێ بدەن زیاتر لە قەرەنتینە یان ئێوە بڵێن "دابڕگە" یان "هاوێرگە" بێزارن. ئەوان بەتەمابوون بەهیوای بەیەک گەیشتن لەگەڵ کەسێکی دیکە، ئەم سەوزە و مەوزەیە گرێ بدەن، بەڵام بە خۆشییەوە بۆیان گرێ نەدرا. خۆ من گولی بەخیل نیم پێمخۆش بێ خەڵک بە یەک نەگەن، بەڵام ئەگەر بەیەکیش بگەن، هەر وەک ئەو ژن و مێردانەیان بەسەر دێت کە لە کاتی کەرەنتینە ئەوەندە بڕوبیانوو بە یەکتر دەگرن کە ڕاوێژکاری کاروباری ڕێنوێنیکردنی کۆمەڵایەتیش لە دەستیان بێزار دەبێ.

بەڵام وشەی دابەستە بۆ سکئێشەی پێم گرتوە؟ من کە ئێستا وەک دارسمە لەخزمەتتان دام، لەبەر ئەوەی زیاتر لە گوندان خەریکی دارسمینم، زۆر باش لەم وشە گوندییانە تێدەگەم. "دابەستە" بە حەیوانی وەردە یان جوانەگا دەگوترێ کە بۆ قەڵەوبوون، لە ژوورەوە ڕایاندەگرن و خاوەنەکانیان ئەوەندی پێیان دەکرێ خوراکی باشیان پێدەدەن و بە مەبەستی قەڵەوبوون و زیادکردنی گۆشتی لەشیان و قورسبوونیان خزمەتیان دەکەن. جا پێکەنینەکە لێرە دایە ئەگەر بەمجۆرە ئەم خەڵکەش دابەستە بن، دوای ماوەیەکی دیکە کە ئیزن دەدرێن بڕۆنە دەرەوە، لەبەر قورسایی شان و سنگ و سک و بیلامانێیان ناتوانن هەنگاو باوێن. تۆ خوا ئێوش ئەم قەڵافەتانە بهێننە بەرچاوی خۆتان. بەڵام ئەوەندە پێمەکەنن سکتان بێشێنێ.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٣ی ئەپریلی ٢٠٢٠

# سماندنی بیرۆکەی شەهادەتتەڵەبان

هەندێک جار ڕووداوی لابەلا کاری پیاو بەقووندا دەخا. ئەم ڕستەیەی سەرەتا کە دوو وشەی "پیاو" و "قوون"ی تێدایە، کێشەی بۆ دروست کردم. بەڵام شەرت بێ بە شەرتی "پیاو"ان تازە قسەکەم قووت نادەمەوە. بەر لەوەی بچمە سەر ئەو بابەتەی دەمهەوێ باسی بکەم، دوو وشەی "پیاو" و "قوون"تان لەم ڕستەیەدا بۆ شی دەکەمەوە.

دیسان مەڵێن تۆی چۆلەکەی وردیلەی کەللە بچووک لەکوێ ئەم هەمووە شتە دەزانی؟ چەند جاری دیکەش گوتوومە من لەو دارسمە خواپێداوانە نیم لە نێو لێڕەوار و دارستانی دووردەستی مرۆڤ خەریکی سماندن و کونکردنی نێوقەدی دارانن و بە کەیفی خۆیان ئەم دار و ئەو دار دەکەن و ترسی قەل و داڵ نەبێ هیچ مەترسییەکی دیکە بەدی ناکەن. خۆ ئەگەر لە دارستانە دووردەستەکان بوایەم، ژیانێکی دیکەم دەبوو. بەم جۆرە فێری زمانی مرۆڤ نەدەبووم.

هەر چۆنێک بێ، چارەنووسم وایە و کەوتوومەتە ناوچەیەک کە مرۆڤ و دارستان پێکەوەن. منیش هەندێک ڕۆژ چەند سەعاتێک لەسەر دارێک هەڵدەکورمێم و گوێ بۆ قسەوباس و شەڕ و ئاشتبوونەوەی خەڵک ڕادەگرم. ئەو کەللە بچووکەی من کاتێک لە هاڕوهووڕی دارسمین ڕادەوەستێ، مێشکم دەبێتە مەکۆی هەموو لێکدانەوە و ئەزموونەکانی ئێوە. ئەوەی ئێستاش دەیڵێم هەر ئەنجامی ئەزموون و قسەکردن و ڕاگۆڕینەوەی ئێوەیە.

با بەر لە هەموو شتێک "پیاو"ی نێو ڕستەی یەکەمتان بۆ شی بکەمەوە. بڕوام پێبکەن نە ئەوەی باسم کرد پیاوە و نە منیش مەبەستم پیاو بوو. نازانم بۆچی زۆر جار خەڵک لەجیاتی مرۆڤ دەڵێن "پیاو"، بەڵام دەزانم ئەوە پیاو نییە و زۆر جار ژنیشە. هەمووتان بیستووتانە هەندێک جار ژنان لە کاتی قسەکردندا لە بارەی شتێکەوە پرسیاریان لێدەکرێ و لە وڵامدا دەڵێن "پیاو بڵێ چی؟" یان ئەوەی من لە یەکەم ڕستەدا گوتوومە "کاری پیاوی بەقووندا دەخا." لێرەدا مەبەست نە پیاوە و نە ژن و مەبەست خۆمم کە دارسمەم. توخوا دارسمەش بوو بە پیاو؟

"ف...ی...م...ی...ن...ی...س...ت"ـەکانیش شاییان بە خۆیان نەبێ، چونکە لە ترسی ئەوان "پیاو"م ئەوا شی نەکردەوە و داوای لێبوردنیش دەکەم وشەی پیرۆزی "فیمینیست"م بە دەم دارکوتانەوە دەربڕی. ئەمە بوو لێکدانەوەی وشەی "پیاو"ی نێو ڕستەی یەکەمی ئەم بابەتەم.


سەرچاوە
Serchawe

بەڵام بۆ وشەی "قوون" دەبێ بڵێم سەبارەت بەم وشەیە، زۆر لە خەڵکەوە فێر بووم. ئەم وشەیە مانای زۆری لێ کەوتۆتەوە و زیاتری خەڵکیش وا دەزانن تەنیا بە مانای یەکێک لە کونەکانی خوارەوەی مرۆڤ و ئاژەڵ و گیانلەبەرەکانی دیکەیە. بەڵام لەم ڕستەیەی مندا زۆر لەم مانایە بەدووره.

ئەم مانایە مەبەستی ئەم چوارینەیەی شاعیری گەورەی کوردە کە دەڵێ:

**ئەی خودای گەورە خالقی بێچوون**
**ئەی ئەوەی دات بە ئێمە زار و قوون**

**یان ئەوان بگرە یان بکە تێرم**
**تێر نەبم بۆچمن سەر و ژێرم**

بۆ ئەوەی زۆر سەرتان نەهێشینم و باسکردنی مەبەستی سەرەکی لەمە زیاتر بە قووندا نەخەم، وا باشە بەم جۆرە بە هێنانەوەی ئەم وشەیە لەگەڵ چەند وشەی دیکە شەرح دان و ڕاڤە و لێکدانەوەکە لەکۆڵ خۆم و ئێوەش بکەمەوە: "قوونەکەو"، "قوونەبان"، "سەرەوقوون"، "قوون بەگێچەڵ"، "قوونەدێراو"، "قووناو"، "قوون لێکەوتوو"، "قوون پاڵە"، "قوون زەرد"، "سەرمانەقوو"، "قوون بەگۆنگەڵ"، "قوونەشەڕ" و... هیچکام لەمانەشم لەخۆمەوە دەرنەهاوردوە و هەمووی لە مرۆڤەوە فێر بووم.

کۆمەڵە وشەی "بەقووندا کەوتن"یش لەم ڕستەیەی مندا ماناکەی ئەمەیە: "کاتێک کەسێک ماندوو دەبێ، دادەنیشێتە سەر زەوی و لە ماندوویی، "بەقووندا دەکەوێ"." ئەمڕۆ کارەکەی منیش بەقووندا کەوت. لەبەرە ئەوەی خۆمم تووشی کارێکی جودا لە کاری خۆم واتە دارسمین کردوە، کارەکەی خۆم کە دارسمینە لێم بەقووندا کەوتوە و ناجووڵێ. لە ڕاستییدا دوای کارێک کەوتوومە کە کاری من نییە و کاری خۆمی ماتڵ کردوە.

ئەمڕۆ لە کاتێکدا کاری خۆمم بەقووندا خستبوو، گوێم دابوو بە قرە و دەمەقاڵەی چەند کەسێک. ئەوان کەمی مابوو لەسەر وشەی "شەهیدپەروەر" خۆیان بە چرووچاوی یەکتردا بدەن. ئەو ڕۆژە چەند کەسێک لەبن دارێکدا دانیشتبون. بەوێدا ڕادەبردم. دەمهەویست دارێک بدۆزمەوە نێوقەدەکەی جێدەمی مێشوولەیەک یان کرمێکی پێوە دیار بێ و بیسمم و زیندەوەرەکەی نێوی دەربێنم و خۆمی پێ لەم برسییەتییە ڕزگار بکەم. بەڵام دەنگ و هەرا و هەنگامەی مرۆڤەکانی ژێر دارەکە سەرنجمیان ڕاکێشا و ناچار لەسەر لقێکی سەرسەریان خۆمم مەڵاس دا و گوێم بۆ شل کردن و مێشکم کردەوە.

## بەشی یەکەم

“پیاو”ەکانی بن دارەکە دوو دەستە بوون. ئەگەر ڕاستییتان دەوێ نەمژماردن هەتا بزانم کام لایەن لە ئەوی دیکە زیاترن، بەڵام ئەوندە تێگەیشتم لایەنێک دەیانگوت ئێمە شەهیدپەروەرین و دەبێ لە پێناو شەهیدبووندا بجەنگین و لایەنەکەی دیکە دەیانگوت نەخێر ئێمە ژیانپەروەرین و لە پێناو ژیاندا شەهید دەبین. بۆئەوەی ئاگام لە خۆم بێ، چاوم بە کونێکی نوێی لقەدارە ئەستوورەکەی بەردەمم کەوت و بۆئەوەی لە بیرم بێ مرۆڤ لە ژێرەوەمن، دەستم بە سماندنی کرد. ئەوانەی لەژێر دارەکە بوون، سەریان هەڵهێنا. یەکێکیان بەردێکی تێگرتم، لە شەقەی باڵم دا و جێم هێشتن. لە ترسان لێم تێکچوو ئاخۆ مرۆڤ لە پێناو شەهیدبووندا دەژیی یان لە پێناو ژیاندا شەهید دەبێ.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٠ی ئەپریلی ٢٠٢٠



سەرچاوە
Serchawe

# دەمامک بە دەممەوە گیر نابێ

هەتا ئێستا نازانم کۆرۆنا من دەگرێتەوە یان نامگرێتەوە. ئەوەی من لە زمان زمانناسانی ئەم سەردەمەوە بیستوومە، خودی کۆرۆنا کێشەی لەسەرە و ڕەنگە هەر لە بنەڕەتڕا کۆرۆنا نەبووبێت و پێشتر ناوێکی دیکەی وەک "کیژۆنا" و "کچێنا"ی لەسەر بووبێ. هەرچەند "موتەئەخرین" دەڵێن کۆرۆنایە کە ڕاستە، بەڵام دەبێ "ۆ"ی یەکەمی بکرێت بە"و" جا ئەوکات دەربڕینی دروستتر دەبێت. هەندێک لە زانایانی ئەم بوارەش بەتایبەت زانایانی زمانزانیی بواری ڕاگەیاندن و سۆشیاڵ میدیا لەسەر ئەم بڕوایەن "کۆڕۆنا"، "کرۆنا" و "کوڕۆنا" هیچکامیان هیچ لە کێشەکە ناگۆڕن و هەر لە بنەڕەتڕا چلۆن "خوێندنەوەی بۆ دەکرێ" لەجیات "دەخوێندرێتەوە" و "پێداچوونەوەی بۆ دەکەین" لە جیات "پێیدا دەچینەوە"، کێشە ناخوڵقێنن، ئەواش هەرکام لەجۆرەکانی "کۆڕۆنا"، "کرۆنا" و "کوڕۆنا" بقۆزییەوە هیچ تۆفیرێک چێناکا. ئەوانەی لەسەر وشەی "کوڕۆنا" کۆکن، دەڵێن ئەم وشەیە لە دوو پاژی "کوڕۆ" واتە "هۆیکوڕە" بەمانای بانگکردن بۆ کوڕ و پاشگری "نا" پێکهاتووە. دەگێڕنەوە، لە سەردەمی کۆندا پەتایەک هاتووەتە ئەم کوردستانە و پیاوێک چووەتەوە ماڵێ لای هاوسەرەکەی باسی زیانەکانی پەتاکەی کردووە و ژنەش بە سەرسوڕمانەوە گوتوویەتی: "کوڕۆنا؟"

من لەگەڵ ڕاستی و ناڕاستیی ئەم بۆچوونانە کە کوڕۆنا مەبەست لە "کوڕە نا"یە یان وەک دەڵێن بە زمانی بیگانان جوفتەی شایە، هیچ کێشەم نییە. کێشەی من ئەمەیە دەمامکم بۆ نابەسترێ. گۆرانییەکی فۆلکۆر دەڵێ: "خەتای من نییە کاری خودایە/ لەیلا دەوڵەمەند مەجنوون گەدایە"، منیش دەڵێم: "خەتای من نیە کاری خودایە/ دەمامک هەڵناگرێ، دەنووکم وایە".

من بەشی زۆری کارەکانی ڕۆژانەم بە دەنووک جێبەجێ دەکەم. بە دەنووک ئاو دەخۆمەوە. بە دەنووک خواردن دەخۆم، بە دەنووک شت هەڵدەگرم، بە دەنووک دار دەکوڵم، بە دەنووک جوچکەکانم هەڵگێڕ و وەرگێڕ دەکەم و... بە کورتی دەنووکم لە جیات دوو دەستیش کار دەکا. کەوابوو دەمامکی چی؟

دەبێ "کوڕۆنا"کەی کوردیش زۆر لە "کۆرۆناکە"ی چینی و کۆرییەکان دروستتر بێ. چونکە ئەوان ماوەیەکی کورتە ناوی کۆرۆنایان بۆ ڤیرووس داناوە و پێشتر ئۆتۆمبێلێک و دوای ئەویش جۆرێک ئاوەجۆیان ناونابوو کۆرۆنا. ئێستا ڕەنگە یەکێک ئاوەجۆی کۆڕۆنا بخواتەوە، سواری ئۆتۆمبێلی کۆرۆنا بێت و ڤیرووسی کۆرۆناش لەنێو سییەکانیدا بێت. ئەوکاتەیە دەڵێن لە

کۆرۆنادا گیری خواردوە. بەڵام کۆرۆناکەی خۆمان لەجیاتی دەرد بێتەرمانە. بەتایبەت بۆ پیاوان دەرمانە. چونکە ئەگەر پیاوێکی کورد ئاوەجۆی کۆرۆنا بخواتەوە و ژنێک پێیبێژێ کورۆنا! ڕەنگە بەم فەرمانی پارێزکردنەی ژنەکە پێکەکە یان شوشە ئاوەجۆکە دابنێتە زەوی هەڵیدەنەدات. یان ئەگەر پیاوێک بە سواری ئۆتۆمبێلی کۆرۆنا خێرا بڕوا دیسان بە فەرمانی "کورۆنا"ی ژنێک ڕەنگە پێی شل بکا و خێرایی ئۆتۆمبێلەکە کەم بکاتەوە. بەڵام کێشە لێرەدایە ئەگەر ژن ئەم کارانەی سەرەوە بکا و پێی بگوترێ کورۆنا، خۆ بە هیچ شێوەیەک ڕاناوەستێ. ڕەنگە پێیوابێت هەر دەبێ پیاوان ئەم فەرمانە جێبەجێ بکەن. من کە بێدەمامکم، تەواوی ئەو بیردۆزانە پووچەڵ دەکەمەوە کە دەڵێن زمانی کوردی نێر و مێ لەبەر چاو ناگرێ و بە یەک چاو دەیانبینێ. بۆیە دەڵێم ئەگەر ژنێک تووشی کێشەی کۆرۆنا جا چ ڤیرووس، چ ئۆتۆمبێل و چ ئاوەجۆکەی بێت، وشەی کورۆنا فریای ناکەوێ و پێویستە وشەی "کچێنا"ی بۆ دابتاشرێ. دیارە لە نێوان کچێنا و ژنێناش جیاوازییەک هەیە. ئەم جیاوازییەش تەنیا بە ڕوانینی فەمینیستانەوە کێشە دروست دەکا. ئەوان پێیانوایە جوداکردنەوەی ژن و کچ لەگەڵ ڕێبازی فیمینیزم یەک ناگرێتەوە. ئەگەر داوا لە ڕۆژنامەنووسانی کوردیش بکەین چارەسەرێک بۆ ئەم گرفتە بدۆزنەوە، ئەوە بە "مێینەنا" و "نێرینەنا" گرفتەکە چارەسەر دەکەن.

ئاکامی ئەم لێکدانەوەیە دەمانگەیەنێتە ئەو ئەنجامە کە "کۆرۆنا" لە زمانی کوردیدا بە سەر دوو وشەی "مێینەنا" و "نێرینەنا"دا دابەش دەبێ. ئەگەر پرسیاری بێهێزبوونی ڤیرووسەکەش لە نێو کوردانددا لە پسپۆڕانی بوارەکە بکەن، ڕەنگە وڵامیان ئەمە بێت، چونکە ڤیرووسی کۆرۆنا لە لایەن ڕۆژنامەنوسانی ئەم سەردەمەوە بەسەر دوو پارچەی "مێینەنا" و "نێرینەنا"دا دابەش دەکرێ، توانای کاریگەریی لەسەر کۆئەندامی هەناسە دادەبزێ و لەئاکامدا دەچێتە نێو سیپەلکی کوردان، بەڵام بەهۆی پارچەبوونەکەی هێزە کوشندەیەکەی لەدەست دەدا. ئەمەیە گرینگیی زمان کە هێزی ڤایرۆسی کۆرۆناش خاو دەکاتەوە.

دوای ئەوە زمانزانان گوتیان ئەگەر وشەی "مرۆنا" وەک کورتکراوەی "مرۆڤنا" بۆ ئەم بابەتە دەکار بکەین، کێشەی نێوان ژنان و پیاوانیش چارەسەر دەبێت. بەڵام بۆ ئەوەی ڤیرۆسەکە بە بێهێزی و پارچە کراوی بمێنێتەوە، شیکارانی نەخۆشییەکان ئەم بۆچوونەیان پووشبەسەر کرد و بێدەنگەیان لێکرد.

کاریگەریی دەمامکیش لە کۆنەوە هەستی پێکراوە. بەڵام داخی داخانم من لەبەر دەنووکم دەمامکم بۆ نابەسترێ. باشە هەر پرسیار لە تۆ دەکەم، کاتێک بەم دەنووکە تیژەم نێوقەدی یەختە بیبەکان دەسمم، چۆن ئەم دەمامکە پەڕۆیە بە لووتمەوە بپارێزم؟

بەشی یەکەم

پێش "کورۆنا"، "کۆرۆنا"، "کیژۆنا"، "کچێنا"، "مێینەنا"، "نێرینەنا" و "مرۆڤنا"، هەوڵم دا دەمامک ببەستم. بەڵام ئەم دەنووکە ڕەقەم کە زمانێکی بچووک و ناسک و باریک و تیژی لەخۆیدا پاراستەوە، ئیزنی نەداوە "دەمامک" بە دەممەوە بوەستێ.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٤ی مای ٢٠٢٠

## سماندنی بیرۆکەی شەهادەتتەڵەبی و دوژمنی خەیاڵی

من وەک دارسمەیەکی ئەم سەردەمە لەبەر ئەوەی وازم لە دارسمین هێناوە، داوای لێبوردن لە جوجەڵەکانی خۆم و ئێوەش دەکەم. ئێستا هاتوومەتە سەر ئەم بڕوایە زۆر جار سماندنی شوێنی دیکە لە سماندن و کوتانی کۆترەی دارە ئەستوورەکان پێویستترە.

ژیان هەر سک ئاخنین نییە و ئێمەش پێویستمان بە هەڵکیشانی هەناسەیە و پێویستە هێندێک جاریش بنهەنگڵی کولتوور و لاڕوومەتی داب و نەریت و بناگوێی سیاسەت و هێندێک شوێنی دیکەش زۆر بەنەرمی و لەسەرخۆیی و بە پارێزەوە بسمین. زۆرجار سماندنی بە قەو و توند و جاروباریش سماندنی نەرم و نیان لە نانی شەویش پێویستترە.

سەدجاران بەو حەڵقەیەی کاتی دەزگیرانەتی پەنجەمان تێگرتوە و یان هەندێکتان بە تەمان پەنجەی تێبگرن، من دوژمانەیەتی و دژایەتیم لەگەڵ هیچکەس و بۆچوون و بیروبڕوایەک نییە و هەمووتان بەڕێزن. تەنانەت خەیاڵە دەوڵەمەند و هەنێک جار ئەوانی پڕوپووچی ئێوەش لای من بەڕێزن.

دەبێ بڵێم لێرەدا، بە تایبەت لەم "دەق"ەی ئێستادا باس لە خەیاڵ کردنەوە یان "فانتازیا" بە مانای فڕینی بیر و دروستکردنی جهیان و ژیانێکی دوور لە واقیعی ئێستا ناکەم. مەبەست ئەو "خەیاڵ"ە کورت و تێپەڕانەیە بەخێرایی لەگەڵ ژیانی ئاسایی تێکەڵ دەبن و خێرا مرۆڤ لێیان دوور دەکەوێتەوە و دەگەڕێتەوە سەر ژیانی ئاسایی. لێرەدا لەبەر ئەوەی ناچارم بۆ ڕێزگرتن لە کولتووری باو باسی هەندێک شتی خەیاڵی نەکەم و منیش بەشی خۆم لە قەپێلکی سانسۆڕدا بمێنمەوە و بێمە سەر باسی دوژمنی خەیاڵی.

دوژمنی خەیاڵی بەپێی ئەم پێناسەیەی بۆ خەیاڵی کورت مەودام کرد، ئەو دوژمنەیە بۆ چەند چرکەیەک لە دونیای حەقیقیدا دەیهێننە بەرچاوی خۆمان. دیارە لە کاتی شەڕی دەستەوئێخە دەگەڵ کەس یان کەسانێک، لە گەرمەی تێکهەڵچووندا دوژمنمان ڕاستەوخۆ لە بەرانبەرمانە و دەرفەتی خەیاڵکردنەوەمان پێ ناهێڵێ. لەکاتێکی ئاوادا یان بەسەر دوژمندا زاڵ دەبین و یان وەک پیر و پێشنیان فەرموویانە: "لاقە قوونێ خەلاس کە."

وەک لەم بەسەرهاتەی خوارەودا دەبنین، دوژمنی خەیاڵی تەنیا لەکاتی راهێناناندا دەتوانێ بەرجستە بکرێ.

ئەم جۆرە دوژمنە خەیاڵییە لە مانۆڕی سەربازیی ٢١ی بانەمەڕی ساڵی ١٣٩٩ی کۆچیی هەتاوی، لە لایەن هێزە دەریاییەکانی ئێرانەوە بەرجەستە کرا.

بۆ زیاتر قووڵبوونەوە بە نێو بابەتەکەدا پێویستە بە کورتی ئەو دوو پاپۆڕ یان کەشتییە بناسێنین کە لە کاتی دروستبوونی دوژمنی خەیاڵی لە دەریاکانی باشووری ئێراندا بەشداری مانۆڕ بوون. پاپۆڕەکانی "کۆنارەک" و "جەماران" لەو ڕۆژەدا بۆ خوڵقاندنی دوژمنی خەیاڵی پێشاندانی ئەم دوژمنە پیسە، دەوری سەرەکییان گێڕا. ئەوانەی ئاگاداری ڕووداوی کوژرانی ١٩ چەکداری سوپای پاسداران لە ٢١ی بانەمەڕدان، دەزانن لەم ڕۆژەدا کەشتیی "جەماران" بە مووشەک کەشتیی "کۆنارەک"ی پێکا و بە گوتەی بەرپرسانی سوپای ئێران، لە بەر ئەوەی لە نێو ئەو ئاوە سوێرەدا شەربەت دەست نەکەوت، ١٩ کەس سوێراوی شەهادەتی دەریای باشووریان نۆشی و ١٥ کەسیش لە هەوڵدان بۆ نۆشینی سوێراوەکە سەرنەکەوتن و بە برینداری گەیەنرانە نەخۆشخانەکان.

کەشتیی کونارەک ناوەکەی لە شاری "کونارەک"ی دامێنی خۆرئاوای پارێزگای سیستان و بەلووچستان وەرگیراوە و ناوی شارەکەش لە "کونار" واتە "تاوک"ی کوردی وەرگیراوە کە دارێکی کورتەباڵای خۆرسکی چیاکانی زاگرۆسە و بەرەکەی لە قەزوان گەورەتر و بیلامانێ نێوکی ڕەقە و گۆشتە کەمەکەی کەمێک لە ئاردی سنجوو پتەوترە.

کەشتیی جەمارانیش بە ناوی "جەماران"ی تاران کراوە. جەمارانی تاران، گەڕەکێکە لەم شارە و سەر بە شارەوانی ناوچەی یەکی تارانە. دەگوترێ لە کۆنەوە ئیمامزادەیەک لەوێ نێژراوە، بەڵام ئێستا بە شوێنی نیشتەجێبوونی خومەینی ناسراوە. کەشتیی "جەماران" و کەشتیی "کونارەک" لە ڕۆژی ٢١ی بانەمەڕ کە خەریکی راهێنان واتە مانۆڕکردن بوون. لە پێشاژۆی دروستکردنی دوژمنی خەیاڵیدا ناکۆکی دەکەوێتە نێوانیان و بە هۆی هاویشتنی مووشەکێک لە سەر کەشتیی جەمارانەوە بەرەو دوژمنی خەیاڵی، لە ئاکامدا کەشتیی کونارەک تەقییەوە و ٣٤ ئەفسەر و سەربازی ئێرانی بە کوژراو و بریندارەوە لە خوێن گەوزین.

دوای کوژرانی ١٩کەس بە دەستی دوژمنی خەیاڵی، پێشاژۆی بەردەوامبوونی "شەهادەتتەڵەبی" سەری هەڵدایەوە. لە کاتێکدا دەرکەوت مووشەکەکە لە جەمارانەوە بەرەو دوژمنی خەیاڵی هاویشتراوە، دەرکەوت دوژمنی خەیاڵی ئەو مووشەکەی قۆستۆتەوە و لە تەپڵی سەری کونارەکی داوەتەوە.

**ئەنجامەکانی ئەم لێکدانەوەیە:**

**چوار یەک:** جارێ با لەبەرانبەر دوژمنی خەیاڵیدا ئەوندە سەربازە شەهید بن، بۆ شەڕی دوژمنی ڕاستەقینەش خوا کەریمە.
نیوەی: تاوکی خۆرسک بە جەمارانی دەستکرد ناوێرێ.

**سێ چارەک:** دوژمنی خەیاڵی زۆر نامەردانە دەست دەکاتەوە.

**هەمووی:** شەهادەتتەڵەبی بەردی بناغەی مانەوەیە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢١ی مای ٢٠٢٠

## سماندنی چەند وشەیەکی بڤە

لەو سات و زەمانەوە مرۆڤ لە ژیانی زۆر سەرەتاییەوە دەرچووە، ئەزموونی کۆ کردووەتەوە و بووەتە خاوەنی کولتوور و دەسەڵاتی خۆی، هەرکەس و تاقم و گرووپ و حیزب و کۆمەڵ و سەندیکا و یەکیەتی و ئەنجومەن و حکوومەتێک لە گۆشەنیگا و ڕوانینی خۆیەوە خەریکی یەکدەستکردنی دەسەڵاتە بەڵام ناوی دەنێ "ئەرک."

دیارە "ئەرک" ڕاسپاردە و پێداویستیی جێبەجێکردنی کارێک یان کۆمەڵێک کارە.

وشەی "ئەرک"یش وەک زۆر وشە و دەستەواژەی دیکە، هێندێک جار لە لایەن بەکاربەرانی زمانەوە دەبێتە "حەلوای بەر شەپیان" و لەبەر شەپەپێنی ئەم و ئەو ناکەوێتەوە زەوی. یەک دەڵێ "ئەرک"ی خۆم بەجێ دەگەیەنم، یەکێکی دیکە دەڵێ من ئەم "ئەرک"ەم لەسەر شانە و یەکێکی دیکەی دیکەش پێی وایە ئەمە "ئەرک"ی ئەو نییە. بەڵام کەم جار هەڵدەکەوێ کەسێک "ئەرک"ی خۆی جێبەجێ بکا.

دارسمەش هەر وایە. لە ڕاستییدا سماندن و کۆڵینی کۆتەرەی درەختی باغ و بێشەڵان و لێڕەوارەکان "ئەرک"ی دارسمەیە، بەڵام ئەویش وەک ئێوە ئەرکی خۆی جێبەجێ ناکا و خەریکی سماندنی هەموو شتێکە و تەنیا لە سماندنی داران خۆ دەبوێرێ.

هەر دارسمە نییە، زۆر کەسی دیکەش خۆ لە "ئەرک"ی ڕاستەڤینەیان دەبوێرن و دوای ئەرکی "خوارەڤینە" دەکەون. ("خوارەڤینە"ش وشەیەکی تێکەڵاوە و لە بەرانبەر وشەی "ڕاستەڤینە"دا بە تەشوێی "دارسمە" داتاشراوە).

منیش خەریکم لەم نووسینەدا لە "ئەرک"ی خۆم خۆ دەبوێرم و باسەکە بە لاڕێدا دەبەم. لە دێڕی یەکەمدا دەردەکەوێ نووسەر بەتەمایە باس لە یەکدەستکردنی دەسەڵات بکا، بەڵام خەریکە لە پشت وشەی "ئەرک" خۆی حەشار دەدا و بە تەمایە خۆی ببوێرێ. دیارە "ئەرک" و "یەکدەستکردنی دەسەڵات" پێوەندییەکیان بەیەکەوە هەیە. ئەویش ئەمەیە هەموو کەس یەکدەستکردنی دەسەڵات بە "ئەرک"ی خۆی دەزانێ.



سەرچاوە
Serchawe

هەر کەس و تاقم و حیزب و کۆمەڵ و سەندیکا و یەکیەتی و ئەنجومەن و حکوومەتێک پێیوایە بە یەکدەستکردنی دەسەڵات، خزمەتێکی گەورە دەکا. "خزمەت" یش وشەیەکی سەیر و سەمەرەیە. "خزمەت" بە نەتەوەکەم دەکەم. "خزمەت"کاری ئێوەم و بۆ "خزمەت"ی چینی هەژار و بەلەنگاز هاتووم. ئەمانە و سەدان ڕستە و دەستەواژەی لەم جۆرە بە وشەی "خزمەت" دەڕازێنەوە، بەڵام ئەوەی ڕاستی بێ، هەرچی "ئەرک" و "خزمەت"ە بۆ "بەرژەوەندی" دەگەڕێتەوە.

ئای لەبەر "بەرژەوەندی"! ئیدی ئەمەیان بنێشتە خۆشەی نێو دەمی زۆر کەسە. "بەرژەوەندی"ی نەتەوەیی، "بەرژەوەندی"ی نیشتمانی، لە "بەرژەوەندی"ی چینی چەوساوەدا و جگە لەمانە، دەتوانین دەیان ڕستە و دەستەواژەی جوانیش لە "بەرژەوەندی"ی وشەی "بەرژەوەندی"یدا دروست بکەین، بەڵام هیچکامیان ناگەنە، "بەرژەوەندی"ی تاکە کەسی.

ئەگەر سێ وشەی "بەرژەوەندی"، "خزمەت" و "ئەرک"یش بدەن بە "دارسمە"، وەک قوتابییەکی گوێلەمست و لێهاتوو هەرسێک وشەکە لە ڕستەیەکدا کۆ دەکاتەوە و دەڵێ: ""خزمەت"کردنی "بەرژەوەندی"ی تاکە کەسی "ئەرک"ی هەموو تاکێکی زیرەکە".

با لەم هەڵچنینی فەلسەفە و مەلسەفەیە دوور بکەوینەوە و بگەڕێینەوە سەر ئەو "ئەرک"ەی لە دێڕی یەکەمدا بە خۆمان ئەسپاردبوو. ئەویش سماندنی یەکدەستکردنی دەسەڵاتە.

با سوێندێکیش بۆ خوێنەری بەڕێز بخۆم و بڵێم سەدجار بەو کۆتەرەدارەی بە هیوای کۆڵینی چەنگم لێی قایم کردوە و بە دەنووک کوتاومە، مەبەستم لە یەکدەستی، ئەو کابرا ڕەقەڵە کز و بابردەڵە جنێوفرۆشە یەکدەستەی نێو عەبا قاوەییەکە نییە. لە کوێ ئەوە مەبەستی منە؟ بە من چی کابرا لە بەرژەوندیی خۆیدا بۆئەوەی خۆی بە ستەملێکراو نیشان بدات، بۆمبێکی بچووکی لە نێو ئامێری تۆمارکردندا لە بەردەمی خۆیدا داناوە و بۆمبەکەش بە دەستی چەپیدا تەقیوەتەوە و دوایی ڕێگەی بۆ خۆش کردوە لە مەجلیسی خوبرەگان بیکەن بە گەورە و دەمڕاست و دەسەڵاتدار و "ئەرک"ی پێبسپێرن و پاشان هەموو شتێک بخاتە "خزمەت"کردنی "بەرژەوەندی"ی خۆیەوە.

نە ئەمە قسە و مەبەست و "ئەرک"ی منی دارسمەیە و نە لە "خزمەت"ی "بەرژەوەندی"ی منە‌دایە. هەر لەبەر ئەمەشە ئەم شتانە لە من ناوەشێنەوە. هیچ لە من ناوەشێتەوە، بڵێم: ئەوە خولی یازدەی مەجلسی ئێرانیش دەستی پێکرد و کابرا یەکدەستەکە بە مەبەستی یەکدەستکردنی دەسەڵات هەرچی کۆنە پاسدارە لەژێر سەرۆکایەتیی حەمەباقری قالیبافدا (قالیبافی چی؟ نازانێ سەوەتەش بچنێ)، کۆی کردوونەتەوە و کردوونی بە نوێنەرانی هەموو چین و توێژ و ڕەگەز و

بەشی یەکەم

نەتەوە و چین و توێژەکانی ئێرانی شێوەپشیلەی پشیلەسفەت. هیچ مەبەستی منیش ئەوە نییە بڵێم پشیلە بێسفەتە و هەرچەندە گۆشت و خۆراکی خۆشی پێبدەی وەک سەگ بەوەفا نییە و لە دەرفەتێکدا چنگوڕکت لێدەگرێ و دەدڕنێ.

پشیلە و سەگیش کەیفی خۆیانە بێسفەت دەبن یا بەوەفا. ئەوە من نیم بۆیان دیاری دەکەم. خۆیان خاوەنی دەسەڵاتی خۆیانن و هەر خۆیان ئاگاداری "ئەرک" و "بەرژەوەندی"ی خۆیانن. هەر لە بنەڕەتڕا خوووخدەی سەگ و پشیلە و کابرای یەکدەست و یەکدەستکردنی دەسەڵات و ئەرک و خزمەت و بەرژەوەندی بە من چی؟ هەر لەخۆڕا بەسەر ئەم بابەتە "بڤە"یەدا کەوتم، بڕۆن خۆتان بیری لێبکەنەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٥ی جوونی ٢٠٢٠

---

## سمینی بنهەنگڵی کڵۆخوێی بۆگەن

فارس دەڵێ "هرچە بگندد نمکش می‌زنند، وای بە روزی کە بگندد نمک". پێم‌خۆشە خوێنەری هێژا و چازان و لێزان بەهۆی ئەم ڕستە فارسییەوە لۆمەم نەکەن و بە دژە نەتەوە و نۆکەری بێگانە و داردەستی شۆڤینیزمم نەزانن. خۆ ئەگەر ئاواش بکەن، هیچم لەدەست نایە. جاری جاران نییە خەڵک بەدوای کتێب و ڕۆژنامە و پەند و ئامۆژگاریی پیرە ژنان و پیرە پیاوانی دنیادیتە و خاون ئەزموونڈا بڕۆن. کەنگێ پێیان خۆش بێ لەسەر ڕووبەری مۆبایل دەست بە پەنجە لێدان دەکەن، یان ئەگەر مەجێزیان بخوازێ ئەنگوستێک بە پاوەری کامپیۆتێرەکەیانەوە دەنێن. جا ئەگەر کامپیۆتێر داگیرسا و خواوڕاستان کیژومیژ لەسەر خەت نەبوون و کچانی جوان وێنەی تازەیان سناپ نەکرد، یان کوڕێژگەی شاز، دەست و مەچەکیان پێشان نەدا، ئەوە یەکسەر دەکەونە گیانی من و بە ستاتووس و کۆمێنت و تێچێن و مێچین دامدەگژێنێ. دەمکەن بە نۆکەری بێگانە و وام لێدەکەن ئەوەندە ڕستە فارسییەم لە بیێتە ژەهری مار و بۆم قوت نەدرێ. لە قوڕگمدا بمێنێ و مەرەکەبەکەی بە لالغاوانمدا بێتە خوار.

ئەمجۆرە ژیانەی ئەم سەردەمە تەنیا ئەوەندەی باشە زۆربەی ئەو شەڕانەی تێیدا دەکرێ، بیلامانێ هەر بە قوونەوە لەسەر ڕووبەری مۆبایل و کامپیۆتێرانە. ئەگەر وا نەبوایە، ڕۆژانە دوو ئەوەندەی گۆڕستانی کرۆنالێدراوانی شاری قوم لە هەموو شارێک گۆڕ بۆ نەیارانی مەیدانی ئەم جەنگە هەڵدەکەندرا. منیش بههۆی ئەو ڕستە کورتە فارسییەی لە سەرەوە نووسیومە، دەکەوتمە بەر تیروتوانجی ئەو کوڕ و کچە نیوە وشیارە خەواڵووانەی بە زرەباوێشکانەوە پشتیان بەرانبەر بە کامپیۆتیر و موبایلان دەچەمێننەوە.
لە نێو هەموو ئەوانەی لە سەر ڕووبەری مۆبایل و کامپیۆتێران خەریکی شەڕە دندووکەن، ڕۆژنامەنووسان و پەیامنێران لە هەمووان زیاتر زەرەرمەندن. ئەوان جیا لەوەی لە نێو تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بە تۆڕەوە دەبن، لە دونیای ڕاستەقینەشدا ناچارن لەسەر ڕووپەڕی ڕۆژنامە و لە بەرانبەرکامێرای تەلەڤیزیۆن و لە پشت مایکرۆفۆنی ڕادیۆکانیش دەربکەون. جا ئەمە وایان لێدەکا بکەونە بەر سزای یاسا. دیارە یاسای ئەم سەردەمەش وەک خوێی نێو چێشتە و دەبێ بەپێی پێویست لە هەموو شتێکدا هەبێ. ئەم یاسایە زۆربەی جارانیش وەک یاسای ٨ کاتژمێر کار بۆ کرێکاران هەر زۆر بێتامە.
ئەوە بەم باسی سۆشیال میدیا و تۆڕی کۆمەڵایەتی و ڕادیۆ و تەلەڤیزیۆن و ڕۆژنامە و شتانە کە بە بڕوای هەندێک لە دەسەڵاتداران هەموویان سەروبنی قوماشێکن و بە پیلانی زایۆنیسم و شەیتانی گەورە دەجووڵێنەوە و دەست و پێوەندیی سی ئای ئەی و مووساد و ئێم ئای٦ و شتی وان. (دیارە جارێ "کگب" لەم موعادەلە و موعامەلەیەدا نییە و لە بنکەی فرۆکە

شەڕکەرەکانی "نەوژە"ی هەمەدانەوە براگەورەشمانە.)

قسەی خۆمـان بێت دارسمە بـۆ ئەوە نـابێ دەم لە بـابەتی سیاسـی وەربـدا. ئەوە نییە بـابەتەکەم بـۆ ڕاستەڕێ نـابێ و هەرجـارەی بە پەراوێـزێکەوە دەنووسێم و بە دوایـدا دەڕۆم و بـابەتە سـەرەکییەکەم لـێ دەبـێ بە پەراوێـز و پەراوێـزەکە پەراوێزێکـی دیـکەی لـێ دەکەوێـتەوە، ئەویـش پەراوێزێکـی دیـکە و بەم پێـیە هەر پەراوێـزە و پەراوێزێکـی دیـکەی لـێ دەکەوێتەوە و دارسمە هیچ، کەندەسمەش سەری لێدەشێوێت و ڕێگەی چوونەوە هێلانەی خۆی لە کەندەڵانـاندا لێدەشێوێ.
بـۆ دۆزیـنەوەی سـەرەداوی سـەرەکیی باسـەکەمان بەناچـاری لەنێـو لـۆمەی ڕەخنەگـران و دژبەرانـدا دەچیـنەوە سـەر ڕسـتە فارسییەکە واتە "هرچە بگندد نمکش می‌زنند، وای بە روزی کە بگندد نمک."

لەنێوان دەسەڵاتەکانی وەک جێبەجێکار و یاسادانان و تەنانەت دەستەڵاتی میدیا و ڕاگەیـاندیش کە ئێسـتا وەک دەستەڵاتی چـوارەم دەناسـرێ و کەسـیش هەرزنـی بە کـڵاوی نـاپێوێ. بەڵام دەسـەڵاتی دادوەری کە سـەرتۆپی هەمـوو دەسـەڵاتـانە و بە چـاودێریکردنی جێبەجێکردنـی یاسـا لەلایەن دەسـەڵاتەکانی دیکە و کـۆمەڵانی خەڵکەوە وەک ئەو کلۆخـوێیە وایە پێش بە بۆگەنبـوونی شـتەکانی دیکە دەگرێ. دەسـەڵاتی دادوەری نـاهێڵێ کارمەنـدانی پلەبـاڵای جێبەجێکـاری دەسـەڵات دزی بـکەن و سەرمایەی خەڵـک بـۆ خۆیـان تەرخـان بـکەن، پێش بە دزی و فزیـی کاربەدەسـتان و بڵاوبـوونەوەی درۆ و دەلەسە لە لایەنە هێندێک لە ڕۆژنامەنووسانی "غەیری خودی" دەگرێ.

نەمگـوت نـاتوانم ئەوەنـدە لەسـەر بـابەتی سـەرەکی بوەسـتم؟ دیسـان تـۆڕە تـۆڕ و سەرکێشە کۆمەڵایەتییەکـان بەرەوخۆیـان ڕاکێشـام. خـۆزگە وەک جـاری جـاران لە ڕووبەری کـامپیوتێر دوور بـوایەم و لەسـەر کـاغەز نووسیبام. ئەوکـات لەم هەمـوو "نۆتیکەیشـن" و پەیـامە بەدوور دەبـووم و هۆشم هەر لەسـەر نووسینەکە دەبـوو و بە هـۆی ئەم هەمـوو پەیـام و مەیـامە وا بەخێرایی هەواڵی ڕاکردنی دادوەرە گەورەکەی شاری تـارانم پێنەدەگەیشت و نەمـدەزانی خۆی گەیـاندووەتە ئورووپـا و لەوێ لەلایەن پۆلیسـی ئینترپـۆلەوە دەستبەسـەر نەکـراوە، وا بەخێـرایش نەمـدەزانی دەسـەڵاتی دادوەریـی ئێـران هەمـوو قـازی و دادوەرەکانی دەیانەوێ دزی کردن وەک ئەزموون تاقی بکەنەوە.

**باشە تۆی خوێنەریش لەم داهێنانە جوانەی دەسەڵاتی دادوەری فێر بی و هەر لەئێستاوە دەست بە دزین بکەی و یارمەتیی وەڕاستگەڕانی ئیدیومی "وای بە روزی کە بگندد نمک" بدەی.**

**سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢١ی جوونی ٢٠٢٠**

# سمینی فرت و فیڵی زێنەبی كرمانێ

لە زمان یەكێك لە ئەدەبیان یان ئەدەبدۆستانی شاری مەهاباد گێڕاویانەتەوە، لە ئاخرین ساڵانی دەسەڵاتداریی ڕێژیمی پاشایەتییدا بەشێك لەو كەسانەی خوێندنی قوتابخانەیان تەواو دەكرد، لە جیاتی سەربازی، بۆ ماوەی دوو ساڵ لە گوندان دەكران بە مامۆستا و "سپای دانیش"یان پێ دەگوترا. مامۆستای ئەو كاتیش لە زۆربەی گوندەكان خوێندەواری تاقانە بوون و كەم هەڵ دەكەوت جگە لە مەلای ئاوەدانی؛ كەسێكی دیكە بتوانێ شتێك بخوێنێتەوە.

ڕۆژێك لە گوندێكی سەر بە كرماشان پیاوێكی بەتەمەن بە ناوی "یارمحەممەد" كەرێكی لێ ون دەبێ و دەچێتە لای سپای دانیش و داوای لێ دەكا، بۆ دۆزینەوەی كەرەكەی فاڵی حافزی بۆ بگرێتەوە. ئەویش دوای بیركردنەوەیەكی زۆر، دێڕە شێعری "ما عكس رخ یار در پیاله دیدەایم"ـی حافزی شیرازیی بۆ دەستكاری دەكا و دەڵێ: "حافز فەرموویەتی "ما عكس خر یارمحمد در پیاله دیدەایم"." یارمحەممەد دەڕوا و داوی ماوەیەك بە كۆڵێك ماست و پەنیر و مریشكەوە دێتەوە لای مامۆستای قوتابخانە و لەبەر ئەوەی لە گوندێك بە ناوی "پیاڵە" كەرەكەی دۆزیوەتەوە، زۆر سپاسی مامۆستا دەكا.

* * *

سەرچاوەكانی هەواڵ لە لوبنانەوە لە زمان "زێنەب موغنییە" كچی یەكێك لە سەركردەكانی پێشووی حیزبوڵڵای لوبنانەوە بڵاویان كردەوە: "زێنەب سولەیمانی" كچە گەورەی قاسم سولەیمانی كە بە هۆی هێرشی فڕۆكەی ئەمریكایی كوژرا، شووی بە كوڕی فەرماندەیەكی حیزبوڵڵا كردوە. ئەم ژن و ژنخوازییە پەیمانی نێوان شۆڕشی ئیسلامیی ئێران و حیزبوڵڵای لوبنانی پتەوتر كردوە. خزمایەتی و ژن و ژنخوازی، ڕۆحی هۆز و عەشیرەكان لە یەكتر نزیك دەكاتەوە و دیارە ئەم جارە ئەوان هاسانتر دەتوانن داوای پارە و مووچەی مانگانەی ئەندامەكانیان لە كۆماری ئیسلامی بكەن. پێش ئەم ڕووداوانەش "حەسەن نەسروڵڵا" بە ئاشكرا گوتبووی هەتا كۆماری ئیسلامی پارەی هەبێ، ئێمەش دەمانبێ و كۆماری ئیسلامی سەرچاوەی پارە و داهاتی ئێمەیە و مووچەی ئەندامانیشمان ئەوان دابینی دەكەن.

بە هۆی ئەوەی باوكی زێنەبی سولەیمانی لەكاتی هەناردەكردنی شۆڕشدا پارێزەرانی مەزارگەی "زێنەب"ـی دەناردە سووریە و ئێستاش زێنەبی كچی "عێماد موغنییە"، هەواڵی شایی و هەڵپەڕكێی زێنەبی قاسمـمان پێ دەڵێ، خەریكە "زێنەب" دەبێتە سەرڕوای بابەتەكەمان. ئێمەش دوور لە چاوی وردبینی "زێنەبێ قەڵاتان" لەسەر زێنەبی سولەیمانی دەمێنینەوە و لەوێ لە جیات فاڵی حافز، فاڵی ئەم شێعرە كوردییەی خوارەوەتان بۆ دەگرینەوە:

**"ئەبرۆت هیـــلالی یەکشەوە**
**سەریان پەیوەســتە پێــکەوە**
**برژانگ تیری کەیخوسرەوە"**

١- لە دێڕی یەکەمدا ئەبرۆ بە "هیلال" شوبهێنراوە. دیارە لەم سەردەمەدا ئەبرۆی هیلالی باوی نەماوە و خانمان برۆکانیان پێچەوانەی هیلال درێژ دەکەنەوە. (لە نێو خۆمان دەرنەچێ، زۆریش لێیان جوانە) ئەوەی لەم سەردەمەدا لەسەر بابەتی هیلال پێداگرە، دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیی ئێرانە. سووچێکی هیلالەکەی ئەوان لە مەشهەد و قومەوە دەست پێدەکا و سووچەکەی دیکەی لە لوبنان لەبن پیلی ئیسرائیل تەواو دەبێ.

٢- سەریان پەیوەستە پێکەوە" پێمان دەڵێ دوو سەری ئەم هیلالە پێکەوە پەیوەستن. وڵامی ئەمەیان لە کوێ ئەم بابەتەدا بدۆزنەوە.

٣- برژانگ تیری کەیخوسرەوە" لێرەدا مەبەستەکە ئامانجی خۆی بە تەواوی دەپێکێ و تیری کەیخوسرەو کە پادشای دادپەروەری نێو پەڕاوە مێژووییەکانە و فارسەکان ئەوانەی ڕەگەزپەرستن، زۆر جار نانی یەکیەتی و یەکگرتوویی خۆیان لەسەر سفرەی ئەویش دەخۆن، تیرەکەی لەژێر هیلالی ئاماژە بۆ کراودا دەهاوێژێ.

**ئەنجامی سیاسی:**

زێنەبی سولەیمانی کچە گەورەی قاسمی سولەیمانی هیچ بڕوا ناکا جێگرەکەی باوکی بتوانێ ئەم هیلالە بپارێزێ، بۆیە بە ناچاری یان بۆ خۆشیی دڵی خۆی دەلینگی لێ هەڵماڵیوە.

**ئەنجامی جوگرافیایی:**

ژیانی مەعنەویی هاوسەر و کچی فەرماندەی سپای قودس و سەرکردەی حیزبوڵڵای لوبنان بوون، لە مەودای نێوان دوو جەمسەری هیلالەکەدا بە بەردەوامی لە هاتوچۆدایە، هەر نەبێ فڕۆکەکانی کۆمپانی فڕۆکەوانیی "ماهان" مسۆگەری دەکەن.

**ئەنجامی مێژوویی:**

ئەوانەی خۆیان بە میراتگری کەیخوسرەو دەزانن، هەوڵ دەدەن بە برژانگی زێنەبێ تۆڵەی هێرشی ١٤٠٠ ساڵ لەمەو بەر

بکەنەوە، بەڵام ئاخۆ خوارزا چی بەسەر خاڵۆیان دەهێنن؟

**ئەنجامی خۆش:**

ئەمەیان زێنەب و زاوازێڕینە عەرەبەکە باشتر دەیزانن.

**ئەنجامی دەشتەکییانە:**

زێنـــەبێ وەی زێنـــەبێ لەو زێنـــەبەی کـــــرمانێ
دەرێ بابانت شێوێ ناوت کەوتە لوبنانێ

**ئەنجـــامی دوای زڕە باوێشـــک و چـــاو هەڵگلـــۆفین:** رووداوی فـــاڵگرتنەوەی دۆزیـــنەوەی کەرەکەی یـــارمحەممەدیش لە کۆتاییەکانی دەسەڵاتداریی حکوومەتی پاشایەتییدا ڕووی دا.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٧ی جوولای ٢٠٢٠

## سماندنی دروشمە سواوەکەی خومەینی

"دەردێکی وای داومەتێ کافر حالم نەبینێ
دەڵێن لێرە نەماوە چۆتە چین و ماچینێ
گەلی دۆست و برادەران بۆم بگێڕن گەرمەشینێ"

دارسمە لەو کاتەوە گوێی بۆ گفتگۆی بنیادەمی بن داران شل کردوە، وازی لە دارسمین و گەڕان بە دوای بوونەوەری نێو کۆتەرەداران هێناوە. پشتی کردوەتە ڕسق و ڕۆزیی جووجەڵەکانی و ڕووی کردوەتە سیاسەت. ئەم دارسمەیەی لە خزمەتتاندایە، ئێستا وەک جاران نەماوە و لەم مرۆڤە سەرخڕ و نانودۆبڕ و دووپێیی و ڤیت و ئەستوونییە فێری زۆر شتی سەیر و سەمەرە بووە.

ئەرێ ئێوە تا ئێستا بیرتان لەمە کردوەتەوە مرۆڤ تەنیا بوونەوەرێکی زیندووی سەر گۆی زەوییە دەست و شان و پیلی بە خۆیەوە هەڵدەواسێ و بە شێوەی ئەستوونی دێ و دەچێ؟

هەر بوونەوەرێک مار، مشک، کرم، "ئەسپێ" هەتا "ئەسپ"، وشتر، مێش، گامێش، جوانەگا، کەڵیچە، ڕێوی و دەڵەک، هەموویان بە شێوەی ئاسۆیی دێن و دەچن. ئەم بوونەوارانە هەندێکیان خزۆکن و کاتی جووڵانەوەی ڕۆژانە و شەوانەیان بە زەوییدا دەخزن و بەشێکیشیان بەرزۆکن و بە پێوەن، بەڵام ئەوانیش بە شێوەی ئاسۆیی دێن و دەچن. باڵندەکانیش کاتێک لە زەویین و لە ئاسمانیش هەر بەشێوەی ئاسۆیین. ئەوەی جاروبار لاسایی مرۆڤ دەکاتەوە و هەندێک جار بە شێوەی نیوە ئەستوونی هەنگاو دەنێ، مەیموونە. لە نێو مرۆڤەکانیش تەنیا "ئایەتوڵڵا ئەحمەدی جەننەتی" پێوەندیی نێوان مرۆڤ و مەیمونی پاراستوە. وەک مەیموون بەرەو پێش دادەنەوێ. ناتوانێ وەک مرۆڤی ئاسایی پشتی ڕاست بکاتەوە و بە شێوەی تەواو ئەستوونی بێ و بچێ.

منی دارسمە لەو کاتەوەی وازم لە سمینی دار هێناوە و وەک مرۆڤی خوالێگۆڕیو سماندنی مێشکی خۆم گرتوەتە بەر، بوومەتە ئەدیب و زمانزان و نووسەر و زۆر جاران فۆلکلۆر و سیاسەتیش بە یەکەوە دەلکێنم. هەر ئەم تێکەڵکردنی سیاسەت و فۆلکلۆرە وای کردوە، لەم ماوەیەی دواییدا لەو کاتەوەی ئێران و چین پێچەوانەی ڕاسپاردەکەی خومەینی خەریکی

بنپێنانی دروشمی " نە شەرقی نە غەربی"ـین، منیش بەردەوام لە بەر خۆمەوە ئەم گۆرانییە بە گشتی و بە خاوی، بە هەوای سێپێیی، گەڕیان، ڕۆینە، سوێچکەیی و شێخانی دەڵێمەوە و لەکاتی گوتنەوەیدا بە شێوازی جۆراوجۆر لەگەڵ بارودۆخی ئەم سەردەمە پێکی دەگرم و وەک کوردیەنەزانانی ئەم سەردەمە دەڵێن، "لێکۆڵینەوەی بۆ دەکەم."

ئەم گۆرانییە تایبەتمەندییەکی دیکەشی هەیە. ئەگەر کاتی گوتنەوەی بیر لە لایەنە بەناو سیاسییەکەی نەکەیەوە، زۆریش ناخۆش نییە. پێم خۆشە خوێنەری هێژا وێڕای من لە بەر خۆیەوە بە گوتنەوەی کەمێک خەم و کەسەر لە دڵ دەربکا.

ڕەنگە بەشی هەرە زۆری خوێنەرانی ئەم بابەتە لەسەر موبایل و کامپیوتێر سەریری ئەم دێڕانە بکەن و خوشکان و برایانی لەبەرگرتنەوە و دابەزاندنەوە واتە "کۆپی و پەیست" بن. بۆیە بە پێویستم زانی بۆئەوەی کوێرەوەریی سووڕاندنی سکرۆڵی ماوس و ماڵینەوەی ڕووبەری موبایلەکەیان لە کۆڵ بکەمەوە، هەر لە خوارووی ئەم دێرە گۆرانییەکە دابنێمەوە:

**"دەردێکی وای داومەتێ کافر حاڵم نەبینێ**
**دەڵێن لێرە نەماوە چۆتە چین و ماچینێ**
**گەلی دۆست و برادەران بۆم بگێڕن گەرمەشینێ"**

جا دوای ئەوەی چێژی فۆلکلۆری و دڵداری و نۆستالژی و ئەو شتانەتان لە گۆرانییەکە وەرگرت، تکاتان لێدەکەم لەگەڵ من بۆ ساتێک خۆتان لە جێگەی دەسەڵاتدارانی لێقەوماوی کۆماری ئیسلامی دابنێن و لەم ڕوانگەیەوە بڕواننە دەقی گۆرانییەکە:

**دێڕی یەکەم:**

کافر لێرە دا مەبەست لە غەیرەدین واتە دوژمنە. ئەوکەسەی دەردێکی وای داوە بە دەسەڵات، زۆر کەس وا دەزانن ئەمریکایە و بە گوشارە ئابووری و سەربازی و سایبێرییەکانی و ئاگرخستنەوە لە قەراغ و بیجاغی تاران و شوێنە گرینگەکان و شتی دیکە وای کردوە دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی، تووشی دەردێکی کوشندە بێ. "عەلییە گۆج" و "حەمەجەواد" و "حەسەن بەفڕوفیشاڵ" بە سەرشۆڕییەوە لە دروشمەکەی سەر دەرگای وەزارەتی دەرەوە بڕوانن. خۆ بەوە نییە ئەم خەڵکە بە شێوەی ئەستوونی دەڕۆن، هەر فریان بەسەر زانستی سیاسییەوە نییە. چونکە نازانن دوژمنی سەرەکیی دەسەڵات پێیان لە چوارچێوەی نەخشە شێوە پشیلەکە ناچێتە دەرەوە.

**دێڕی دووهەم:**

**ئەوە بەرژەوەندیی دەسەڵادارانی کۆماری ئیسلامیی ئێرانە لە تەواوی دنیا باری کردوە و تەنیا ئەوەیان بۆ ماوەتەوە لە چین خۆیان تاقی بکەنەوە. وەک دەڵێن بڕیار وایە پێی پشیلەکە واتە دوڕگەکانی دامێنی ئێران بدرێنە چین و بە مانەوەی چین ڕێگەی دووری "مسئولین محترم جمهوری اسلامی" تەنیا مەودای نێوان بەندەر عەباس و دوڕگەی کیش بێ و لە جیاتی هاتوچۆی فڕۆکەی ماهان، خۆیان هەر لەوێ کرۆناکەش وەربگرن بەسەر ملیۆنان دوژمنی نێوخۆدا بڵاوی بکەنەوە.**

**دێڕێ سێهەم:**

**"حەسەن نەسروڵڵا"، کەسوکاری زاوا تازەکەی قاسم سولەیمانی، "بەشارە درێژ"، "قاسم خەزەلی"، کەتائیبی حزبوڵڵای عێراق و "میرزا عەبدولمالیک بەدرەدینی"، سەرۆکی حووسییەکانی یەمەن و کۆمەڵێکی دیکەی ئەم دەروهەیوانە، گەلی دۆست و برادەرانی کۆماری ئیسلامیین. گەلی دۆست و برادەران دوای ئەوەی زانییان بابەگەورەیان فلس و عانە و دینار و لیرەی پێ نەماوە و تمەن بووەتە تۆزی بانان و چین خەریکە خاکی دوڕگەی کیش بە تووڕئەسپان ببات، ئەوانیش تەنیا دەتوانن "بۆی بگێڕن گەرمەشینێ."**

**سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٥ی جوولای ٢٠٢٠**

## ختۆکەی حەوتەکان و سمینی کلکی شەش

ئەم ژمارەی حەوتە کە لە سەردەمی کۆنەوە بەردەوام لەژێر سەرنجی نەتەوە و هۆزە و عاشیرەت و ماشیرەتاندا بووە، خەریکە بە پەرەسەندنی ئەم ئینترنێت و مینترنێتەوە لەبیر دەچێتەوە. قەسەم بە حەوت تەبەقی عاسمانێ، سوێند بە حەوت فریشتەی زەردەشتیان و حەوت سوجدەی موسوڵمانان و حەوت ڕۆژەی حەوتوو و هەرچی حەوتی کۆکراوەی مێژووی مرۆڤایەتییە، "حەفتتەپە" حەوتی سەرووی هەموو حەوتانە.

لەو کاتەوە دارسمە وازی لە سمینی کۆتەرەی دارودرەختان هێناوە و پشتی لە جووجەڵە و مووجەڵە و ژیانی دارسمەئاسا کردوە، ئەویش وەک مرۆڤ فێری ئەم ڕووبەرە ساف و لووسەی کامپیۆتێر و موبایلان بووە و بە دەنووکی باریکی لەسەر کەلێن و قوژبن و پیت و نیشانە و ئایکیۆنی سەیروسەمەرە کلیک دەکا و هەر خۆی و خوا دەزانن چیان تێدایە.

دارسمە وەک تۆی خوێنەری ئەم چەند دێرە پشووسوارە و بەردەوام لە سەر شتێک ناوەستێ و لە شوێنێک ناحەجمێ. ئەویش وەک خۆت زۆر جار بە چاوان دەڕوانێتە شێک و لەم مێشکە بچووکەیدا بیر لە شتێکی دیکە دەکاتەوە.

ئەم بەیانەیە لە ڕیکەوتی ١٤ی پووشپەڕی ساڵی ٢٧٢٠، ئەویش وەک ئێوە تێکەڵی کردبوو و بە دەم سەیرکردنی وشەی "حەوت" گورانی بە سەر ژمارەی شەشدا دەگوتەوە:

**یاخوا لە کەس نەقەومێ وەکی لە من قەوماوە**
**دەردێکی زۆر گرانە لە من سەری هەڵداوە**
**مۆرەی بەختم نایەت و شەشدەرم لێگیراوە**

دوای ئەم گۆرانیە زیاتر پێیەوە دیار بوو قسان دەپەڕێن و یان لەبەر خۆیەوە وڕێنە دەکا. وڕێنەی دارسمە هەر وایە. خەیاڵی دەبێ بە وشە و هەرچی لێی نزیکە دەنگی دەبیسێ و دەتوانێ بچێتە نێو خەیاڵ و خولیاکانیشی.

دارسمە لەبەرخۆیەوە خەریکی تەختە نەردێنە. شەش دەری لێگیراوە و بێهووده بە هەویای دووشەشە. واز لە دووشەش دەهێنێ و تەنیا یەک مۆرە هەڵداوێ و بە تەمای شەشێکە و لەبەر خۆیەوە دەست پێدەکا:

هەڵی داوێم ئەگەر شەش بێ، بۆ چلەی ئەم ساڵی ئیمام حوسێن کۆرۆنا لێدەگەڕێ ڕێگەی ئێران بۆ کەربەلا ببێتەوە و چەند میلیۆن کەس بە دامامک و بێ دەمامک بە کۆرۆنا و بێ کۆرۆنا ڕوو دەکەنە کەربەلا و بەمجۆرە بۆ ماوەیەک ئەم کارانەی خوارەوە ڕایی دەکرێن:

١- ڕادیۆ و تەلەفزیۆن و هەواڵدەرییەکان و پێگەکانی بڵاوکردنەوەی هەواڵ لە دنیای مەجازیی بێ مەجازاندا پڕ دەبن لە هەواڵی کۆچ و کۆڕەوی بەمیلیۆنان ڕێڕەوی ئیمام حوسێن و هەواڵەکەشی دەبێتە سەرتۆپی هەواڵەکان و هەوڵی بەرزبوونەوەی نرخی دۆلارە بێبایەخەکەی ئەمریکا و گرانبوونی پێداویستییەکان دەخەنە پەراوێزەوە. ئەم هەواڵی گۆشت نەخواردنی هەندێک خێزان و بنەماڵە بەهۆی گرانی و هەڵکشانی هێڵی هەژاریی بۆ سەرووی داهاتی شەش میلیۆن تمەنیی مانگانەش دەکەونە پەراوێزەوە.

٢- کەس ناڵێ ئەم پەتای کرۆنایە بۆ کۆنترۆڵ ناکرێ و ئەو ژمارانەی وەزارتی تەندروستیی کۆماری ئیسلامی ڕایاندەگەیەنێ، درۆن.

٣- سەرهەڵداوانی خۆپێشاندانەکانی ساڵانی پێشوو، هاسانتر ئیعدام دەکرێن.

٤- کەس ناپرسێ، ڕێبەری موعەززەمی ئینقلاب لە چ کون و قوژبنێکدا خۆی حەشار داوە.

٥- بە دەسەڵاتی ئێران و ئۆپۆزسیۆنی فارسەوە، بۆ ماوەیەکی دیکە باشتر دەتوانن ئەشکەنجە و ئازاردان و کوشتوبڕی کوردان و نەتەوەکانی دیکە پووشبەسەر بکەن.

٦-

"یاخوا لەکەس نەقەومێ وەکی لە من قەوماوە
دەردێکی زۆر گرانە لەمن سەری هەڵداوە
مۆرەی بەختم نایەت و شەش دەرم لێگیراوە"

دارسمە لەبەرا خەریک بوو لە شەشی تێپەڕێنێ و بگاتە حەوتەوانە، بەڵام ئەمڕۆ ئەم بەندە فۆلکلۆرییەی لێ بووەتە بەڵا و بەردەوام لە مێشکیدایە و دەیڵێتەوە. لە ناکاو باز دەداتە سەر گۆرانییەکی دیکە و دەڵێ:

بەشی یەکەم

"لەخوام تەڵبە لە مووسای کازم
مێردە گولەی بمرێ بۆ خۆم دەیخوازم"

لەناکاو لە تووک و دووعاکردن لە مێردی خەڵکی پەشێمان دەبێتەوە و بیری دەکەوێتەوە ئیمام مووسا کازم "هفتمین اختر تابناک آسمان ولایت"ـە و بەمەیان واز لە شەش دێنێ ڕوو دەکاتەوە حەوت.

بەڵام ئەم حەوتە جارێکی دیکە لێی دەبێتە مۆتەکە و لە جیات هەموو حەوتەکانی نێو مێژوو و ئایین و شتی دیکە یەکسەر خەیاڵی دەباتە "هەفت تەپە". ئەو حەوتتەپەیەی باشووری ئێران. ئەو حەوت تەپەیەی بە کارگەی گەورەی قامیشی شەکر ناوبانگی دەرکردوە و لەم دواییانەدا مانگرتنی کریکارانی ئەم کارگەیە بۆ هەموو ئێران تەشەنەی سەندوە و جارێکی دیکە شەشدەری نەک لە دارسمە، لە دەسەڵاتیش گرتوە.

دارسمە دەگەڕێتەوە چل و دوو سێ ساڵ لەمەوبەر و بیر لە مانگرتنی سەرانسەریی ئەو کات دەکاتەوە. هیوای بە "هفتمین اختر تابناک آسمان ولایت" نامێنێ و دەزانێ هەرچی لیی بپارێتەوە ئەو تەنیا دەتوانێ مێردەگولەکانی نێو لەشکری فاتمیە و زەینەبیە و حیزبوڵلا و شتی وا بەکوشت بدا، بۆیە دیسان لەبەر خۆیەوە دەڵێتەوە:

"یاخوا لەکەس نەقەومێ وەکی لە من قەوماوە
دەردێکی زۆر گرانە لەمن سەری هەڵداوە
مۆرەی بەختم نایەت و شەش دەرم لێ‌گیراوە"

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٧ی ئاگۆستی ٢٠٢٠

## سمینی دەردەدڵێکی جاشانە

سەلام بەر مردومی بیدار و هەمیشە دەر سەحنە. هەم میهەنانی کە بە تەوری مـوداوم مەشغولی خدمەت بە کشـوەری هەمیشـە پەهناوەری ئیرانن.

ئەمرۆ ڕووی سوخەنم زیاتر لە ساکنانی غەیووری کوردستانە، هەر بەم خاترەش سوخەنانی خۆم بە لەهجەی شیرینی کـوردی ئاغاز دەکەم.

خیتـتەی کوردسـتان کە لە غەربـی کشـور قەراری گرتـوە، هەمزەمـان بەوەی کە دەر تێـی سـالیانی دور و دراز جەولانگـاهی گروهـای مەشـکووک بـووە، ئەممـا مردومـی هەمیشـە دەر سـەحنەی ئەوێ بە تەوری مـوداوم موشـتی موحکەمیـان لە دەهەنـی یاڤەگویان داوە و پووزەیان بە خاک کێشاون.

هەر بەو خـاترە تەوجـوهی ئەڤشـاری مەردومـی هەمیشـە در سـەحنە بـۆ چەنـد مەوزوعـاتێکی زور جیـدی جەلـب دەکەم کە ئومیدوارم ڤسەکانم لەم بورهە حەساسەدا موسمری سەمەر واقع بن.

موتەئەسفانە کشوەری ئێران در ئەیـامی ئەخیـر بە شیدەت مەوریـدی خەتەر قەراری گرتـوە. خەتەراتـی تەرسـناک لە هەر تەرەف مەوردی تەهدیدی قەرار دەدن.

ئانچنـانکێ مەسـئوولانی لەشـکەری و کشـوەریی ئێـران بە میللەتـی هەمیشـە دەر سـەحنە گوشـزەد دەکەن، غەربـی کشـوەر کە مەرزدارانـی غەیـووری کـورد لەوێ حزووریـان هەیە، هەمیشـە مەوریـدی تەمەعـی دەسیسـەهای بیگانەگـانە. ئەو کەسـانەی بە مروری تـاریخ عەلاقەیـان هەیە، دەزانـن لە زەمـانی حکـوومەتی تـاغوت بیگانەگـان نەزەریـان هەبـوو خاستەهای خویـان بە وەسیلەی ئەحزابی مەعلومولحال بە سەر مەردومی کوردستـاندا تەحمیل بکەن. اما بە خاسـتەی خداوەنـد و کەسـانی خیرخـاهی مەملەکەت کە دەگەڵ دەوڵەتی وەقت هەمکارییان کـرد، تەوتەئەی جەمهـورییەکەی ئەوان کە دەر تـولی عـومری یـازدە مـاهەی مەشغوڵی ئیستحکامی مەوازعی بوو، نەڤشی بەر ئاب کرا.

موتەئەسفانە ئەلئانیش ئەو گروهەی کە ٧٥ ساڵ ڤەبل بە ئومیدی تەجزییەی ئێران تەشکیل بووە، لە ساڵی جاریدا وجودی

٧٥ ساڵەی تەشکیل بوونی خۆی جەشن دەگرێ.

ئەگەر جوان تەوەجوهـ بکەن، ئەلئانیش دەبینن دوشمنانی تمامیەتی ئەرزیی مەملەکەت دەستیان بە دەستی هەم داوە و مەخسوسەن نیزامی موقدەسی جەمهوری ئیسلامی تەهدید دەکەن.

یەکێک لە خەتەرناکترین تەحەڕوکاتی بیگانە لە مەنتەقەی خاوەرمیانە دوشمەنی کردن با مێحوەری مقاومەتە. موتەئەسفانە بە شەهادەتی حاج قاسم سولەیمانی میحوەری مقاومەت با موشکلیکی بسیار بزورگ مواجە بوو. هەرچەند سەردار قائانی کە جانشینی حاج قاسمە، در حەدی تەوانی خۆی لە تەلاش لەم ڕاستایەدا دریغی نەکردوە، اما جایگاهی حاج قاسم بسیار بسیار لەوە باڵاترە ئاغای قائانی بتوانێ جانشینی ئەو بێت.

حاج قاسم ئەوەندە عەلاقەی بە میحوەری مقاومەت بوو کە زەینەبخانمی کچی کە یادگاریانە، بە مەنزوری ئیدامەی ڕاهی بابی لەگەڵ یکی از ئەعزای حیزبوڵلا لە لوبنان ئیزدواجی کرد. بە نەزەری من هەرچەند عوامیلی زیددی ئینقلاب دەڵێن پێوەقەدەمی زەینەب خانم شووم بوو و بەعدئەز ئەوەی کە بوو بە عەرووسی لوبنانییەکان ئینفجارێکی شەدید لە بەیرووت ئیتفاق کەوت، اما من وجودی ئیشان لە لوبنان بە فالی نیک دەگرم.

لەو بورهە حەساسەدا لازمە بڵێم ئەوزاع زور خەتەرناکە. لە بوعدی ئیقتسادیدا مەملەکەت دوچاری بوحرانی بدونی سابقە بووە. دەر پەیی دەسیسەهای پەیدەرپەی دوشمەنان مایەحتاجی عمومی هەمچوون، برنج و قەند و ڕۆن و ئەم شتانە ڕوز بە ڕوز گرانتر دەبن. ئەرزشی پووڵی ڕایجی مەملەکەت سقوتی کردوە. خوشبختانە نمایندگانی موحتەرەمی مەجلیسی شوڕای ئیسلامی کە بە نەزەری من نمایەندەگانی دەورەی فیعلی لە هەموو دەورانی قەبل از خۆیان ئینقلابیترن، پیشنهادیان کردوە هەمچون دەورانی جەنگی تەحمیلی از تەریقی تەوزیعی کۆپۆن کاڵاهای ئەساسی بە قیمەتی ئەرزان بە دەستی مەردوم بگا.
بە ئاتەش کێشانی ئەماکنی ئیقتسادی و ئەتۆمی و زیربەنایی کێشورەمان مەشکووک بە نەزەر دەگا و دیارە مەسئولانی مەربووتە تەرجیح دەدەن ئەم مەوزووعە بە ڕەسانەیی نەکرێ.

سەردار مەجید میرئەحمەدی نمایندەی موحتەرمی قەرارگای ئیمام عەلی تەیی ڕوزهای ئەخیر بەخشی از توتەئەهای دوشمەنی در ڕاستای شکەستی ئینقلاب تەشریح کردوە. سەردار میرئەحمەدی با ئیشارە بە توتەئەهای گوناگونی بیگانەگان دەڵێ، دوشمەن دەر سەدەدە بە تشویقی ئەفشاری ئاسیبپەزیری مەردوم پایەهای موستەحەکەمی ئینقلاب دوچاری خەدشە بکا.

بە گوفتەی ئەو سەرداره ڕەشیدەی کیشورمان، ئەو موعتەرزانەی کە لە تەزاهوراتهای ئەخیر از سویی سەربازانی گومنام دەسگیر کراون، لە ئەفشاری ئاسیب پەزیری ئیجتماعن. بەعد از دەستگیر کردنی ئەوان نیروهای ئەمنیەتی متەوجێهـ بوون در سالهای اخیر موستەزعەفان و شەهروەندانی تەنگدەست زیاتر عەلەیهی نیزام ئیعتراز دەکەن.

لە عیراقیش بە تەوری ڕوزانە جەنگی نیروهای تەرفدارانی میحوەری مقاومەت و نیروهای وابەستە بە ئەجانب ئیدامەی هەیە. عێڕاق بۆ ساڵی جاری، هەمزمان با ئەیامی عاشورای حوسەینی ئەماکنی موقدەستی بەسەر زەواری ئیرانیدا مەسدوود کردوە. زیمنی ئینتشاری شەدیدی ڤیروسی کۆرۆنا لە ئێران، مەراجیعی زیسەلاح تەشخیسیان دا بە مەنزووری زیندە نگەهداشتن فەرهەنگی عاشوورایی دەستەهای عەزاداری هەمچون ساڵهای قەبل ئێدامەیان هەبیت. بەعزی ئەز ئەفرادی وابەستە بە زیددی ئینقلابیش دەڵێن ئەم ئیختلات و قاتی بوونە ئینتشاری ڤیروسی کرۆنا تەشدید دەکا.

با ئەو هەموو تەحەولات و ڕوخدادانە بە ئستنباتی مقامهای لەشکری و کیشوری ناتوانێ ڕەزمەندەگان و سەربازانی گومنام بۆ ڕیشەکەن کردنی حیزبی دیموکرات جای بەسی تەئەسوفە و ئەوان ئەم ساڵ بە ئاب و تابەوە مەوزوعی هەفتاوپێنج ساڵی خۆیان جەشن دەگرن و خەتەرناک بوونی حوزوری ئەوانە وەقتێک ئاشکار دەبێ کە بە دەلیلی ئەو عەواملەی تەشریحم کردن ئیحتمالی خەدشە واردن کردن بە نیزامی موقدەسی ئیسلامی بیش از پیش ئیحساس دەکرێ. هەر بەو دەلیلە بەر فەرد فەردی ساکنانی کشور واجبە لە هەرگونە ئیعتراز و ناڕەزاییەک دووری بکەن و بەزری ئومیدواریی پیروزی بۆ دوشمنان پەخش نەکەنەوە. بێدەنگیی ڕسانەهای فارسی زبانیش حەتتا ڕەسانەهای زیددی ئینقلابی فارسیش در جیهەتی پووشش نەدانی ئەخباری مەربوت بە تەحروکاتی زیددی ئیقلابی و تەجزیەتەڵەبانە لە غەربی کشور بە فاڵی نیک دەگرین.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٢ی ئاگۆستی ٢٠٢٠

## سمینی ئەم دیوئەودیوی نەریتی کۆنی بەرخوێن

دارسمەی موخلیستان لە درێژەی سمینی کۆتەرە دارەکانی لێرەواری ئاوەدان، ئەو لێرەوار و دارستانانەی مرۆڤەکان رۆژانی پشوودان و کاتی سەیران لەژێر سێبەری دارەکانی دەحەسێنەوە، وای لێ کردم ئاگاداری هەموو "سروترِ"ی ئێوە بم.

خۆ من ئەوەندە باڵ ناکەم و دوور نارۆم. باڵدارێکی کۆچەریش نیم کۆچی وەرزانەم هەبێ و هەر وەرزەی لە دەراوێک و هەر مانگەی لە کەشوهەوای جیاوازی ئەم سەرزەوەییە بم. نەڵێن ئەم باڵندە بچووکە سەر چەکوچە لەکوێ ئەم هەموو زانیارییەی لە بوارە جۆراوجۆرەکاندا کۆ کردۆتەوە؟ هەرچی دەیزانم لەسەر ئەم دارانەوە ئەوکاتانەی بۆ حەسانەوەی میشکی ماندووی بە هیچوپووچ ئاخنراوی بەشێکی بەرچاوتان وازم لە دارسمین هێناوە، لە ئێوەی فێربووم.

لەم چەند رۆژەی رابردوودا کۆمەڵێک پیاو لەژێر سێبەری داربەڕوویەک دانیشتبوون. دیار بوو دوای خواردن و خواردنەوەیەکی زۆر لەم سەیرانە، سەرخەوێکیان شکاندبوو. یەکێکیان دوای چاو هەڵگڵۆفین و سێ چوار زرە باوێشکی درێژ بانگی ژنانی بەشداری سەیرانەکەی کرد خێرا چایان بۆبێنن. من کە لەسەر لقێکی ئەستووری سەر سەریان سنگم وە دووڕیانی نێوان لقەکە و کۆتەری سەرەکیی دارەکە دابوو، گوێم بۆ قسەکانیان شل کردبوو. باسەکەیان گەرم بوو. باسی یاسای "بەرخوێن"یان دەکرد. لەبەر ئەوەی جروجانەوەرێکی بەزەرِ نەبم و دۆخەکەیان نەشێوێنم و ژیانی ئەم دارستانەش لەنێو فرکەفرِکی بەردەقانی و پلارتێگرتندا لە خۆم نەشێوێنم، لە بەیانییەوە تەنیا نووکێکیشم لەکۆتەرە دارەکان نەداوە. ئەوان لە باسەکە گەرم داهاتن. مینش نێوەنێوە هەوادی خەیاڵم دەپچرا و دەگەڕامەوە نێو قسەکانیان.

کەوتمەوە یادی زێنەبێ. زێنەبۆکەی قاسم سولەیمانی دەڵێم. نازداری باوکی، ماوەیەک لەمەوبەر پێش ئەوەی کفنی باوکی کەمێک رەنگی بگۆرِێ، هەواڵی شووکردنی بە کورە حیزبوڵڵایەکی لوبنانی بڵاوکرایەوە و دوایی بێدەنگەی لێ کرا. ئێستا دەڵێم بلێی زێنەب خانمیش بەرخوێن نەدرابێ؟

دیارە لەم چەند رۆژەی دواییدا نوێنەرانی هەڵبژێردراوی شۆرای نیگەبانی ئێران لە مەجیلسی شورای ئیسلامی، باسی بابەتی "خونبس" دەکەن. ئەو خوونبەسەی ئێوە پێی دەڵێن " بەرخوێن."

بەرخوێن بەو کچانە دەگوترێ کە لە دوژمنایەتیی نێوان دوو تایفە یان دوو خێزاندا پێشکەش بە کەسێک دەکرێن کە لە دوژمنایەتییەکەدا پیاویان لێکوژراوە. بەمجۆرە دوژمنایەتییەکە ڕادەوەستێ و کەسوکاری کوژراوەکە کەسی دیکە لە کەسوکاری بکووژەکە ناکوژنەوە.

جا لێرەدا سەیری ژیانی ئەو کچانە خۆشە کە بەرخوێن دەدرێن. کچەکە بە کوڕێک یان پیاویکی خاوەن ژن دەدەن کە لە ژیانیاندا بەیەکەوە نەچوونەتە ژوانگە و نەک هەر چاوبڕکێیان نەکردوە و چاوی خۆشەویستییان لە یەکتر دانەگرتوە، بەڵکوو بەژن و باڵای یەکتریشیان نەدیوە. جا ئەگەر حەزت لە ئەشکەنجە و دیتنی ئەو جۆرە دیمەنانە بێ، لە پەنایەکەوە ئاگات لە دۆخی ڕواڵەتی و دەروونیی ئەمجۆرە کچانە بێت.

ئەم خۆرهەڵاتی ناوینە خەڵکێکی سەیر و سەمەرەی لێ دەژیێت. لە لایەک نەتەوەیەکی وەک کوردی لێیە و ژنانی سنگیان ڕەپێش خستوە و چەک بەدەست بە ناوی پێشمەرگە و گریلا خەریکن بۆ گەیشتن بە یەکسانی خەبات دەکەن. لەلایەکی دیکەوە ژنانی واش هەن سەرەڕای خوێندەوارییەکی زۆر، دەبنە نوێنەری مەجلیس و خەریکن بەرخوێندانی کچان بکەنە یاسا و ئەگەر کێشەیەک لە نێوان دوو یان چەند پیاو ساز بوو، بە گۆڕینەوەی کچێک یان چەند کچ لەم نێوەدا کێشەکەیان چارەسەر بکەن. ئەمەش لە کاتێکدایە ئەم ناوچەیە پڕە لە کێشەی سەیروسەمەرە. کێشە لەسەر ئەوەی کوڕی جیرانێک چاوی لە کچی دراوسێیەکیان داگرتووە، ژنی پیاوێک کە بەرخوێن بووە بە پیاوێکی خوێنشیرین پێکەنیەوە، خەڵکی گوندێک ئاوی کشتوکاڵی گوندی دراوشێیان گرتووەتەوە، پیاوێک بە ماشێن پێش پیاوێکی دیکە کەوتووەتەوە و بەشێک لەو کێشانە "پیاو"کوشتنیان لێ کەوتووەتەوە.

دیسان پێکەنینم دێت. ئەوانەی خەریکی نوێکردنەوەی ئەم نەریتەن خۆ تازە ناتوانن ئەم ژن و کچە چەکبەدەستانە بکەنە بەرخوێن. خۆ ئەوان وەک زێنەبۆکە نین.

دیارە ئەم بەرخوێنە کێشەی زۆر گەورەی پێ چارەسەر نابێ. کێشەی وەک ئەو خوێنە زۆرەی کەوتووەتە نێوان کوردان و دەسەڵاتی ئێران. لێرەدا خەتای کوردان زەق دەبێتەوە و دەبێ سەرکۆنە بکرێن. ئەوان لە خۆشیان تێک داوە و لە دەستەڵاتیش. سەریان لە هەموولایەک شێواندوە. بە ژن و پیاوەوە شان بەشانی یەکتر داوای یەکسانی دەکەن و دژی ئەم جۆرە یاسایانەن. خۆ ئەگەر ئەوان وایان نەکردبایە بە سوڵحی عەشایەری و ڕەنگبوو بە بەرخوێندان شەڕی دەسەڵاتانی ناوچەکە لەگەڵ کوردانی هەموو پارچەکان وەستابا.

دەزانم ئێستا هێندیکتان بۆتان بووەتە پرسیار بۆ وێنە دەڵێن لە ئێران چۆن ئەوندە کچە ڕازی دەبن وەک بەرخوێن بدرێن بە کوردان. وڵامەکەی زۆر ئاسانە: لە ئێران زیاتر لە ٣ میلیۆن و ٧٠٠ هەزار کەس دەنگیان بە ١٦ ئەندامی ژنی خولی ١١ی مەجلیس داوە. زیاتر لە نیوەی ئەو دەنگانەی بە پیاوانیش دراون هەر دەنگی ژنانن. ئێمە ئەگەر تەنیا ئەو ٣ میلیون و ٧٠٠ ژنە حیساب بکەین و زیاتر لە نیوەیان وەک ژنی خاوەن هاوسەر دابنێین، تەنیا یەک میلیۆن و نیوان کچ بن، دەسەڵاتی ئێران ئیستا یەک میلیۆن و نێو بەرخوێنی بۆ سوڵحی عەشایەری لەگەڵ کوردان ئامادەن.

لە کۆتاییدا ژنانی تێگەیشتوو خەباتگیڕ نەڵێن ئەم چۆلەکە بچووکەش فشە بەژنان دەکا. ئەمن بە نوێنەرایەتیی هەموو دارسمەی جیهان ڕێزم بۆ ژنان هەیە. ڕێزان لە سەر سەر و سەرچاوم، بەڵام ئەوژنانەی دەنگیان بەم جۆرە نوێنەرانە داوە، بێگومان ئامادەشن وەک بەرخوێن بدرێن؟

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٦ی سێپتەمبەری ٢٠٢٠



سەرچاوە
Serchawe

## سمینی جەمسەری تێكگیرانی دوو هیلالان

ئەوین ئەگەر لە كەللـەی ژن و پیـاوی سـەردەمی جـارانی دەدا، دەبـوون بە هـاودەمی شێعر و فۆلكلـۆر و كـوڵی خەمـی دڵـی تاسەبار و ئەویندارییان پـێ دادەمركانـد. شـاعیران و گـۆرانیبێژانیش كە هەتـا ئەم دوایـیـانە پیـاوان بـوون و یـان شێعری پیاوان زیاتر چاپ و بڵاو دەكرایەوە، لەبەرڕا پێدا دەهاتن. لە پاینیەی قەیسیی هەڵوێنیەوە هەتـا زولفی وەک ڕەشمار، بە ئەنـدامی لەشـی ژنیـان هەڵـدەگوت و ئەنـدامانی لەشیان یەک بە یەک بە شـتی دیكە دەشـوبهاند. لێرەدا لە بەر "ضیق وقت" (كەمیی كات) تەنیا ئەماژە بە چەند خاڵێک لە خشتەی دووروودرێژی ئەم شوبهاندانە دەكەین. بۆ وێنە خاڵی گۆنایـان دەكردە، مێش و دەیانفەرموو:

مێشی خاڵت نافڕێ، بەس باوەشێنی كە بە ناز/ چونكە پابەندە بە شەهدی ڕوومەتی زیباتەوە

یـان قـووڵكی بەرگەردنیـان دەكـردە حەوزی بە "چـیم"ان و بە خەیـاڵی خـاوی خۆیـان دەمیـان تـێ دەنـا و ئاویـان لێـوە دەخواردەوە:

هاتەوە یارم ناوی حەلیمە/ قوڵكێ بەرگەردنێی "حەوزی بە "چیم"ـە/حەوت بێنم لێ دا، هێشتا تینیمە

ساڵانی بەرێ، برۆی خانمان بێ دەستكاریكردن وەک بچووككراوەی هیلالی مانگ دەچوو و شاعیرانیش بـۆ شوبهاندنی ئەبـرۆ بە هیلال بەردەوام لە كێبڕكێدا بوون. "نالی" دەیگوت:

**هەركەسێ ڕووی تۆ دەبینێ، خۆی بە قوربانت دەكا**
**چونكە ئەبرۆی تۆ "هیلال"ی عەیدە، قوربانی دەوێ**

ئەدیب هەموو ڕوخساری یاری بە مانگ دەشوبهاند و دەیگوت:

**دڵئاراما! "هیلال"ی نەو بەدیدارت موبارەک بێ**
**بە دیدارت مەهی وەک مە گرفتارت موبارەک بێ**

بە هــاتن و دەرکەوتنــی جەنــابی حەزرەتــی ئینترنێــت و موبــایلی زیــرەک و ئەپڵیکەیشــن و مەپڵیکەیشــن و تــۆڕە کۆمەڵایەتییەکان مەودای نێوان دڵدارانیش ئەوەندە کەم بووەتەوە، ئیدی پێویست بەم شوبهاندنە ناکا و ئاخری وای لێ هات دڵداران لە جیات بەیتوباوی دڵدارانە دەتوانن لەژێر پێخەفدا بە دەنگ و ڕەنگ دەگەڵ یەکتر تێکەڵ بن. دیارە هەتا ئێستا من شتی وام بە چاوی خۆم نەدیتووە و هەر شک و گومانی خۆمە. دیار منیش "شکی خۆم بە یەقینی کەسانی دیکە نادەم".

لە وەها دۆخێکدا کەس بیر لە هیلالی یەکشەوە ناکاتەوە و کیژانیش حەز ناکەن بڕۆیان وەک هیلال بێت و زیاتر بڕۆکانیان بە تــاتۆ و مــاتۆ وەک کلکــی ڕەپکــراوی بێچووماســییە وردەکــان لــێ دەکەن و ئەمســەر و ئەوســەریان وەک درێــژووکەی "دومارەکوڵە"ی تووڕە بەرز دەکەنەوە. دیارە ئەم دووپشکئاساکردنەی بڕۆی خانمان هەستی هیلالپارێزانی بەرەو سیاسەت ورووژاند و بیریان لەوە کردەوە کاتێک هیلال لەسەر لاجانگی ژنی شۆخ و شەنگ بار دەکا، پێویستە هاوشێوەکەی لەسەر گۆی زەوەی دروست بکرێ. بۆ ئەم مەبەستەش جوغرافیای خۆرهەلاتی ناوینیان هەڵبژارد. خۆرهەلاتی ناوین دڵی جوغرافیای سیاسی و ئابووریی جیهانە و کانگای سەرهەڵدانی ئایین و ئایینزای گەورە گەورە و زەنترین شوێنی هەڵقوڵێنی بەلێشاوی نەوتی جیهانە. هەر بەم دوو هۆیەوە بووەتە مەیدانی ململانێی هەموو لایەک. لە ئەمریکای ئەوپەڕی ئاوە زۆرەکان و ئەورووپای هێروەترەوە هەتا دەگاتە چین و ماچینێ، خەریکی هەڵشێلانی ئەم زنە نەوتانە و ئایینە تێکبەزیوانەن.

لە وەها بارودۆخێکدا هاوکات لەگەڵ گۆڕینی شێوازی بڕۆی خانمان لە بڕۆی شێوە هیلالی بۆ شێوەی دووپشکی کلکڕەپ، دەسەلاتدارانی خاوەنی وڵاتە شێوە پشیلەکە، هەوڵیان دا نەخشەپشیلە بکەنە هیلال و بە خاکی عێراق و سوریا و لوبناندا جەمسەرێکی بگەیننە سەر دەریای نێوەڕاست.

سەرەتای دروستکردنی ئەم هیلالە ئەوانەی بیرۆکەکەیان دانابوو، لە خۆشیان لالغاوەیان گەیشتە بناگوێیان و بەرووی دۆست و دوژمندا گڕ بوونەوە. گڕبوونەوەکەش لە بەر ئەوەبوو وەک زۆربەی سیاسەتچیان بە شێوازی سروشتی پێکەنینیان نەدەهات. ئەوەندی پێ نەچوو جەماعەتی جوولەکەش گەلاڵەی هیلالییان بە بەرزگی هیلالەکەی ئەواندا دارشت و بێ ئەوەی لەشکری فاتمیوون و زەینەبیون و "مدافعانی حەرەم "بخەنە کار، بە سواری فڕۆکە گەیشتنە "ئیمارات" و "بەحرێن" و جەمسەری هیلاکەی خۆیان هەتا بن گوانی پشیلە دانا و ڕوانینی جیهانیان لەسەر دوو هیلالی تێکبەزیو چڕ کردەوە. دوای ئەم کارەساتە شیری پشیلەکە بەتەواوی وشکی دەکات. تڵپاتی تەڕی دەگوانانـدا نامێنێ و بێچووکانی لە نێو هیلالی گۆڕین قڕ دەبن و بەشێ ئێمەش نزا و پاڕانەوە و دروشم دانە:

**نزایەکی گەنجانە: کوڕانی گەنج لە خوا دەپاڕێنەوە دوای شێوانی هیلالی ئەبرۆی خانمـان و بەزایە چـوونی ڕەنجی شـاعێران و هونەرمەندان بۆ شوبهاندنەکە، هەرچی هیلالە سەر نەگرێ.**

**مزگێنییەکی ترامپانە: پێنج وڵاتی دیکەش خۆیان دەخەنە سەر هیلالی جوولەکە.**

**دروشمێکی هاندەرانە: "ای لشکر صاحب زمان آمادە باش آمادە باش، بهر نبرد بی امان آمادە باش آمادە باش..."**

**سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٢ی سێپتەمبەری ٢٠٢٠**

---

# سمینی یادداشتی ئاخوندێکی جڕشێت

خوێنەرانی بەڕێز و چازان، دارسمەی هاوڕێی هەمیشەییتان ئەمجارە تەنیا یادداشتی ئاخوندێکی جڕشێتتان بۆ دەخوێنێتەوە و خۆی تێکەڵی هیچ باس و خواسێک ناکا. ئەمەش دەقی یاداداشتەکە:

بەڕاستی ئینقلابی ئێمە "انفجار نور بود"، بەڵام ئەم نوورە ئاگر و سوتمانێکی لێکەوتەوە چل ساڵی بەردەوامە هەرجارە و لە شوێنێکی ئەم جیهانە دارستان و لێرەواری ئاسایش و ئەمنیەت ئاگر دەدا. ئێمە ئەو شۆڕشگێڕانەی خۆمان بە خاوەنی بەرحەقی ئەم ئینقلابە دەزانین و بە دڵ و بە گیان پێمان وایە "انقلاب انفجار نور بود"، بەڕاستی ماوەی چل و یەکساڵی دوای "انفجار"ی نوورەکە چاکمان کرد و چاکمان خوارد.

لەم ماوەیەدا بە سنوورەکانی "دووغاروون"ی نێوان ئێران و ئەفغانستان و "میرجاوە" و "پسابەندەر"ی نێوان خۆمان و پاکستان و "دەرگەز" و "باجگیران" و "سەرەخس"ی نێوان ئێران و تورکەمەنستان و "ئاستارا" و "بیلەسەوار" و "جولفا"ی نێوان ئێران و ئازەربایجان و "نووردوز"ی نێوان ئەرمەن و ئێران و "بازرگان" و "سێرۆ"ی نێوان ئێران و تورکیە و هەروەها "حاجی ئۆمەران" و "پەرویزخان" و "چەزابە" و "مێهران"ی نێوان ئێران و عێراق و ڕێگەی دەریای باشوور و باکووری ئێران نەوەستاین و لە فڕۆکەخانەکانیشەوە "ئینفجاراتی" ئەم نوورەمان بەڕێ دەکرد و لە "ڤیەن" و "پاریس" و "میکۆنووس" و "ئارژانتین"یش ئەنجامی بەرچاومان وەرگرتەوە.

دوای تێپەڕینی چوار دەیە واتە چل ساڵ بەسەر "انفجار نوور"ەکەدا، ئێستا بارودۆخەکە بۆ ئێمە زۆر لەبار نییە. تەشبیهات بە ئێمە نەبێ، پێم خۆش نییە ئەم سیفەتە بدەمە پاڵ خۆمان، بەڵام قافی قسەی ئەگەر هات ناگەڕێتەوە و ئێمەی ئاخوند جەماعەتیش کە فێری زۆربڵێی بووینە لەم زۆر گوتنەدا باشیش دەڵێین و خراپیش دەڵێین. خۆمان پێمان وایە زۆربەی قسەکانمان باشن و دوژمنان و زیدی ئینقلابی "از خدا بی‌خبر"یش دەڵێن زۆربەی قسەکانمان خراپن و باشیان یان تێدا نییە، یان هەر زۆر زۆر کەمە. هەرچۆنێکی بێت ئەم ڕستەیە هەر دەڵێم ئەگەر بە زیانی خۆشمان بێت. قسەی خۆمان بێت لەم دوایییانەدا هەر بەتەواوی بووین بە "پشیلەی ڕەجەبەشێت" و لە جیاتی گەڕەکە ماڵێک گەڕەکە وڵاتێکمان بە خۆمانەوە سووتاندوە. دەڵێن ڕەجەبەشێت ئاگری لە پشیلەکەی بەردا و بەری هەڵدا، پشیلەی ئاگرتێبەربووش بە ئاگرەوە هەڵ دەهات و بەمجۆرە گەڕەکە ماڵێک ئاگری گرت. ئێمە هیچ کێشەمان گەڵ ئەمە نییە بە ئێمەوە کوێ دەسووتێ و کوێ ناسووتێ، بەڵام کێشەی گەورە ئەمەیە پشیلەکە خۆشی لەنێو ئەم ئاگەرەدا دەسووتێ. جا ئەو ئنقلابەی ئێمە کە "انفجار نور

**بود" لێمان بوو بە ڕەجەبە شێت و ئێمەش پشیلەکەی بووین؛ ئێستا هەموو دونیا بسووتێ بە دەرەک، تەنیا خۆمان نەجاتمان بێت.**

**ڕەشەبای شەماڵ و زریانی ئەم سەردەمەش کەس نازانێ لەکام لاوە دەشنێتەوە. ئێستا هەر بایەک لەهەر شوێنیکەوە بشنێتەوە ئاگرەکە بۆ لای خۆمان دێنێتەوە.**

**لەم دواییانەدا ئاگر کەوتووەتە نێوان ئازەربایجان و ئەرمەنستان. شەڕێکە کەوچکی تێناگەڕێ. شەڕەکەش لەسەر خاکی ئەو کوردانەیە لە سەردەمی کۆندا، سەفەوییەکان بۆ بەرەنگاربوونەوەی تورکانی عوسمانی بۆ لاچینی ناگۆرن و قەرەباغیان گواستبوونەوە. ئێستا کوردەکان هیچ، ئاگری شەڕەکە بەرەو خۆمان دێ. لەملا و لەولا دەبیستین چەند خومپارە و مووشەکێک لەم شەڕەوە سەر دەکەن و لە خاکی ئازەربایجانی ئێران دەکەونە خوارەوە. ئەمەیان بۆ ئێمە هیچ نییە. چۆن سەدان هەزار کەسمان لە جەنگی ئێران و عێراق و بەرەڕووبوونەوەی کورد و عەرەب و بەلووچی ئێران بە کوشت دا، با لێرەش چەند هاووڵاتیی ئازەریی دیوی لای خۆمان بە دەرجەی ڕەفیعی شەهادەت نائیل بن. بەڵام کێشەکە لەمە قووڵترە و ئەم هەویرە توندە ئاوی چۆمی ئارازی دەوێ. ئێستا خەڵکی گوندەکانی سەر سنووری ئازەربایجان و ئەرمەنستان لە دیوی خۆمانەوە کە ئەوانیش ئازەرین، بە شەو و بە ڕۆژ دەچنە سەر تەپۆڵەکەکان و لە دوورەوە سەیری شەڕەکە دەکەن. دەڵێن بەردەوام تووک و دوعا لە ئەرمەنییەکان دەکەن و بۆ سەرکەوتنی ئازەربایجان و ئەردۆغان و ئاکپارتی لە خوای میری مەزن دەپاڕێنەوە.**

**دەمڕاست و کەیخودا و چازانەکانی ئێمەش کە چەندین ساڵە لە کون و کەلەبەرەکاندا خەریکی داڕشتنی بەرنامەکانی پاراستنی نیزامی موقدەسن و بەرنامەی ئەم هەموو ئینفجاراتەیان لە وڵاتانی جیهان و ناوچەکە داڕشتوە، ئێستا دارێکیان پێیە هەردوو سەری وەک سەلکەماری ماری ژاراوییە. کەوتوونەتە سەر دووڕێیانێک ناچارن بەڕەی لەسەر هەتیوان هەڵدەنەوە. ئەگەر پشتی ئازەرییەکان بگرن، ئیشەکە هەر بە یەکجاری دەبێتە فشە. یانی هەستی ئازەرییەکانی ئێران دەبزوێ و نیوەی تاران و کەرەج و هەموو قەزوێن و تاکستان و زەنجان و مەراغە و مەرەند و ئەردەبێڵ و تەورێز و نیوەی ورمێ و خۆی و سەڵماسیش پشت لە ڕەهبەری موعەزەم دەکەن و واز لە شیعەگەرییەکە دەهێنن. هەستیی نەتەوەییان دەبزوێ و زیاتر لە ٢٠ میلیۆن کەس لە ئێران لێمان وەخۆ دەکەون. کوردەکانیش قامکیان لەسەر پەلەپیتکەی تفەنگە و خەون بەم ڕۆژەوە دەبینن. هەربۆیە ئێستا ناچارین لە جیاتی برادەرانی هاونیشتمان و ئازەرییە موسوڵمانەکانی دراوسێمان لە ئێرەوە دەگەڵ کاکە "تەواریش" لە ڕووسیەوە پشتی برایانی ئەرمەنی بگرین. ئەمە ئەگەر لە نێو موسوڵمانانی *هاو ئایینی ئازەری لەهەڵلا نەدرێ، لێو پەزی زەرەری نییە. با ئەرمەنییەکان* بەهێز بن. ئەوان هەڕەشەی دابەش کردنی جوگرافیا پشیلە ئاساکەی ئێران نین و دوژمنی ئاکپارتیی میراتگری عوسمانیەکانیشن. ئەگەر وابێ ئێمە هەروا لە درێژە پێدانی ڕێبازی**

**شێخ سەفیەدین و تۆرە و تۆرەمەکەی بەردەوامین.**

**لە کۆتاییدا هیوادارم پشلەی ڕەجەبەشێت بەم ئاگرە نەسووتێ و جوگرافیا پشیلە ئاساکەمان نەشێوێ و بە قەت گۆڵی هەرامە خواردوو لە "انفجار نور"ەکە پەشیمانم.**

**سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٧ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢٠**

## شانازیی بە "مەڕ" بوونمان دەکەین

بۆ تەواوکردنی چیرۆکی ئەمجارە لە سەر دارێکی نیزیک فرۆکەخانەی ئیمام خۆمەینی گوێم بۆ دەردەدڵی مەڕێکی چاوەڕوانی سەفەر شل کردوە و وەک خۆی بۆتانی دەگێڕمەوە.

کەسی لەمن بێزیان و زەڕترتان لەسەر ئەم گۆی زەوییە دەست ناکەوێ. وەک مەڕی خوام و زەڕم بۆ کەس نییە. حەزم لە ژیانی بەکۆمەڵە و پێمخۆشە بەردەوام لە نێو "ران" بم، سەرم لە بن دونگی مەڕی پێشەوەم و دونگم لەسەر سەری مەڕی دواوەم بێت. هیچ حەزم لە ژیانی تەنیایی نییە و کاتێک دوور لە ڕان بم سەری کێوانم لێ وێک دێ و لەتاوان بەردەوام سەر دە ئێرە و ئەوێ دەکوتم. ئەوەندە لە گورگ دەترسم هەر ناوێرم بیریشی لێبکەمەوە. گورگی بێ ئیمانیش لە جیات ئەوەی دانەیەکمان بخوا، دەکەوێتە نێومان و قوڕگمان دەگرێ و ورگمان دەدڕێ.

سەرچاوەی خوری و شیر و بەرگنم. گۆشتم هەر باسی مەکە. گەلی گوندییان و جیرانان بەتایبەت موسوڵمانان ئەم گۆشتەم شەقار شەقار دەکەن و بە قولاپی قەسابخانەکاندا هەڵیدەواسن. دوژمنی باوکە کوشتەم وڵاتی سعوودیەیە. هەموو ساڵان بەر لە جەژنی قوربان لەگەڵ هاوڕێیان و گەلی دە دۆست برادەران کۆمەڵکوژمان دەکەن و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیش وەک نەبای پێدا هاتبێ و نە بۆران هەر باسی ئەم ژینۆسایدەی ئێمە ناکا. ڕەببی دوژمنی باپیریشتان تووشی ئەمجۆرە "هۆلۆکاست"ـە نەبێ. زۆربوونی ژمارەی دانیشتووانی سەرگۆی زەوی و پێداویستییان بە گۆشتخواردن و لە سەرووی هەموویان کۆمەڵکوژییەکەی هەموو ساڵانی سعوودیە، گورگیشی لەبیر ئێمە بردووەتەوە. ئایین و ئابووری و کێشەی نەتەوەکان ئێمەی "مەڕ"یشی تووشی سیاسەت کردوە و ناچارین بە ئێما و ئاماژە و ئیشارەش بێت جاروبار لەنێو خۆماندا باس و خواسی سیاسی بوورووژێنین. بەڵام ئەم وروژاندنەش دەبێ زۆر بە هێواشی بێ و ئێمە هەر بە مەڕ بناسرێین. بە تایبەت ئەوکاتەی لە خاکی پیرۆزی کۆماری ئیسلامین یان لێیەوە نزیکین، بەهۆی مەڕ بوونمان بەردەوام خێر و خۆشی و چاکەمان بەسەردا دەبارێ.

ئێمە لەم وڵاتە کارمان بە هیچ نییە و تەنیا سەری خۆمان بەردەدینەوە. بە دونگمان سێبەر لە سەری یەکتر دەکەین و لە نێو خوریە ئەستوورەکەماندا نە باکمان بە گەرمایە و نە بە سەرما. ئاغایانی کۆماری ئیسلامیی ئێرانی زۆر جار یارمەتیشمان دەکەن. هەرچەندە لەم دواییانەدا خۆمان بە سیاسەتمەدار دەزانین و لای خۆمان پێمانوایە ئێمەش لە

بەشی یەکەم

سیاسەت تێدەگەین، بەڵام لای برادەرانی کۆماری ئیسلامیی ئێرانی هەر وەسەر خۆمانی ناهێنین. زۆر جار کەوڵەکەمان بێ ئەوەی بیگرون و بیبەنە کارگە و ڕەعەمەلی بێنن، بۆنی دەباغخانەی لێدێت.

چەند ڕۆژ لەمەوبەر دەستەیەکمان لە ئاسمانی کۆماری ئیسلامیی ئێرانی لێیان قەوما و ئەلحەق زۆر بەجوانی ئێمەیان گرتەوە. ئەو کاتەی ڕانەمەڕێکی گەورەمان لە ئاسمانی ئێران لە نێو فڕۆکەی هێڵی ئاسمانیی هومادا بووین، فڕۆکەکە تووشی کێشەی تەکنیکی هات و بە ناچاری لە فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتیی ئیمام خومەینی تاران نیشت. وەک لە کابینی فڕۆکەوانەکاندا باس دەکرا، بڕیار بوو بۆ وڵاتانی عەرەبی باشووری کەنداوی فارسمان بەرن. هەرچەند وەرزەکە وەرزی قوربان نییە و بەهۆی بڵاوبوونەوەی پەتای کۆرۆنا هەر ئەم قوربانیکردنە بەکۆمەڵە لە ساڵانی پێشوو کەم ڕەنگتر بووەتەوە، سەرەڕای ئەمەش چونکە ئێران و سعوودیە لە ناوچەکەدا لەبەر یەکن و ئێمەش بڕیارە لەوێ تووشی کۆمەڵکوژی بین، دیارە بە گوێرەی عورفی سیاسەت کۆماری ئیسلامیی ئێرانی دۆستی ئێمەیە. ئەلحەق و ئینساف کۆماری ئیسلامی بەردەوام حەزی لە مەڕ بووە.

سەرتان نەهێشێنم ئەو کاتەی فڕۆکەی هەڵگری ئێمە لە فڕۆکەخانەی ئیمام خۆمەینیی تاران نیشتەوە، بە ڕێز و ئیحترامێکی زۆرەوە دایانبەزاندین و بێئەوەی داوای پاسپۆرت و ڤیزامان لێبکەن، بە دەوری فڕۆکەخانەکەدا بڵاویان کردینەوە. ئەلحەق دەسەڵاتی ئێران بە هەموو شێوەیەک مەڕگرە، یانی ئەگەر میوان مەڕ بێت، میوانگرە. لەم ماوەیەدا یەکدوو سەر مەڕ کە دونگیان باریکتر و وەک من حەپەنگ نەبوون و زیاتر سەریان لە سیاسەت دەخورا، هێندێک وردەباسی سیاسییان ورووژاند. ئاخر ئەوان دوونگیان باریک و هەڵسووڕتریش بوون، هەر بۆیە لەماوەی ئەم سێ ڕۆژەدا هەتا مەکینەی فڕۆکەکە دروست کرایەوە، هەر بەملاوبەولادا خولانەوە و مەعلوومات و زانیارییان کۆکردەوە. وەک قسەی ئەوان بێت، ئێمە لە تورکیاوە بۆ باشوری کەنداو دەبرێین و دیارە هەرچۆنێک بێت لەوێ سەرمان دەبڕن و دەمانخۆن. بەڵام برادەرانی کۆماری ئیسلامیی ئێران زۆر ڕێزیان گرتین. وەک مەڕە دونگە باریکەکانی خۆمان دەیانگوت زستانی ڕابردوو، فڕۆکەیەک لێرەوە بەرەو ئۆکرانیا فڕیبوو، کراوەتە ئامانجی دوو مووشکی سوپای پاسدارانی کۆماری ئیسلامیی ئێرانی و بە سەرنشین و بەرنشینەوە تێدا چووە.
مەرە دونگە باریکترەکان دەیانگوت فڕۆکە ئۆکرانییەکە ١٧٦ کەسی تێدا کوژراوە کە زۆربەیان ماموستای زانکۆ و دکتۆر و ئەندازیار بوونە.
هەر مەڕە دونگە باریکترەکانی خۆمان بە گوێی یەکتریاندا دەچرپاند: خۆزگە بەخۆمان ماموستا و ئەندازیار و دکتۆر نین و ئەوان کە خۆیان بە زاناتر دەزانی شانازییان بەم "مەڕبوون"ـەمان دەکرد.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٢ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢٠

# سمینی سووچێکی هەڵلای ماڵی خاڵم

دارسمەی موخلیستان دوای ئەوەی خووی کەوتە سەر زمانی کوردی و کەیفی پێی هات، وەک زەڕە زمانزانەکان و بەشی بەرچاو و هەراوی ڕۆژنامەنووسانی گەنجی کورد زۆر شتی لێ تێکەڵ بوو. بەڵێ ئێستا من زۆر وشە و ڕێکوەند لە زمانی دەرودراوسێی کورداندا دەبیسم و لە هێنانەوە و دانانی هاوتا کوردییەکەیاندا دەمێنمەوە.

ئێمە لەگەڵ برایانی فارس و تورک و عەڕەب دراوسێین. دیارە نزیکەی سەد ساڵێک دەبێ ئێمە واتا کوردەکان، منی دارسمەش ئەوەندە لە دارستانی کوردان دارم کوتاوە و ڕزق و ڕۆزیی بچووکانم لێ کۆ کردووەتەوە، وەک ئەوان خۆم بە کورد دەزانم.

بەڵی ئێمە خۆمان دەگەڵ ئەو دراوسێیانە بە برا دەزانین، بەڵام ئەوان بە برا بچووکیشمان نازانن و ئێمەش ناچارین پێیان بڵێین خاڵە. هیچ مەبەستیشم ئەمە نییە کورد بە حەریفی دایکی دەڵێت خاڵە. ماڵی خاڵە فارسەکانمان ڕۆژ بە ڕۆژ شتی سەیر و سەمەرەتریان لێوە دەردەکەوێ.

با جارێ درێژدادڕی نەکەم و بچمەوە سەر ئەو وشەیەی لە سەرەتای ئەم بەسەرهاتەدا دەمهەویست هاوتا کوردییەکەی بدۆزمەوە. فارسەکان دوای ئەوەی لە سایەی بندەست کردنی گەلانی دراوسێ کەوتنە ژیانی خۆش و ئاسوودەوە، بەشێکی زۆریان لە جیات خانووی چەند نهۆم و باڵەخانەی قەسرئاسا، ڕوویان کردە خەوتن لە نێو ئەو مقەبا گەورە و بچووکانەی لەملاو ئەولا فڕێ دەدرێن. خۆیان ناوی ئەو کەسە بێ ماڵوحاڵانەیان ناوە "کارتۆنخاب" واتە ئەوانەی لە کارتۆندا دەخەون.

زۆر جار نووسەرانی کورد دەڵێن ئێمە چونکە ژیانمان لە دەریاکان دوورە، وشەی وامان کەمە پێوەندییان بە دەریاوە هەبێت. جا بۆ کارتۆنخابیش هەر وایە. ڕاستە ڕۆژانە بە دەیان تۆن کارتۆنی شتومەک لە کوردستان کۆدەکرێنەوە و بۆ نوێکردنەوە یان "ریسایکلین" دەبرێنەوە کارگە و کارخانەکان، بەڵام جارێ لە کوردستان ئەوەندەی لە دەریا دوورین لە خەوتنی نێو کارتۆنیش بە دوورین.

ئەم هەموو شێر و ڕێویەم بۆ ئەوە هێنایەوە کە باسی شتێکی سەیر و سەمەرەتان بۆ بکەم.

ئەم ڕۆژانە لە هەواڵە فارسییەکاندا بیستمان و خوێندمانەوە کە بەرپرسێکی وەزارەتی بازرگانیی ئێران داوای کردوە کارتۆنخاب یان کارتۆنخەوە هەنارده کارەکان ناویان بڵاو بکرێتەوە.

غولامحوسێن شافعی، سەرۆکی ژووری بازرگانیی ئێران چەند ڕۆژ لەمەوبەر لە نامەیەکدا بۆ سەرۆکی گشتیی بانکی نێوەندیی ئێران داوای کردوە ناوی ئەم کارتۆنخەوانە بڵاو بکرێتەوە کە کاڵایەکی زۆریان هەناردەی دەرەوە کردوە. شافعی داوای کردوە ناوی ئەو بازرگانانە بڵاو بکرێتەوە کە حەوت ملیارد دۆلار سەرمایەی بابەتی هەنارده کراوی کاڵا بۆ دەرەوەی وڵاتیان نەگەڕاندۆتەوە نێوخۆی ئێران.

سەرۆکی ژووری بازرگانی ئێران گوتوویەتی: ٢٥٠ هەناردەکاری سەرپێچیکار کە ٧٠ کەسیان کارتۆنخەون بە دەسەڵاتی دادوەری ناسێنراون.

سەرۆکی بانکی نێوەندیی ئێران پێشترێ فەرمووبووی لە سەرەتای هاوینی ئەمساڵەوە هەناردەکاران بە ناوی کەسانی کارتۆنخەووە کاڵایان هەنارده کردوە و پارەکەیان بۆ ئێران نەگەڕاندۆتەوە.

کورد گوتەنی: "بە کەر ناوەستین، ڕەپە ڕەپە لە کورتانی". منیش با لە چەپەکانی لای خۆمان وەرسووڕێم و بکەومە گیانی ئەوان. کاک میرزا ناسر هیمەتی سەرۆکی بانکی نێوەندیی ئێران کە بڕیار بوو چەند ڕۆژ لەمەوبەر واز لە پۆستەکەی بهێنێ و ناچارە بۆ وەڵامدانەوەی گران کردنی دۆلار و دابەزاندنی بایەخی پارەی ئێران سەری لە هەموو دەر و دیوارێک بکوتێ، خەریکە بە ناوی جۆراوجۆرەوە شتەکەی لە ملی خۆی دادەماڵێ.

لەم کات و ساتەدا هیچ بەدوور نییە هاوڕێ کوردە چەپەکان کە بەردەوام چاویان لە جیرانە براگەورەکانمانە، بیر لە کارتۆنخەوەکانی تاران بکەنەوە و دیسان هاوار بکەن "زەحمەتکێشانی جیهان یەک گرن" و بۆ بەرگری کردن لە کارتۆن خەوە سەرما لێدراوەکانی تاران و دۆخی هەژارانەیان پاساو بهێننەوە.

ئەو کاتەی برایانی کرێکاری کارەگەی گەورەی ئاسنتاواندنەوەی موبارەکەی ئسیفەهان بە کۆمەڵ دەبوون بە بەسیج و دەهاتن دەستان بە کوشتوبڕی خەڵک دەکرد و بەر لە هەموو شتێک چەپەکانی خۆمانیان دەدایە بەر ڕێژنەی گوللە، ئەم

چەپانەی خۆمان دەیانگوت: "زەحمەتکێشانی جیهان یەک گرن".

من ئەگەر باڵندەیەکی بچووک نەبوایەم و دەسەڵاتی مرۆڤم بوایە، دەمگوت، خۆزگە ماڵی خاڵم بە هەموو شتێکەوە وێران دەبوو. "برین لە خۆم نەبێت، وا دەزانم لە جەواڵی کایە".

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٦ی نۆڤەمبەری ٢٠٢٠

## کورۆنا و گەمارۆ ئابوورییەکان جووتشەشن

لە کۆنەوە باسی جیاوازیی بەرچاوی باشوور و باکووری شاری تاران کراوە. ئەمەیانم زۆر جار لە زۆربڵێ حەساوەکانی ژێر سێبەری داری باخچۆڵەکانی باکووری ئەم شارە بیستووە. ئەوان دەڵێن تەنانەت پلەی گەرمی و ساردیی باکوور و باشووری تاران لە قرچەقرچی گەرمای هاویندا ٥ هەتا شەش پلەیە.

لێتان تێکنەچێ، ئەوەی فێنک و خۆشە، باکوورە و باشووری ئەم شارەش خەڵکی برسیی لە ماڵوحاڵ دابڕاوی شار و گوندەکانی سەرانسەری ئێران رووبان تێکردووە و بە رۆژ و بە شەو بۆ پەیداکردنی پارووە نانێک و ئاخنینی سکیان بە هەرچییەک بێت، وەک مێروو تێکەوەداوێن. ئەمە زیاتر لە چل ساڵی رەبەقە، هەموو ساڵان چەند جاریش لەلایەن باکوورنیشنانەوە بۆ تەکبیر لێدان و دروشمی قەبەی پشتگیری کردن لە "نظام مقدس" هان دەدرێن و هەر بەم مەبەستە بەشێکی بەرچاویشیان لە شەڕی کوردانی "ضد انقلاب" و شەڕی داسەپاوی ئێران و عێراقدا خۆیان شەهید کردووە. (دیارە منی چۆلەکەی بچووک هەموو ئەمانەم لە سرتوخورتی بن دارانی باکوور نشینانی خواپێداوەوە بیستووە و هیچی سازکراوی خۆم نییە.)

باکووری تاران بەو هەوای سازگار و دارستانی چڕوپڕەوە کە لەم دواییانەدا بە دەستی سەرمایەگوزارانی موحتەرەمی وەک ئاغایان موحسینی رەزایی و عەلی شەمخانی و کەسوکاری سەرۆککۆمار و وزیر و مەزیرەکان لەژێر چاودێریی "بیت معظم رهبری"، باڵەخانەی بەرزی لێ سازکراون و زۆربەی وەفاداران و نەخشە دارێژانی پاراستنی "نظام" و جەنگی لوبنان و سووریە و عێراق و یەمەن و ئەندامانی رێکخراوە ئینقلابی و ئیسلامییەکانی وەک "ئەلقاعیدە" و "تالیبان" و "بوکوحەرام" و تەنانەت "داعش"یش لە سەر حیساب و تیچووی بەیتی موحتەرەمی رەهبەری و دەرئامەدی کەلانی نیزامی موقدەسی جەمهووریی ئیسلامی کە بە پشتبەستن بە باشوور نشینانی (همیشە در صحنە) دەست دەکەوێ، لەم گەرەکانە نیشتەجێن.

بۆ سمینی ئەمەی سەرەوە، لەم رۆژانەی دواییدا هەواڵی چەند مانگ لەمەوبەری کوشتنی سەرکردەی ژمارە ٢ی ئەلقاعیدە و کچە بێوەژنەکەی کە بووکی بن لادن بوو، لە لای باکووری پایتەخت بیسترا. وەک میدیاکان دەڵێن، دوو دەستکیسی سەر بە ئیسرائیل لە سەر ماتۆرسکلیتەوە تەقەیان لێکردوون و وەک لایەنگرانی کوژراوان دەڵێن، پیاوەکە بە بەهەشتی بەرین و هۆبەوهەواری حۆرییان شاد بووە، بەڵام ژنەکە رەنگە لە دونیای دیکەش کورەکەی بن لادن پێ رازی نەبێ، بۆیە هەروا بیلاتەکلف و سەرگەردانە.

جودا لەمانە ماڵی باڵیۆز و ماڵیۆز و سەر قوونسوور و مەرقوونسوور و تەنانەت نوێنەری کۆمپانیاکانی وڵاتانی خۆرهەڵات و خۆرئاواش کە دەوڵەتەکانیان لە میدیاکانەوە خراپەی نیزامی موقەدەس دەڵێن و نوێنەرەکانیان لە باکووری تاران بە چەقەنە لێدانی سەرانی "نظام مقدس" هەڵدەپەڕن.

هەروەها "سەرۆکی نەخۆشخانەی مەسیحی دانشەوەری" و "ئەندامی ئەنجومەنی باڵای شۆڕشی فەرهەنگی" و " ئەندامی بەردەوامی هەڵبژێردراوی فەرهەنگستانی زانستە پزیشکییەکانی ئێران" و" ئەندامی دەستەی سەرۆکایەتیی نیزام پزشکیی تاران" و " ئەندامی باڵای نیزام پزیشکیی ئێران " و "ئەندامی پلەبەرزی ناوەندی لێکۆڵینەوەی ئازارەباریکە و نەخۆشییەکانی سیپەلاک" و" سەرۆکی شۆرای نێوەندیی ئەنجومەنی ئیسلامیی پزیشکانی ئێران " و "نوێنەری گرووپی زانستیی پزیشکیی نەریتی و فەرهەنگستانی زانستی پزیشکی" و "بەڕێوەبەر و خاوەن ئیمتیازی گۆڤاری نەخۆشییەکانی بۆگەنکردوو و گەرمەسێری" و "نوێنەری ئەکادیمیای زانستەکانی پزیشکی لە دەستەی دەستپاکانی فەرهەنگستانەکان" و "ئەندامی ئەنجومەنی ئیسلامیی دەرچووانی زانکۆکانی ئورووپا، ئەمریکا و ئوقیانووسیە" و" ئەندامی دەستەی دامەزرێنەری زانکۆ ئەهلییەکانی سەر بە ئەنجومەنی وەرزشیی خانمانی وڵاتانی ئیسلامی" و "ئەندامی دەستەی دەستپاکانی زانکۆی زانستە پزیشکییەکانی شەهید بەهشتی" و ڕاوێژکاری ڕێبەری کۆماری ئیسلامی لە کاروباری نێودەوڵەتی" و "ئەندامی کۆڕی دەستنیشانکردنی بەرژەوەندییەکانی کۆماری ئیسلامی" و "ئەندامی ئەنجومەنی نرخێنەری زانکۆی زانستە پزیشکییەکانی شەهید بەهەشتی" و "سەرۆکی گرووپی ئیسلامیی هاوچەرخی دامەزراوەی دایرەتولموعاریفی ئیسلامی" و "سەرۆکی ئەنجومەنی پشتگیریکردنی نەخۆشانی بۆگەنکردووی ئێران "و "سەرۆکی کۆمیتەی فەرهەنگ و شارستانییەتی ئیسلام و ئێران لە ئەنجومەنی باڵای شۆڕشی ئیسلامی" و "ئەندامی دەستەی نووسەرانی وەرزنامەی پسپۆڕانەی شیعەناسی" و "ئەندامی دەستەی دامەزرێنەری زانکۆی ئازادی ئیسلامی" و "ئەندامی دەستەی چاودێریکردن بە سەر جێبەجێکردنی ڕێککەوتنی ئەتۆمی"یش دانیشتووی باکووری تارانن، نا ببوورن تارانە. (ببوورن لە کۆکردنەوەی فەرمانی ئەم ڕستە دووردرێژ و پڕ لە فاریزەیەدا کیشەم بۆ دروست بوو، لە نێوان "تارانە" و "تارانن"دا وەک کوێی فرمانی "ـە" و "ن" ماومەتەوە. بەڵام ئاخری بەم ئەنجامە گەیشتم ڕستەکە بە فرمانی تاک کۆتایی پێبهێنم و بڵێم "تارانە" واتە ئەوکەسەی ئەندام سەرۆکی ئەم هەموو دەزگا و لێژنە و کۆڕوکۆمەڵانەیە، یەک کەسە و ناوی "دکتور عەلی ئەکبەری ویلایەتی"یە .)

لە نێو ئەم هەموو هەراوهوریا و بگرەوبەردەی باکووری تاران، پسپۆڕیکی لایەنگری "نظام مقدس" کە ماوەیەکە تێکەڵی ڕێنوێنییەکانی میرزا عەلی ئەکبەر ویلایەتی بووە، لەبن دارێکدا وڕێنەی دەکرد و دەیگوت: "کۆرۆنا بۆ "نظام مقدس" جووت شەشە و دانیشتووانی باشوور لەبەر مردن بە هۆی کۆرنا و گرانیی دەواودەرمان و پێداویستیی دیکە، سێ ڕۆژەکەی پار ئەوودەمانە واتە گەلاڕێزانی ساڵی ١٣٩٨یان لەبیر چووەتەووە. ئەوکات بە تاوانی سەرهەڵدانەکان دە ئەوەندی دیکەشیان

لێ کوژرابا، ئێستا لەبەر کۆرۆنا و گەمارۆ ئابوورییەکان پەلیان نەدەبزاوت و ئێستاش "نظام مقدس" بۆ کار قایمی خەریکە بە بیانووی تەشەنەسەندنی کۆرۆنا هاتووچۆی خەڵک سنووردار دەکا و بە بێدەنگی "حکومتنظامی"ی شەوانەشی ڕاگەیاندووە".

ئەمەی خوارەوەوش هەر قسەی پسپۆڕەکەی سەر بە "نظام مقدس"ـە: سڵاو لە وڵاتی "چین" بۆ کۆرۆناکەی و درووود بۆ ئەمریکا بۆ گەمارۆکانی. کۆرۆنا شەشێک و گەمارۆ ئابوورییەکانیش شەشێکی دیکە کە دەکەنە جووتشەش و بەمجۆرە شەشدەرمان لێگرتون".

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢١ی نۆڤەمبەری ٢٠٢٠

## ئەو کەندەی بەردەوام دەسمێ سەری کۆماری ئیسلامیی بێکڵاو هێشتەوە

گەلی بێدەوڵەت وەک سەری تاسی تاوبردووی بێکڵاوە. سەرێک تاس بێ، تاو بیبا، کڵاوی دەست نەکەوێ و لەناکاو هەڵیبکاتە با و باسریشک و کڕێوە و سەرما هێرشی بۆ بهێنێ، چۆن بەرگە دەگرێ. بەڵام نەتەوە و وڵاتی خاوەن دەوڵەت وەک ئەو سەرە بەکڵاوەیە، نە تاو دەیسووتێنێ و نە سەرما هەڵیدەتەکێنێ. سەری بە کڵاو ئەگەر کەچەڵیش بێ و خوێناو و زنچکاوی لێ بتکێتەوە، بە لەفافە و لۆکە و پێچان پێش بە ڕژانی خوێناو و زنچکاوەکەی دەگیرێ و لە ژێر کڵاودا هەموو عەیب و عار و نەخۆشی و پەتاکانی دەشاردرێنەوە.

کڵاویش، بە درێژایی مێژووی گێڕانەوەی مرۆڤ زۆر کەوتووەتە سەر کەڵپان و کەسانی قسەخۆش و زمانزان و زیاتر ئەوانەی دەستیان بە کڵاوی خۆیان نەگرتووە با بیبا، بەردەوام بە زمان خەریکی کڵاو بازین. هێندێکجار دەڵێن فلان کەس کڵاوی چووەتە سەر. جاری واشە دەڵێن دوای کڵاوی لار کەوتووە.

هێندێک جاریش دەڵێن فیسار کەس سەری بێکڵاو ماوەتەوە. کڵاو دروستکردن یان کڵاو چاککردنیش هەیە و ئەویان لە ڕواڵەتدا بە دوو کەس کڵاو بۆ کەس یان کەسانێکی دیکە دروست دەکەن و ناهێڵن ئاگاداری وردەکارییەکانی بن.

جاری واشە کڵاو بەناو گچکە و لە ڕاستیشدا گەورە و مەترسیدارە. وەک "کڵاوەی ئەتۆمی". دیارە کڵاوە هەمان مانای "کڵاڤۆکە" یان " کڵاڤۆچکە" دەداتەوە کە بە مانای کڵاوی بچووکە، بەڵام ئەمەیان کڵاوی سەری مرۆڤ نییە و بەو بەشەی مووشکی دوورهاوێژ دەگوترێ کە لە بۆمبی ئەتۆم دروست دەکرێ و دەنرێتە سەری مووشەکەکە و لە هەموو کڵاوێک مەترسیدارترە.

لێرەدا بۆ ئەوەی ئەم هەموو ڕۆڵە جودا و تەنانەت دژ بە یەکانەی کڵاو بۆ خوێنەر شی بکەینەوە ئەم ئێدیۆمانەی لەم نووسراوەیەدا بە کڵاوەوە بەندن، هەرکامیان بە مەبەستی زیاتر تێگەیشتن دەخرێنە ڕستەیەکی دیکەوە.

١- بەوە نییە خەریکی درێژدادڕیم، بەڵام بڕوا بفەرموون، دەستم بە کڵاوی خۆم گرتووە، "با" نەیبا.
٢ -میرزا ڕەسووڵ کە خۆی تەنانەت کۆلکە خوێندەوارییەکیشی نییە، کڵاوی خستۆتە سەری زۆر کەسەوە.

٣- میرزا عەبە دوای کڵاوی لار کەوت و وەک پشیلەی ڕەجەبە شێت گەڕەکە ماڵێکی بەخۆیەوە سووتاند.
٤ -بە ئیسرائیل و ئەمریکا و ڕووسیە و وڵاتانی ئورووپایی سەری کۆماری ئیسلامیی ئێرانیان بێکڵاو هێشتەوە.

ڕاستە منیش وەک زۆر کەسی ئەم وڵاتە پان و بەرینە، دەستم بە کڵاوی خۆم گرتووە "با" نەیبا، بەڵام کاتێک ناوی ئیسرائیل و ئەمریکا و رووسیە و ئورووپا و ئەم شتانە هات، منیش ناچارم هێندێک لەسەری بڕۆم.

بەرلەوەی درێژە بە درێژدادڕییەکەم بدەم، ببوورن باسی" وڵات"م کرد. دیارە داوای لێبووردنەکە بۆ وڵاتانی کەڵەگای دراوسێ نییە، بەڵکوو مەبەستم هاوڕێ چەپەکانی کوردستان و لایەنگرانی شەڕەگەڕەک و شارشارێن و ئەم شتانەیە و قسەی خۆمان بێت و نەگاتە گوێی چەپ و مەپەکانی خۆمان و ئەوانەی ئەوەندە "فشە"ن خەباتی نەتەوایەتی و مافی نەتەوەییان پێ "فشە"یە. بە هێنانی ناوی ئەمریکا و ئیسرائیل و ڕووسیە و ئورووپا، پامان بەرەو سیاسەت دەخزێ و ناچارین کڵاو و سیاسەت تێکەڵ بکەین. وەک لە سەرەتادا گوتم، گەلی بێ دەوڵەت وەک سەری تاسی تاوبردووی بێکڵاوە. بەم جۆرە ئەو سەرانەی کڵاویان لەسەرە هەمموو عەیب و کەموکورتی و کەچەڵی و مەچەڵییەکەیان پێوە دیارە. دوای ئەوەی گەورە بەرپرسێکی کاروباری مووشەکی و ئەتۆمیی ئێران بە ناوی میرزا "موحسین فەخریزادە" لە باکووری پڕ لە پاسداری تاران کوژرا و چاوی سەرسوڕمانی بە هەموو لایەک زەق کردنەوە و هەموو کۆلکە ئاخوند و مەرجەعە گەورەکانیان گوێیان دەمووچەوە برد، هەموویان بە چاودێرانی سیاسیی دەرەوەش باسیان لە هەبوونی "حفرە" یان "کەندەڵان"ی ئەمنییەتی کرد. دیارە کەندەڵانە ئەمنیەتییەکە لە کاتێکدا لە تاران دەرکەوتووە کە لە لایەک سوپای پاسداران و لایەنگرانی نەخشە پشیلەئاساکەی ئێران هەروا لەسەر لەیەکتر دروونەوەی زۆرەملیی جەندەکی ئەم پشیلەیە بەردەوامن و لە لایەکی دیکەوە کەندەڵانە قووڵە ئەمنیەتییەکە هەروا زیاتر دەسمێ و قووڵ و بەرین دەبێتەوە و سەرەڕای هەمووی ئەوانە وڵاتانی زلهێز و دەسەڵاتداری جیهان سەری ئێرانیان بێکڵاو هێشتووەتەوە و داوای لێ دەکەن ددانیش بە خۆیدا بگرێ.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٦ی دێسەمبەری ٢٠٢٠

## خەیانەتی گەورەی کوردانی ڕۆژهەڵات لەقاو درا

بەداخەوە ئێمە زۆر بە وردی لە مێژووی خەباتی ڕۆژهەڵات ئاگادار نین. نازانین ڕێبەرانی ئەم حیزب و ڕێکخراوانە چیان بەسەر کوردی بەشمەینەت هێناوە و چۆن سەروەت و سامانی ئەم وڵاتەیان بە لاش و قەلاش بە ئەملاوئەولادا داوە. لەلایەک سەروەت و داهاتی زۆروزەبەندی خەڵکیان بۆ بەدیهێنانی ئاوات و خولیای لەبنەهاتووی خۆیان تەرخان کردووە و لە لایەکی دیکەوە بۆ بەدەستهێنانی پارەی کڕینی گۆشتی فڕۆکەوانان خەڵکیان چەوساندووەتەوە. لێرەدا هەر گەندەڵیی دوو حیزبی کۆمەڵە و دێموکرات هەڵمەدووک لە مێشکی مرۆڤ بەرەو ئاسمان بەرز دەکاتەوە.

لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا فڕۆکەوانێکی وەفادار بە ڕێبازی ڕێبەر و ئیمام و مێژووی دوو هەزار و هێندە ساڵەی هەڵبەستراوی پاشایەتی و کۆماری ئیسلامی، گەندەڵییەکی گەورەی سی چل ساڵ لەمەوبەری لە کوردستانی ڕۆژهەڵات لەقاو دا و بەم هەواڵە سەری هەموو بیسەران و بینەرانی سوڕماند و چاوی پێ زەق کردن و مێشکی هەموویانی تاساند.

ئەم فڕۆکەوانە کە لێدوانەکەی موبایل بە موبایل و ئایپاد بە ئایپاد بە نێو سۆشیال هەرامەدا دەسووڕێتەوە، لە چاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ تەلەفزیۆنی نەتەوەیی کۆماری ئیسلامییدا ڕاشکاوانە ڕایگەیاند: "کوردەکان ئەوان ساڵان بۆ سەری فڕۆکەوانان گرەویان دانابوو و کیلۆ گۆشتێکی فڕۆکەوانانیان بە ٥٠٠ میلۆن تومەنی ئەوکاتی دەکڕییەوە".

لێرەدا قووڵایی کارەساتەکە گەندەڵیی ڕێبەرانی کوردی ڕۆژهەڵات بە بەراوردکردن لەگەڵ دەستەڵاتی کۆماری ئیسلامی بە تەواوی دەردەکەوێ. هەر ئەوکات کۆماری ئیسلامی کە تازە هاتبووە سەر دەستەڵات، ئەوەندەی کوردەکان گەندەڵ نەبوو. بۆ سەلماندنی نەبوونی گەندەڵی لە دەستەڵاتی کۆماری ئیسلامییدا ئەوانەی کەمێک بە تەمەندا چوونە لەبیریان ماوە ئەم دەستەڵاتە لە کوردستان چۆن دانیشتووانی گوندەکانی "دیلانچەرخ"، "قەلاتان" ، "سۆفیان"، "گولیج"، "قارنێ"، "کانی مام سەیدە"، "قرەقشلاخ"ی بە فیشەک و تەور و داس لەت و پەت کرد و دوای کوشتنی بەکۆمەڵی کوردان لە فڕۆکەخانەی سنە و ئیعدامی ٥٩ لاوی مەهابادی و ئەم هەموو کوشتارەی دیکەش، مسقاڵێک لە گۆشتی ئەو خەڵکەی بە پارەی بەیتولماڵ نەکڕییەوە. بەڵام لەوەها کات و ساتێکدا کڕینی یەک کیلۆ گۆشتی فڕۆکەوانی ئێران لە لایەن ڕێبەرانی کوردەوە ئەو پەڕی خەیانەت و گەندەڵییە!

دیارە وەک لە ڤیدیۆ بڵاوکراوەکاندا دەبینرێ، خەڵەبانە ڕاستگۆکە دەڵێ کوردان بۆ هەر کیلۆ گۆشتی فڕۆکەوان ٥٠٠ ملیۆن تمەنیان داوە. بۆ سەلماندنی ڕاستیی قسەکەشی لە وەڵامی "وااو"ێکی خاتوونە پێشکەشکارەکەدا دەڵێت "خدا شاهدە" و بۆ سەلماندنی قسەکەی خوا بە شایەت دەهێنێتەوە. خانمی پێشکەشکار کە بە بیانووی هەبوونی ڤایرۆسی کۆرۆنا دەمامکی بە لووتەوەیە و، دیار نییە دوای ئەم پێداگرییەی کاکی خەڵەبان، پێدەکەنێ یان خۆی مچ و مۆڕ دەکا، بەڵام چاوانی هەر زیتەزیتیانە.

ئەگەر بۆ لێکدانەوەی گۆشەیەکی بچووکی ئەم گەندەڵییە گەورەیە، ڕوو بکەینە بیرکاری، قووڵایی کارەساتەکە ئەوەندەی دیکە سەری لێ سووڕدەمێنێ.

ئەوکاتەی فڕۆکەوانەکە باسی دەکا، تەنەکەیەک ڕۆنی ٥ کیلۆیی بە ٣٠ تومەن بوو. بەم حیسابە پارەی کیلۆیەک گۆشتی فڕۆکەوان، ١٦ ملیۆن و ٦٦٦ تەنەکە ڕۆنی پێ دەکڕدرا. هەر بە پارەی یەک کیلۆ گۆشت دەکرا زیاتر لە ١٦٥٠ دانە لەو ئۆتۆمبێلە تویێتایانە بکردرێ کە چەند ساڵ دواتر بە "شلەخەجێ" ناوی دەرکرد.

لە کورتی ببڕینەوە، پارەی یەک کیلۆ گۆشتی فڕۆکەوانێک ئەوکات دەیکردە ٦٧ ملیۆن دۆلاری ئەمریکایی و ئەگەر ئێستا ئەوەندە دۆلارە بکەینەوە تومەن، دەبینە خاوەنی یەک تریلیۆن و ٦٧٥ ملیارد تومەن.

دڵتەزێنترین بەشی ئەم گەندەڵییە ئەمەیانە، ڕێبەرانی بزوتنەوەی کوردستان ئەوکات ماموستا هەژاریان لەم کارەیان ئاگادار نەکردووەتەوە و تووشی هەڵەیەکی مێژوورییان کردووە. ماموستا هەژار کاتێک لە بازاڕی کڕین و فرۆشتنی گۆشتی فڕۆکەوانان بێئاگا دەبێت، بە ناچاری لە پشتی دیوانە شێعریی "بۆ کوردستان"دا دەنووسێ، "نرخی چل تمەن یان کیلۆ گۆشتێکە". ئەم کارەی ماموستا هەژار گلەیی و ڕەخنەی کۆمەڵێک نووسەریشی لێ کەوتەوە. ئەوان دەیانگوت مام هەژار نەوسنە و ئەوندە ئیشتیای لە گۆشتە، نرخی شێعر و ئەدەبی لەبەرانبەر گۆشتدا دابەزاندووە.

بۆ زیاتر ڕۆچوون بە نێو کارەساتی ئاشکرابوونی ئەم گەندەڵییەدا، ژمارەی مامناوندیی کێشی فڕۆکەوانێک بە کیلۆ جاران (زەڕب)ی ژمارەی ئەو فڕۆکەوانانە بکەن لە کوردستان کوژران و ژمارەی بەدەستهاتوو جارانی ٦٧ میلیۆن بکەن دەکاتە کۆی گشتیی ئەو پارەیەی کوردە گەندەڵەکان بە دۆلار بە گۆشتی فڕۆکەوانیان داوە! ئەدی چۆن!

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢١ی دێسەمبەری ٢٠٢٠

## بابەتی ساڵی ..................... ٢٠٢١

# لێدەن لە ناڵ و لە بزمار

کۆماری ئیسلامیی ئێران شوکر بۆخوا لەسەردەمی ئینترنێت و مینترنێت و ئەم دونیا سەیر و سەمەرەیەدا کەلـلا و کەیخـودا و کەلەلای ڕدێن‌سپی و دەم‌لەپێشی یەکجار زۆرن و هەر کامەیان سازێک دەژەنێ و دوای چل ساڵ ڕاهێنـانی بەردەوام توانیویـانە ئۆرکێسترایەک ڕێک بخەن بتوانێ سەر لە هەموو مرۆڤ و بوونەوەر و جرۆجانەوەرێک بشێوێنێ.

دوای پارچە پارچەبوونی حاجی قاسم و دۆزینەوەی ئەنگوستیلەکەی کە لە نزیک فڕەنـدەخانەی بەغدا فڕێدرابە سووچێک و ساڵێک بەسەر ئەم ڕووداوەدا تێپەڕی، کەلـلا و کەیخوایەکـان دەسـتیان بە زینـدووکردنەوەی ڕێبـازەکەی کـرد. دیـارە زیندووکردنەوەی ڕێباز و مێباز لە نیزامی "مقەستدەسی" کۆماری ئیسلامییدا زۆر گرینگە و جێگەی خۆیەتی هەتا لەرینـەوەی هەموو کەللا و کەیخوایەکان وەک مێوژۆکە، ڕێزگرتن لە مێژووەکەی بەردەوام بێ.

ئەوەی لە مێژووی چل ساڵەی کۆماری ئیسلامییدا بەردەوام و نەگۆڕە، ئەو سیاسەتە حەکیمـانەیە دەتـوانێ لایەنگرانی ئەم دەسەڵاتە "مقەستدەسە" دوای مردنیش وەک سەربازی بەخێروبەرکەت بخـاتە مەیـدانەوە و لەپێنـاو هانـدانی ئەوانی دیکە بەرزیـان بکـاتەوە. بە گێڕانەوەی سەدان چیرۆک و بەسەرهاتی ڕوونەدراو و خوڵقانـدنی دەیـان ئاکـاری لەبـار و چێکردنـی پەرجـۆی جۆراوجـۆر بـۆ کـوژراوان، وایـان لـێ دەکەن ئەوەی بەخەیاڵیشـیاندا نەهـاتووە کردبیـان و ئەوەی نەیـانزانیوە زانیبێتیـان. هەمـوو کەلـلا و کەیخوداکـان بە جـوانی دەزانـن لەبەر یەک بگێـڕنەوە. ئەوەی دووزەلەی پێیە دەتـوانێ لەبەر شمشـاڵ بگێـڕێتەوە و ئەوی پەنـجەی لەسـەر عـوودە دەتـوانێ بە هەوای دمبەگ تەپەی لـێ بهێنـێ و ئەوەی زوڕنـا دەژەنـێ، لەپیکی زوڕناکەیەوە زرم و هۆڕی تـارشیرازی بڵاو دەکاتەوە.

ئەم ڕۆژانە لە سەروبەندی ساڵڕۆژی پەڕپەڕبوونی حاجی قاسم گوێ بـداتە کەلـلا و کەیخوادکـانی وەک ڕێبەری یەکدەست و میرزا حەسەنی فەریدوون و ئەحمەدی عەلەمولهەدۆدای مەشهەدی خاوەن ڕێباز و مێباز و حەمەڕەزای نەقدی و عەبدولناسری

قەرزوقـۆڵە، هەر هەموویـان هەرکەسـە و وێـڕای ژەنینـی سـازی بەردەسـتی خـۆی بە چەکوشـی "نەرمشـی قەهرەمانـانە" و "تەقیەی" موسلیمانە لە ناڵ و لە بزماریش دەدا.

کاتێک خەونـی دروسـتکردنی هیلالـی شیعە خەیـاڵی وەدیهـاتنی دەگەشـایەوە و حـاجی بـۆ پڕکردنـی ئـاخوڕی گـاوگۆلی سـەر بەخۆیان وەک شوانی باش لە جیات فەردەی کـا و جـۆ و وێنجە، فەردەی دۆلاری بە دانگە و ئاخوڕەکـانی عێـراق و یەمەن و لوبنان و سووریەدا بڵاو دەکردەوە، ناسری قەرزوقۆڵەش لەم سەروبەندەدا کرایە بەرپرسی بانکی نێوەندی و گوتی بێ سێ و دوو نرخی دۆلاری ئەمریکای جەنایەتکار دادەبەزێنم و لە جیات دۆلار بە پارەی وڵاتانی دیکە سات و سەودا دەکەم و ئەگەر هیلالەکەی حاجی سەری گرت ئەوکات ریـاڵی ئێرانی دەست لە ریـاڵی سعوودی و دیناری ئۆردۆنی و پاوەنی ئینگلیسی و یـۆرۆی ئوروپـایی دەسـتێنێ. جەنـابی نەقـدیش کە پێیوابـوو ناسـری قەرز و قـۆڵە زۆر نەغـدە، سـازەکەی خـۆی قـورمیش دەکـرد و دەیگوت جا مووشکەمان لە سووچی خۆرئاوای هیلالی شیعەوە کە دەکاتە لێواری ڕۆژهەڵاتـی دەریـای نێوەڕاست واتە لەو بەری ئـاوەکە دەگەنە ئیتالیـا و فەرەنسـا و ئەڵمانیـا و تەنانەنـات بەریتانیـاش. عەلـیە گـۆجیش پـارچە قـاقەزەکەی بـە دەسـتە نەپەڕیوەکەی گرتبووی بەرز دەکردەوە. چاوێکی لێ دەکرد و دەیگوت ئەوجـار بـۆ تیـرۆری جـوادبیران و گەورەپیـاوانی ئێرانـی پێویسـت ناکـا کـازم و مازمـان بنێـرینە نێـو ئـاگر و لەمەودوا چلـۆن بە مووشـەک لە قەڵای دێموکراتمـان دا هەر ئەوا لە ئەوسەری هیلالەکەی خۆمانەوە دەست لە هەموو کۆڕ و کۆبوونەوەکان دەوەشێنین.

دوای دۆزینـەوەی ئەنگوسـتیلە سـێحراوییەکە و ڕێککەوتنـی جـوولەکە و موسـوڵمان لە لێـواری کەنـداوی فـارس و عـارەب و داکوتـانی فرۆکەی بـێ فرۆکەوانـی ئیسـرائیل لە وڵاتـی ئـازەربـایجـان، ئیـدی کڵاوەکە سـووڕا. هیلالـی شیعە وەک کەژووی بەر سکی کەرەبۆزی گوێنیکێشان هەڵوێزندرا و هیلال بـوو بە بـازنە. بـازنەی سەهوێنیست بە دەوری مـانگی کۆمـاری ئیسلامییدا. ئێستا کۆماری ئیسلامی مانگە و دەسەڵات و هەژمۆنی و چەک و چۆڵی ئیسرائیلیش خەرمانەی دەوریەتی.

لەم بارو دۆخەدا سیاسەتی لێدان لەناڵ و لە بزمار زیاتر برەوی سەندووە. لەلایەک ڕێزدار قائانی خۆی دەگەیەنێتە بەغدا و لەبەر میلیشیای حەشدی شەعبی دەپاڕێتەوە و دەڵێ بیکەنە خاتری ئەم ڕیشە لە بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا مەدەن. ئێمە لەولاوە خەریکی نەرمشی قەهرەمانانەین. کاتێکیش دەگـاتەوە تـاران دەڵێت ئێمە لەنێـو خـاکی ئەمریکـا ئەوکەسـانە تەمبـێ دەکەین کە قاسمییان کوشت و دەبێ وەک سەلمان ڕوشدی خۆیان بشارنەوە. دیار ئەمیان یانی دەسەڵاتی ئەمریکا بـزانە ئێمە کارمـان بەئێـوە نییە، بەڵام ڕەنـگە ئەگەر بۆمـان بکـرێ پاشـان لەکـاتی گونجـاودا ترامپ و مایـک پەپمئـۆ تیـرۆر بکەیـن. سەرۆکی دەسـەڵاتی دادوەرانەی دادوەریـش ئەوەی پـاش واژۆکردنـی حوکمی لەسێدارەکانی چەنـد زینـدانییەکی سیاسـی خـۆی لەبەریەک کێشـایەوە، دەڵـێ ئـێمە لە ڕێـگەی یاسـا نێونەتەوییەکـان و ڕێکخـراوی مـافی مـرۆڤ و دادگـای لاهە و ڕێکخـراوی

نەتەوە یەکگرتووەکانەوە بەدوای خوێنی حاجی قاسمدا دەڕۆین. جەماعەتی نێو ئەو مانگە ئیسلامییەی لە نێو خەرمانەی سەهیۆنیستان دایە، لە یەک کات و ساتدا لە ناڵ و بزمار و لە سمی "ئەسپ"یش دەدەن.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٥ی جانیۆری ٢٠٢١

## بزنە مەرەز وە زمان هات و شوان دەبێ وشیار بن

دارسمە، یانی بۆخۆم ئەو باڵندە خنجیلانەیەی بە نووسینی ئەم چەند دێڕە لەخزمەتتان دام، بەشێکی زۆری شار و شارۆچکە و گوند و گوندۆچکەی ئەم کوردستانە پان و بەرینە گەڕاوم. ئەمەش وای لێکردووم ئەگەر زاراوە و بنزاراوەی شوێنە جوداکانی کوردستانیش نەزانم، دەزانم زۆرن ئەو وشە و دەستەواژانەی لە لایەکی کوردستان مانایەکیان هەیە و لە شوێنیکی دیکەی ئەم وڵاتە ڕەنگە مانای دژ و تەنانەت ناشرینیشیان هەبێت. جا بۆیە لە سەرەتادا دوو وشە یان دەستەواژەی بەشێک لە ئەم ڕستەیەی سەرەوەتان بۆ شی دەکەمەوە. ڕەنگە ئەم شیکردنەوەیە بۆ بەشێک لە خوێنەران شتێکی دووبارە بێ، بەڵام واباشە ڕەزای قورس و خوێنی تاڵم ماندوویان نەکا.

بزن بریتییە لە حەیوانێکی ڕەشانگی لە مانگا نەویتری لە مەڕ سەرقیتتر و شاخدار و بێ دونگ و کلێنجە ڕووت. بۆ ئەوەی ئەم ڕستەیەی دوایی یانی ڕێک ئەو ڕستەیەی پێش تەواوکردنی ئەم ڕستەیەی بەردەستم لێیبوومەوە سەرتان لێ نەشێوێنێ، ناچارم ئەویشتان بۆ شی بکەمەوە.

**ڕەشانگ:** لێرەدا مەبەست لە حەیوانی ڕەشە کە دەکاتە پێچەوانەی ڕەنگی مەڕ و مەبەست بزنە.

**شاخدار:** ئەم وشەیە لە کولتووری کوردیدا بۆ هەندێک پیاویش بەکار دێ کە خەریکی هەندێک کاری هین و وانێکن.

**دونگ:** ئەو تۆپەڵە بەز و خورییەیە کە لە دواوە عەیبەی مەڕ دادەپۆشێ و بە داخەوە بزن نییەتی. هەندێجار بە کەسانی بێدەستکەوتیش دەگوترێ "ئەدی کوا دونگت". بەڵام لە دەرەوەی ئەم نووسینە بە سرتە قسەیەکی خۆمانەش بکەین کە دونگ بە کەبابەوە زۆر بەتامە.

**کلێنجە:** بریتیە لە ئەو دوو کونەی دواوەی بزن و مەڕ. هی مەر دونگ داپیپۆشیون و ئەوانی بزن بە دەرەوەن.

دوای لێکدانەوەی ئەم وشانە، با خۆێنەران بە کەیفی خۆیان ئەو ڕستانەی سەرەوە لێکبدەنەوە.

بەڵام مانای وشەی "مەرەز". ئەم وشەیە بە مانای "ناتەواو" و "شێت"یش دێ، بەڵام لەگەڵ بزن، دەستەواژەی "بزنە مەرز" دروست دەکا و ماناکەی ئەو بزنەیە مووی لەشی لەگەڵ مووی بزنی دیکە جودایە بۆ ڕستن و چنین دەبێ و "کر"ی لێدروست دەکرێ و دەیکەن بە ڕانک و چۆغە.

لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا، لە بەرنامەیەکی کەناڵی دووی تەلەفزیۆنی کۆماری ئیسلامیدا میوانداری لە دوکتۆرێکی کورد کرا. میوانە کوردە ڕانک و چۆغەیەکی مەرز و پەستەکێکی بەرگنی کردبووە بەر و لەگەڵ کابرایەکی زلی کەم تووک لە لایەن پێشکەشکاری بەرنامەوە بەخێر هێنران. بە شێوازی دەستپێکردنی پێشکەشکاری بەرنامەکەوە دیاربوو دەیهەوێ دوو میوانەکە بەگژ یەکتردا بکا. دیارە ئەم کەناڵە و کەناڵەکانی دیکەی تەلەفزیۆنی کۆماری ئیسلامی لەم کارەیاندا خاوەن ئەزموونن. نەک هەر دوو میوانی بەرنامە بەگژ یەکدا دەکەن، جاری وایە چینە جوداکانی کۆمەڵگە و نەتەوە جوداکان و هەندێک شتی دیکەش بەگژ یەکتردا دەکەن. بەڵام بەرنامەی ئەمجارە لەگەڵ هەموو جارانی دیکە جودا بوو. جارانی پێشوو بێڕێزیان بە ئازەریان دەکرد. یان ماوەیەک لەمەوبەر لە سەر تەلەفزیۆن بە منداڵێکیان گوت چۆنە باوکت شۆفیر تاکسیە و لای هاوڕێکانت ئاشکرای دەکەی. دەتگوت شۆفیر تاکسی دز و جەردەیە و نابێ منداڵەکەی لای هاوپۆلانی ناوی بهێنێ.

بۆ ئەوەی باش لە نەخشەی دەرهێنەر و پێشکەشکاری بەرنامەکەی شەبەکەی دووی تەلەفزیۆنی سەر بە مەقامی موعەزەمی ڕەهبەریی کۆماری ئیسلامی تێبگەن، لای خۆتان جارێکی دیکە بە مانای فرەڕەهەندی، بزن، مەرەز، شوان، کلێنجە، دونگ، خوری و بەرگندا بچنەوە، ئەمجار لە قووڵایی کێشەکە دەگەن. پێموابێ وشەی "بەرگن"م شی نەکردەوە. بەرگن بە خوریی کاوڕی یەکساڵە دەگوترێ. "کاوڕ" بێچووە مەڕی تەمەن یەکساڵە. خوریەکەی ناوی بەرگنە. بەرگن لە خوریی مەڕی گەورە نەرمترە و بۆ ڕستن و چنین نابێ و ئەگەر بپەستێورێ باش یەکتر دەگرێت. ساڵانی ڕابردوو لباد و کەپەنک یان فەرەنجیی شوانان و پەستەک و کڵاویشیان لێ دروست دەکرد.

دوای ئەوەی پێشکەشکاری بەرنامەی گۆڕینی شەبەکەی دوو بە میوانەکان دەڵێ بەخێر بێن، ئەوەی سەری ڕووتاوەتەوە و جلی ڕۆژئاواییەکانی کردووەتە بەر، ڕانک و چۆغەڵ و پەستەکی کابرای کورد پێش چاوانی تاریک دەکا و پێی دەڵێ ئەم جلە شوانانەیە چییە کردووتە بەر؟ ئەویش بۆ ئەوەی بیری لەسەر مەرەزی بزن و بەرگنی کاوڕ لابدا، دەڵێ لەمێژە ئێمە ئەم جلانەمان هەیە، باب و باپیرانیشمان کە کوڕانی کاوە بوون، لە سەردمی زوحاکی شان بە مار ئەم جلانەیان دەکردە بەر. ئەو دیارە لەلایەک دەیهەوێ دڵی بەرانبەرەکەی وەک بزنە مەرەزێکی ڕووتاوە نەهێشێ و وەک هەموو شوانێکی ئاقڵ و زانا بەسەر ئەم بزن و مەڕانەی بەردەمیشیدا، ڕاستەوخۆ وڵامی ڕاهێنەری سەرەکیی تەلەفزیۆن و مەڕ و بزنەکان بداتەوە.

بەشی یەکەم

شوانە باش دەزانێ ڕاهێنەری ڕانەمەڕەکە بەئەنقەست ئەم دووانەی خستووەتە بەردەستی. ئەوە نییە بە فارسی قسەی دەکرد؟ چۆن نازانێ "تفرقه بیانداز و حکومت کن" یانی چی؟

بەڵام واباشە خوێنەران بزانن دارسمەش ئەوەندە گێلۆکە نییە بەم نووسینەوە خۆی بخافڵێنێ و دەزانێ دوو ڕۆژی دیکە حەفتاوپێنجەمین ساڵیادی دامەزراندنی کۆماری دێموکراتی کوردستانە و ڕاهێنەری ئەم بزن و مەڕانەش کە خاوەنی سەرەکیی تەلەفزیۆن و ڕانەمەڕێکی گەورەیە، پێی خۆشە خەڵکی کوردستان هەستیان بورووژێ و بە قسەی بزنێک هەڵبچن و وەک پێویستە یادی ڕۆژی پیرۆزی دوو ڕێبەندان نەکەنەوە. جا واباشە شوانان لەنێو باعەباع و کارەکاری بزن و مەڕاندا سەریان لێ نەشێوێ و بیسەلمێنن ئەوان لە خێلی بزن و مەڕان نین.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢١ی جانێویری ٢٠٢١

# خەتای خۆتان بوو درۆم کرد

ڕووحوڵڵا دەڵێ خەتای خۆتان بوو چل ساڵ لەمەوبەر درۆم کرد

خەونم دیت خەون! زۆر جار بیستبووم خەڵک خەون دەبنین و خۆشم هێندێک جار خەونم دیوە. خەونی خۆش و ناخۆشیشم دیتووە. مۆتەکە هاتووەتە خەوم و قاچەکانم لەنێو قوڕێکی توندا گیر بوون و خومەینی تەورداس بەدەست ڕێم کەوتووە. نزیک بووەتەوە و هەستم کردووە ویستوویەتی بمخوا. هەندێک جاریش خەونی خۆشم دیتووە. بەڵام هەر خەونە ناخۆشەکانم باش لەبیر ماون. خەون لە زەینمدا پچڕ پچڕ بووە و جاری وابووە هەر بۆ بەیانییەکەی یان دوای خەوەکە بۆ هەمیشە لەبیرم چوونەتەوە. بەڵام ئەو خەونە ناخۆشەی نزیکەی چل ساڵ لەمەوبەر دیتوومە ئێستاش لەبیرم ناچێتەوە و ڕۆژانە بە زەقەزەقی چاوان لێم دەبێتەوە مۆتەکەی ڕاستەقینە و بەگژمدا دێتەوە. زۆر شەوان لەترسی هاتنەوەی خەوم دەزڕێ.

داروبەرد کڕ بێت، وەک فارسان دەڵێن "دیوار مووش دارەد و مووشە حیزەش گووش دارەد" (ببوورن چوونکە فارسییەکەم کەمولکێک خاو بووەتەوە هەر بە ڕێنووسی کوردی نووسیم) خەونێکی خۆشم دیتووە و پێموابێ بەم زووانە لەبیریشم ناچێتەوە. ئەوندە خەونی ناخۆش و مەترسیدار و مۆتەکاویم دیتووە، پێمخۆشە سواری پشتی وانێتبارێک بم و بڵیندگۆیەکی گەورە بە دەممەوە بگرم و ئەم خەونە خۆشە بۆ دانیشتووانی هەموو کووچە و کۆڵان و گەڕەک و کەلێن و قوژبنێکی ئەم شار و گوندانە بگێڕمەوە. پێمخۆشە خەڵک چۆن گوێ بۆ چەرچی و دێوەرە و دەستفرۆشان شل دەکەن، ئەوا گوێم بۆ شل بکەن و دوای ماوەیەکی کورت هەموو کەس خەونەکەمیان لەبەر بێت.

ئێستا بە مەرجێک خەونەکە بۆ تۆی خوینەر دەگێڕمەوە، بۆ کەسی نەگێڕییەوە و ئەگەر خەڵکت لا بێت، کاتی خوێندنەوەی دەنگ هەڵنەهێنی و ئەوانەی دەوروبەرت نەزانن خەریکی خەونێکی خۆش دەخوێنییەوە. دەبێ بەڵێنیم پێ بدەی هەتا ئەو کاتەی هەموو کەسانی دەوروبەرت سەریان بەسەر موبایلەکانیاندا شۆڕ کردووەتەوە و خەریکی سناپ چات و شەڕە مەسێج و ئینستاگرام و شتی وان، نابێ بە بێدەنگیش ئەم خەونە بخوێنییەوە.

ئێستا وا باوە هەر خەونی قورس و ناخۆش و ترسێنەر بە دەنگی بەرز بخوێننەوە. ئەگەر کچ بی و خەونت بە کوڕێکی جوانەوە دیتبێ، یان کوڕ بی و خەونی خۆشت بە کیژۆڵەیەکەوە دیتبێ و بۆ خەڵکی بگێڕیەوە ئەوەندە حەیایەی هەتە بەبایدا دەکەن. چونکە لە گێڕانەوەی خەونە خۆشەکە دەترسم، پێمخۆشە جارێ هەر وردە خەونان بگێڕمەوە. ڕاستە حەزم

لێیە هەموو خەڵک ئەم خەونەم ببیستن، بەڵام مۆتەکەکە زیاتر لە چل ساڵە چاوترسێنم دەکا.

ڕێک سێ ڕۆژ بەر لە دەچوونی ئەم ڕۆژنامەیە ئەم خەونە خۆشەم دیتووە. لەو خەونەمدا ١٢ی ڕێبەندان بوو. لەنێو پۆلە دارستانێکی بۆگەن دانیشتبووم. لەناکاو لە سیلەی دارستانەوە پیاوێکی نێوچاوان پاکی جوان و لێو بەپێکەنینم لێ پەیدا بوو. ددانەکانی دەتگوت مروارین. بە سەرسوڕماوی سەیرم کرد. پێکەنی. گوتی ئەوە نامناسیەوە؟ من هەر بێدەنگ چاوم لێ دەکرد. هەرچەند بیرم لێ دەکردەوە پێمشک نەدەهات لە هیچ شوێنێک دیتبێتم. کەمێک چاوی لێ کردم و گوتی، هەر بەڕاست نامناسییەوە؟ گوتم ئەوەندەی میشکم ڕێکدەگوشم نایەتەوە بیرم تۆم دیتبێ. نەرمە بزەیەکی هاتێ و بڕۆی لێ هەڵتەکاندم و بە برۆهەڵتەکاندنەکەی گنجی نێوچەوانی دەرکەوت و مچوڕکێکی ناخۆش بە لەشمدا هات. پێش ئەوەی بڵێم ڕەنگە چل ساڵێک لەمەوبەر ئەم نێوچەوانەم دیتبێ، هەودای خەیاڵمی پچڕی و گوتی، هەر بەڕاست نامناسییەوە؟ من ڕوحوڵڵام. مێشکی خۆت زۆر ڕێک مەگوشە، ئەوە سی ساڵە لێرە ڕۆیشتووم. لەو ماوەیەدا هەر خەریکی ڕیش و سمێڵم بووم و ڕۆژانە دووجار دەمتاشین. دەچوومە لای پزیشکانی جوانکاری و خەریکی دەم و لووتم دەبووم و دەمەویست ئەگەر هاتمەوە نەمناسنەوە. ئەوکات ئەوەندە درۆم کردبوو، ئێستا حەزم لێیە ڕاستییەکان بڵێم.

لەم خەونەدا ڕووحوڵڵا دەیگوت: ئەوکات گوتم ئاو و کارەبا و سواربوونی پاس بۆ خەڵک دەکەمە بەلاش و بێپارە و تەنانەت پارەی فرۆشتنی نەوتیشتان بەسەردا دابەش دەکەم. پاش سی ساڵ بیرم لەوە کردووەتەوە درۆکەی چل ساڵ لەمەوبەر ڕاست بکەمەوە.

لەو خەونەدا وەختبوو خەنی بم. لە بەر ڕووحوڵڵا پاڕامەوە زوو ڕاستییەکانم پێ بڵێ. دیسان نێوچەوانی تێکنا و بەسەر منڕدا گوڕاندی و گوتی: میراتگرانی من دەڕۆن. ئەوەندە نەوتەی خولەی ئەحمەدی نژاد هێنایە سەر سفرەی ئێوە و ماڵ و ژیانی لێ نەوتاوی کردن ئەویش نامێنێ. سواربوونی ئوتوبووس چەند ئەوەندەی ئێستا گران دەبێ و ئاو و کارەباتان دەبڕێ.

ڕووحوڵڵا گوتی: خۆ چل و دوو ساڵ لەمەوبەریش هەموو ئەمانەم دەزانی، بەڵام ئەگەر ئەوکات گوتبام دەتانگوت درۆزنە. ئێستا سەرم لەوەیان سووڕماوە بۆچی ئەم خەونەم پێ خۆشە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٤ی فێبریوێری ٢٠٢١

## لایەنگری لە مەنقەڵسازان

لە سەردەمی گرانی و بێکاری و نەداریدا و لە کاتێکدا کارگە و کارخانەی بەرهەمهێنانی کاڵا و شتومەک داخراون و ڕۆژبەڕۆژ کۆمەڵانی بێکاران لە زیادبووندان، دۆزینەوەی پیشەی نوێ و بەرهەمهێنانی کەرەستەی پێویستی ژیان دەکرێ بۆ بێکاران ببێتە هۆی خۆڵقاندنی زیاتری دەرفەتی کار.

دەرکەوتنی هەر بەستێنێکی نوێ لە ژیانی مرۆڤدا کۆمەڵێک دەرفەتی دیکەش بۆ خەڵک دەخوڵقێنێ و دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی سەدان و بگرە هەزاران دەرفەتی نوێی کارکردن. دەکرێت نموونەی زۆر لەم بارەیەوە پێشان بدەین. بۆ نموونە باس لە وەرزش دەکەین. کاتێک جۆری جوداجودای وەرزشکردن و کێبڕکێی وەرزشی دەرکەوتن، خەڵک بەسەر یاریزانان و لایەنگرانی جۆرە جیاکانی وەرزشدا دابەش بوون. سەرەڕای ئەوەی کارگەی زۆری بەرهەمهێنانی تۆپی گەورە و بچووک، تۆڕی تۆپانێی سەر زەوی و تۆپی سەبەتە و تۆپی باڵە و کارگەی بەرهەمهێنانی پێڵاوی وەرزشی، ئەندازیار و وەستای ڕێکخستن و دروستکردنی یاریگەی جۆراوجۆری وەرزشی و تەنانەت کورسی و شوێنی دانیشتنی تەماشاوانانی کێبڕکێیەکانیش لەنێو دەرفەتی کارکردندا خەنی بوون.

وەک مێژوو بۆمان دەگێڕێتەوە، پێشترێ دانیشتووانی سەر ئەم گۆی زەوییە خۆڵەپۆتینە، ئەوەندە زۆر نەبوونە و ژیانی مرۆڤیش هێندە ڕەنگاوڕەنگ نەبووە. ئەوکاتەی کەڵکوەرگرتن لە گۆزەی گڵین بووەتە باو و، دەرفەتی کاری قوڕشێلان و گۆزەکەریی خوڵقاوە. ئەوکاتەی جۆری وەرزشکردن و تۆپانێ دەرکەوتوون، دەیان جۆری دەرفەتی کاری دیکە خوڵقاون. هێندێک دەرفەتی کاری هەن، ئێمە کەمتر هەستیان پێ دەکەین. بەڵام کاتێک هەستیان پێ دەکەین و بیریان لێدەکەینەوە، دەزانین بۆ خوڵقاندنی دەرفەتی کار و دروستبوونی بیانوو بۆ دابینکردنی بژێوی ژیان چەندە کاریگەرن. ئێوە تەنیا بیر لە ڕاگەیاندن بکەنەوە. کاتێک ڕادیۆ وەک یەکەم و ئاخرین ئامێری ڕاگەیاندن دەرکەوت، زۆر دەرفەتی کارکردنی لەگەڵ خۆیدا هێنان. جگە لە ئەمانە ژووری دەنگوەرگرتن و ئامێری تۆمارکردن و بڵاوکردنەوە و مایکرۆفۆن و کەرەستەی وردی نێو وێستگەی بڵاوکردنەوە و ڕادیۆ بەرهەم دەهاتن و، زۆر کەسیش بە هۆی دەنگی خۆش و قسەی نەستەق و نووسینی جوان و هێندێک جاریش ماستاوکردنی باش، دەرفەتی کاریان بۆ خوڵقاوە. بۆیە گوتم ڕادیۆ یەکەم و ئاخر ئامێری ڕاگەیاندنە، مەبەستەم ئەمەیە لە هەموو ئامێری دیکەی ئەم بوارە زیاتر خۆی ڕاگرتووە. دوای ڕادیۆ ئامێری گرامافۆن هات و بێئەوەی سەری ڕادیۆ بخوات، ئامێری تۆمارکردن لەسەر شریت سەری خوارد. لەو ماوەیەدا تەلەفیزیۆنیش دوای ڕادیۆ دەرکەوت،

بەڵام پێچەوانەی ئامێری وەک ڤیدیۆ و کەرەستەی تۆمارکردنی شریت، هەتا ئێستا دەوامی هێناوە و دەرفەتی کاریشی بۆ خەڵێکی زیاتر خوڵقاندووە. تەلەفیزیۆن سەرەڕای بەرهەمهێنانی جۆری زۆری جلوبەرگ و کرێم و سوورا و سپیاوی خۆڕازاندنەوەی پێشکەشکاران و میوانانی بەرنامە و هەواڵناman، دەرفەتی کاریی پزیشکانی نەشتەرگەریی جوانکاریش زیاد کردووە. کاری پزیشکان هەر بەرناکەوێ، یەک درز و قەڵشتی سەر گووپیان هەڵدەگرێ، ئەوی دیکە منداره موویان لە شوێنی سەیر و سەمەرەی لەش هەڵدەگرێ و لە تەوێڵ و کەللهسەری ڕووتاویان دەکوتێتەوە. یەکێک ددانان سپی دەکاتەوە، یەکی دیکە لووتی داتەپیو ڤیت و قنج دەکا و بە کورتی حەکیمان هیندێک ئەندامی لەشی ئەکتەرانی سەر شاشان باریک دەکەن و هەندێک ئەندامانشینیان بیلامانێ بە سیلیکۆن و ملیکۆن هەڵدەمسێنن.

بەستێنی ڕاگەیاندن تەنیا بەمانەوە نەوەستاوە. سۆشیال میدیا و تۆڕی کۆمەڵایەتی زۆر دەرفەتی کاری وایان خوڵقاندووە مروڤ بیریشی لێناکاتەوە. لە تۆڕ و پەیج و ئاکاونتی جۆراوجۆرەوە کاری فێرکردن و کڕین و فرۆشتنیش ئەنجام دەدرێ. تەنانەت لە وڵاتانی وەک وڵاتی ئێمە سیاسەتکار و ئەدیب و هونەرمەندان دەرفەتی کار بۆ کەسانی وا دەخوڵقێنن، دەبێتە هۆی سەرسوڕمان. کارمەندانی بەشی لێپرسینەوەی دەزگا ئەمنیەکان بۆ لێپێچینەوە لە چالاکانی سەر تۆڕی کۆمەڵایەتی زیاد دەکرێن. ئاسنگەر و جۆشکاران، میلە و شیشی زیاتر بۆ زیندانان دروست دەکەن. بە کورتی لە سایەی هەراوبوونی ئامێری ڕاگەیاندن بە سەدان و هەزاران دەرفەتی کاری نوێ سەرهەڵدەدەن. خاوەنی تۆڕی کۆمەڵایەتیی فەیسبووک سەدان کەس وەک کرێکار وەردەگرن و ئەو بابەتانەیان پێ لایکباران دەکەن کە خاوەن و نووسەرانیان نەخوێندەوار و نەزان و کەم دەسەڵات و پارەدارن.

دوای ئەوەی دارسمەی موخلیستان چاوی بە شاری گەورەگەووەرە و نێوەندی دەسەڵاتی وەک تاران و قوم و مەشهدی پیرۆز کەوت، هەستی بە هەبوونی جۆرێک لە خوڵقینەرانی دەرفەتی نوێی کارکردنیش کەوت. هێندێک لە بیرمەندانی ئابووریی دەسەڵاتداری دەسەڵاتی چل ساڵەی بەردەوام، نوێخوازانە بیر لە نوێکردنەوەی ئەو پیشە پیرۆزانە دەکەنەوە کە خەریکە لەنێو دەچن و لایەنگریان نامێنێ. لەنێو ئەم پێشە کۆن و مێژووییانەدا دەکرێ ئاوڕێکی خێرا لە چینی "همیشه در صحنه" و ماندوویینەناسی مەنقەڵسازان بدەینەوە.

بە هۆی گرانبوونی گۆشت و مریشک و ماسییەوە ڕەنگە زۆربەی کاتەکان مەنقلی ماڵان لە منداڵانمان بشارینەوە و بۆ ئەوەی گوشتیان بیر نەیەتەوە، نەهێڵین چاویان بە مەنقەڵ بکەوێت. بیرمەندانی ئابووری و دەسەڵاتداریی کۆماری ئیسلامی لە ماوەی ئەم چەند ساڵەدا پێشانیان داوە لە کاری دەوڵەتداریدا نامێننەوە و ڕێگەی نوێتر بۆ دابینکردنی بژێوی زەحمەتکێشان دەدۆزنەوە. دوای ئەوەی بەهۆی ڕاگواستنی هەندێک پارە لە لایەن دەستەڵاتدارانەوە و توندبوونی گەمارۆکانی

سەر ئێران پارە و داهاتی وڵات لە کەمیی دا و کێشە کەوتە نێوان بەڕێوەبەرانی دەستەڵاتی وڵاتیش، بە دووهۆ بیر لە کەڵکوەرگرتنی زیاتر لە مەنقەڵ کرایەوە. هۆی یەکەمی ئەم کارە ئەوە بوو، مەنقەڵسازانی "هەمیشە در صحنە" بێکار نەبن و هۆی دووهەمیش ئەمەبوو بەڕێوەبەرانی دەسەڵات بۆ ئەوەی بە هۆی نەشئەبوونەوە بیر لە نێوان ناخۆشییەکانی خۆیان نەکەنەوە و هەست بەم هەموو مەترسییەی سەرخۆیان نەکەن و مشتەریانی مەنقەڵیش بە هۆی گرانبوونی گۆشت و برژیوەمەنیان مایەپووچ نەبن، وەک ڕێبەرەکەیان بە عام ڕوویانکردە تریاککێشان و بوون بە مەنقەڵی.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ١٩ی فێبریوێری ٢٠٢١

---

## پیرۆزبایی خێرای هەشتی مارس لە ئێرانەوە

ئێران زۆر سەیرە. پیاو ناوێرێ ڕستەیەکی لە دەمی دەربچێ، ئەم دادە ئێرانەی دراوسێمان لە خۆی دەکەوێتە گومان و وادەزانێ هەرچی تەپ و توانجە بۆ سەری ئەو کۆکراوەتەوە. ئێمەی ئێرانی تۆزقاڵێکیش حەزمان لە تەپ و توانج نییە و بەردەوام بە ڕستەی ڕاست و ڕەوان هەست و بۆچوونمان دەدەبڕین. لێرەوە پڕ بە دەم هاوار دەکەم ئەی خەڵکینە بڕوا بکەن لەم قسانەم هیچ مەبەستم دادە ئێرانی دراوسێمان نەبوو. زمانم بە بڕین بچێت، خۆ هەر ئەم "دادە ئێرانە" تووشی کێشەیەکی گەورەم دەکا. ئێستا کە لە دەمم دەرچوو و گوتم "دادە"، وا دەزانێ عەرز و عاسمان بەسەر یەکدا ڕووخاوە و من پێمولیە ئەو لە خۆم بە تەمەنترە. بڕوا بکەن ئەمەیانم بەئەنقەست نەگوت و تازە لە دەمم دەرپەڕی، دەنا ئێران خانمی دراوسێمان ئەوەندە جوان و ڕێکوپێکە، هەر مەپرسە. خۆ ئەگەر سەیری ئەو ڕوومەت و دەم و لێوەی دەکەی، وادەزانی یەک دنیا تەزریقی لێو و گۆنای کردووە. باسی لووتی هەر مەکە. دەڵێی سەرکەوتووترین پزیشکی جوانکاری بۆی ڕێکخستووە. هەموو کچۆڵەی گەڕەکێ و ئەوانەی لە ئارایشگا و دووکانی کوتاڵفرۆشان و پارکەکەی بەرماڵیان دەیبینن، هەزار سوێندیشیان بۆ بخۆی وادەزانن خۆی خستووەتە بەر دەستی پزیشکانی جوانکاری.

ئەوە دەمویست باسی شتێکی دیکە بکەم، ئێران خانم ئەویشی لەبیری بردمەوە. ئەرێ بۆچی باسی ئێران خانم کرد؟.... ئەها! ئەوە باسی "ئێران"م دەکرد. لەبەرخۆمەوە دەمگوت ئەم ئێرانە یان و بەرینە خەڵکێکی سەیر و سەمەرەی تێدایە. زۆر جار لەبەر خۆمەوە بە دەستەواژەی گەلانی ئێران پێدەکەنم. ئەوەندە پێدەکەنم چاوم گوڕ گوڕ ئاویان پێدا دێتە خوار و سکئێشە دەگرم و چرکەمیزەش لەوێ ڕاوەستێ.

ئەو ئێرانەی دانیشتووانەکەی پاڵ وە ٩٠ میلیۆن کەس دەدەن، لە ڕوانگەیەکەوە زۆر باشن. ئەویش ئەمەیە لەم هەشتا بۆ نەود میلیۆن کەسە کەسیان بۆ خۆی ناژی. بۆ یەکتریش ناژین. یانی چۆن بڵێم؟ ئاها دەمهەوێ بڵێم هەرکەس بۆ ئەوەی دیکە دەژی و وا نییە بە هەموویانەوە بۆ یەکتر بژین. ئەم ڕازەیە کردوونی بە گەلانی ئێران. هەڵپەرکێشیان هەر ئاوایە. کەمتر هەڵدەکەوێ بە ڕێکوپێکی بە یەکەوە هەڵپەڕن. دەسەڵاتداران هەر دژی هەڵپەڕینن و ڤینیان لە وشەکەش دەبێتەوە و لە جیاتی "هەڵپەڕین" پێی دەڵێن "حرکت موزون". "ئێرانیانی ڕەسەن" ئەم ڕەسەنایەتییەیان لە یەک شتدا کۆبۆتەوە، ئەویش درۆیە. بە درۆش دەژین. بەیانییش یەکەم دەستەواژەی دەبیستن درۆیە. هەر ئێرانییەک کاتێک بۆ لەخەو هەستان بانگ دەکرێ، پێی دەگوترێ "هەستە ئەوە نوێژی نیوەڕۆیە" بە زمانی گەڵەگا دەگوترێ: "بلند شو صلات ظهره". دیارە ئەم

ڕستەیەی زمانی کەڵەگا نیوەی ڕاستی هی زمانێکی گەڵەگاترە. مەبەستم "صلاة ظهر"ـەکەیەتی. دیارە فارسان خۆیان بە "حەزرەتی عەباس" و "ئیمام عەلی" سوێند دەخۆن کە فارسی شەکەرە. دیارە حەزرەت و ئیمامەکانیش هی خۆیان نین و ئەوانیش بە جۆریک شەکەرن. ئەم درۆیە ئەوەندە بەربەرینە پەلی هاویشتۆتە نێو ژیانەوە، خەڵک لەگەڵ خۆشیان درۆ دەکەن. دەبێ چەندە خۆش بێت خۆت درۆ بکەی و هەر خۆت بڕوای پێبکەی؟

ئەمەی باسی دەکەم چوونکە بڕوام پێیەتی، درۆ نییە. ئێرانییە ڕەسەنەکان هەندێکجار تووشی هەڵوێستی ناخۆش دەبن و لەوێدا درۆ و ڕاستی وا تێکەڵ دەبن سەگ سێحەبی خۆی ناناسێتەوە. بۆ نموونە ئەگەر ساڵی کۆچیی مانگی وا بکەوێ ئەمڕۆ ساڵرۆژی چلەی شەهیدکردنی ئیمام حوسێن و بۆ سبەی ئاخرین چوارشەممەی ساڵی کۆچیی هەتاوی بێت (تکایە مانگ و هەتاوتان لێ تێکنەچێ)، ئەم دوو ڕۆژە پێشاندەری ڕەسەنایەتییەکی تەواون. یانی تەواو-کەری یەکترین. تەنیا ئەم ڕۆژە دەتوانێ ڕەسەنایەتیی ئێرانیبوون بەیەکەوە کۆ بکاتەوە. دیارە چەند ڕۆژ پێشتر کاردروستایەتیی ئەم دوو بۆنە پیرۆزە دەکرێ و کەرەستەی تایبەت بۆ هەردوو بۆنەکە ئامادە دەکرێ. من ناوی کەرەستەکان بە تێکەڵی دەڵێم، ئێوە ئەگەر ئێوە پێتان خۆشە بە جیای دابنێن. کەرەستەی ئەم دوو ڕۆژە بریتین لە: دەستەچیلەی ئاگر، شەڵواری ستریتی تەسکی کورت بۆ خانمان، بلووزی ڕەشڕەش و کراسی سوور و زەرد و ئالاووالا، مەقنەعە و ڕووسەریی تاریک و قژی لوول و پەخش و پەرێشانی زەرد و نەرم و زنجیری لە خۆدان و ڤیسکی و بیرە و ئەگەر نەبێت ئارەقی دەستساز و گیتاری ڕۆژئاوایی و دەهۆڵ و نەقارەی تازیەداری. لەگەڵ کاسێت، سی دی یان میمۆریی نەوحەخوێنی مەدداحانی ئەهلی بەیت و "جونێجوونەم"ی لەیلا فروهەر و گۆرانیی تێکەڵەی "بەریباخ ئەی بەری باخ"ی مەنسوور. ئەم کەرەستانە بە گوێرەی زەوق و سەلیقەی خێزان و گەڕەکی جیاواز گۆڕانیان بەسەر دادێ. دیارە بەشێک لەم کەرەستانە بۆ ڕۆژی چلەی شەهادەتی ئیمامی دووهەمن و بەشێکیشیان بۆ چوارشەممە سوورین. جیاکردنەوەی پێداویستییەکانی ئەم دوو بۆنەیە بۆ هەر ئێرانییەکی ڕەسەن وەک ئاوخواردنەوەیە، بەڵام کێشەکە لەمەیاندایە، بەکاربەرانی کەرەستەکان لە کاتی زنجیرلێدان و بیستنی دەنگی نەوحە سەرخۆش دەبن و هەڵدەپەڕن و لەکاتی خواردنەوە و بیستنی "بەریباخ های بەریباخ"یشدا هەر وادەکەن. بەڵام لە بۆنەی یەکەمدا ناوێرن پێبکەنن.

ئەگەر ئێوەش پێم پێنەکەنن، لەنێو کەرەستەکانی ئەم دوو بۆنە پیرۆزەوە زۆر خێرا دەڵێم جەژنی هەشتی مارستان پیرۆز بێت.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٥ی مارچی ٢٠٢١

## پستە و تۆمگوڵەبەڕۆژە و کوولەکەی بەکرێ

پستە و تۆم گوڵەبەڕۆژ و کوولەکە و نۆک و باوی بەکرێ دەدەین.

سەرەتا واباشترە لەجیاتی پستە و سوێرەمەنی، بە کورتی لە هیپنۆتیزم بدوێین و پاشان بە هەوڵ و قووەتی خوای مەزن و مێهرەبان یان من ئێوە هیپنۆتیزم دەکەم و یان ئێوە یەکتر هیپنۆتیزم دەکەن، یان هەرکەس خۆمان هیپنۆتیزم دەکەین.
چ من ئێوە بهیپنۆتیزمێنم و چ ئێوە من بهیپنۆتیزمێنن و چ هەرکەس خۆی بهیپنۆزمێنێ و چ هەر کەسە و ئەوی تەنیشت خۆی بهیپنۆتیزمێنێ، بە هەموو لایەکدا کاری ئێمە جێبەجێ دەبێ.

توێژەرانی دەروونناسی لە ئاکامی لێکۆڵینەوەی زانستیانە فێری هیپنۆتیزم بوونە. ئەو کەسەی کەسی هیپنۆتیزمکراو دەلاوێنێتەوە یان وەک دەڵێن هیپنۆتیزمی دەکا، وای لێدەکا پەیوەندیی لەگەڵ ئەم جیهانە بەرهەستەی ئێستادا ببڕێ و جڵەوی بە تەواوی بکەوێتە دەست ئەو کەسەی دەیلاوێنێتەوە. لە کاتێکدا وا دەردەکەوێ لە ڕواڵەتدا خەوی لێکەوتووە، لە ڕاستیدا لەم جیهانە بەرهەستەی سەردەمی خۆی دابڕاوە.

نازانم ئەم چەند دێڕەی لەسەرەوە نووسیومن ڕەشیان بکەمەوە یان هەر ئەوا وازیان لێ بهێنم و بە نێوچەوانی ئەم بابەتەوە بمێنن. بۆیە بەتەما بووم ڕەشی بکەمەوە، بیرم لەوە کردەوە ئێمە یانی ئەو کۆمەڵە نەتەوانەی شتێکی سەیروسەمەرەی بە ناوی ئێرانمان پێکهێناوە، لەمێژساڵە هیپنۆتیزم کراوین و بە هیپنۆتیزمکراوی ماوینەتەوە و بە قەرایی تووڕێکی ڤانگ ئاگامان لە سەردەم و دەوروبەری خۆمان نەماوە.

ڕەنگە بڵێن کەسێک شێت نەبێ و عەقڵی نەگۆڕابێ، لە سەدەی بیستویەکەم و لە سەردەمی ئینترنێت و سەتەلایت و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و بچووکبوونەوەی جیهان و ئەم هەموو زانیارییە، چۆن دەڵێ کۆمەڵێک خەڵک کە ژمارەیان پاڵ وە نزیکەی هەشتا ملیۆن کەس دەدا، بە یەکەوە هیپنۆتیزم کراون؟ بەڵام هیچ بە دووری نازانم کەسێک یان دوو سێ کەس هەموومانیان بە یەکەوە هیپنۆتیزماندبێ. پێمخۆشە بە مەیلی من نەبێ و نەهیپنۆتیزمێندرابین، بەڵام:

- بەردەوام چاومان لە شاشەی موبایلە و وەک دیلەواران بە زمانی خۆمان و چەندین زمانی دیکە بابەتی سەیر و سەمەرە و

گرنگ دەخوێنێینەوە. لەبەر وێنە و ڤیدیۆ و نووسراوی جوراوجۆر دەگرینەوە و دەیانخەینە بەردەقانیی "کلیک" و "سێند" و ڕێتۆڕی کۆمەڵایەتیی دیکە و دوست و هاوڕێ و خزم و کەس و کاریان دەهاڵێنن. لەخۆمان دەفشین و هەمووی وەک زانیاری و کۆکراوەی ڕەنجی ماندووبوونی خۆمان دەناسێنین. بەڵام ئەگەر بێینەوە هۆش و بکەوینەوە سەر حاڵەتی ئاسایی ئەوەی تێیدا بڕ ناکەین زانین و مانینە.

- هەر بە "کلیک" و "سێند"ێک دتوانین داوا بکەین گیپە و مریشک و خوراکی سەیر و سەمەرەی و وەک "بیف" و "فینگەر" و "لابستێر" بە "دلیڤەری" بگاتە دەستمان. بەڵام کاتێک خەریکی خواردنین زیاتر حەزمان لە ڕشانەوەیە.

- ئەو کاتەی دەچینە قوتابخانە یان لە زانکۆ بەتەمای نووسینی وتار و بابەتی زانستین یان بەتەماین بەرگری لە زانیارییەکانی چەند ساڵ خوێندنمان بکەین، کۆمەڵێک دەقی ئامادە لە ئینترنێت ڕا دەدزین و بە لیکاوی نەزانی بەیەکتریانەوە دەنووسێنین. بەڵگەی خوێندمانی پێ وەردەگرین، بەڵام لەکاتی دەردانەوەی زانست لە مێشکمانەوە، وەک ئەوە وایە ئەسکوێ لە مەنجەڵی بەتاڵ وەربدەین.

- خەباتگێری هەر باسی مەکە. ئەویان زۆر سەیر و سەمەرەیە. بۆ وێنە ساڵرۆژی کۆچی دوایی سەرکردەیەکی سیاسی، هەموومان وێنەی خۆمان بە هێمای یادی ئەو دادەپۆشین و تەنانەت ئەگەر هاوچاخی ئێمە بووبێ و وێنەمان لەگەڵ نەگرتبێ و بۆمان بلوێ بە فۆتۆشاپ و مۆتۆشاپ شتێکی هەر جێبەجێ دەکەین و بڵاوی دەکەینەوە. بەڵام لە کاتی کردەوەدا وەک کیسەڵ و سەدەفی دەریایی و شەیتانۆکەمان بەسەر دێت. هەتا قەپێلک قایمتر بێت، ئاسوودەترین.

- زانایەک ناوێرێ لە ترسی ئێمە بمرێ، ئەوەندە پێی هەڵدەڵێن هەر مەپرسە. بەڵام کاتێک ناوی کتێب و نووسراو و بەرهەمەکانی دەبرێت، لەرز و تامان دێتێ نەکا سەبارەت بە دەقەکانی پرسیارمان لێبکرێ.

ئەمەیان دنیای نێت و تۆڕ و مۆڕی کۆمەڵایەتی بوو. جا ئەمجارە وەرنە سەیری جیهانی دەرهەست و ڕاستەقینە:

- گۆشتی نەرمە هیچ، لە دەستمان نایەت کیلۆ گۆشتێک بە هێسکەوە بکرێن. بە ڕاوەستان لە نۆرەی کڕینی ئەو هێسکانەی گۆشتفرۆش بەکێردی تیژ لستوونیەوە، وەک بزنی بزۆز دە یەکدی هەڵدەقۆچین.

- یەک کیلۆ لیمۆی ترش بە ١٩٠ هەزار تمەنە. بۆ ئەوەی ترشایی ئاو نەزێنێتە دەممانە، بیر لەوە دەکەینەوە لیمۆ خڕە یان

هێلەكەییە.

- كاتێک نەورۆز دێ، گەلی عاباشۆڕ و كۆڕی ئاخوندان دەڵێن نەورۆز جەژنی ئاژەڵە و سەوزبوونی دنیا بە دڵی ئاژەڵی خۆشلەوەرە و هی مرۆڤ نییە، ئێمەش خێرا خێرا تەقتۆقیلە بە خۆماندا دەتەقێنینەوە.

بۆ دەرچوون لە هەموو ئەم گێرە كێشەیە و هەڵكێشانی هەناسەیەكی قووڵ و سازگار مزگێنیم پێیە. مزگێنییەكی خۆش كە هەرگیز بیری لێناكەنەوە. ئەویش ئەمەیە: دوكانداره سوێرەمەنی فرۆشەكەی سەرشەقامی سەرەكیی دووسێ كوتە كاغەزی جوانی بە جامخانەوە داون و لێی نووسیون: "بە بۆنەی سەری ساڵ و جەژنی نەوروز و بۆ سەر سفرەی حەوسین پستە و سوێرەمەنیی كرێمان هەیە". هەی خەنی لە خۆمان، دەتوانین پستە و تۆم كوولەكە و باوی و سۆیرەمەنییەكانی دیكە هەر كاتژمێریک بە ٥ هەزار تومەن بەكرێ بهێننە ماڵەوە و سفرەی حەوسینی پێ برازێنینەوە. ئەگەر میوان زۆر لە ماڵ نەمێننەوە و منداڵان دەست بۆ سوێرەمەنییەكانی سەر سفرە نەبن، وابزانم بە هەرزانی لەسەرمان دەوەستێ.

ئەو كوردانەی هیپنۆتیزمی چل ساڵەش نەیگرتوون، بیر لە حەوسینەكەی هێمنی شاعیر دەكەنەوە كە دەڵێ:

سەقز و سەردەشت و سنە و سابڵاغی كرد غەرقی خوێن
سێ‌تری ویستن، گوتی بۆ سفرە حەوسینم دەوێ

سەرچاوە: ماڵپەڕی كوردستان و كورد - ڕێكەوتی: ٢٠ی مارچی ٢٠٢١

## شەمشەمەکوێرەی دووپێ حەزی لە چ تاریکەشەوێکە؟

میللەتی دواکەوتوو بە زەحمەت لە ڕاستی تێدەگا و پێش دەکەوێ. میللەتانی جیهان هەتا نوێتر دەبنەوە، عاقڵتر دەبن و زیاتر تێدەگەن. میللەتی ئێمەش پێچەوانەیە، هەتا زیاتر دەڕواتە پێش داب و نەریت و خوو خدەی باشی ڕابردووانیانیشی بە لاوە دەنێت. لێرەدا مەبەست لە میللەت نەتەوە نییە. کەیفی خۆتانە ئێوە میللەت بە چ پێناسەیەک دەناسێنن، بەڵام "میللەت" لێرەدا هەموو خەڵکی نێو چوارچێوەی جوغرافیایەکی سیاسی دەگرێتەوە کە یەک دەستەڵاتدار خۆی بە دەمڕاست و کەللا و کەیخودای دەزانێ و نەتەوە و مەتەوەی دیکەی نێو ئەم جوغرافیایەش فت.

وەک گوتمان میللەتی دواکەوتوو زۆر خوو و خدەی ڕابردووانی لەبیر نامێنێ. ئەو ڕابردووانەی هەنێکجار مەودای دوور و درێژیان بە هەنگاوێکی سووک بڕیوە. بۆ وێنە لە گوندێک کە چەندین ئەویندار و عاشقی پیاوی تێدا بووە، هەموویان هەوڵیان داوە لە ئەشکەوت یان لە کۆنەئاغەڵان شەمشەمە کوێرەیەک بدۆزنەوە و بە زیندوویی بیگرن. خەڵکی ئەوکاتیش وەک ئێستا دەستقووچاو نەبوون. هەرکەس شەمشەمەکوێرەی بە زیندوویی گرتبایە، سەرەتا خۆی هەردوو باڵی دەگرت، سەرەوبنی دەکرد و چۆڕە ئاوێکی تێدەکرد و دەیخواردەوە. ئەم کارە بۆ نەرمبوونی دڵی کچان یەکاویەک بووە و وەک دەڵێن دڵی کچانی نەرم کردووە و مەخسوودی دڵی کوڕانی عاشق بۆ پێگەیشتنیان بە خێرایی ڕۆشتینی تیشک حاسڵ بووە. پاشان شەمەشەکوێرەی بەدیلگیراو لە نێو گوندیدا دەست بەدەست گێڕدراوە. ئەوانەی عاشقیش نەبوون بۆ وەدیهاتنی ئاوات و ئارەزووی دیکەیان چۆڕە ئاوێکیان لە قووڵایی باڵیەوە فڕ کردووە. وەبزانم ئاوخواردنەوە بە باڵی شەمشەمەکوێرە بۆ ژنان ڕەوا نەبووە. یان بە هۆی مێینەبوونیانەوە و لە ترسی پیاوان نەیانوێراوە بە ئاشکرا لە شەمشەمە کوێرەش نزیک ببنەوە. ژنان هەرلە بنەڕەتڕا ڕکیان لە شەمشەمە کوێرانە.

ڕەنگە بپرسن میللەت و شەمشەمەکوێرە کوجا مەرحەبا؟ هەزار ڕەحمەت لەو پیر و پێشینیانەی دڵۆپ دڵۆپ ئاوی سەر باڵی شەمەشەمەکوێرەیان وەک ئارەقی سەرگۆنا و بەرگەردنی یار ڕامووسیوە. ئێستا ئەوانەی درێژەپێدەری ئەم هزرەن بە خۆشییەوە لە نێوماندا لەکەمییان داوە، بەڵام کەسی وایان هەیە جڵەوی سەرۆکایەتی و ڕێبەریی ملیلەتیشی بەدەستە.

ئەمەی سەرەوە باسی سەردمی کۆنی ناسین و تێگەیشتن لە سوود و بەهرەی شەمەشمە کوێرە بوو. بەڵام ئەوەی ئێستا سەبارەت بەم بوونەوەرە فریشتە ئاسایە دەرکەوتووە هەر لە گوتن نایە. مەبەستم لە فریشتە، "فریشتەی نەجات" یان

فریشتەی ڕزگارییە. دیارە فریشتەی ڕزگاری دەست و باڵی ئەوەندە ئاوەڵا نییە بە دادی هەموو کەس بگا و لە بنەڕەتڕا پێوەندیی نێوان شەمشەمەکوێرە و فریشتەش کەمێک پێچەڵاوپووچە. شەمشەکوێرەیەک حەزی لە تاریکی بێت و لە ترسی بوونەوەری دیکە قاچی لە میچی ئەشکەوتان قایم بکا و لەوێوە بە سەوروبن هەڵواسراوی بخەوێ، ئەگەر ببێتە فریشتەی نەجاتیش کەسانی وەک خۆی شەوپەرست و ترسنۆک و تاریکیخواز ڕزگار دەکا. چونکە شەمەشمەکوێرە کەسان و گرووپی شەوپەرست و ترسنۆک و تاریکیخواز ڕزگار دەکا و مانای وشەی "ڕزگاری"یش لەگەڵ ئەمانە ناگونجێ، ناچارین بە قسەی خۆماندا بچینەوە و ئەم وشەی "ڕزگاری"یە کە بەمانای درچوون لەژێر کۆیلەتی و دیلی و سەربەستییە، بە وشەی "قوتار" بیگۆڕینەوە کە ئەویش بەمانای ڕاکردن و دەچوون لە دۆخێکە و هیچ بۆرە پێوەندییەکیشی بە سەربەستییەوە نییە. لیرەدا بە ناچاری و بە جۆرێکی کاتی و بۆ ئەم بەمەستە دیاریکراوە، دەست بۆ بەرهەمی خەیاڵ و دەسترەنگینیی و ڕەوانبێژیی نووسەرانی زمانپاراو دەبەین و دەستەواژەی "فریشتەی ڕزگاری" دەکەین بە "فریشتەی قوتارکەر". دیارە قوتار"کەر"یش تەنیا بوونەوەرێکی سنووردار قوتار دەکا.

دوای ئەوەی زانایان و توێژەران بۆیان درکەوت شەمشەکوێرە ئەرکی گواستنەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا بۆ مرۆڤی گرتووەتە ئەستۆ، خەڵکیکی زۆر سەریان سووڕ ما، بەڵام شارەزایانی خێوی میللەتی نەزان قووڵتر بیریان لەم بابەتە کردەوە. دوای لێکدانەوەیەکی خێرا چوونەوە سەر بنج و بناوانی خۆیان و خزمایەتیی شەمشەمەکوێرە و دۆخەکەیان قۆزتەوە و هەوڵیان دا بە واژووکردنی گرێبەست لەگەڵ وڵاتی شەمشەمەکوێران یارمەتیی فریشتە قوتارکەر بقۆزنەوە. بەڵام سیاسەتزانانی چین خاوەنە شەمشەکوێرەن و ئەمانەی لای خۆمان خۆیان شەمشمەکوێرەن، ئاکامی ئەمەیە ئەوان مروڤن و ئەمانە نا.

زانایان دەڵێن یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی شەمشە کوێرە ئەمەیە لە تاریکیدا سیگناڵێکی هەستپێنەکراو بەرەو بەرانبەر خۆیان دەهاوێ خێرا خێرا زایەڵەی سیگناڵەکە بۆی دەگەڕێتەوە بەم جۆرە کە لە تاریکیدا دەفڕێ. شەمشەمەکوێرەی دووپێش هەر وا دەکا، تەنیا جیاوازی لە جۆری تاریکیدایە. شەمشەمەکوێرەی باڵدار تاریکیی سروشتی دەوێ و ئەوەی دووپێیەکە لەنێو تاریکیی مێشکی مرۆڤدا باڵ دەگرێ. لەسایەی مانەوەی دەستەڵاتی نزیک نیوسەدەی شەمشەمەکوێرەی دووپێدا سەلێمنراوە مێشکی میللەتدا چ تاریکەشەوێکە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٥ی ئەپریلی ٢٠٢١

## کوردایەتیکردنی بێژانەسەر

ڕووم لە خودی جەنابتە. تۆ کە ئەم ڕۆژنامەیەت گرتووەتە دەست و یان لە سەر شاشە لە ئینترنێت لێی ورد دەبیەوە و دەیخوێنیەوە. بە تۆ دەڵێم مەکە کەسم مەکە. مەکە دادە مەکە، مەکە کاکە مەکە. ئاخر بۆ ئاوا دەکەی؟ بۆ خۆت تووشی مەترسی دەکەی؟ بۆ خۆت تووشی تیرۆرکردن و تۆپباران و مووشەکباران دەکەی؟ بۆ مەگەر نازانی شێوازی زۆر ئاسان و بێمەترسیی کوردایەتیکردن هەیە؟ باشە ئەدی بۆچی ڕووت کردووەتە ئەم کارە مەترسیدارە؟

ڕووی قسەم لە کوردانی ڕۆژهەڵاتە. کوردانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەڵێم. ئەوانەی لە ڕیزی حیزبی سیاسی و ڕێکخراوی مەدەنیدا چالاکن.

بۆچی وا دەکەن کەسی من بۆ؟ بۆچی خۆتان تووشی ئەم عەزاب و دەردەسەری و کوێرەوەرییە دەکەن؟ ئاخر بە ئێوە چی لێرە ناهێڵن کوردان بە ئازادی حیزبی سیاسییان هەبێ؟ بە ئێوە چی کارخانە و کارگە لە کوردستان دروست ناکەن؟ بە ئێوە چی خەڵکی کوردستان بۆ کار و بەڕێوەچوون دەڕۆنە کوورەخانە و خشتبڕین؟ بە ئێوە چی خەڵک لەسەر ئەم زەوی و زار و باخوڕەزانە دەکەونە سەر مین و دەمرن یان قاچیان لێدەبێتەوە. بە ئێوە چی بەڕیوەبەری ئیدارەی شار و پارێزگاکانی کوردستان لە شیراز یان لە ئیسفەهانەوە دەهێنن؟ بە ئێوە چی بەڕێوەبەرانی هێزی ئەمنی و ئاسایش خەڵکی تەبریزن؟ ئەوە نییە کاتێک ئیسفەهانییان دەڵێن "ئیسفەهان نیوەی جیهان"، تەورێزی وڵامیان دەدەنەوە و دەڵێن "بە مەرجێک تەورێز نەبێت؟" هەر بەڕاست بەئێوە چی چەکدارانی هێزی ئینتیزامی لە مەشهەد و شیراز و یەزدەوە دێن و لە دالاهۆ و ئاربابا و شاهۆ و قەندیل و کێلەشین و خواکورک تەقە لە کۆڵبەران دەکەن؟

بە وردی دەگەڵ تۆمە، تۆ کە ئەم دێڕانە دەخوێنیەوە. ئەگەر ڕاست دەکەی و حەزت لە کوردایەتییە، بڕۆ لە سەر دەستی شێخ موحسینی ڕەزایی تۆبە بکە و لە نوێوە دەست بە خەبات و کوردایەتی بکە. کوردایەتییەک نە لە سەری دەربەدەر دەبی و نە بەهۆیەوە تۆپباران و مووشەکباران دەکرێی و نە دەبێتە هۆی کوشتنت لە پەنا و پەسیوان. شێخ موحسین ئێستا کە لە بەرەبەری هەڵبژاردنێکی دیکەی سەرۆککۆماریدایە و دیسان دەیەوێ وەک سێچوار هەڵبژاردنی پێشوو بچێتە ڕیزی بەربژێران و ئەگەر دەنگی نەهێنایەوە پاشەوپاش بکشێتەوە و "قوون بداتەوە" سەر کورسیلەی بەڕێوەبەرایەتیی کۆمەڵەی دەستنیشانکردنی بەرژەوەندییەکانی کۆماری ئیسلامی. باشە بە تۆ چی ساڵانی بەرێ دەنگی نەهێناوەتەوە؟ یا نەیهێنێتەوە. بە تۆچی شێخ موحسین دەڵێ لە بواری ئەمنییەوە قوونمان ئاوەڵایە؟ بە تۆ چی کاک شێخ موحسین دەڵێت ڕاستە ئیسرائیل

بە هەزاران بەڵگەی نهێنیی سەبارەت بە چالاکیی ئەتۆمیی ئێران دزیوە؟ بە تۆ چی شێخ موحسین بابەت و نووسینی خەباتێگرانی کوردی "ژانەسەرنەخواز" لە ماڵپەڕە "ناک" و "تاب"ـەکانی بڵاو دەکاتەوە؟

ئەتۆ کاڵەک خۆری یان بێستانڕن؟ مەگەر ناتەوێ بێدردیسەر کوردایەتی بکەی؟ ناتەوێ شانان هەڵتەکێنی و بڵێی کەس لە تۆ کوردتر نییە؟ ناتەوێ لە تیرۆر و ترس و تۆقاندن دوور بی؟ ئەگەر ئەمانە دەزانی بۆچی کەمێک لە ئامانجی سەرەکیی شۆڕشی ئیسلامیی ئێران ورد نابیەوە. بۆچی مەگەر نازانی هەناردەکردنی شۆڕش یان وەک فارسان دەڵێن "صدور انقلاب" ئامانجی سەرەکیی دەسەڵاتی ئێرانی دوای ڕووخانی دەستەڵاتی پاشایەتییە؟ بۆچی شۆڕشی ئیسلامی بۆ پارچەکانی دیکە کوردستان نانێری کە هاوزمانی تۆن بە بەردێک چەند کێلان ناشکێنی؟ کورد نالێ "بە بەردێک چەند چێشکە بکووژی". چونکە کێل شکاندن لە چێشکەکوشتن باشترە. تۆ پاش شکاندنی کێلی نووسەران و ئەدیبان و هونەرمەندانی نێژراوی بەهەشتی زەهرای تاران و وردوخاشکردنی گۆڕستانی نووسەران و هونەرمەندانی گڵکوی بوداقسوڵتانی مەهابادیش نەتزانی کێلشکاندن لە چۆلەکە کوشتن باشترە؟

تۆ ئەگەر حەزت لە کوردایەتییە دەتوانی بە بردنی شۆڕشی ئیسلامی بۆ پارچەکانی دیکەی کوردستان لانیکەمەکەی بەم ئامانجانەی خوارەوە بگەی:

١- تاریفی خەباتی کوردانی پارچەکانی دیکە بە تایبەت هی تورکیە و سووریە یان وەک ئێوە دەڵێن هی باکوور و ڕۆژئاوا دەکەی و بەرچێڵەت بە شانازیکردن بە کوردایەتیەوە فوو دەدەی و فەخری کوردایەتی بە ئەملاوئەولا دەفرۆشییەوە.

٢- لە ماڵی خۆت دادەنیشی. یان مووچەیەکی باش بەم خەباتە وەردەگری و یان دەرفەتی باشت بۆ دۆزینەوەی کار و کاسبی دەست دەکەوێ.

٣- لە بەرانبەر مەترسیی ئەشکەنجە و تیرۆر و تۆپبارانذا بە تەواوی بیمە دەکرێی.

تێبینیی یەکەم: ئەوەی سەبارەت بە باشووری کوردستان یان هەرێمی کوردستان دەیڵێی یان دەینووسی، پێویستە ناوی "هەرێمی کوردستان" لە وشەی "عێراق" دانەبڕێ و بنووووسی هەرێمی کوردستانی عێراق و ئەگەر "هەرێم"ـەکەی پێوەنەنێی باشتریش.

**تێبینیی بن تیبینیی یەکەم**: وەک نووسەر یان سیاسەتەانیش ئەگەر باس لە دۆخی نێوخۆی باشووری کوردستان بکەی، تەنیا مافی پشتگیریکردنی ئۆپۆزیسیۆنی ئەوێت هەیە و دەبێ بەم حەشدومەشد و شتەش بلێی "نیروهای مەردومی".

**تێبینیی بن بن تێبنیی یەکەم:** کاتێک خەریکی هەناردی شۆڕش بۆ باکوور و ڕۆژئاوای کوردستانی، تەنیا ئاگات لە بەڕێز ئەسەد و حزبوڵڵا بێت. بەکەیفی خۆت ئەوانی دیکە بدە بەرێ.

**تێبینیی بن هەموو تێبینییان:** بە هیچ شێوەیەک باسی ڕۆژهەڵاتی کوردستان مەکە. لیرە بەرپرسانی نیزامی موقدەس بە کەڵکوەرگرتن لە "عطوفەت"ی ئیسلامی و بە دروستکردنی پەشیمانخانەی گەورە و مووشەک و فیشەک و میشەک و... لە خزمەت ئیرانییانی ئەسیل دان.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٣ی ئەپریلی ٢٠٢١

## ڕێگەی قودس بە مۆسکۆدا نزیکترە

ساڵی ساڵان تێپەڕین. تێپەڕین ئەو ساڵانەی کۆمەڵی ئەویندارانی کەربەلا و خوازیارانی ئازادیی قودس، لە شەڕی هەشت ساڵەی ئێران و عێراقدا بە پرتاو خۆیان دەچاڵی فیری سوپای عێراق دەهاویشت و هەتا ملان پێوە دەبوون. یان بە فیری دەخنکان و یان بەکۆمەڵ وەسەر مین دەپەڕین و بەسەر یەکدا دەکەوتن. ئەو ساڵانە تێپەڕین، یەکەم وەزیری دەرەوەی ئێران بە ناوی سادق قوتبزادە کاتێک وەژوور بینای وەزارەتی دەرەوەی ئێران دەکەوت سەیری سەردەرگای دەکرد و بە دیتنی دروشمی "نە شەرقی، نە غەربی جەمهووریی ئیسلامی" بەخۆی دەنازی. سادق قوتبزادە کوڕی بازرگانێکی ئیسفەهانی بوو. لە سەردەمی گەنجیەتیدا بەسەر خەباتی محەممەد موسەدیقدا کەوت و لەگەڵ کودتای ٢٨ی گەلاوێژی دژی موسەدیق بوو بە لایەنگری "جەبهەی میللی" و دوای رووخانی رژێمی پاشایەتی بوو بە شوێنکەوتەی خومەینی و کرا بە ئەندامی "شورای ئینقلاب" و وەزیری درەوەی کۆماری ئیسلامی. ئەو دواتر بوو بە سەرۆکی دەزگای رادیۆ و تەلەفۆزیۆن و ئاخری بە تۆمەتی خەیانەت بە قوربانی دوو گوللەی گەرمیان کرد و بۆ هەمیشە ژیانیان تیکەوە پێچا. ئەگەر کای کۆن زۆر بەبا نەکەین دەکرێ بڵێین ئەوە کورتەی ژیانی یەکەم وەزیری درەوەی کۆماری ئیسلامی بوو.

بەڵام ئاخرین وەزیری دەرەوەی کۆماری ئیسلامی. ڕەببی خوا لە زارم بروانێ و ئەم زەریفەی خۆمان مەبەستم حەمەجەوادە، ئاخر وەزیری دەرەوەی کۆماری ئیسلامی بێت. باشە ئەگەر واش نەبێت، ئێستا ئاخر وەزیری دەرەوەیە و هەتا ئێستا کەس نەهاتووەتە جێگەی. قسەی خۆمان بێت و جارێ لەنێو خۆمان دەرنەچێ، ئەم حەمەجەوادەش یان بەدەردی یەکەم سەرۆککۆمار دەچێ، یان بە دەرد یەکەم وەزیری دەرەوە. ئاخر ئەوە نییە بەم ئاخیری وادەی تەواوبوونی پۆستەکەی خەریکە تێشووی شوانی دەخواتەوە؟ کورد دەڵێ "بزن ئەگەر ئەجەلی هات، تێشووی شوانی دەخوات". جگە لەمە ڕێکەوتەکەش ڕێکەوتێکی خراپە. باوکی قوتبزادە بازرگانێکی ئیسفەهانی بوو، باپیرەی ئەمەشیان هەر بازرگانێکی ئیسفەهانی بووە. ڕەنگە هەر لە بنەڕەتڕا ئیسفەهانی وەزارەتی دەرەوەی ئێرانیان پێوە نەیەت. کاک ناحەمەجەوادیش لەوەتی کۆماری ئیسلامی هاتووەتە سەر دەستەڵات لە کۆنسوڵخانەیەکی ئێران لە ئەمریکا دەستی بە کار کردووە و لەم ساڵانەی دواییدا لە وەزارەتی دەرەوە سەری وەدەرنا. میرزا جەواد ئەوکاتەی لە سەردەمی دانووستانی ئەتۆمی لە تەلەفزیۆناندا لە نێوان خانمی مۆگرینیی، بەرپرسی سیاسەتی دەرەوەی یەکیەتیی ئورووپا و جان کێریی وەزیری دەرەوەی ئەمریکا ڕادەوەستا بەردەوام بەرانبەر بە کامێرا گڕ دەبووە و لێوی وێک نەدەکەوتنەوە. نازانم ئەوکات ئەو پێکەنینەی لەچی بوو؟ بە بەژنی درێژی جان کێری پێدەکەنی یان بە قژی ئاڵۆزی خانمی موگرینی؟ ڕەنگە بە هاوکارانی لە تاران پێکەنیبێ کەئەننەهوو ئەوان

بەشی یەکەم

هاوکارانی ژنیان بە مەقنەعە و مانتۆوەن و خانمی موگرینیش زولفی با دەیشەکێنێ بە کوێستان و بەوێدا.

ساڵان هاتن و ڕابردن. ئەمریکا لە ڕێککەوتنی ئەتۆمی کشایەوە و ساڵانی گەشە و نەشەی مامە جەوادیش لە کورتییان دا و پلیتەی بەختی کەوتە کزی. میرزا قاسی سولەیمانی دەلینگی لێ هەڵکرد و بێئەوەی گۆلمەهەرزنێک بە کڵاوی زەریف بپێوێ، بەشار ئەسەدی بانگ کردە تاران و خۆی سەردانی سەرۆککۆماری ڕووسیەی کرد و فڕۆکەی میگی ڕووسیی هێنانە فڕگەی نۆژەی هەمەدان و داوای لە ڕووسیە کرد بێن لە خاکی ئێرانەوە مووشەکی دوورهاوێژ باوێنە سووریە. خوا هەڵناگرێ ئەم حەمەجە جەوادە کاتێک بێپرسوڕا و ئاگاداریی ئەو بەشار ئەسەدیان بانگ کردە تاران، لەداخان ڕۆیشتەوە ماڵ و سووکە دەستلەکارکێشانەوەیەکیشی نووسی. دوایی گوێیان گرت و هێنایانەوە سەر کار. پاش ئەم ڕووداوانە لە نێوان چوونە ژوورەوەی حەمەجەواد و سادق قوتبزادە بۆ باڵەخانەی وەزارەتی دەرەوەی ئێران و تێپەڕین بە ژێر دروشمی سەردەرگادا کە نووسراوە" نە شەرقی نە غەربی، جەمهوریی ئیسلامی" هەست بە جیاوازییەک دەکەین. قوتبزادە بە دیتنی دروشمەکە کەمێک بەخۆی دەنازی، بەڵام حەمە جەواد بیر لە مووشەکی ڕووسی و فڕۆکەخانەی نۆژەی هەمەدان و خێڵی پاسدارانی کوژراوی هاوبەرەی ڕووسیە دەکاتەوە و لە ڕێککەوتنی ٢٠ ساڵەی ئێران و چین مۆڕ دەبێتەوە و لەداخی دروشمی نە شەرقی نە غەربی، وتووێژی چەند سەعاتی دژ بە قاسم سولەیمانی و سوپای قودس و شتی وا تۆمار دەکات. حەمەجەواد دەیهەوێ وتووێژەکەی بڵاو نەبێتەوە و تەنیا کوڵی دڵی خۆی پێ دابمرکێنێ، بەڵام لەبەر بەدئێقباڵی دەقی وتویژەکە دەکەوێتە دەست میدیاکان.

ئێستا کارمان بەوە نەداوە حەمەجەوادی بە ڕەچەڵەک ئیسفەهانی بە دەردی قوتبزادە دەچێ یان وەک یەکەم سەرۆککۆمار بەرەو پاریس و ماریس ڕادەکا. ئەوەی بۆ ئێمە گرینگە ئەوەیە کاکە حەمەجەوادیش وەک ئێمە نەیدەزانی ڕێگەی قودس بە کەربەلادا تێناپەڕێ و بە مۆسکۆدا نزیکترە.

دوو ڕۆژ دوای دەرچوونی ئەم ژمارەیەی ڕۆژنامەی "کوردستان" و بڵاوبوونەوەی ئەم بابەتە بڕیارە عەلی لەپڕێزێرینیش وەک ڕێبەری کۆماری ئیسلامی بە بۆنەی ڕۆژی جیهانیی قودس قسە بکات، با بزانین چ قۆڕێکی بۆ حەمەجەواد گرتووەتەوە و پێشمان دەڵێت چۆناوچۆن ڕێگەی قودس بە مۆسکۆدایە و کەربەلا ناگرێتەوە .

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٦ی مای ٢٠٢١

## ئۆمەتی هەمیشەدەرسەحنە نزیكەی نیوسەدەیە بە پێكوتەی تایبەت كوتراون

هاووڵاتیـان لەژێـر دەسـتەڵاتی كۆمـاری ئیسـلامیدا گلەییەیـان لە هەر شـتێک هەبێـب، نابێـت لە "كوتـان" بەگلەیـی بـن. لەوكـاتەوە كۆمـاری ئیسـلامی هـاتووە، دەستی بە كوتـان كـردووە و ئەو هاووڵاتیـانەی وەک ماسیی لـووس و لیچق نەبـن و لەدەستی هەڵنەماڵێن، بەجۆرێک لە جۆرەكان دەیـانكوتێ. شوكر بـۆ پەروردەكـار و ئـالی بەیت و چاک و پیـری ئەم وڵاتە، دەسەڵاتدارانی كۆماری ئیسلامی هەر لەسەرەتای هاتنە سەر دەسەڵاتیان بیریان لە "پێكـوتە"، واتە واكسینی هەموو شتێک كردووەتەوە. تەنانەت لە دەرەوەی وڵاتیش ئەوەی دەستیان پێ ڕاگەیشتووە، كوتاویانە.

لەم دواییانەدا كاتێک ڤایرۆسی ئەم كۆڤید نازانم چەندە بڵاو بـووەتەوە، زیـاتر بـابەتی پێكوتە و كوتـان كەوتـووەتە سـەر زار و زمانان. خۆ دەنا ئەوە زیاتر لە چل ساڵە حكومەتی مەردومی خەریكی كوتانی بە تاک و بە كۆی هاووڵاتیانە.
پەندێكی كوردی هەیە، دەڵێ: "بزن ئەگەر ئەجەلی هات تێشووی شوانی دەخوا". تێشوو ئەو نـان و خۆراكەیە شوان لەگەڵ خۆیدا دەیباتە چیا و لەوەڕگە و ئەوكاتەی بزن و مەڕ خەریكی لەوەڕینن، ئەویش لەو تێشـووە دەخـوا كە زیـاتر لە گۆشت و ماست و پەنیری مەڕ و بزنەكانی پێكهاتووە.

ڕۆژی ٢٧ی ئەم مانگە واتە مانگی بانەمەڕان ڕێک ئەو مانگەی بێری دەڕۆن بـۆ لاپەڕان، هەشت ڕۆژنـامەی چـاپی تـاران وەک بزنی خراپ داگڕاونەتە تێشووی شوانان و لە "سەروتـار"ێكی هاوبەشـدا بـاسی كوتانیـان كـردووە. ئەم ڕۆژنـامە بیرتەسكانە لەم سەروتـارە هاوبەشەیاندا چەمكی كوتـانیـان تەنیـا لە كوتـان بە پێكوتەی كۆڤیـد١٩دا كـورت كـردووەتەوە و ڕەخنەیـان لە شێوازی هاوردەكردن و دابەشكردنی پێكوتەی دژە كۆرۆنا گرتووە و هەواڵی هێنان و دابەشكردنـی پیكوتەكەیـان بە ئـاڵۆز و ناڕێک باس كردووە و دەڵێن كاری سیستەمی كۆماری ئیسلامی لە هێنـان و دابەشكردنی پێكوتەكەدا زۆر ناڕێكە.

ئەم هەشت بزنە، ببـوورن ئەم هەشت ڕۆژنـامە ئەمەگنەناسە، بە بڵاوكـردنەوەی ئەم وتـارە هاوبەشـەیان لە لایەک تێشـووی شوانیان خـواردووە و لە لایەكـی دیكەوە ئەوەی تێی نەگەیشـتوون ئەو "كوتـان"انەیە كۆمـاری ئیسلامی نیـزكەی نیـو سـەدەیە جێبەجێیان دەكا. ئەم ڕۆژنامانە لەوە زیاتریش پێیان لە بەڕەی خۆیان ڕاكێشاوە و بـاسی "كەرتـی تـایبەت"، واتە "بەخشـی خسووسی"یان كردووە كە چۆن پێكوتەی دژە كرۆنا هاوردەی نێو وڵات دەكا و لە بازاڕی ئازاد دەیفرۆشێتەوە. ئـاخر بڵێ بـزنە ڕۆژنامە، بە ئێوە چی پاسدار لەژێر ناوی كەرتی تایبەتدا ئەم واكسینـانەی كرۆنا لە سیستەمی دابەشكردنی بەخۆڕاییڕا بـۆ

شوێنی دیکە دەگوازنەوە و بە ناوی کەرتی تایبەتەوە دانەی بە چەند میلیۆن تمەن بە هاوولاتیانی هەمیشە دەرسەحەنە و ئوممەتی "شەهیدپەورور"ی دەفرۆشنەوە و پاش پڕکردنەوەی کەسریی بوودجەی گیرفانیان بەشێکیشی بۆ "ڕەزمەندە-گان" و بە "ڕەزمەندە" کردنی هەموەتەنانی شەریف خەرج دەکەن؟

هەی ڕۆژنامەی ئەمەگنەناس، ئەگەر ئەم هەموو چاودێریکردنە حەکیمانەیەی بەرپرسانی ئومەت نەبوایە، هیچ بەدوور نەبوو، خوای نەخواستە بەرپرسانتان بە دز لەقەڵەم دابا و وەک هەندێک خۆپاڵێوی هەڵبژاردنی سەرۆککۆمار باسی لادانی حیجابیشتان کردبا.

لێرەدا بۆ تێگەیاندنی ئەم هەشت بزنە ڕۆژنامەنووسە و هەموو ئەوانەی بەتەمان وەک ئەوان بیر بکەنەوە، بە پێویستی دەزانم بە کورتی یەکەم پێکوتەی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیی ئێرانتان بۆ باس بکەم:

ئەوکاتەی گەلی ئێران چەند مانگ دوای ڕووخانی ڕژێمی پاشایەتی وەک مێگەل هوروژمیان بردە سەر سندووقی ڕێفراندۆم و دەنگیان بە کۆماری ئیسلامی دا، بەڕێوەبەرانی ڕاپەڕینی خەڵکی سەرلێشێواو، بە دانانی دوو بژاردەی "کۆماری ئیسلامی و ڕێژێمی پاشایەتی" لە ڕیفراندۆمدا، ئوممەتی ئیرانیان بۆ چەند ساڵی داهاتوو کێشایە نێو سەرەی کوتان بە پێکوتەی دژی نەخۆشیی دێموکراسیخوازی.

کاتێک گەلی کوردی ژێر دەسەڵاتی ئێران لەم خۆ کوتانەدا بەشدار نەبوو، کەوتە بەر تەوژمی نەخۆشییەکە.

دیارە ئەو نەخۆشییانەی لە دێمۆکراسی دەکەونەوە زۆرن و هەر کامەیان ژان و برکی خۆی بەدواوەیە و بەڵام بەشێکی زۆریان ئاکامەکەیان یەکە.

هەویری ئەم باسی ئاوی فرەی گەرەکە بەڵام لیرەدا تەنیا ئاماژەیەکی سووک بە هەندێک نیشانەی نەخۆشیی دیموکراسیخوازی دەکەین:

١- لەیەکتری جیاکردنەوەی دین و سیاسەت.
٢- خوێندن بە زمانی دایک تەنانەت ئەگەر دایکەکە نەخوێندەواریش بێت.
٣- دروستبوونی حیزب و میزب و ئەنجومەن و مەنجومەن و سەندیکا و مەندیکا و شتی وا.

٤- نارێکبوونی ئۆممەتی هەمیشە دەرسەحنە لە بواری پۆشینی جل و بەرگدا کە دەبێتە هۆی ڕەنگاوڕەنگبوونی جلکی ژنان و دەرکەوتنی قژ و بەشێک لە قۆڵ و سنگ و ڕان و شتی وا کە دەبنە هاندەری هەستی ئەو پیاوە بەڕێزانەی بە جۆرێک لە جۆران بەدەست نەخۆشیی مێشکەوە دەناڵێنن.

٥- بەرهەڵاڵیی لە قسەکردن و دربڕینی بیروڕادا کە هەرکەس دەتوانێ خۆی بیر بکاتەوە و ئەم بیرکردنەوەیە بە خەڵکیش ڕابگەیەنێ.

٦- برەو پێدانی ڕەخنەگرتن.

دیارە بەشێک لەم نیشانەیە لەو هەشت ڕۆژنامەیدا دەرکەوتووە کە ڕەخنە لە شێوازی هێنان و دابەشکردنی پێکوتەی کۆرۆنا گرتووە.

**تێبینی:** ئەوانەی پێکوتەی دژی دیمۆکراسیخوازییان لە خۆیان نەداوە، بوونەتە هۆی دروستکردنی زیندانی زۆر و ڕاکردنی هاووڵاتیان بۆ هەندەران و ماندووبوونی کارمەندانی وزارەتی ئیتلاعات و هیزی ئینتزامی و سوپای پاسداران و لە کۆتاییدا دروستکردنی ترس و دڵەڕاوکێ بۆ دەوڵەتمەردانی موحتەرەم هێندێک شتی دیکەشششششش.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٢ی مای ٢٠٢١



سەرچاوە
Serchawe

## سەرۆک "کۆمار"ی باش هەمیشە مێهرەبانە

ئەم وڵاتەی ناوی ئێرانە و تۆش بە نیشتمانی خۆتی دەزانی، خەڵکەکەی لە نێو پەند و ئیدیۆماندا دەژین. پەند زۆرن، بەڵام لێرەدا یکدوویەکیان لێ شی دەکەینەوە. با ئەم پەندە لێک بدەینەوە کە دەڵێ: "منداڵ ئەگەر بژێت بە گووکردنیەوە دیارە". ئەم پەندە بۆ ئەم سەردەمە زۆر لەبەردڵان نییە، چونکە لەم چەند ڕۆژەی دواییدا گەورەترین کەشتیی جەنگی لە ناوی نیشتمان ئاگر کەوتە دەروونی و لە دەریادا نوقم بوو. هێشتا هەواڵی نوقمبوونی کەشتیی "خارک" بە تەواوی بڵاو نەکرابۆوە، لەولاوە پاڵاوگەی نەوتی "توندگوویان"یش لە نزیک شاری تاران لە خۆشەویستیی نیشتمان کڵپەی خستە دەروونی و بۆسۆی ئاسمانی تارانی داگرت. ئەم ڕووداوانەش لەگەڵ بانگەشەی بەربژێرانی پاڵاوتەی سیزدەهەمین خولی سەرۆککۆماریدا هاوکاتن. بەربژێرانی سێزدەهەمین خولی هەڵبژاردنی سەرۆککۆماری هەموویان دەڵێن دەسەڵات لەبەردەستی گەندەڵاندایە و بۆ ڕزگارکردنی نیشتمان لەدەست گەندەڵان دەیانەوێ ببنە سەرۆککۆمار. سێزدەهەمین خولی سەرۆککۆ-ماریش ژمارەی ١٣ی خستووە سەر ئەم ڕووداوانە.

لێرەدا وەک نێوبڕی بەرنامەی تەلەفیزیۆن و ڕادیۆ دەچمەوە سەر گۆرانییەک کە ڕەنگە دەقەکەیم بە تەواوی لەبیر نەمابێ: "ڕەیحانە، ڕەیحانە ڕەیحانەی جوانم/ دەرگاکەم بۆ بکەرۆ ئەمشەو میوانم."

ئەم نێوبڕە هۆشی منی بەلایەکی دیکەدا برد. وای لێ کردم بۆ لێدانەوەی ئەم بەیتە شیعرەی گۆرانیی ڕەیحانە، لاساییەکی ماموستا عەبدولکەریمی مودەڕیس و ماموستاکانی کوڕی بکەمەوە. ئەوان چۆن دیوانی "نالی"یان شەرح کرد و لێکیان دایەوە، منیش ئەوا ئەم تاکە شیعرە لێک بدەمەوە. بەم جیاوازییەوە کاری ماموستایان کارێکی ئەدەبی بوو و ئەوەی منیش بێئەدەبی نەبێ، سیاسییە.

لە لا بەیتی یەکەمی ئەم شیعرەدا، "ڕەیحانە" ناوی کچە و لە لا بەیتی دووهەمیشدا وشەی "شەو" بە شێوەی مەجازی درێژ دەکرێتەوە و کاتەکەی لە نیوەی ٢٤کاتژمێرە کە تێدەپەڕێ و ڕەنگە زۆر زیاتر بخایەنێ. دەتوانین بڵێین نزیکەی چل ساڵ لەمەوبەر دەستی پێ کردووە و هەتا داهاتووی نادیار بەردەوام دەبێ.

بیرۆکەی لێکدانەوەی ئەم گۆرانییە لەوکاتەوە دەستی بە گووران کرد کە ڕەیحانەی کچی سەید ئیبراهمی ڕەییسی سەرۆک-کۆماری لەمەودوای ئێران لە تەلەفیزیۆنی کۆ-ماری ئیسلامی دەرکەوت. ڕەیحانە کە قەڵافەتی لەباری لەژێر چارشێوە

ڕەشەکەشیدا بە جوانی خۆی دەنواند، بە نوێنەرایەتیی باوکی میوانی بەرنامەی تەلەفیزیۆن بوو. دیارە ئاغای ڕەییسی بە دوو هۆ بۆ ناساندنی خۆی بە بینەرانی گوێلەمستی موحتەرەم ڕەیحانەی ناردووە. لەلایەک ویستوویەتی پیشانی بدا ڕێز لە ژنان دەگرێ و لەلایەکیش وەک ڕیکلامی سەر سابوون و هەویری دەدان و سپیاو وێنەی کچی بۆ ئەم کارە بە باش زانیوە. لێرەدا ئێمە لە تاریکین، ڕەنگە لە بنەڕەتڕا لەبەر بێکوڕی وای کردبێ. هیچ پێویستیش ناکا تۆی خوێنەری ئەم چەند دێڕە خۆت ئەزیەت بدەی و چاو لە ئەرشیڤی بەرنامەی چاوپێکەوتنی ڕەیحانە خانم بکەی. ئەگەر دەتهەوێ قەڵافەتی ببینی، لە بەرنامەکەدا تەنیا لاچاوێکی دیارە و بۆ ئەندامی لەشیشی ئەوە بۆم گێڕایەوە، هی ئەوە نییە بەم چارشێوە ڕەشە داپۆشن. ئەلحەق ئەگەر کچی ئاخوند نەبوایە دەمگوت:

"لادە چارشێوی ڕەشت، با دەرکەوێ کوڵمی گەشت/ چون لە قەڕنی (بیستو یەکەما) زۆر عەیبە ئەو ڕوو گرتنە"...

ئەگەر بشتهەوێ فەرمایشتەکانی لەبارەی باوکیەوە ببیستی، دەڵێن "قسە بیست و چوارە و یەکی بەکارە" قسەی بەکاری ڕەیحانە خانمیش ئەمە بوو: "ئاغای ڕەییسی مێهرەبانە". پیشکەشکار لێی پرسی لایەنی باشی ئاغای ڕەییسی؟ ڕەیحانە گوتی: "مێهرەبانە". پیکشەشکارەکە گوتی ئەدی بۆ لایەنی خراپی چی دەڵێی؟ دیسان گوتی: مێهرەبانە.

ئەم خانمە ڕاست دەفەرموێ ئاغای ڕەییسی بەردەوام مێهرەبانە. هەر بە مێهرەبانی لەدایک بووە. ئەو بەردەوام دڵسۆزە. سەرۆککۆماری نوێی ئێران، لەوکاتەوە حاکمی دادگای ئینقلابی هەمەدان بوو و هەتا ئەو کاتەی لە دادگای تاران بوو بە دادئەستێن و لە مەشهەد کرا بە بەرپرسی "ئاستانی قودسی ڕەزەوی" و ئێستاشی لەگەڵدا بێ کە کراوەتە سەرۆک-کۆمار هەر دڵسۆز و مێهرەبان بووە. ئەوکاتەی یەکێک لە دەمڕاستانی دەسەڵاتی دادوری بوو، هەوڵی دەدا بە دادی زیندانیانی سیاسی ڕا بگا. ئەوکات ئەوانەی دژی دەسەڵات بوون ئەوەندە دڵسۆزیان بوو، خێرا لەکۆڵ گێرە و کێشە و چەرمەسەریی ئەم دنیایەی دەکردنەوە و ئاودیوی دیوی بەهەشت و جەهەندەمی دەکردن. هەم دەگەڵ ئەوان میهرەبان بوو و هەم لەگەڵ دەسەڵات، بەم کارەی هەردوو لای دەحەساندنەوە. ئەوکاتەی بەسەر سەروەت و سامانی ئاستانی قودسی ڕەزەوی ڕادەگەیشت و داهاتی "ماڵی ئیمام ڕەزا"ی لەبەر دەست بوو، دیسان میهرەبانانە دەیخستە ئیختیار وەلیی موسلیمین و ئەویش مێهرەبانانە بۆ حەماس و حیزبوڵڵا و حوسیی یەمەن و شوێنی تریشی بەڕێ دەکرد.

ئاغای ڕییسی چونکە خۆی ڕاستەوخۆ دەستی لە کاری دڵسۆزی و مێهرەبانیدا هەبووە، دانانی وەک سەرۆککۆ-مار لەلایەن وەلیی ئەمری موسلمینەوە کارێکی زۆر بەجێیە و تۆش زۆر بیری لێ مەکەوە. دیارە دەنگەکان دراون و تۆش لە ڕۆژی هەڵبژاردندا بۆ تەییدی ئەو هەموو دەنگەی ڕێبەر لەجیاتی هەمووومان داویەتی، بچۆرە ڕیزی دەنگدان و دوای ئەوەی

وێنەتیان بۆ بڵاوکردنەوە لە تەلەفیزیۆندا گرت، دەتوانی بەتەنیشت سندووقی دەنگداندا بەرەومالّ بسوورێیەوە. بیّ ئەوەی بیر لە "کۆ-مار" و "کۆی ماران" بکەیەوە، هەتا دەگەیەوە لەبەر خۆتەوە گۆرانیی ڕەیحانە ڕەیحانە بڵێیەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٦ی جوونی ٢٠٢١

## تاکتیکی فیمینستێک و خۆپێشاندانی ئیمام مەهدی

تاکتیک و ستراتیژی دوو وشەی زمانی بێگانەن کە لە زمانی کوردیدا بە پلانی کورتخایەن و درێژخایەن مانا کراونەتەوە. بە قووڵی بە مانا و لایەن و ڕەهەندە جوداکانی ئەم دوو وشە یان دەستەواژەیەدا شۆڕ نابینەوە. بەڵام لە زمانی مەزنەپیاوانی سیاسەتەوە دەڵێم تاکتیک واتە پلان یان نەخشەی کورتخایەن و جێبەجێکردنی لە خزمەت ستراتیژی یان بەرنامە و کاری درێژخایەن. ئەوەی لە یەکدوو ڕستەی پێشتردا کەڵکم لە دەستەواژەی "مەزنەپیاوانی سیاسەت" وەرگرت، ویستم وەک تاکتیکی ئەو خانمەی لە یەکێک لە شارانی خۆرهەڵاتی کوردستان خۆی بۆ ئەندامەتیی ئەنجومەنی شارەوانیی شارەکەی پاڵاوتووە، بە هێنانی وشەی ژن لەم کورتە نووسینەدا پیاوانی لای سەروو بێزار نەکەم و لە خۆمیان نەتۆرێنم. منیش لەمەودوا تاکتیکی ئەو خانمە ڕەچاو دەکەم کە بۆ بانگەشەی بردنەوە لە هەڵبژاردنی شوورای شارەکەی جلی پیاوانی کردبووە بەر و نووسیبووی: "پیاوانە بۆ ئاوەدانیی شارەکەم تێدەکۆشم."

منیش وەک دارسمەیەک کە بەردەوام ئەم باغ و ئەو باغ و ئەم دارستان و ئەو دارستان و ئەم بێشەڵان و ئەو بێشەڵان و ئەم دار و ئەو دار و ئەم لق و ئەو لق دەکەم، پێمخۆشە دەنگم بخەمە پاڵ دەنگی ئەم خانمە و بڵێم "پیاوانە لە خزمەتتان دام"، بەڵام جارێ ئەمە ناکەم.

ئەم خاتوونە بەڕێزە بە پۆشینی جلی پیاوانە باشترین ڕێگەی خۆدزینەوە لە خزمەتکردنی شار و خاک و نیشتمانی دۆزیوەتەوە. جلی پیاوانەی کوردی هەرچەند ڕەنگاوڕەنگ و چەندین جۆرە، بەڵام ئەو جلەی خانمە بەربژێرەکە بۆ وێنەگرتن کردوویەتە بەر، جلی ڕەنگخۆڵەمێشیی کەسانی چەکدارە.

پەلەم لێ مەکەن با چەکدارانی کوردیش لە دوو لایەنی جودادا بناسێنم. بێ ئەوەی ڕێز لەم چەکدارانە بگرم یان بێڕێزییان پێ بکەم و یان ناویان بهێنم، لە بواری بەڕێوەبردنی ئەرکدا بەسەر دوو دەستەدا دابەش دەکرێن. دەستەی یەکەم ئەو چەکدارانەن بە مەبەستی دژایەتیی دەسەڵاتی زاڵ ورزگارکردنی نەتەوەیان جلی خاکی دەپۆشن و چەک دەکەنە شانیان. دەستەی دووهەم ئەو چەکدارانەن لە پێناو پاراستنی دەسەڵاتی نابەدڵی خەڵک جلی خۆڵەمێشی دەپۆشن و چەک هەڵدەگرن. ئەم دوو دەستەیە لە کاتێکدا جلی هەردوویان خۆڵەمێشییە، بەردەوام یەکتر دەکوژن. لێرەدا ئەم پرسیارە زەق دەبێتەوە، خانمە بەربژێرەکە جلی کامەیانی لەبەرە. دیارە لەژێر سایەی دەسەڵاتدار خۆی پاڵاوتووە، بەڵام کۆمەڵێک

تیۆریی وەک "ئەشیش بسووتێ نە کەباب" و " کێ کەر بێت من کورتان" و "کەری نێو جۆگە"ی ڕەچاو کردووە؟
جیا لەو تەوەر و شیمانانەی بۆ ئەم هەنگاوەیژنێکی پیاوانەی بەربژێر باس کران و بابەتی سەرەکیی ئەو تاکتیکەی ژنەکە بە دوو مەبەست گرتوویەتە بەر، دوو ئامانج بەدی دەکرێن:

ئامانجی یەکەم ئەمەیە دەیهەوێ لەنێو دەسەڵاتێکی نێرەووەزانەدا بە جل و لێدوانی نێرەووەزانەدا بچێتە نێو دەسەڵاتیان. بەڵام ئامانجی دووهەم لە خۆ بە نێرەوەز پێشاندان و پیاوانە خزمەتکردن لە ڕاستیدا مەبەست لە خزمەت نەکردنە. ئەو باش دەزانێ ٤٢ ساڵە دەسەڵاتی نێرەوەز چۆن خزمەتی شار و نیشتمانی کردووە و لەم نێوەدا ئەویش دەیهەوێ هەر ئاوا بەردەوام بێت. ئەگەر جلی ژنانەی کردبایە بەر، خۆی تووشی بەرپرسیاریەتییەکی زۆر قورس دەکرد کە لێرەدا بۆ ڕوونبوونەوەی جیاوازیی خزمەتی پیاوانە و ژنانە، چەند پرسیارێک دەکەم و ئێوەش ئەگەر پێتان خۆش بوو لای خۆتان وڵام بدەنەوە:

- ژنتان دیتووە لەئێران ببێتە پادشا یان سەرۆککۆمار؟
- چەند ژنتان دیوە لەسەر کورسیی دەسەڵاتی دادوەریی ئێران حوکمی کوشتن نەک هەر بۆ زیندانیانی سیاسی بەڵکوو بۆ قاچاخچیانی مەترسیدار و مرۆڤکوژانیش دەر بکات؟
- چەند ژنتان دیتووە لەنێو ئاپۆرای خەڵکدا پەتی ئێعدام بخەنە ملی مرۆڤ و هەڵیواسن و بیخنکێنن؟
- هەتا ئێستا کامەتان لە زیندان، ژن بە قەمچی لێتانی داوە و شۆکی کارەبای بە گژتان داکردووە و سەروبن هەڵیواسیون؟
لە سەروبەندی ئەم هەڵبژاردنەی هەموو شتێکە لە ئێران، ئەم وڵاتە شتی زۆر لەمەش سەیر و سەمەرەتری بە خۆیەوە دیت. کۆماری ئیسلامی لەڕۆژی هەڵبژاردنەکاندا، هەڵبژاردنی سەرۆککۆمار، ئەندامانی ئەنجومەنی شار و گوندان و قۆناخێک لە هەڵبژاردنی مەجلسی "خوبەرە-گان"ی بە یەکەوە بەڕێوە برد.

یەکێکی دیکە لەم شتە سەیروسەمەرانە هەر لەم سەروبەندەدا سەرهەڵدانی ئیمام مەهدی بوو. هەر چەند لە ئێران چاوەڕوانن ئیمامی زەمان لە چاڵی جەمکرانەوە بێتە دەرەوە، بەڵام ئەمجارە بە لاوازی بە جلی کەسک و شمشیر بەدەست و بە سواری ئەسپی کوێت لە شەقامی شاری ئیسفەهان سەری هەڵدا. بەڵام سەعاتێکی نەخایاند لە کاتێکدا هاواری دەکرد "بمرێ خامنەیی" بەدەست سەربازانی گومناوی خۆی خرۆچۆم کرا. ئەم ئیمام زەمانۆکەیە لە کاتێکدا سەری هەڵدابوو نێرەووەزانی دەسەڵاتداری ئێران دەڵێن ئیمام زەمانی سەرەکیمان خستووەتە چاڵی جەمکەرانەوە. هەندێک کەسیش لە وەها بارودۆخێکدا ڕەخنە لە ژنێک دەگرن بەدەم و بە جەستە دەڵێ من نێرەووەزانە خزمەتی شارەکەم دەکەم.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٤ی جوونی ٢٠٢١

## گازگرتن و فیکەلێدان بە یەکەوە سەرکەوتن مسۆگەر دەکەن

دوای دیاریکردنی سەرۆککۆماری کۆماری ئیسلامیی ئێران لەنێوان پێنج کەسی دیکە لەلایەن فەرماندەی تێژکەڵەوە، سەرۆکی دەسەڵاتی دادوەریی ئێرانیش بە گوێرەی تایبەتمەندیی خۆی هەر لەلایەن ئەم فەرماندە چرچەڵەیەوە هەڵبژێردرا. فەرماندەی هەموو هێزی چەکداری کۆماری ئیسلامیی ئێران و هەرچی چەکداری چەمووشە لە عێراق و یەمەن و سووریە و لوبنان و چەند وردەشوێنی دیکەش لە دیوی لای خۆمان پێی دەڵێن ڕەهبەری موعەزەم.

لە خوارەوە چەند وردە ڕستەیەک بە دوای یەکتردا دەهێنم وهیوادارم وەک خەڵەفاوان نەچم.

ئەو زەمان ڕەفت عەلیە گۆج بە مەکر و فرت و فێڵی عەلیئەکبەری هاشمی لە مەجلیسی خوبرەگان، فشە بکەن و لەگەڵ خوبرە-گان ڕێگە بۆ میراتگری خومەینی خۆش بکەن.

ئەو زەمان ڕەفت عەلیە کۆسە بە عەلیە کۆڵ بڵێت تۆ بۆ ڕێبەر باشی و ئەویش بە فێڵ بڵێ من بۆ ڕێبەر نابم. عەلیە کۆسەش بڵێت با بەدی، چۆن نابی؟ لە تۆ باشترمان دەست ناکەوێ.

ئەرێوەڵا ئەو زەمان ڕەفت عەلیە کۆسە کیسە بۆ سەرۆککۆمارییەتیی ئێران هەڵبدروێ و وای دابنێ عەلیە کۆڵ دەکاتە ڕێبەرێکی بێدەستەڵات و خۆی یاسای بنەڕەتیی ئێران هەموار بکاتەوە و سەرۆکوەزیران لە پێکهاتەی دەستەڵات لاببا و خۆی وەک سەرۆک کۆمار هەموو دەسەڵات بگرێتە دەست.

هێندەی گڵ لەسەر گۆڕی دایکی عەلیەکۆس و خۆیەتی، سەد ئەوەندە تەمەنی تۆی خوێنەر درێژ بێت. ئاخر دایکی عەلیە کۆسە کاتێک لە ڕەفسەنجان دەرودراوسێ دەیانگوت ئاغای ڕەفسەنجانی هێندە لە تاران چی دەکا؟ وێڕای تفکردنەوەی تۆێکڵە پستەیەکی بێخوێ، بە زمانە شیرینە فارسییەکەی خۆی دەیگوت" علی اکبر رفته تهران پادشاه بشه" (عەلی ئەکبەر چووەتە تاران ببێتە پاشا).

جا ئەو زەمان ڕەفت عەلیە کۆسە گوێی عەلیە کۆڵ بگرێ و لە جێگەی خومەینی دابنێت و خۆی بەلای سەرۆککۆماریدا بەرەو

پاشایەتی هەڵکشێت.

بەڵێ، ئەم دنیا حیزە هەتا سەر بەکەس نامێنێ. کەس نازانێ کێ دەیکا و کێی دیکە دەیخوا. بەڵام هەموو جارانیش وا نییە. ئەمجارەیان عەلیە کۆسە کردی و عەلیە کۆڵ خواردی.

ئەم عەلی ئەکبەرەی بەمن و بەتۆ ئاخری وای بەسەرهات دەگەڵ کاک مەحموود واتە خولەی ئەحمەدی‌نژاد خرایە بەریەک و ئەویشی بەسەردا زاڵ کرا و ئاخری لەنێو حەوزێکدا لە کاتی مەلەکردن دایانە دەست نەمان و لەنێوچوونەوە.

ئێستا لە کاتێکدا خولە واتە ئەحمەدی‌نژاد لەلایەن عەلیە کۆڵەوە ئیزنی پێنەدرا جارێکی دیکە خۆی بۆ سەرۆککۆماری بپاڵێوێتەوە. بە دەم بگەمبگەم و هەڕەشە و گوڕەشەوە خەریکە خۆی بەدەردی عەلیە کۆسە دەبات و هەربینا ئەویش بەدەست فەرماندەی هەموو هێزی چەکداری ئێران و هەموو چەکداری چەمووشی ئێراق و سووریە و لوبنان و یەمەنەوە شرت و گوم بکرێ.

عەلیە کۆڵ دوای ئەوەی پشتی عەلی‌ئەکبەرە لووسەی لە نێو حەوزی مەلەکردن لە زەوی دا و دوای ئەوەی ئەم هەموو حەول و دەوڵەی بۆ خولە دا و کردی بە سەرۆککۆمار و ئێستا ئەویش لێی ئاڵەدین بووەتەوە و دەڵێ ئەم هەڵبژاردنەی ئەم دواییە هەر هیچ نەبوو، ئەمجار خۆی دەزانێت چی دەکات.

عەلیە کۆڵ بۆئەوەی دەست وپێوەندی خۆی تەماحی تێ نەکەن و بە تەمای خوراندنی کەنداڵی بن پێی نەبن، سەرۆککۆمار و سەرۆکی دەستەڵاتی دادوەریی وامان بۆ دادەنێ، هەر مەپرسە.

بلەی ڕەییسی دەکاتە سەرۆککۆمار. جا سەرۆک کۆمار لەوە باشتر لە یەکەم لێدوانیدا بڵێت، چاک چاکم کرد دەستم لە کوشتنی بەکۆمەڵی چوارپێنج هەزار کەسدا هەبوو و دەبێ بە هۆی ئەم کارەمەوە دەستخۆشیشم لێ بکرێ.

سەرۆک دەستەڵاتی دادوەرییەکیشی بۆ داناوین، دادوەری و قەزاوەت شەرع و نێوبژیوانی هەر لەخۆی جوانە. موحسنی ئێژەیی دەڵێم. کاکە موحسن تەنانەت حیسابێک بۆ "زکچوون خوازان"ی خۆشیان ناکات. "زکچوونخواز" ناوێکی نوێیە دارسمە بۆ " ئیسحاڵتەڵەب" واتە "اصلاح‌طلب"انی داناوە.

محسن ئێژەیی کاتێک چەند ساڵ لەمەوبەر دوو قەندانی بە عیسا سەحەرخیزی سەر بە لایەنی زکچوونخوازان دادا، و بە

ددانی تیژی لاشانی گەست، هەر ئەودەم دیار بوو ددانی زۆر تیژن، بۆیە دواتریش کاتێک لە کۆڕێکی خوێندکارانی زانکۆ خوێندکارێک وەک دژایەتیکردنی لێدوانی فیکەی بۆ لێدا، موحسن گوتی ڕۆڵە تۆ دوو یا سێ ئەنگوست دەخەیە نێو دەمت و فیکەیان پێ لێ دەدەی. وا مەکە دەمت گەورە دەبێ، سەیری من کە چۆن بێ ئەوەی ئەنگوست بخەمە دەممەوە وەک بولبول فیکە لێ دەدەم؟

وادیارە گازگرتن و فیکەلێدانی بێ ئەنگوستیش وەک کوشتنی بەکۆمەڵی چەند هەزارکەسی بایەخی خۆی هەیە و ئەویش سەرکەوتنی بەدواوەیە. بە هیوای "سەر-کەوتن"ی هەموویان. ببوورن، "دا"ی پێش " کەوتن"ـەکەم لە قەڵەم کەوت.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٦ی جوولای ٢٠٢١

## بەعبەع و مەعمەع و ئالزایمێری مێژوو

ئەوەندە پێکەنیوم سکم دێشێ و دڵیشم لەگەڵیدا لەژێڵلا دێ. هەر بەخۆم پێناکەنم، بەڵکوو بە ئێوەش. بە هەموو لایەک پێدەکەنم. بەڵام بۆ ئەوەی پشتم تێنەکەن و واز لە خوێندنەوەی ئەم چەند دێرە نەهێنن، تەنیا باسی خۆم دەکەم و دەڵێم بە خۆم پێدەکەنم.

ئەوەندە پێکەنیووم دڵم ژان دەکا، بەڵام خێرا وەک گۆزێک ئاوی سارد سارد، ساردێکی وەک سەهۆڵاوم پێدا بکەن لە پێکەنین و مێکەنین دەکەوم. چاو لە تەلەڤیزیۆن دەکەم. بە دەسکی بێتەلی تەلەفزیۆن ئەم کاناڵ و ئەو کاناڵ دەکەم، هەموویان وێنەی بێئاویی پارێزگای خووزستانی باشووری خۆرئاوای ئێران دەگوازنەوە. وێنەی سێ گەنجی کوژراوی خۆپێشاندان و زەویی شەقار شەقار و گامێشگەلی لە تینووان خنکاو پێشان دەدەن و جارناجار سەرێک بە بن کڵەی وشکی سیوسێ پردی ئیسفەهاندا دەکەن.

دوگمەی "کاناڵگۆڕ"ەکە لەسەر شاشەی هەواڵی تەلەڤیزیۆنێک ڕادەگرم. قسەی خۆمان بێت، زیاتر وێنەی تەڕوبڕی بێژەری هەواڵان سەرنجی ڕاکێشاوم. لەسەر ئەم بێئاوییەڕا با کەمێک سەیری ئەم بەژنە ڕێکوپێکە بکەم. خۆ کەسیش لۆمەم ناکات. ئەو خەریکی خوێندنەوەی هەواڵە و منیش گوێم داوەتێ و تێوەڕاماوم. لەوەتەی پێشکەشکارانی تەلەڤیزیۆن زۆربەیان ژنن، ئیدی بیانوو بەدەست هاوسەرانەوە نەماوە و ئەوکاتەی سەیری ژنی سەر ڕووبەری تەلەڤیزیۆن دەکەین، خۆیانمان لێ مۆڕ ناکەنەوە. هەواڵە و تەواو.

ڕۆژێک گوێ نەدەمە هەواڵان دنیام لێ وێکدێ. چۆن دەبێ نەزانین نرخی زێڕ و نەوت و پارە و دراوان چیان لێهاتەوە؟ چۆن دەبێ نەزانین ئەمڕۆ لە دەوروبەری خۆمان چەند ئۆتۆمبێل خۆیان پێکداداوە؟ چون دەبێ نەزانین سەرکردانمان ئەمڕۆ چند هەنگاو بەرەو ڕزگاربوونمان هەنگاویان ناوە؟ چۆن دەبێ نەزانین بۆ بەیانی تینی هەتاو چەند پلەیە و خێرایی با چەندە؟ بۆ دەبێ نەزانین دیسان بوومەلەرزە لەکوێی داوە و. ...

دادەی ئەم "کاناڵگۆڕ"ەم بۆ باوێنەوە. ئەمەش دەگۆڕم. ژنەتیوە هەیەتەیە! تۆخوا ئەمە هەواڵە؟ لەترسی هەواڵی بێئاوی ئەم کەناڵ و ئەو کاناڵ دەکەم. خۆ بەسەر هەواڵی"نان"یشدا کەوتم. تازە پێمخۆش نییە لەسەر تەلەڤیزیۆن چاوم بەم

ژنەتیوە بکەویتەوە. تۆ خوا بۆ ئەم هەواڵەی خوێندەوە. تازە لەپێش چاوم کەوت. لەمەودوا ئەو ژنە تەڕوبڕ و ڕێکوپێک و جوانچاک و دەنگخۆشەی پێشوو نییە، وەڵاهی ئەمجار دایکی منداڵانیش خۆیم لێ مۆڕ نەکاتەوە، هەر دەیگۆڕم. هەر وەک ژنیش ناچێ دەڵێی نێرەمووکە. بەم هەواڵە جوانەی هەر بەیەکجاری نێوکم کەوت. تۆ خوا ئەمە هەواڵ بوو؟ دڵێت لەمەودوا یەک نانی "بەربەری" بە هەزار و ٨٠٠ تمەن و یک نانی سەنگەک بە ٣ هەزار تمەنە.

ئەوە چل و چەند ساڵی تەواوە خوومان بەم هەواڵانە گرتووە. هەزار خۆزگەم بەو کاتەی تازە لە بیستنی هەواڵان گەرم دادەهاتین. ئەودەم زۆر خۆش بوو. ئەم ئینترنێت و مینترنێت و سەتەلایت و مەتەلایت و شتە نەبوو. تەنیا لە ڕادیۆوە گوێمان لە هەواڵان دەبوو و دوو ڕۆژ دواتریش ڕۆژنامە لە تارانەوە بە گورگەلۆقە دەگەیشتنە ئەم شارانەی ئێمە.

ئینقلاب کرا. گوتیان "دیو چو بیرون رود فرشته درآید". گوتیان بۆنی گوڵ و سوێسنیش دێ. هەر ئەوەندەی پێنەچوو فریشتەیەکمان لێ دەرکەوت کۆڵێک ڕیشی هەبوو. بە ژن و بە پیاوی دەگوت "میکونەم". دەستی بە کوشتنی بەکۆمەڵی خەڵک کرد و بە هەزارانی لەسەر دەستی ئەم سەرۆکۆمارە نوێیەمان گولەباران کرد. ]ڕەبیی شێخ و موشایەخ دەستی بە عومریەوە بگرن و شای نوورانی ئاگاداری بێ، ئەم سەرۆککۆمارە نوێیەمان ئەوکات قۆڵی بۆ کوشتنی ئەو کەسانە هەڵماڵیبوو، فێری "بەع بەع ومەع مەع" نەدەبوون].

ئەرێوەڵا فریشتە شەدەڕەش و ڕیشپان و مرچومۆنەکە، باسی ئاو و کارەباشی کرد و بەوانیشی گوت "میکونەم". گوتی "ئاو و کاربا هەر بەلاش میکونەم" منیش هەر دەمگوت بەع بەع و مەع مەع. من یانی ئەو منەی لەم نووسینەدا نوێنەری نزیکەی هەمووتانم، وردە وردە لە بەع بەع و مەع مەع کەوتم. بەڵام فریشتە ڕیش پانە مرچ و مۆنەکە ئێستاش شەو و ڕۆژ دەنگی لە گوێمدا دەزرینگێتەوە. ئاوی ماڵان وشک دەبێ و ئەو لە گوێچکەمدا دەڵێ "میکونەم"، کارەبا دەبڕێ و ئەو هەر لە گوچێکەمدا دەڵێ "میکونەم". خەڵکی خوزستان و بەلووچستان بۆ قومێک ئاو دەحەواوە هەڵدەچن و ئەو لەگوێچکەمدا دەنگی دەزرێنگێتەوە و بەردەوام دەڵێ "میکونەم."

پاش چل ساڵ من لە بەع بەع و مەع مەع کەوتووم و وردە وردە زمانم گۆ دەکا و فێرە قسە دەبم و فریشتە ڕیشپانەکەش کەوتووتە ژێر خاک و جێگرێکی یەک دەستی لە دوای خۆی جێهێشتووە. ئیدی ئەمەیان لێمان بووەتە دێوی یەکدەست و وەک ئەوەی پێش خۆی باسی "میکونەم" ناکا و وەک فریشتەش ناچێ و تازە پاش پەنجاساڵێک منی هێناوەتە سەر ئەم بڕوایە، ئەمە نەک فرشتە نییە بەڵکوو دێوێکی جوانە، ئەوی پێش خۆی دێوێکی جوان و ئەوەی بەرلە هەردووکیان یانی ئەوی بەر لە شۆڕشە سەقەتەکە جوانترین دێو بوو.

منیش لە جیاتی بۆنی گوڵی سووسەن و یاسەمەن بۆنی خوین دەکەم. ئەویش نەک بۆنی خوێنی ئەو مەڕ و چێڵانەی چەن ڕۆژ لەمەوبەر بۆ قوربانی سەریان بڕین.

لە کۆتاییدا تووشی نەخۆشیی گوێزرینگانەوە بوومە و بەردەوام ئەم ڕستەیەی تێدا دەزرینگێتەوە: "مەن آب و بەرق ڕا مەجانی میکونەم". منیش بە هیوای ڕزگاربوونی مێژوو لە نەخۆشیی "لەبیر کردن (ئالزایمیر)" بەدەم بیستنی ئەم ڕستەیە بیر لە مانای وشەی فرەڕەهەندی "میکونەم" و مانای قووڵی بەع بەع و مەع مەع دەکەمەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٣ی جوولای ٢٠٢١

## دەستێک و چەند پێناسەی فەلسەفیانە

ئەوانەی وەک دارسمەی موخلیستان تەمەنیان زۆرە و لەم ڕۆژهەڵاتی کوردستانە دەژین و کۆلکە خوێندەوارییەکی سەردەمی "شا"یان هەیە، هەموویان یەکەمجار وشەی دەستیان بە نووسراو بە فارسی دیتووە و ئەویش مێژووەکەی بۆ ڕستەی " اسد داس در دست دارد"ی کتێبی فارسیی پۆلی یەکی سەرەتایی زیاتر لە چل ساڵ لەمەوبەر دەگەڕێتەوە. هەر ئەم لاپەڕەیە کە بۆ ناساندنی پیتی "د" بە قوتابیانی سەرەتایی دانرابوو، بە مەبەستی زیاتر شیکردنەوەی ئەم پیتە وشەی "داس"یشی تێدابوو. وشەی "داس" لە نێو ڕستەی " اسد داس در دست دارد"دا بوو. دایارە دواتر کاتێک گەورەتر بووین و زیاتر لایەنە ماناییەکانی "دەست" و تەنانەت "داس"یشمان دیت و شیمان کردنەوە یان بۆمانیان شیکردەوە، بە ئاکامی زۆر سەیر و سەمەرە گەیشتین.

هەزار خۆزگە بەوکاتە لە پۆلی یەکی سەرەتایی دەمانخوێند و وامان دەزانی تەنیا ئەسەد "دەست" و "داس" و تەنانەت "سەبەد"یشی هەیە. سەد هەزاز خۆزگە بۆ ئەودەمی دەخوازین. ئەوکات وێنەی ئەسەدیش لەسەر لاپەڕەی کتێبەکە بوو. نە ڕیشی درێژ و چلکنی هەبوو و (بە داوای لێبووردن لە ژنان و پیاوانی "فێمێنیست") نە سمێڵیشی پاک پاک تاشیبوون.

ماموستا هێمنی شاعیریش دەبێ داوای لێبووردن لەپێشدا لەمن و لە خوێنەرانی ئەم چەند دێرە بکا. وادیارە یەکێک لە شێعرەکانی کە ئەویش وشەی "داس"ی تێدایە، هەستی بە بوونی "داس"ی نێو ئەم چەند دێڕە کردووە، بۆیە خۆی هاویشتە نێو باسەکە:

**"داس"ی مەرگ و نەمان دەسوێ**
**هەوەڵ گەوزی داوێتە کوێ؟**

لێرەدا "هێمن"ی "موخەڕیب و دژە شۆڕش" و سەر بە "سەهیۆنیزم" و "ئیستکباری" جەهانی وایکرد "داس"یش وێرای "دەست" بخەینە بەر لێکدانەوەی فەلسەفیانەوە.

دوای ئەم چل پەنجا ساڵە مام ئەسەدی نێو کتێبی سەرەتاییش بیر و باوڕی گۆڕاوە و ڕیشی داناوە. هەر ئەو نا، هەموو ئەو وێنانەی پیاوان لە کتێبانـدا ڕیشیان بۆ دانراوە و دامێنی وێنەی ژنانی ئەو کاتیش ئێستا لە کتێبانـدا هەتا سەرپەنجەی

پێیان درێژ کراون. دەکرێ بشڵێین دامێنی ژنانی دامێنکورت کەمتر بە قوڕ و تۆز و خۆڵ دەبوو و ئەوان لەوانی دوایی " داوێن پاک"تر بوون.

با بگەڕێینەوە سەر پێناسەی وشەی "دەست". دیارە "دەست" بە تەنیا هەر "دەست"ـە و هیچی دیکە. تەنیا ئەندامێکی جەستەی مرۆڤ و زیندەوەرانی "چوارپەلە". هێندێک لەم "چوارپەلدار"انە لە بەشێکی دیکەیان جوانتر دەستیان پێوە دیارە و وەک دەڵێن لێیان دێتەوە. بۆ وێنە دەستی پشیلە لە کاتی بناگوێ خوراندنیدا، هی مەیموون لە کاتێکدا خۆی بە لقی دارانەوە هەڵدواسێ و هی "ئەسپ"یش لە کاتی قەڵەمباز هاویشتندا. دەستی مرۆڤ زۆر سەیرە. مرۆڤ زۆر فێڵبازە و "دەستی خستووەتە نێو" زۆر شتەوە. بۆ وێنە لە خوارەوە سەیری "دەستی مرۆڤ" بکەن چۆن خراوەتە نێو ئەدەب و پەند و ئیدۆمەوە: "دەستێوەردان"، "دوورەدەستی"، "دەستلەسەر دەست دانان" ،" دەستاودەست پێکردن" ، "دەستی ماندوو"، "دەستدرێژی"، " دەستکورتی"، "دەستبەتاڵی"، "دەستەوئێخە"، "دەستاودەست". "دەستوەشاندن"، "دەستلێهەڵگرتن"، "دەستلێهەڵێنان"، "دەستلێهەڵێنانەوە"، "دەست تێوەرێنان"، "دەستخستنە نێو"، " یەکدەستی"، یەکدەست بوون" و. ...

دیارە دەست، لە زۆر وشەی لێکدراو و دارشتن و ئێدیۆمی دیکەشدا "دەست"ەڵاتدارە. بەڵام بۆ زیاتر فراوانکردنی بەرهەمی "دەست"ی مرۆڤ، تەنیا سووکەئاوڕێک لە دوو ئیدیۆمی کۆتایی واتە "یەک دەستبوون" و "یەکدەستی" دەدەینەوە. ئێمە هەتا ئێستا پێمان وابووە هەردوو دەستی مرۆڤ بەردەوام پێویستن. بەڵام لەم چەند ساڵەی دواییدا بەتایبەت لە ئێران بە درەنگەوە بۆمان دەرکەوت، دەکرێ بە "دەستێک"ەوە هەموو وڵات یەک دەست بکەی و "تەنانەت "چەپڵەشی پێ لێ بدەی.

دوێنێ واتە ١٢ی گەلاوێژی ساڵی ١٤٠٠ی هەتاویی ئێرانی، پیاوێکی "یەکدەست"، "دەستەڵات"ی بە سەرۆککۆمارێکی نوێی ئێران دا کە چل ساڵە بۆ "یەکدەستکردن"ی دەستەڵاتی ئەم وڵاتە تێ دەکۆشێ و ئێستا بەتەواوی بەرهەمی ئەم تێکۆشانەی خۆی دیتووەتەوە. ئۆباڵ بە ئەستۆی ئەو مێژوونووس و چاودێرانەی دەڵێن "ئەم کابرایە ئەو ڕۆژەی تەقەمەنییە کەمەکەی لەنێو "دەنگوەرگر" واتە "ڕێکۆردەرە" کەی بەردەمی دانا، نەیدەزانی "دەستێک"ی دەڕوا، بەڵام دەیزانی بریندار دەبێ. دیارە دواتر بە دەستە پەڕیوەکەی خۆی لەبەرچاوی هاوبیرانی شیرین کرد و بە دەستەکەی دیکەی هەتا کۆتایی تەمەنی "دەسەڵات"ی قۆستەوە و وەک دەڵێن وڵاتی "یەکدەست" کرد و هەرچی هێلکەی هەبوون، خستنیە نێو "سەبەد"ی خۆیەوە.

تێبینی: سەرۆککۆماری نوێی ئێران، دەگەڵ ئەوانەی بەتەمایە بیانکاتە ئەندامی کابینەکە، بەردەوام لە پێناو" یەکدستکردن"ی دەستەڵاتی کابرای "یەکدەست"دا داسی مەرگ و نەمانیان ساویوە.

تێبینییەکیش لەسەر تێبنییەکە، نووسینی تێبینی تەنیا لە داخی خۆ تێوەهەڵقوتاندنی دێڕە شێعرەکەی هێمنی شاعیر بوو.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٧ی ئاگۆستی ٢٠٢١

## تۆ بڵێی "نیسکاو" باشترین درمانی کۆرۆنا بێت؟

بیسمیهی تەعالا. جاری جاران و ئێستاشی لەگەڵ دابێ، لەبەر ئەوەی "بەناوی خوای بەخشندە و میهرەبان" بە زمانی عارەبان زۆر لەم ڕستەیە بە زمانی فارس و کوردان و زمانانی دیکە پیرۆزترە، ئێمە هەرگیز لەسەر نامە و داواکاری بۆ دەوڵەت و ئەملاوئەولا ڕستە عەرەبییەکە نانووسین. دیارە لە ئێرانی خۆمان ئەو ئێرانەی دۆست و دوژمن دەڵێن ئێمەی کورد خاونی سەرەکیین، نووسین بە زمانی کوردی باو نییە و نامە و مامە هەر بە فارسی دەنووسرێن و جا بە ناچاری "بیسمیهی تەعالا" بۆ دەستپێکی نامان زۆر باشترە. مەبەستی ئێمە ئەوەیە ئەم بیسمیهی تەعالایە بکەوێتە نێو قوڕ و چڵپاویش کێشە ناخوڵقێنێ بە هۆیەوە گوناهبار نابین.

جا ئەمجار نامەکەم دەست پێدکەم:
بیسمیهی تەعالا

وێڕای سڵاو بۆ ڕوحی پاک و بێگەردی ئەو ڕێبەرە مەزنەی چەند ساڵ لەمەوبەر لە پێناو کۆتاییهێنان بە ئەو جەنگە هەشتساڵەیەی خۆی هۆکاری دەستپێکردنی بوو، جامی ژەهری نۆش فەرموو. هەروەها دروودی بێپایان بۆ بەڕێوەبەرانی دز و جەردەی گیانبەکەفی حەمامکردنی بەر لە نوێژی دوژمنشکێنی تاران بە ئیمامەتی سەید ئەحمەدە شێتەی خاتەمی و هیوای تەمەنی درێژی بۆ سۆفی عەلی و هاوڕێیانی دەمهەوێ سەبارەت بە "نیسکاو"ی بەرگریکردن کۆرۆنا چەند پرسیارێک بکەم و هیوادارم مەراجعی "زیرەبت" بە هەموو کەیفی خۆیان وڵامم بدەنەوە.

پرسیاری یەکەم: بەپێی کام فتوا و کێهە بەڵگە و چ سەرچاوەیەکی باوەڕپێکراو زانراوە واکسینی فایزێر و ئاسترازنزیکا و جانسۆن ئەند جانسۆن مەترسیدارن و نابێ هاووڵاتیانی ئێرانی ئەم ڤاکیسنانە لە خۆیان بدەن؟

پرسیاری دووهەم: بە کام بەڵگەی چین و ماچین زانراوە کۆرۆنا مەترسییەکی وا نییە و یەک دوو ڕۆژی دیکە کۆتایی دێ؟
پرسیاری سێهەم: ئەرێ سۆفی عەلی ئەو کاتەی ئیزنی نەدەدا واکسینی ئەمریکایی و ئورووپایی بێتە نێو ئێران خۆی چ "نیسکاو"ێکی لە خۆی دا؟

پرسیاری پێنجەم: چۆن بوو سۆفی عەلی گوتی نیەتمە ناماقووڵیم کرد و ئەوەندەی پێتان دەکرێ واکسینی ئیستکباری زل و بچووک و دوور و نزیک بکرن و ئەم خەڵکە لەم وایرۆسە مەترسیدارە ڕزگار بکەن.

پرسیاری سەر هەموو پرسیاران: ئەرێ ئەو کابرا عرووسە بۆچی وێنەی خۆی و باڵێۆزی بریتانیای ڕێک لەو شوێنە گرتبوو کە سەردەمی جەنگی جیهانیی یەکەم سێ سەرۆکی بریتانیا و ئەمریکا و ڕووسیە کاتی کۆبوونەوەی سێ قۆڵی بۆ دابەشکردنی ئێران گرتبوویان؟

پرسیارێکی خۆمانە: ئەرێ بۆچی کاک عەلی موتەهەری کوڕی مورتەزا موتەهەری دەڵێ کۆمارەکەیان کەوتووەتە دەست چین و ڕووسیە؟

دەڵێن لە لێکدانەوەی سیاسیدا، هەموو بوویەر و ڕووداوی دوور و نزیک پێوەندییان بەیەکەوە هەیە و کاریگەرییان لەسەر یەکتر هەیە.

وەک سیاسەتمەداری لە ئێمە شارەزاتر دەڵێن، بۆ تەواوکردنی ئەم پازێڵەی دڵخوازی خۆمان، ناچارین باسێک لە "نیسکاو" بکەین.

وەک زۆربەی ئێوە دەزانن، نیسکاو" لە دوو وشەی "نیسک" و "ئاو" پێکهاتووە. نابێ لێتان تێک بچێ نیسکاو هەمان "نیسکێنە" نییە. نیسکێنە جگە لە نیسک و ئاو کۆمەڵێک پێکاتەی وەک خوێ و چەوری و بیبار و زەردەچێوە و "مەردە"چێوە و شتی وای تێدایە. بەڵام نیسکاو تەنیا نیسک و ئاوی بێ ڕۆن و خوێ و بیبار و زەردەچێوە و مەردەچێوەیە.

بەپێی ئەو ڕاپۆرتانەی چەند کاتژمێر لەمەوبەر بڵاو کراونەتەوە، لە ئێران لەچاو ئەو وڵاتانەی دیکە کە خەڵکەکەی واکسینی کۆرۆنایان لە خۆیان داوە، بە ڕێژەی چەند ئەوەندە خەڵک بە نەخۆشیی کۆرۆنا مردوون. یانی ئەوانەی لە وڵاتان واکسینیان لە خۆیان داوە، بە ڕێژەی زۆر کەمتر لەوانەی لە ئێران واکسینیان لە خۆیان داوە، بە نەخۆشیی کۆرۆنا مردوون. بە تایبەت واکسینی چینی و ڕووسی و ئەو واکسینە بەرەکەت و مەرەکەتەی ئێران خۆی درووستیان دەکا، واباشە ناویان پێچەوانە لە ئاخرەوە پیت بە پیت بخوێندرێتەوە. واتە "نیسکاو"

ئەنجامی کۆمەڵایەتی: "کۆمەڵ-گا" زۆر گوێ ناداتە ئەنجامی کاریگەریی "واکسین و "نیسکاو" لای خۆی و ئەوی بیری

لێناکاتەوە پەتا و نەخۆشییە.

تێبینی بۆ ئەنجامی کۆمەڵایەتی: دو وشەی تێکەڵاوی "کۆمەڵگا" و "کۆمەڵ_گا" لە بواری دارشتن و ماناوە بە قەرایی ماڵی "سەرۆک" و ماڵی "بنۆک"ان لەیەکتر دوورن.

ئەنجامی سیاسی: سیاسەتیش وەک هەموو شتێکی "تراو" شل و توند و پەیت و ناپەیت و ڕێک و ناڕێکیی هەیە. سیاسەتی کۆرنا و واکسینیش وایە و لە نێوان شلشل و توندتوند واتە "شل شل و "پەیتپەیت"ـەکەی دا لە بەرزی و نزمی‌دایە. بۆ وێنە دەکرێ بڵێین "کۆرنا هیچ نییت"، "کۆرۆنا درۆیە"، "کۆرۆنا مەترسیدارە"، "هەوڵ بدەن بە نیسکاوی خۆمان کرۆنا چارەسەر بکەین"، "واکسینی دوژمن مەکرن" و "بۆ دابینکردنی واکسین پەنا بەرنە بەر دوژمنان."

تێبنی بۆ ئەنجامی سیاسی: بە ڕێشی پانە و شۆڕەوە لە پیک و ماپیک دەدا.

ئەنجامی ئابووری: لەبەر ئەوەی لە سەتا نەوەتی خەڵکی نێوخۆ ئەگەر دژی دەسەڵاتیش نەوستنەوە ڕقیان لێیەتی، هەتا زیاتر بە کۆرۆنا بمرن باشترە.

تێبینی بۆ ئەنجامی ئابووری: ئەگەر خەڵکێکی زۆر لە نێوخۆ بە کۆرۆنا بمرن، ئەوانی دیکە لە ترسی لەیەکترگرتنەوە کەمتر بۆ خۆپێشاندان و مۆپێشاندان دژی مەقامان دێنە شەقامان و پێداویستیی نێوخۆش بە پارە و مارە و تفەنگی ساچمەزەن و ماشێنی و ئاوڕشێن و گازی فرمێسکڕێژ کەم دەبێتە و یارمەتیی زیاتر دەدرێتە حیزبوڵلا و حەشد و مەشد و حوسی و مووسی و ئەوانی دیکە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٢ی ئاگۆستی ٢٠٢١

# شینگێڕی بۆ پیاوێکی زلی بێدەنگ

میرزا سەید حەسەن فیرووزئابادی کە چەند ڕۆژ لەمەوبەر تەمەنی درێژی بۆ تۆی خوێنەر جێهێشت، لە خوای میری مەزن دەکەم تەڵەب و تەمەنایێ هێندەی ئەو قورس و سەنگین و گران بوو، هەزار ئەوەندە تەمەنی تۆی خوێنەر درێژ بێ.
لەنێو ئەم هەموو ڕووداو و ئاڵوگۆڕانەی لە ئێران و ناوچە و جیهان لەم دواییانەدا ڕوویان داوە، پێتان سەیر نەبێ کۆچی دوایی فیرووزئابادی کاری کردووەتە سەر دڵ و دەروونی دارسمە.

حەسەن فیرووزئابادی، ئەندامی کۆڕی دیاریکردنی بەرژەوەندییەکانی نیزامی کۆماری ئیسلامی و سەرۆکی پێشووی ئەرکانی هێزگەلی چەکداری ئێران، لە کاتێکدا لە زانکۆی مەشهەد لە تەنیشت ئاستانی قودسی ڕەزەوەی زانستی پزیشکیی خوێندبوو، بەڵام هەتا کاتی مردنی نەیتوانی کێشی کەم بکاتەوە و لە سەنگینی و گرانیی خۆی هەر بەردەوام بوو.

عەلی خامنەیی کاتێک بوو بە ڕێبەری کۆماری ئیسلامی، بەگوێرەی یاسای ئەم کۆمارە هەر لەخۆوە و بێ سێ و دوولێکردن بوو بە سەرۆکی هێزە چەکدارەکانیش و ناوی "فەرماندەی کوللی قووا"شی بۆ خۆی قۆستەوە.

خامنەیی دوای مردنی خومەینی لە مەجلیسی خوبرەگان دەگەڵ عەلی ئەکبەری هاشمی ڕەفسنجانی پیلانی "خوبرە- گان"یان دانا و پاش هەندێک نووکە نووک و دەکەم و پێمناکرێ، بە فرتوفێڵی هاشمی بوو بە ڕێبەری کۆماری ئیسلامی. جا ئەوکات بیری لەوە کردەوە چۆن پیاوێکی بەدڵی خۆی بۆ فەرماندەی ئەرکانی هێزگەلی هاوبەشی چەکداری ئێران [فرماندەی ستاد نیروهای مسلح] بدۆزێتەوە و بیری لێ کردەوە میرزا حەسەن فیرووزئابادی باشترین بژاردەی پڕکردنەوەی ئەم پۆستەیە.

حەسەن فیرۆزئابادی ئەوەندەی لە جەستەدا سەنگین و گران بوو، دوو ئەوەندەش لە خوو و ڕەوشتدا ئەم سەنگینی و گرانییەی پێوە دیار بوو. ئەم فەرماندەیەی هێزی چەکداری ئێران لە کاتێکدا زانستی پزیشکیی خوێندبوو و نەیتوانیبوو خۆی باریک بکاتەوە، فڕیشی بەسەر کاروباری سەربازی و چەکدارییەوە نەبوو. پێش ئەوەی ببێتە فەرماندە، نە ئەندامی ئەرتەشی دژیگەلی! بوو نە ئەندامی سوپای پاسدارانی سەرکوتکەر، بەڵام پیاوێکی بەهەیبەت و هەتا بڵێی سەنگین و گران بوو. دەوری سک و نێوقەدی بازنەیەکی زۆر فراوان بوو. کاتێک لە کۆڕی دەمڕاستان دادەنیشت سمت و ساتی لە هەردوولای کورسی تێدەپەڕین و بەملاوئەولای کورسیدا شۆڕ دەبوونەوە. لەسەر مۆبڵیش بوایە جێگەی دوو کەسانی دەگرت. هەر خوا بۆ ئەوەی دانابوو لەبەرانبەر شاندی سەربازیی وڵاتانی دابنیێ. کاتێک شاندی فەلەستین، سووریە، یەمەن و لوبنان و

تەنانەت عێراقیش لە تاران لە بەرانبەری دادەنیشتن، هەستیان دەکرد وەک ئەندامانی بەرەی موقاوەمەت، پشتیان بە کێوێکی قورس و قایمەوە داوە. باشترین تایبەتمەندیی فیرووزئابادی بۆ خامنەییش هەر ئەم سەنگینی و گرانییەی بوو. ئەو سەرەڕای ئەوەی لە کێش و قەبارەدا قورس و قایم و سەنگین و گران بوو، لە ئەخلاق و خوو و ڕەوشت و تێنەگەیشتن سەد ئەوەندە.

لە هەموو پرسێکی سەربازی، نیزامی و بەڕێوەبردنی کاروباری مەملەکەتدا ئەوندە قورس و گران بوو، لە ماوەی ٢٧ ساڵ فەرماندەیی ئەرکانی هێزگەلی چەکداری ئێرانیش بۆ هیچ مەبەستێک بە چاک و بە خراپ نقەی لێوە نەهات. تەنیا جاروبار لە هەندێک کۆڕ و کۆمەڵاندا حاشای لە عەلی خامنەیی دەکرد و دەیگوت، ئەمە خامنەیی نییە و ئیمام مەهدییە و ئێستا نایهەوێ خۆی ئاشکرا بکا. هەر بەم ئاکارەی پارووی کەوتە نێو ڕۆن و ٢٧ ساڵی ڕەبەق لە شوێنی خۆی مایەوە. خامنەیی باش بیری لێکردبۆوە و دەیزانی ئەم سەنگینی و گرانییە وای کردووە ئەو تەنیا فەرمانی فەرماندەی گشتیی هێزە چەکدارکان بە فەرماندەکانی ژێر دەستەڵاتی خۆی ڕابگەیەنێ و تەواو. دیارە خۆی ئەم کارەشی نەدەکرد و بەردەست و وەرگێڕەکەی هەبوون و لەجیاتی ئەو ئەم ئەرکانەشیان ڕادەپەڕاند. دیارە پیاوی وا قەڵەو نابێ بێ وەرگێڕکە بێت.

لەبەر لۆمەی خەڵک و دارسمە و کەندەسمە و مەندەسمان نەبێ، هەر ئێستا پڕ بە قوڕگم هاوار دەکەم، دەگریم و بۆ ئەم حەسەنە خوولە لە بانگێ دەدەم. ئاخر چۆن دەبێ ٢٧ ساڵان بەرپرسی ئەرکانی بەیەکگەیاندن و ڕێکخستنی بەشەکانی هێزی چەکداری وڵاتێکی پان و بەرین بی و بە بێدەنگی بتنێژن. نە شینگێڕییەک، نە هات و هاوارێک و نە خۆپێشاندانێک.

پێتان سەیر نەبێ ئەم پیاوە سەنگین و گرانەش ٥ ساڵ بەر لە مردنی کاتێک بێدەنگیی شکاند، بۆ هەمیشە خۆڵی دەبەرەدۆی خۆی کرد و لە خۆی شێواند. فیرووزئابادی کاتێک ئێران و وڵاتانی پێنج کۆ یەک لەسەر کێشەی ئەتۆمیی ئێران ڕێککەوتن، پیرۆزبایی لێکردن و قەهر و غەزبی فەرماندەی گەورەی بەسەردا باری و خامنەیی ئەویشی بەرێ کردەوە ماڵی خۆی.

ئاغای فیرووزئابادی بەم جۆرە بوو بە گەوێک لە زنجیری دوور و درێژی کیانووری، تاڵەقانی، بەنیسەدر، قوتبزادە، بازرگان، داریوش فروهەر، مونتەزیری، کەڕووبی، مووسەوی، ڕەفسەنجانی، ئەحمەدینژاد، لاریجانی و قسەی خۆمان بێت، حەسەن ڕوحانیش.

ئەمانە و چەندی دیکەش گەوی زنجیرێکن سەرێکی لەنێو نیزامی موقەدەسە و سەرەکەی دیکە لەنێو زبڵدان و گەو گەو قەف قەف لە نێو نیزامەوە فڕێ دەدرێتە نێو زبڵدانەکە.

هەر کەسێک وڵامی پرسیاری دارسمە بداتەوە کە ئاخۆ گەوی دواتری زنجیری لەپسان نەهاتووی نێودەستەڵاتی ئێران بەرەو زبڵدان کێن، وەک خەڵاتی دارسمە دەتوانێ جارێکی دیکەش ئەم بابەتە شل و پەیتەی بەرچاوی بخوێنیتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٧ی سێپتەمبەری ٢٠٢١

## ئەو سەرۆککۆمارەی چوارپەلی لەنێو توێکڵی گوێز دایە

١- پەندێکی کۆنی فارسی دەڵێ "وەک پشیلە دەستوپێی کەوتووەتە نێو توێکڵە گوێزەوە."

لێتان تێکنەچێ، گوێز دوو توێکڵی هەیە. توێکڵی یەکەم شین و نەرمە و ئەگەر وشک بێت، خۆی لە توێکڵی دووهەم دەبێتەوە. توێکڵی دووهەمیش زۆر ڕەقە و جاری وایە بە زەبری چەکوش و بەردیش ناشکێت. ئەگەر گوێزێکی نەشکاو بکەی بە دوو لەتەوە و کاکڵی دەربێنی، هەر لەتێکی وەک قەپێلکە کیسەڵی بچووکی لێ دێت. ئەم پەندەی فارسان بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە چوارپەلی پشیلە بەجیا بخرێنە نێو چوار لەتە توێکڵەگوێزەوە و گورپەی ماڵوێران لەسەر ڕووبەرێکی لووس و لیچق هەر چەنگی لێرولەوێ بدا و نینۆکی زەوی نەگرن و دەست و قاچی تەنیا لەژێر خۆیدا بجووڵێن و بۆ مەودای هەنگاوێکیش ڕێگەی کشانەوە یان چوونەبەرەوەی نەبێت.

٢- لەبیرتانە کچەکەی بلەی ڕەییسی کاتی بانگەشەی هەڵبژاردنی سەرۆککۆماری لە تەلەفیزیۆنی ئێرانەوە چی بە باوکی گوت؟ زەحمەتە لەبیرتان بێت، بەڵام من وەک ئێستا لەبیرمە. ڕەیحانە ساداتی ڕەییسی لە کاتێکدا شان و باهۆ و سینگ و لەشی لەژێر چارشێوە ڕەشەکەیدا حەجمینیان لێ بڕابوو و "عطوفت"ی هەموو بینەرانی بۆ لای خۆی ڕادەکێشا، گوتی باوکم لە ماوەی ڕابردوودا لە زۆر شوێن بەرپرسی دەسەڵاتی دادوەری بووە. ڕەیحانە خەریک بوو دەیگوت باوکم لە کارەکەی زۆر ڕژد بووە و تەنانەت ڕەحمی بە هاوکارانیشی نەدەکرد، بەڵام بەڕێوەبەری بەرنامەکە زوو لە دەمی دا و باسەکەی سووڕاند و لێی پرسی ئەدی باشترین ئاکاری باوکت چییە؟ کچە خرپڕپرەکە لەبن چادرە ڕەشەکەیەوە وڵامی داوە: "مێهرەبانە". پێشکەشکاری بەرنامە دیسان پرسی ئەدی خراپترین ئاکاری باوکت؟ کچە دیسانیش وڵامی داوە: "مێهرەبانە"

٣- هەواڵدەریی "تەسنیم"ی سەر بە سوپای پاسداران کە تەنیا خۆی بە عەلی خامنەیی دەڵێت "ئیمام خامنەیی"، دوو ڕۆژ لەمەوبەر لە توییتێکی بەپەلەدا بە کەبکەبەوەدەبەوە باسی بلەی ڕەییسی و سەردانی بۆ شاری دووشەنبە کرد و لەم توییەتەدا پەنجەی توییتنووسەکە هەشتاگی "#ئیبراهیم ڕەییسی جەللادی ٦٦"ی هێنابوو، بەڵام دوای چەند ساتێک هەر هەموو توییتەکە بە شانگەای و مانگەایەوە لە ڕووبەری تۆڕە کۆمەڵایەتییەکە سڕایەوە.

٤- حەمید نووری کە بە چاوی حیزەوە لە سوئید کەوتووەتە داوی کۆنە زیندانییان و وەک باڵندەی زیرەک بە دەندووک پێوە بووە و هەتا ئێستا ١٢ جار چووەتە پێش دادوەرانی دادگاکە و هەر ١٢ جاریش کاکە بلەی ڕەییسی وەک جەلادی ٦٦ یادی

کراوەتەوە. ڕەنگە هاشتاگەکەی تەسنیمیش هەر لەوێوە پڕیشکی پەڕیبێتێ.

٥- نوێنەری کۆ-ماری ئیسلامیی ئێران لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بڵاوی کردەوە، سەرۆک-کۆماری ئێران لە کۆبوونەوەی گشتیی ساڵانەی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکاندا بەشدار نابێت و وەزیری کاروباری دەرەوە بۆ ئەم مەبەستە دەچێتە نیویۆرک و ڕەییسی هەر لە تارانەوە بە ئانلاین قسە بۆ بەشدارانی کۆبوونەوەکە دەکا.

٦- بە لەبەرچاوگرتنی توانای کەمی ڕەییسی بۆ لەڕوو خوێندنەوەی دەق، سەرۆککۆمار هەموو دیدار و چاوپێکەوتنەکانی ڕەسمی و ناڕەسمی هەڵدەپەسێردرێ و خەریکی تەمرینی خوێندنەوە و ڕەوانکردنی ئەو دەقە دەبێت کە بەتەمایە لە ڕووی کاغەزەوە بۆ بەشدارانی کۆڕبەندی ساڵانەی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانی بخوێنێتەوە.

٧- میرزا حوسێن ئەمیرعەبدوڵڵاهیان، وەزیری دەرەوەی کۆماری ئیسلامی لە پەراوێزی کۆبوونەوەی ساڵانەی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لەجیات سەرۆککۆمار لەگەڵ کەیخودا و دەمڕاست و ڕیشچەرمووانی جیهان قسە دەکات.

ئەنجام و ئەگەری چاوەڕوانکراو و چاوەڕواننەکراو:

٧- بەدووری مەزانن، ئەمیر عەبدوڵڵاهیان لە کۆبوونەوەی گشتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لەسەر کورسیی سەرۆککۆماری ئەمریکا دووسمەی بچەقێنێ و بڵێ ئێرە شوێنی ڕاستەقینەی نوێنەری کۆماری ئیسلامییە.

٦- بەدووری مەزانن سەرۆککۆمار وتارەکەی بۆ کۆڕی گشتی پێشتر تۆمار کردبێ و بۆی پێداچووبنەوە و ڕاستەوخۆ نەخوێنێتەوە و ڤیدیۆی تۆمارکراوی هەڵەبڕکراوی بە ئانلاین بۆ بەردەنگان لێ بداتەوە.

٥- بەدووری مەزانن تەنیا نوێنەری ئێران لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لەگەڵ ئەمیر عبدوڵڵاهیان و نوێنەری ڤێنیزویلا و یەکدوو وڵاتی دیکە کاتی بڵاوکردنەوەی ڤیدۆکەی ڕەییسی لە هۆڵی کۆبوونەوەی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووکان بمێننەوە و ئەوانی دیکە لەولاتر خەریکی جگەرەکیشان و قاوەخواردنەوە بن.

٤- بەدووری مەزانن دادگای حەمید نووری بێتەوە بەر چاوی سەرۆک-کۆمار و حەمید سەرکۆنە بکا و بڵێت ئاخر هیچ و پووچی نەفام، لە نێو ئەم هەموو سیغە و میغەیە چکارت بە ماهروویانی ئورووپایی بوو؟

٣- بەدووری مەزانن بە مەبەستی سزادانی تەسنیم لەبەر دانانی هاشتاگی "ڕەییسی جەلـلادی ٦٦" ، ئامادەکردنی وتاری ئەمجارەی سەرۆککۆمار بکەوێتە سەرشانی بەڕێوەبەری ئەم هەواڵدەرییە.

٢- بەدووری مەزانن ڕیحانەی ڕەییسی، لەو ڕۆژەوە لە تەلەڤیزیۆن تاریفی باوکی دەکرد، هەتا ئێستا بە قسەی ئەوکاتی خۆی پێبکەنێت.

١- بە دووری مەزانن چوارپەلی سەرۆککۆمار هەتا کۆتایی تەمەنی لەنێو توێکڵە گوێزاندا بمێننەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٢ی سێپتەمبەری ٢٠٢١



سەرچاوە
Serchawe

# پاشەڕۆژی ناڵەكەری كۆنی ژەنگاوی

زۆر جار شكڵ و بیچم و وێنەی هێندێك شت وەك یەك دەچن، بەڵام لە بنەڕەتدا زۆریش لە یەكتر دوورن.

لە زمانزانی و ڕەوانبێژیدا وێكچوواندن هەندێك جاران ئەوەندە قووڵ دەبێتەوە و لە مەبەستی سەرەكی دوور دەكەوێتە هەموو مرۆڤێك ناتوانێ لێی تێبگا. ئێستاش زۆر كەس وادەزانن مەبەست لە "نێرگزی یار" ئەو گوڵە نێرگزەیە بەدەست یارەوەیە نەك نەك چاوانی نێرگزئاسای. یان دەستەواژەی "كەوی كوڕادە خواردوو" كەم كەس دەزانێ مەبەست لەو كیژەیە دەنگی خۆشە و قریتە و قاقای پێكەنینی لە دوورەوە دەبیسترێ.

یەكێك لەو وشانەی بەم شێوەیە زۆر لەسەر زارانە وشەی "هیلالە". هیلال ڕەنگە لە بنەڕەتدا وشەیەكی عەرەبی بێ و زیاتر بە مانگی دوو هەتا حەوت شەوی دەگوترێ. ئەوكاتە مانگ لەبەر ئەوەی بەشی هەرەزۆری دەكەوێتە نێوان خۆر و زەویەوە و سێبەری زەوی دایدەپۆشێ و، تەنیا ئەو بەشەی خۆر لێی دەدا و لە تاریكیدا دەیدرەوشێنێتەوە وەك نیوكەوانەیەكی ئاگرین لە ئێمەوە دیارە.

ئەم ڕووناكییە لەنێو تاریكیدا سەرنجی هەموو كەسی ڕاكێشاوە و لە شاعیر و ماعیر و ئەویندار و مەویندارەوە بگرە هەتا دەگاتە سیاسەتمەدار و میاسەتمەدار هەموویان ئەم هیلالەیان كردووەتە دەستەچیلەی هەڵكردن و گەشاندنەوەی ئەو ئاگرانەی بە سووتەمەنیی درۆ و دەلەسە بەردەوام گڕی لێ بەرز دەكەنەوە.

ئەگەر واز لە شەڕی نێوان گرووپە جودا جوداكانی موسوڵمانان بە ئیسلامی ڕاستەقینە و شیعە و سوننی و پەیڕەوی ئیمامانی جودا جودا و توندئاژۆ و خەواریج و ئەوانی دیكە سەبارەت بە دیتنی هیلالی سەرەتا و كۆتایی مانگی ڕەمەزان بێنین، ئەم هیلالە زۆر كێشەی دیكەشی ناوەتەوە.

هەر ئەم هیلالە گۆڕینە بووەتە هێمای ئاڵای هەندێك وڵاتان و تەنانەت ڕێكخراوەی خاچی سووری جیهانییش لە نێو موسوڵمانانا بوو بە مانگی سوور و لەوی زیاتر هێمای شەڕی بەردەوام و لەبڕاننەهاتووی موسوڵمان و خاچپەرستانە.

قسەی خۆمان بێت، کاتێک بە مەسیحییەکان دەڵێین "خاچپەرست" هیچ مەبەستمان ئەوە نییە ئێمە خوای نەخواستە مانگ پەرستن و ئاگرپەرستن خۆی خزاندووەتە نێو ئایینەکەمان. ئەوەی کە زۆر جار سوێند بە ئاگر و مانگ و ڕۆژ و وەجاغ و گڕ و ئەو شتانە دەخۆین، هەڵەی زمانییە.

ئەبرۆت هیلالی یەک شەوە
سەریان پەیوەستە پێکەوە
برژانگ تیری کەیخوسەرەوە

لە هیچ قامووسێکدا هیلالی یەکشەوە دەست ناکەوێ و دەڵێن مانگی دووشەوی هەتا حەوت شەوی هیلالە، بەڵام لەم پارچە شیعرەی گۆرانیدا بۆ ئەوەی هیلالەکە زیاتر وەک زێی کەوان بچێ و بۆ وەشاندنی تیری برژانگ باش لەبەریەک بکشێتەوە، ئاوا باریک کراوەتەوە.

"هیلال" لە ئایین و دڵداریدا وەک پشیلەی مات و بێدەنگی نێو باوەشی نەرم و گەرمی مرۆڤی بەهەست و سۆز جێگەی خۆی لە دوندی منارەی مزگەوتان و لە سەر تاقی ئەبرۆی نازدارانـدا خۆش کردووە، بەڵام دوای ئەم هەموو بەرزی و سەرکەوتنە سیاسەت پەندێکی بەسەر هێناوە، با بەدەواری شڕی نەکا.

هەتا ئەم ساڵانەی دوایی جوگرافیای زەوی بە سەر ئوقیانووس و قارە و دورگە و شێوەدۆڕگاندا دابەش کرابوو. دواتریش دەسەڵاتداران بەگوێرەی نەتەوە و ئایین یان بەزۆرەملێ و بە ڕەمەکی بەسەر وڵاتاندا دابەشیان کرد.

لەم ساڵانەی دواییدا هیلال لە تاقی ئاسمان و دوندی منارەی مزگەوتان و تاقی ئەبرۆی نازدارانەوە دابەزێندرایە سەر زەوی و وەک تۆڕی ماسیگرتن بەسەر چەند وڵاتی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا بڵاو کرایەوە. دەسەڵاتی مەلای لابەلا تۆڕێکیان بەسەر وڵاتانی باشووری کەنداودا بەرە عێراق و لوبنان و سووریە بەسەر زەویدا بڵاو کردەوە. لەسەر ئەم ڕووبەرە هیلالئاسا خواروخێچە هەزاران کەسی زڕە فارس و زڕە عەرەب و زڕە کورد و زڕە تورک و زڕە هەزارە و زڕە پەشتوون و زڕە تورکمانیان کۆ کردنەوە و ویستیان لەسەر ئەم هیلالە حکوومەتێکی یەکدەستیان لێ دروست بکەن. هەروەها بۆ بەخێوکردن و تێرکردنی ئەم هەموو زڕانەی نەتەوانی دیکە هاووڵاتیانی خۆیان لە برسان مردوو کرد.

پیرەمەلای عەباشۆڕی ڕیش چڵکنی ناسەردەمیانە زۆر بەدرنگانەوە زانییان هیلالەکەیان خەریکە لێیان دەبێ بە مۆتکە و دەیانخوات، بە زمانی لووس و فێڵ و دەهۆیان ئەوی خەڵک بە هیلالی شیعە ناسییان، لای خۆیان ناویان نا "مێحوەری

موقاومەت" و بەکردەوەش هەوڵیان دا زرە بە کرێگیراوانیان بە خۆڕاگری و موقاومەت لە دەرەوەی ئێرانەوە دەسەڵاتی نێوخۆیان بۆ بپارێزن.

هەتا دۆلار گران بوو و تومەن دابەزی و نەوتی ئێران نەفرۆشرا و هەڵێنجانی پارەی دیجیتاڵی کارەبای ئێرانی بڕی و بێبارانی بەنداوکانی بەتاڵ کرد و سەهیۆنیزمی جیهانی بە سەرۆکایەتیی ئسیرائیل بێئەوەی گوێ بداتە هیلالی شیعە و مێحوری موقاومەت، لەباکووری خۆرئاوای ئێران لەسەر چۆمی ئاراز گوڵمیخی بارەگاکانی داکوتا، هیلالەکەی کۆماری ئیسلامیش زیاتر دەگەڵ تۆز و خوڵ و گەرد و غوباری ڕۆژهەڵاتی ناوین تێکەڵ بوو. ئێستا سەرۆککۆماری نوێی ئێران، بۆخۆی نازانێ قسان بکا و لە نۆ فەرمایشتان پێنجان بە هەڵە دەڵێ و وەزیری دەرەوەش لە یەک کۆنفرانس و کۆبوونەوە و چاوپێکەوتنی دیپلۆماتیکدا جێگەی خۆی ناناسێتەوە و وەک گەمەی چاوشارێکی منداڵان شوێنی خەڵکانی دیکە بۆخوی دەگرێتەوە.

ئێستا بەم حاڵ و وەزعە هیلالی شیعە و مێحوری موقاومەت زۆر بچووک بووەتەوە و وەک ئەو ناڵەکەرە ژنگبردووە دەچێ ساڵی ساڵانی بۆ ئەوەی مانگا بەڵەک و گوێلکە بۆر و بزنە گرۆێ بەچاووە نەبن، لە سەردەرانەی هۆڵ و تەویلان هەڵدەواسران.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٨ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢١

---

## قاڵتاخاوا ژینگەی ئارامی قاڵتاخانە

نیزامی موقەددەسی "کۆ-مار"ی ئیسلامیی ئێران ئەوەندە موقەددەسە، کەم کەس دەخۆی ڕادەبینێ ڕاستەوخۆ بە بەرپرسانی بڵێ پشتی چاوی ئێوەش و ئێمەمانان چەند تاڵە موویەکی لێ ڕواوە.

جا لەبەر هێندێ، لە وڵاتی خوونکار و سەرەڕۆیان، هەموو کەس دەبێتە تەنزنووس و تەنزبێژ و کەس ناوێرێ ڕاستەوخۆ هینێک بە هینێکەوە بنێ و هەرامەیەک لە هەرامەیەک بدا و شتێک لە شتێکی دیکە قایم بکا و ئەوەیەک بە ئەوەیەکی دیکەوە بنووسێنێ و وانێکێک ڕە وانێکێکی دیکە بخا و تەنانەت بە هێندێکان بڵێ پشتی چاوت برۆیە. هەرکەسێک وا بڵێ، خەفیە و جاسووس و دووزمان و هەواڵگر و شوێنهەڵگر بۆی لەدوو دەدەن و پاش گێڕانەوەی بەدرۆی لێدوانی هەزاران درۆ و دەلەسە و بوختانی بۆ هەڵدەبەستن.

جا لەم بەینەدا هونەرمەندانیش تووشی هەزار گوڵمەزە و شتی وا دەبن، بەڵام لە ئێمەمانان ژیرترن و هێندێک شتی لە پەنا هێندێک شتان دەردەبڕن.

لەم چەند ڕۆژانەی دواییدا، هونەرمەندێکی فارس بەناوی "بیووک میرزایی" بە مەبەستی ڕاکێشانی سەرنجی بەردەنگان و پڕکردنەوەی کاتی تەلەفزیۆنەکە بۆ بەرنامەیەکی تەلەفزیۆنی ئێران بانگ کرابوو. دیارە پێشتریش ئەم هونەرمەندە و زۆری دیکە بۆ بەرژەوەندیی نیزامی مووقەددەس ئەملا و ئەولایان پێ کرابوو.

لەسەر یەک دەکرێ بڵێین بەرنامەی ئەمجارەی تەلەفزیۆنەکە هەر لە بنەڕەتڕا تەنز بوو. زۆرجار واهەڵدەکەوێ بەرنامە یان ڕووداوێک بێ‌ئەوەی داڕێژەر و ئامادەکارانی بیانهەوێ دەبێتە تەنز. کەناڵی پێنجی تەلەفزیۆنی تارانیش ئەم هونەرمەندەی بۆ بەرنامەیەکی ئەوەندە بێتام و بێ نێوەرۆک و هیچوپووووچ بانگ کردبوو، کابرای میوان تێیدا مابۆوە و بە دوای وەڵامی شیاوی وا دا دەگەڕا دەستی داڕێژە و دەرهێنەری بەرنامەکەی پێ با بدا. دیارە من لێرەدا داوای لێبووردن لە دەرهێنەرانی بەرنامەی تەلفیزیۆنی لای خۆشمان دەکەم، چونکە لە جیاتی "producer" و "تهیەکننده"، گوتم "دەرهێنەر.

جا دەرهێنەر و دەست و پێوەندیی بەرنامەکە وەک کوردی لای خۆمان دەڵێن دەیانەویست "دەست بخەنە سەری" کاکە بیووک

و بەجۆرێک پێی ڕاببوێرن. کاکە بیوکیش کە لە زانکۆ زانستی سیاسیی خوێندووە و دواتر چووەتە سەر کاری هونەریی لە سینەما و تەلەفزیۆن، لە بەرنامەکەدا بۆ جلکردنی دەرهێنەر و ئەوانەی سەرووی سەرووووی بەرنامە و تەلەفزیۆنەکەش لە ڕواڵەتدا خۆی لە گێلی دا.

ئەم کارەی بیووک بە جۆرێک لەگەڵ ئامانجی دەرهێنەری بەرنامەش دەگونجا، چونە ئەویش دەیویست وا پێشان بدا کە مام بیووک و هونەرمەندانی دیکە ئەوەندە گێلن، ئەو وێنانەی لە شاشەی بەرنامەکە پێشانیان دەدرێ، بۆیان ناناسرێنەوە. بەڵام وادیار بوو بیووکی فێڵباز بەرنامەکە و بەرپرسان و دەمڕاست و کەیخودا و ڕیشچەرمووکانیشی زۆر خاس دەناسی، بۆیە هەرکە چاوی بە وێنەی موحیسنیی ئێژەیی کەوت، بە پێکەنینەوە گوتی ئەم قاڵتاخە؟ ئێژەیی؟ دوای وای گێڕایەوە کە ئەننەهووو هەڵەی زمان بووە و کابرای پێشکێشکاری لێقەوماویش نەک بۆ ڕاستکردنەوەی هەڵەی ئاغای میرزایی بەڵکوو بۆ دەرکێشانی بەرەی خۆی لە ئاوەکە و قوتاربوونی لەدەست بەشی حەراسەتی تەلەفزیۆن، خێرا گوتی ئاغای موحسینی ئێژەیی، سەرۆکی موحتەرەمی دەسەڵاتی دادوەری!

دیارە ئاغای ئێژەیی میراتگری خەڵخاڵی و لاجوەردی و ڕەییسی و ئەو برادەرە بەرێزەیە کە ئێستا لە سوئید بە تاوانی کوشتاری بەکۆمەڵی خەڵکی ئێران دادگایی دەکرێ و بە گوێرەی بۆچوونی میرزایی ئەوانیش هەموو قاڵتاخ بوون.

دەرکەوت کاک بیووک مانای فرەڕەندی قاڵتاخیش دەزانێ و دەشیزانێ یەکێک لە ماناکانی ئەم وشەیە قاڵتاخی زینی ئەسپە و دەکرێ ئاغای ئێژەیی وەک قاڵتاخی سەر پشتی ئەسپ لەسەر پشتی پۆستەکەی داندرابێ و لە خۆیەوە هیچ دەسەڵاتێکی نەبێت. بەڵام قاڵتاخ چەند مانای دیکەی وەک حوقەباز، دستبڕ، گورگەبۆر و گوێچکەبڕ و هیچوپوچییشی لێوە وەردەگیرێ. دوای ئەوەی بێژەری بەرنامە ویستی لای خۆی شتەکە بۆ هونەرمەند ڕاست بکاتەوە و گوتی، "آقای اژەای، ریيس محترم قوەی قضائیە"، بەڵام دوای ئەوەی وێنەی عەلی لاریجانی هاتە سەرشاشە، دیسان میرزایی گوتی: "لاریجانی‌ها؟" بۆیە گوتی لاریجانییەکان هیچ بەدووری مەزانە مەبەستی ئەمە بووبێ لاریجانییەکان بەشێک لە خێزانە دز و دەستبڕ و قاڵتاخەکانی دیکەی کۆماری ئیسلامین. دیسان پێشکەشکار گوتی ئەمە لاریجانییەکان نییە و ئاغای عەلی لاریجانی، سەرۆکی پێشووی مەجلیسە. کاتێکیش بەرنامەکە بۆ شوێنەوکەی تەنزەکەی میرزایی دەستەودامنێی وێنەی خانمی فدریکا موگرینی بەرپرسی پێشووی سیاسەتی دەرەوەی یەکێتیی ئەورووپا بوو، دیسانیش کابرای هونەرمەند بە باڵای پێشکەشکاریدا ڕوانی و گوتی ئەوەی هاتبووە ئێرە؟

کابرای پێشەکشکاریش هیچی پێ نەما و گوتی، ئادی... لە مەجلیس وێنەی سێلفیشیان لەگەدا گرت.

بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی كە ئێژەیی و لاریجانیيەكان و ئەوانەی لە دەستەڵاتی بەناو دادوەریی ئێران دەستێكیان هەبووە و ئەو نوێنەرانەی ویستوویانە وێنەی سێڵفی گەڵ موگرینی بگرن و ئەوانەی دواتریش سەركۆنەیان كردوون، هەموویان هاوكووفی ئێژەیی بن، لە نێو نیزامی "مووقەددەسی "كۆ-مار"ی ئیسلامیدا كەسێك بدۆزنەوە قاڵتاخ نەبێ.

سەرچاوە: ماڵپەڕی كوردستان و كورد - ڕێكەوتی: ٢٣ی ئۆكتۆبەری ٢٠٢١

## درۆی بەگەڵەگایی هەر لە تۆ جوانە

مانگابەکەڵ دەستەواژەیەکی ئاژەڵدارانەیە و وەک زۆر وشە و دەستەواژەی دیکە لە زمانی ئاژەڵدارانەوە هاتووەتە نێو زمان و ئەدەبییات و ئاخاوتنی ئەم سەردەمەش.

"مانگا بەکەڵ" بەو مانگایە دەگوترێ کە لەکاتی خۆیدا وادەی جووتبوونی لەگەڵ "گا"دا دێ و ئەم جووتبوونەش وەک هەر جووتبوونێکی گیانلەبەرانی دیکە وەچەی لێ دەکەوێتەوە. کاتێک مانگا "وەکەڵ" دێ، یان کاتی جووتبوونی دێ، دەڵێن بەکەڵە و لەو کاتەدا کۆمەڵێک گا و جوانەگای بەردەست بە تەمای جووتبوون دوای دەکەون.

دوای ئەوەی ژیانی ئاژەڵداری بەرەو ژیانی شارستانی و پیشەکردنی ئەم سەردەمە گۆڕا، یان تەنیا لەنێو کۆمەڵێکی تایبەتی کاسبکار و چالاکانی ئاژەڵداریدا بەرتەسک مایەوە، دەستەواژەی "مانگا بەکەڵ"یش وەک زۆر دەستەواژەی دیکە بوو بە ئیدیۆم و نیشانەی گەیاندن و گێڕانەوە و پێشاندانی زۆر دۆخی دیکە. ئەو کەسانەی لە ناوچەی موکریان لە چیایان بەهاران بەدوای ڕووەکی کوارگ"دا دەگەڕێن، ئەوکاتەی چەند کوارگێک لە دەوری کوارگێکی گەورەدا دەدوزنەوە، دەڵێن "مانگا بەکەڵ"مان دۆزییەوە. زۆرجاریش کاتێک شتێک یان ڕووداوێکی شاراوە ئاشکرا دەبێ، دەڵێن: "مانگا بەدزیەوە کەڵ دەگرێ و بەئاشکرا دەزێ".

زۆر جار لە ژیانی ڕۆژانەدا کاتێک باس لە درۆکردنی کەسێک دەکرێ، بۆ سەلماندنی ئەوەی درۆکە سووک و ئاسان ئاشکرا نابێ، دەڵێن "درۆ مانگا بەکەڵ نییە." واتە درۆ زۆر بە داپۆشراوی و هەستیارییەوە دەکرێ و زحمەتە ئاشکرا بێ.

"کەڵەگایی"یش واژەیکی دروستکراوە و لە ناوی دوو ئاژەڵی بەهێزیماڵیکراوی "کەڵ" و "گا" و پاشگرێک پێکهاتووە. لە ئاخاوتن و نووسینیشدا زیاتر بە مانای سەپاندنی شتی ناحەق و زۆرەملیانە دەکار دەکرێ. وشەی لێکدراوی "گەڵەگایی" خۆی دەنێو ئیدۆمێکی پێوەندیدار بە "درۆکردن"یش کردووە و زۆر جار ئەگەر درۆیەکی ئاشکرا و وێنەچوو دەکرێ، دەگوترێ "ئەمە درۆ نییە، گەڵەگاییە."

هەتا ئێرووکانە دوو ئیدۆمی پێوەندیدار بە درۆکردنمان لە وشەدانی ئاژەڵدارانەوە بۆ تۆی خوێنەر ساغ کردەوە، بەڵام نابێ

بەهیچ جۆرێک ئەممەمان لەبیر بچێ کە "موبەلیغانی موحتەرەم" دەفەرموون درۆ دوژمنی خوایە. بڕواننە ئەم چەند دێڕەی خوارەوە و بزانن کۆماری ئیسلامی چۆن بەگژ ئیدیۆمی "مانگا بەکەڵ" نەبوونی "درۆ"دا هاتووەتەوە:

**دێڕی یەکەم:** هەواڵدەریی "ڕۆیتەرز" لە زمان ئێرانەوە بڵاوی‌کردەوە هەوڵی ئەمریکا بۆ وەستاندنی کەشتییەکی نەوتهەڵگری ئێران بە ناکامی مایەوە.

**دێڕی دووهەم:** ڕۆژنامەی "هائارتێس" لە زمان ئێرانەوە ڕایگەیاند، " ئێران نەیهێشتووە ئەمریکا کەشتییەکی نەوتهەڵگری ئێرانی بدزێ."

**دێڕی سێهەم:** هەواڵدەریی "سپۆتنیک"ی ڕووسیە لە زمان ئێرانەوە بڵاوی کردەوە بڕیارە "هەوالدەریی مێهر" فیلمی ئەستاندنەوەی ئەوە کەشتییە نەوتهەڵگرە بڵاو بکاتەوە کە هێزی دەریایی ئەمریکا خەریکی دزینی بوو.

**دێڕی چوارم:** "بیبیسی" لە زمان میدیاکانی ئێرانەوە بڵاوی کردەوە، ئەم میدیایانە لە هەواڵێکی وەک یەکدا باسی بەرەنگاربوونەوەی سوپای پاسدارانی کۆماری ئیسلامیی ئێران و هێزەکانی ئەمریکایان کردووە.

**دێڕی پێنجەم:** ڕۆژنامەی "شەرقولئەوسەت"ی چاپی لەندەن لە زمان ئیرانیانەوە بڵاوی کردەوە، ئێرانییەکان هەوڵی ئەمریکایان تووشی شکست کرد.

**دێڕی شەشەم:** "ئەلعەرەبیە" لە زمان بەرپرسانی ئێرانی بڵاوی کردەوە، ئامریکا بەتەما بوو دەست بەسەر نەوتی ئەواندا بگرێ.

**دێڕی حەوتەم:** ڕۆژنامەی "ئیندیپێندێت" بڵاوی کردەوە ئەم هەواڵە تەنیا لە زمان دەزگاکانی سەر بە ئێرانەوە بڵاو کراوەتەوە.

**دێڕی هەشتم:** بەرپرسانی ئەمریکایی سەبارەت بە دەستبەسەرداگرتنەوەی کەشتییەکی نەوتهەڵگری ئێرانی ڕایانگەیاند: ئەوان ئاگاداری ئەم ڕووداوە نین و تەنیا هەواڵەکەیان لە دەزگاکانی ڕاگەیاندنەوە بیستووە.

**دێڕی نۆیەم:** "ئار. تی" بڵاوی کردەوە حکومەتی ڤێتنام دەڵێ بۆ وەرگرتەوەی کەشتییەکەیان کە لە ئێران دەستی بەسەردا گیراوە، لە گفتوگۆدان. ئەم هەواڵە دەڵێ کەشتییە نەوتهەڵگرە ڤێتنامیەکە ٢٦ مەلەوانی لەسەرە و لەلایەن ئێرانەوە دەستی بەسەردا گیراوە.

**دێڕی دەیەم و شادێڕی دێڕان:** کەشتییەکی نەوتهەڵگری ڤێتنامیی پڕ لە نەوتی ئێران کە چین بەهۆی گەمارۆکانی سەر ئێران وەری نەگرتبوو، لە کاتی گەڕانەوەدا لەلایەن هێزی سوپای پاسدارانەوە پێشوارزیی لێکرا. ئێستا ڤێتنام هەوڵ دەدا کەشتی و ٢٦ مەلەوانەکەی خۆی لەدەست درۆیان ئازاد بکا.

**دەرەنجامی پێچەوانە:** کۆماری ئیسلامی ئاشکرای کرد، دەکرێ درۆ لە مانگا بەکەڵێش زیاتر کەڵۆتی بەدواوە بێت.

**دەرئەنجامی پتەو:** ئیدیومی" ئەمە درۆ نییە کەڵەگاییە"، بە تەواوی خۆی سەپاند.

**درئەنجامی هەمەلایەنە:** هەموو ئەم بەزم و ڕەزمە بۆ ئەمە بوو لە ڕێوڕەسمی ڕۆژی ١٣ی گەڵاڕێزان (آبان) کە هەموو ساڵێک لەلایەن بەرپرسانی تێگەیشتووی "نظام مقدس جمهوری اسلامی"یەوە بەڕێوە دەچێ، باسی دارمانی ئابووری و برسیەتی و قەرزداری و تێکشانی دانووستانی ئەتۆمی و شەقەزللەی بناگوێی پارێزگاری نوێی تەورێز و گەڵەگاییکردنی ئیسرائیل و ئەو شتانە نەکرێت.

**دەرئەنجامی سەیروسەمەرە:** بەرپرسانی "با درایت" باسوخواسی دەستبەسەرداگرتنی بەشەگازی ئێران لە دەریای خەزەر لەلایەن ڕووسیەوەی بۆ ماوەیەک "پووشبەسەر" کرد.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٧ی نۆڤەمبەری ٢٠٢١

## فەرقی ئەسبهای ئینقلابی و غەیری ئینقلابی

مودەتی چەند ساڵە ئەکسەرییەتی ساکنینی کوردستان بە "ڕەزمەندە-گان"ی جان بەرکەف ئیعتراز دەکەن کە ئەوان ئەسپی قاچاخچییان بە ڕەگبار دەبەستن. وەک موستەحزەرن، نیروهایێ جانبەرکەفێ جمهووری ئیسلامی هیچوەقت حازر نین تەنها بە یەک موورچەش ئازار بگەیەنن. ئەما هەمچنانکێ ساکنینێ موحتەرمێ غەربێ کشوەر ئیتلاعی وافریان هەیە، ئەو بارگینانەی زیری ڕەگباری نیروهایێ خودی قەرار دەگرن، بەڕاستی جای تەردیدن.

بەعزی ئەوقات ئەم پورسشە مەتڕەحە کە بە خاطری چی ئەم ئەسبانە موردی حەملەی نیروهای خودی قەرار دەگرن و قاچاخچییەکان نەجاتیان دەبێ. بەینی خۆمان بێت، نیروهای موخلیسی ئینقلاب و مەقامی موعزەمی ڕەهبەری، ئەوندەی ئەزدەستیان بەربێت، بە تەوری موستەقیم بەرەو میشکی قاچاخچیان شلیک دەکەن. ئەمما موتەئسفانە بەعزێک لە نیروهای ما با قاچاخچییەکان بدە بستانیان هەیە. ئەویش هیچ خەتای "ڕزمەندە-گان" نییە و هەمووی خەتای ئیستکباری جهانی بە سەرکردەگیی ئەمریکا و سەهیۆنیسمە. ئەگەر ئەوان جەمهوریی ئیسلامی و مەردومی هەمیشە دەرسەحنەیان تەحتی موحاسرەی ئیقتسادی قەرار نەدابایە، بە هیچ وەجهـ ڕەزمەندەگان مەجبوور نەدەبوون با قاچاخچییان بدەبستان ئەنجام بدەن.

ئەو محاسەرەیەی ئەمریکا زیاتر قشری مەحروومی جامیعەی هەدەف قرار داوە. لێرەدایە ئەو ڕەزمەندانەی حقوقی ماهیانەیان ناچیزە، لە قشری مەحرووم بە حیساب دێن ومەسرەفی خانەوادەیان بیش از حەدی ئینتزارە. مەعلوومە کاڵاهای ئەساسیش ڕۆژ بەڕۆژ قیمەتیان ئەفزایش پەیدا دەکات. بە خاتری ئەمە ئەو ڕەزمەندانە ناچارن فکر لە دەرامەدەێکی جانبی بکەنەوە. لەبەر ئەوە بە وەرگرتنی مەبلەغێک لە قاچاخچییان چەند تەرەفە بە نیزام خدمەت دەکەن. ئەز تەرەفی بەو حقووقە ناچیزەی قەناعەتیان هەیە و بەوەرگرتنی مەبلەغێک لە قاچاخچییان ئەوان بە مەنبەعێکی ئیدامەداری دەرئامەدی خۆیان تەبدیل دەکەن. لە تەرەفێکی دیکەوە ئەسپەکانیان دەدەنە بەر ڕەگبار و دەیانتۆپێنن. بەینی خۆمان بێت، ئەم قاچاخە شتێکی خراب نییە. در ئەساس ئیحتمالەن ورداتی مەشرووب بە سوودی نیزام بێت. از تەرفی ساکنینی ئەواری مەرزی تەنها فکر لە بەڕێچوونی خۆیان دەکەنەوە و بە هێنانی مەشرووب مەشغول دەبن و ئەز تەرەفی دیکە ئەو مەشرووبەی دەگاتە شارە گەورەکانی وەک ئیسفەهان و شیراز و قوم و تاران و مەشهەد، سەهمێکی دەکەوێتە دەست ئەو کوڕ و کچانەی زیاتر بە شەبەکەهای ئیجتماعییەوە وەسڵن و لە مێهمانیی شەوانەیان بە خواردنەوەی ئەم مەشرووبە مەغزیان مەشغوڵ

دەبێت و فکر لە تەوتئەچینی عەلەیهێ نیزام ناکەنەوە.

ئەما هەمچنین لازمە ئیشارە بە مەتلەبێکی دیکەش بکەین. ئەویش فەرقی ئەسبهای گوناگونە. دەرئەساس لەم بورهەیەی زەمانی فێعلیدا ئەسبی وا وجوودیان هەیە لازمە ناویان لە کتێبی "گینس"دا بنووسرێ و ببن بە سەرلەوحەی هەموو ئەسب و بارگین و قاتر ئولاغی عەسری حازر. در ئەساس ئەسب حەیوانێکی مەزلووم و خدمەتگوزارە و بە سەربولندی لە عوهدەی ئەوکارانە بەردێ کە ئینسان ناچاری دەکا ئەنجامی بدات. بەر ئین ئەساس ئەسبها بە چەند دەستەی موتافوەت تەقسیم دەبن، دیارە من دێرەدا مەقسەدم ئەو شوغڵەیە کە ئەسبهای گوناگون ئەنجامی دەدەن و کارم بە نەژادیان نەداوە و هەدەفم ئەو خەیانەت و خەدەماتەیە ئەسب دەتوانێت ئەنجامی بدات.

زمنەن بەد نییە لەم فۆرسەتەدا ئێشارە بە ئەسبێک بکەم بە ناوی "زولجەناح". زولجەناح ئەو ئەسبە بوو دەر تولێ تاریخ ناوی بەر سەرێ زەبانهایە. ئەسبی ئیمام حوسێن بوو کە لە هەنگامی شەهادەتی ئیمام ئەز حوزن و ئەندوهی شەهادەتی ئیمام سەری لە دار و بەرد دەدا. مەعلوومە ئوممەتی هەمیشە دەر سەحنە و ئینقلابییش بەینی ئەسبی خاین و مەشرووبکێش و ئەسبی وەک زولجەناح فەرق قائلن.

بۆ یادئاوەری ئەخیرەن لە مەنتیقەی لاهیجانی شومالی کشوەر ئەسبێک وجودی هەبوو کە سالها بوو لە مەراسیمی عاشوورادا نەقشی زولجەناحی بازی دەکرد و خەڵک زۆریان خۆش دەویست و زۆر پێی ئەلاقەمەند بوون. بە گوفتەی مەردومی مەنتەقە، ئەم ئەسبە مودەتی دە ساڵ بوو هەموو عاشوورایان ئەم نەقشەی بە جوانی بازی دەکرد و شیرکەتکونندەگانی مەڕاسیمەکان بەو قەناعەتە گەیشتبوون ئەم زولجەناح ڕەگێکی خوێنی زولجەناحی ئەسلی تێدایە. بە همین خاتر بوو وەقیتیکێ ئەم ئەسبە لە چەند ڕوزی گوزەشتەدا مرد، مەردوم لە دیهاتی دوور و نەزدیک بۆ تەشییع جەنازەی هاتن و دوای ئەوەی غوسلی مەیتیان کرد، داخلی کەفەنی سپی و بە گولاب پاشیان کرد و بە هەمراهی نەوحە خاندن، بە خاکیان سپارد. ئەم عەمەلە ئینقلابیە نشانی دا ئەو ئەسبانەی بە جێگای حەملی باری حەرام، دە مەراسمی حاشورادا شرکت دەکەن، بە ڕەگبار نابەسترێن و دەر ئەوجێ ئەرزش و ئیحترام دەر میانی ئەنبوە مەردومێ وەفادار بەخاک تەسلیم دەکرێن.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٢ی نۆڤەمبەری ٢٠٢١



سەرچاوە
Serchawe

## وەزەی ئەتۆم بۆ بەرزکردنەوەی نرخان

بە ناشوکری نەبێ، منی کورد ئەوەندە ساردم، بەم هەموو نفووس و حەشیمەت و ژمارەیەی لە ناوچەکە بە سەریەکەوە هەمە ئێستاشی دەگەڵ دابێ ئەوەندە هەژارم خاوەنی یەک فلس یان دووشایی پارەی خۆمان نیم و لە باب و باپیرانمەوە هەر بە هەناسەساردی ماومەتەوە. دراوسێکانیشم هەر دەڵێی زڕدراوسێن. لەوەتەی لەم ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستە لە شوێنێک ڕاوەستاوم، هەرچی دەرودراوسێیە بەشێک لە لەشی هاویشتووەتە سەر جەستەی من. یاڕەبی ئەو شادیەی بێ من هەیانە، لێیان وە شین بگەڕێ.

من خۆم لەبەر ئەوەی لە چند سەد ساڵ لەمەوبەرەوە پارەی خۆم نەبووە، ناچار بە پارەی دەروجیرانیان مامەڵە و ساتوسەودام کردووە. زۆر سەیروسەمەرەیە خۆت پارەت نەبی پارەی وڵاتانی دیکە بخەیە گیرفانت و هەست بە ئاسوودەییش بکەی.

هەزار خۆزگە بەو سەردەمەی پارەی کاغەز واتە ئیسکیناس کەم بوو و هەر پارەی سپی و کانزامان دەخستە گیرفانەوە و ساتوسەودامان پێ دەکرد. ڕاستە پارەی ئاسن قورسە و ئەگەر بڕێکی کەمیش بێت، گیرفان دادەچۆڕێنێ، بەڵام هەر لە ئیسکیناس و پارەی کاغەز باشترە. ئیسکیناس یان پارەی کاغەز بۆ من کێشەی دیکەی هەیە. کێشەکەش ئەمەیە هەر جارەی لیرە و دینار و تومەن لە گیرفانت دەردێنی سەیری ئەو وێنانەی سەریان دەکەی، چاوت زەق دەبن و تووشی ئەشکەنجەی دەروونی دەبی. ئەوکاتەی مستەفا کەماڵ و ڕەزاشا و حەمەڕەزای کوڕی و بەشار ئەسەد و سەدام حوسێن و خومەینی وێنەیان دەردەکەوێ نازانم چۆنە وەزگ نادەم؟ هیچ بیرتان لێ کردووەتەوە ئێمە چۆن وێنەی ئەمانە لە گیرفان و نێو قاسە و دۆڵاب و کەنتۆر و کۆمێد و جزدان و کێسە و میساندا دەپارێزین؟

ئەمانە لە کاتێکدا بەخوێنی سەری یەکتری تینوون و بەردەوام کێردی دوژمنایەتی لە یەکترین دەساون، ئەوکاتەی دێنە نێو گیرفانی ئێمە ئەوندە بەیەکەوە تەبان دەڵێی هەزاران ساڵە عاشق و مەعشووق و ژن و مێردن. بەپێی ڕەوشت و کولتووری خۆیان، ئەگەر یەکیان پیاو بێ ئەوە سێیانەکەی دیکە دەتوانن ببن بە ژنی. هەرچۆنێک بێت، هەتا لە گیرفانی ئێمە دان، بەرەوام وەک ماری عاشقە و ماشقە لەیەکتری دەهاڵێن. گیرفانی ئێمە بووەتە شوێنی حەسانە و بەیەکەوە ژیانیان. ئەوکاتەی لە گیرفانی ئێمە دەر دەکەون و دەکەونە نێو ساتوسەودای بانکان و سەر بەرزەکی بەر دەمی ئەوانی پارە

دەگۆڕنەوە، بەردەام مۆرە لە یەکتری دەکەن و دەڵێی دوژمنی باوکوشتەی یەکترین. حەمەرەزا و خۆمەینی و مچەی کەماڵ پاشا و سەدام و ئەسەد و مەسەد وەک دوژمنی ترسنۆک لە یەکتری دمرێنن و لە ژێرلێویانەوە یەکتری دەبوغزێنن.

منی بێ پارە تەنیا دڵم بە دۆلار خۆشە. ڕەنگە وابزانن بەهۆی پارەخوازی و پارەپەرەستی حەزم لە دۆلارە. وا نییە و تەنیا لەبەر ئەمەیە وەک پارەی باڵدار دەیبینم. ئێستا ئەو پارەیەی لەبەرانبەر هەموو پارەی ئەم ناوەدا باڵی دەرکردوون و خەریکی فڕینە، دۆلارە. بەتایبەت لەو وڵاتەی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی کەوتووەتە سەر، فڕینەکەی زۆر بە قەوتترە. بەتەنیا نافڕێ. قەند و ڕۆن و کەلەم و داش کەلەم و مارەیی ژن و پێخەفی خەو و برنجی سەدری و بابۆڵەی ماکارۆنی و بێنزین و ڕۆنی ئۆتۆمبێل و خواردن و دەست پێ چەورکردن و داروبەردی کردووەتە باڵدار و لەگەڵ خۆیدا فێری فڕینی کردوون.

هەتا ئێستا کەس نەیتوانیوە فڕینی دۆلار و کەلوپەلی پێویستی خەڵک ئەوا فێرە فڕین بکا و ئەوا بەجوانی ڕێگەی فڕاندن و بەرزبوونەوەی ئەم هەموو شتە دابین بکا، بەڵام دیسان لە هەوڵدایە نرخی دۆلار و شتومەک بە زەبری مووشەک بەرز بکاتەوە. هەر بەم مەبەستە ئێران لە گەڕی نوێی دانووستانی ئەتۆمیی نێوان ئێران و وڵاتانی زلهێزی جیهان، هەوڵ دەدا پەرە بە بەرهەمهێنانی وزەی ئەتۆم بدا و ئەم وزەیە بۆ زیاتر فڕینی نرخی شتومەک پێداویستی و دۆلار بەکار بهێنێ. دەسەڵاتی ئێران پێیوایە ئەگەر باسکردنی وزەی ئەتۆمە بەم شێوەیە نرخی دۆلار و شتومەک بفڕێنێ، ڕەنگە وەزەی ئەتۆمی زیاتر وابکا ئەم نرخانە ئەوەندە بفڕن هەر نەگەنەوە زەوی.

**دەرئەنجامی ژیرانە:** بە فڕین و لەبەرچاوان ونبوونی ئەم نرخانە، هۆمێدیک بۆ لەنێوچوونی ئەم نەتەوە جۆراوجۆرانەی ئێران دەخوڵقێ.

**دەرئەنجامی خۆمانە:** وێنەی بینجامین فرانکلین لە وێنەی ئەم خومەینی و مومەمینی و ئاتاتورک و ماتاتورک و شتی دیکەیە خاسترە.

**دەرئەنجامی دەرئەنجامان:** وزەی ئەتۆمی باشتر پاڵ بە نرخانەوە دەنێ.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٦ی دێسەمبەری ٢٠٢١



سەرچاوە
Serchawe

## دیپلۆمات - قاچاخچی (بەركوڵێک لە فەرهەنگی وشەی سەیروسەمەرە)

هەر "هین"ێک بە درێژایی مێژوو گۆڕانی بەسەردا دێ و چەندین "وانێک"ی دیکەی لێدەبەنەوە. زۆرجار هەرامەیەک وەک ماکی سەرەکیی بابەتێک یان مانایەک ناو دەردەکا و دواتر "وانێک" و "هەرامە" و "هین"ی دیکەی لێ دەبنەوە.

زانستی پزیشکی ڕەنگە بۆ ئەم بابەتەی ئێمە نموونەیەکی باش بێت. جاری جاران کاتێک دەیانگوت "پزیشک"، مەبەست لە کەسێک بوو بە لێوردبوونەوە و دەواودەرمان نەخۆش چارەسەر بکا. ئەوکات زانستی پزیشکی وەک ئێستا پەرەی نەسەندبوو و لەژێر کاریگەریی زانستدا چەندان لق و پۆپی دیکەی لێ نەکەوتبۆوە. بەڵام ئێستا لە سایەی گەشەسەندن و پەرەسەندن و قووڵبوونەوەی ئەم زانستەوە، وشەی "پزیشک" بەتەنیا مانای نەماوە و ئەم زانستە ئەزموونیە بەسەر چەندین بەشی جیاوازدا دابەش بووە. پزیشکان پاش ئەوەی بەشێوەی گشتی زانستی پزیشکی لەبەر دەکەن، دواتر بە شێوەی جیا جیا دەڕۆنە سەر وانێک و هین و هەرامە و شتی دیکە. بۆ وینە پزیشکی چاو کە کاری چاودەرهێنان و شتی لەم بابەتە دەکا، لێزەری ڕەنگاوڕەنگ و چاویلکەی سەیرو سەمەرە دروست دەکا، پێی دەگوترێ "پزیشکی چاو". پزیشکێک کە خەریکی هێسک و پرووسک و شتی وایە، پێی دەگوترێ "پزیشکی ئیسقان"، پزیشکێک کە خەریکی نەخۆشییەکانی دەمار و عەقڵە پێی دەگوترێ "پزیشکی دەروونناس"، پزیشکێک کە خەریکی نێو هەناو و بەشی نێوەوەی مرۆڤە، پێی دەگوترێ "پزیشکی هەناو"، خۆ پزیشکی جۆراوجۆرانەوەری دیکەش هەن و ئەوانیش دامپزیشک یان پزیشکی بەیتەرییان پێ دەگوترێ.

لە وڵاتی ئێران ئەم دابەشینی پیشە و شتانە تەنیا پزیشکی ناگرێتەوە و بە هەموو ئاقار و بەش و وانێک و هەرامە و هین و شتەکاندا ڕۆچووە. بۆ وێنە جۆرێک دابەشکردنی سەیروسەمەرەش لە بواری دیپلۆماسیدا هاتۆتە بەرهەم. جاری جاران و ئێستاشی لەگەڵدا بێ لە وڵاتانی دیکە و تەنانەت لە وڵاتانی زۆر دیکەش واتە لە وڵاتانی دیکەی دیکەی دیکەشدا وەک ئێران نییە. دیپلۆماسی تەنیا بۆ ڕێککەوتن و دانوستان و گفتگۆ کردن و ڕێکخستنی کاروباری سیاسیی وڵات لەگەڵ وڵاتانی دیکەی دوور و نیزیکە فڕی بەسەر وردەهەرامەی دیکەوە نییە، بەڵام لەم ئێرانە وا نییە.

دیپلۆماسی لە ئێران زۆر تایبەتە و لە ئێران ئەم بەشەش وەک زۆر بەشی دیکەی ئەم وڵاتە لە هی وڵاتان پیشکەوتووترە. دیپلۆماتکارانی ئێرانی ئەوەندە دەستوپێ سپیلکە نین وەک دیپلۆماتکارانی وڵاتانی دیکە تەنیا لە بواری سیاسییەوە لە مەجلیس و کۆڕ و کۆبوونەواندا دابنیشن و قسەی زل زل بکەن. دیپلۆماتکارانی ئێرانی پیاوی کردەوەن، کردەوە! ئەوان لە

مەیدانی کردەوەدا زۆر کاریگەرن. پێویستە لەمەش تێبگەن ئەم ئاکارەی دیپلۆماتکارانی ئێرانی هی ئەمڕۆ و دوێکە نییە و نزیکەی نیو سەدەیە خەریکن پەرەی پێ دەدن و ڕۆژبەڕۆژ هین و هەرامە و وانێک و شتی نوێی پێوە زیاد دەکەن.

بۆ ئەوەی زیاتر بچینە نێو قووڵایی بابەتەکەوە و ئەم هینە بۆ بەردەنگان زیاتر شی بکەینەوە ئاماژە بە چەند ناوێکی نوێی دیپلۆماتکاران دەکەین کە بە خۆشیەوە ئەم پاشناوانەی بە وشەی "دیپلۆمات"ـەوە لکاون، تەنیا بۆ دیپلۆماتکاری ئێرانی باون و خەڵکی وڵاتانی دیکە لێیان بێبەرین و زۆر زەحمەتە بتوانن پێیان بگەن.

**لێرەدا سووکێک ئاماژە بە چەند پاشناوی باوی "دیپلۆمات" دەکەین:**

١- **دیپلۆمات – تیرۆریست:** ئەو دیپلۆماتەیە دەتوانێ وێڕای کاری دیپلۆماتیک چەکی پێشکەوتوو لە نێو جانتاکەیدا بۆ سەرانسەر جیهان بگوازێتەوە و لە باڵیۆزخانە و کۆنسۆلخانەی وڵاتەکەی لە وڵاتانی دیکە بیداتە دەست دۆستانی ئێرانی و لوبنانی و فەلەستینی و عێراقی و جزایر و هەر شوێنێکی جیهان و تێیان بگەیەنێ چۆن زرینگە لە بناگوێی نەیاران بهێنن. دیپلۆمات - تیرۆریست ئەگەر پێویست بێ، ڕاستەوخۆ چەکەکەی بە بناگوێی نەیاراندا دەتەقێنێ. دیپلۆمات-تیرۆریست لە ئاوێتەکردنی گفتگۆی سازەندە و تەقەکردن بە چەکی بێدەنگ کارامە و لێهاتووە.

٢- **دیپلۆمات – سیخوڕ:** ئەو دیپلۆماتەیە بە هەرشێوەیەک سیخوڕی دەکا و تۆڕی سیخوڕی لەو وڵاتانە دروست دەکا کە لەوێ وەک دیپلۆماتکار دانی پێدانراوە.

٣-"**دیپلۆمات – دز**": ئەو دیپلۆماتەیە زیاتر لە دوای دزییە و هێندێک جار لە کاتی پاڵتۆ دزیندا کاتێک خەریکە لە دەرگای فرۆشگا دەردەکەوێ "ئاژیر"ی فرۆشگاکە دەزیقێنێ و ئەویش بە داوای لێبوردنەوە پاڵتۆکە لە شوێنی خۆی دادەنێتەوە و وەک نە "با"ی پێداهاتبێ و نە "باران" قیت و قنج لە فرۆشگاکە دەردەکەوێتە دەرەوە، دواتر دبێتە پسپۆڕی لێکدانەوەی کاروباری نێودەوڵەتی.

٤- **دیلپۆمات – قاچاخچی:** ئەمەیان بۆ کۆماری ئیسلامی زۆر بەوەجە. تریاک و مەوادی موخەدیر دەخاتە نێو جانتاکەی و بەرەو "کشورهای دوست و برادر"ی دەبا. دوور لە گەمارۆکانی ئەمریکا بە جانتا شەدەی دۆلار بۆ نێو ئێران دەگوازێتەوە. کەلوپەلی پێویستی بەرنامە نهێنییەکانیش هەر لەنێو جانتاکەیدا دێنێت و دەبات.

**لێرەدا باسکردن لە سێ خاڵی گرنگی دیکەش زۆر پێویستە:**

بەشی یەکەم

١- "پارێزبەندی" یان "مصونیت دیپلماتیک" کە تەنیا دیپلۆماتکارانی کۆماری ئیسلامی بۆ هەموو کارێکی (بیلامانێ) نارەوا کەڵکی لێوەردەگرن.

٢- ئەمەیان پسپۆڕی دیپلۆماتکارانی ئێرانییە. لە کاتێکدا باسمان لە دەستەواژەی "دیپلۆمات - تیرۆریست" و "دیپلۆمات - سیخوڕ" و "دیپلۆمات - دز" و "دیپلۆمات - قاچاخچی" کرد، بەڵام دیپلۆماتکارانی ئێران بە هۆی لێهاتووییان، هەرکامیان بە تەنیا لە یەک کاتدا دەتوانن هەموو ئەم ئەرکانە بەڕێوە ببەن و هەر دیپلۆماتکارێکی ئیرانی هاوکات دەتوانێ هەموو ئەمانە بێت.

٣- دیپلۆماتکار زۆر لە پزیشک بەهۆشترە. چونکە پزیشکان تەنیا دەتوانن فێری بوارێک یان دوو بوار بن، بەڵام دیپلۆمات یەکجێ هەموو بوارەکان فێر دەبێ.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢١ی دێسەمبەری ٢٠٢١

## بابەتی ساڵی ..................... ٢٠٢٢

## بیباری ژاراوی بۆ چارەسەرکردنی ڕێژەی هەژاران

ئەرێ لەبیرتانە ڕێبەری یەکەمی کۆماری ئیسلامی لە ئێران چۆن باسی کۆخنشینانی کرد؟ هیوادارم خوێنەرانی بەرێز و وشیار و "همیشه در صحنه"ی بەتەمەن و بەساڵاچوو، ئەو دیمەنانەی چەند ڕۆژ دوای ڕووخانی دەسەڵاتی پاشایەتییان لەیاد مابێت.
خۆ ئەگەر ئیمام خومەینی و دەسەڵاتدارانی دواتری "کۆمار"ی ئیسلامی زوو خۆیان بەخەبەر نەهێنابایە، ڕێژیمی سەرەڕۆ و تاغووتیی پاشایەتی بەتەمابوو یەک موستەزعەف و کۆخنشینیش نەهێڵێت.

ڕێژیمی پاشایەتی تەنیا یەک کاری باشی دەزانی، ئەویش سەرکوتکردنی هەستی نەتەوایەتیی گەلانی ئێران بوو. ئەو کورد و مورد و بەلووچ و مەلووچ و عەرەب و مەرەب و ئازەری و مازەری و تورکمەن و مورکمەنانە ئەگەر سەرکوت نەکرابان، ئێرانیان پارچە پارچە دەکرد. دیارە شای ڕەحمەتییش جوان بیری لەوە کردبۆوە و دوای ڕۆیشتنیشی گۆپاڵی سەرکوتکردنی ئەم قەوم و مەومانەی دایە دەست بەرپرسانی هۆشمەند و تێگەیشتووی "کۆ-مار"ی ئیسلامی.

شای گۆڕبەگۆڕ لەلایک بە دروستکردنی ڕێکخراوی تێکسڕماو و ڕێکوپێکی وەک ساواک خزمەتی "یەکپارچەگی" خاکی ئێرانی دەکرد و لەلایەکی دیکەوە خەریکی هێندێک هەڵەی درێژخایەن بوو. ئەو خەریک بوو بە کەمکردنەوەی هەژاری و زیادکردنی چینی مامناوەندی، هێڵی هەژاری نەوی بکات و وا بکات خەڵکی تێروتەسەل بیر لە هیچ نەکەنەوە و وەک مەڕ سەر بەر بدەنەوە و هەر خەریکی خواردن و کردن و ڕیتنەوە بن. بەڵام خوا یارمەتی ئینقلابی ئیسلامیی دا و بەشێکی بەرچاوی خەڵک بە هەژاری و کۆخنشینی مانەوە و بوونە دەستمایەی سەرەکیی ئینقلابی ئیسلامی. بیرمەندانی "کۆ-مار"ی ئیسلامی زۆریان لێجوانە دەڵێن موستەزعەفان و کۆخنشینان ئەم ئینقلابەیان کرد. ئەم قسەیان تەواو ڕاستە و هیچ درۆی تێدا نییە. ئەگەر نەسل و تۆرمەی موستەزعەفان خوا بەوێ ڕۆژێ نەکات لەبن هاتبایە، کێ وەک مێگەل بە سەر مەیدانی مینان و بە سەر چاڵەقیری پووشبەسەرکراودا لە شەڕی هەشت ساڵەی ئێران و عێراق خۆی دەتەقاندەوە؟ هەر دوور نەڕۆین دوای ڕووخانی

دەستەڵاتی سەدامیش ئەگەر موستەزعەفان و کۆخنشینان نەبوایەن چۆن ئەم لەشکرە زۆرە ساز دەبوو بەپێیان و بە برسیەتی خۆیان بگەیننە نەجەف و کەربەلا و هەیبەتی کۆماری ئیسلامی بە جیهان بگەیەنن؟

بەڵێ ئەو کۆخنشیانەی ڕێژێمی پێشوو بەهەڵە خەریک بوو نەیانهێڵێ، ئێستا سەرمایە و کۆڵەگەی سەرەکیی کۆماری ئیسلامین. ئەوان نەبوایەن کێمان هەبوو بۆ دووسێ میلیۆن تومەن مووچەی مانگانە خۆی بگەیێنێتە شام و لوبنان و وڵاتانی دەوروبەر و لە پێناو تێرکردنی سکی برسیی منداڵانی، مانەوەی "کۆمار"ی ئیسلامی بە خوێنی خۆی نەکڕێ؟ ئەم هەژارانە نەبوایەن چۆن دەکرا بەگژ ئەم هەموو کوردە چەکدارەدا بچینەوە و نەهێڵین سەروملی نەخشە پشیلەئاساکەی ئێران بپەڕێنن؟

بەم هۆیانەی لەسەرەوە باس کران، بوونی موستەزعەف و هەژار و کۆخنشین لە هەبوونی هەموو شتێک پێویستترە. باشترین ڕێگەش بۆ زیادکردنی ڕێژەی ئەم سەرووەت و سامانە بەردەستەی کۆماری ئیسلامی تەنیا یەک شت پێویستە، ئەویش بەرزکردنەوەی هێڵی هەژارییە. بەرزکردنەوەی هێڵی هەژاری بۆ مانگانەی ١٠ میلیۆن تومەن بۆ خێزانێکی ٥ کەسی بۆ ئێستا شتێکی خراپ نییە. لە ئاخرین ڕۆژانی سەرەمی ڕێژێمی پێشوودا ئەگەر ١٠ ملیۆن تومەن بە ئۆتۆمبێلی ساپیا درابایە، هەر ماڵێک مانگانە دەیتوانی ٢٨٥ ساپیا بکڕێ و ٧١٥ تومەنیشی بۆ دەمایەوە. تەنەکەی ڕۆن بە ٢٩ تمەن و تەلیسە برینج بە ١٢ تومەن و کیلۆی گۆشت بە ٧ تومەن، هەر خێزانێک ٧١٥ تومەنەکەش لەسەرو ماڵی زیاد بوو. بەڵام ئێستا ئەگەر ئەندامانی خێزانێکی سەر لێواری هێڵی هەژاری بۆ ماوەی ساڵ و نیوێک هیچ شتێک نەخۆن و نەخۆنەوە دەتوانن ماشێنێکی پراید بکرن و هەتا ئەوەندە پارەیەش کۆ دەکەنەوە، ئەگەر خوا لەکۆڵیان نەکاتەوە، لەبرسان ئەوەندە باریک دەبن جێگەی خۆیان و خێزانێکی دیکەش لەنێو پرایدەکەدا دەبێتەوە.

ئێستا بەهۆی فشاری دەرەکی و ئاڵەدینبوونەوەی دانیشتووانی وڵاتانی دراوسێ و هێرشە پەیتا پەیتاکانی ئیسرایل لەلایەک و گەیشتنی خۆمان بە مووشەک و فڕۆکەی بێفڕۆکەوان و دەستەوەنەزەر ڕاوەستانی بەشیک لە هەژارانی وڵاتانی ناوچە هەست دەکەین بەشیکی زۆری هەژارانی خۆمان زیادەن. ئەوانی وڵاتانی دیکە لە شەڕاندا بشکوژرێن، ئێمە ناچار نابین بیانکەین بە شەهید و مانگانە مووچە و حقوقیان بۆ ببڕینەوە و منداڵە تەنبەڵ و نەخوێندەوارەکانیان بێ ئەملاو ئەولا بنێرینە زانکۆکان و بیانکەین بە شتی سەیر و سەمەرە. جا لەبەر ئەمە پێویستە ژمارەی هەژارانی خۆمان دابەزێنین و کەمیان بکەینەوە، خۆ ناشتوانین هێڵی هەژاری دابەزێنن. بۆیە وا باشترە ئەو بیبار و میوە ژاراوییانەیان بەسەردا دابەش بکەین کە وڵاتانی هیچ و پووچ لێمان ناکڕن. مردنی هەژاران بەم بیبارە ژاراویانە هەر هیچ نەبێت، کێشەی شەهیدانە و شتی وامان لەکۆڵ دەکاتەوە و ئەگەر زانیشمان بەشی ڕاگرتنی دەسەڵاتی پیرۆزی "کۆ-مار" ئیسلامی کەم دەبێتەوە، لە بیبار بەشینەوە دەست ڕادەگرین.

خۆ ئەگەر نەمانتوانی میوەی ژاراوی وەک چەک دژی خەڵکی بێگانە بەکار بهێنین خۆ دەتوانین ئەوا کێشەی وڵاتی خۆمانی پێ چارەسەر بکەین.

**سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٥ی جانێوێری ٢٠٢٢**

## بەداخەوە شەهیدسازیی ئەمجارە پەکی کەوت

١٨ی بەفرانباری دووساڵ لەمەوبەر، چەند ڕۆژ دوای ئەوەی قۆڵێکی میرزا قاسمۆکە لە نزیک فرۆکەخانەی بەغدا دۆزرایەوە، ئاغا بیری لەوە کردەوە چۆناوچۆن بەرەنگاری ئیستیکباری جیهانی ببێتەوە. بۆ ئەم مەبەستەش هینای نەخشەیەکی زۆر زیرەکانەی داڕشت. جەنابی ڕێبەر کە گرووپێکی بچووک پێی ئێژن "ڕەهبەر" و گرووپێکی بچوکتر دەڵێن "ئاغا" و گرووپێکی بچووکتر بچووکتریش عەرزی دەکەن "ئیمام خامنەیی" و لە ڕاستیشدا هەمان "عەلیە گۆج"ی خۆمانە،

**نەخشەکەی ئا بەم شێوەیە بوو:**

سەرەتا چەند مووشەکێک کە سەری نووکیان کەمێک باڕووتی تێدایە و باقیی نێویان بەتەڵە، بە چەشنێک بەرەو بنکەی ئامریکایی "عەینولئەسەد" بهاوێژرین کەسی ئەمریکایی گوێی دە خوێن نەیەت و خوێنی زۆر نەکەوێتە نێوان ئێران و ئەمریکا. "ڕەهبەر"ی بەڕێز یان بڵێین "ئاغا"، "ئیمام خامنەیی" یان هەمان "عەلیە گۆج"ی خۆمان کە برایانی ئازەری بە "عەلیچۆلاغ"یش ناوی دەبەن، فەرمانی دا چەندین تەنەکەی نێوبەتاڵ بە ناوی مووشەک بهاوێنە هێزەکانی ئەمریکا لە عەینوولەئەسەد و دوای ئەوەی زانی ئەم هێرشە نێو بەتاڵە هیچ سەربازێکی ئەمریکایی نەکوشتوە و ئەمریکاش ئەگەر سەربازی لێنەکوژرێن هێرش ناکا، فەرمانی فەرموو یەکێک لە فڕۆکەکانی گواستنەوەی ڕێبواران بدرێتە بەر دوو مووشەکی نێوپڕ و بەر بدرێتەوە. ئاغا بەتوندی داکۆکیان فەرموو دەبێت ئەو مووشەکانەی لە فڕۆکەکە دەدرێن زۆر لەو مووشەکانەی بەرەو عەینولئەسەد هاوێژران ئەنگێوەتر بن و کاری دوژمن یەکسەرە بکەن. لێرەدا لێزانی و بیرتیژیی ڕێبەر ئەوەندە زۆر بوو، بە تیرێک دوو ئامانجی دەپێکا. دیارە ئەو ماموستا و خوێندکار و هاوولاتیانەی لەنێو فروکە نەفەرهەڵگرەکان دان دوژمنی سەرەکین. ئەوان بە هیچ شێوەیەک لەگەڵ ئاغا پێکنایەن، بەڵام ئەمریکا بە لای بەرجام و مەرجام و شتی وادا خەریکی پێکهاتنە. بەردەستانی ئاغاش زۆر پیاوانە ئەو فڕندە ئۆکراینییەیان ئەنگاوت کە چەند خولەک پێشتر لە فڕۆکەخانەی تاران بۆ ئەم مەبەستە دەستنیشانیان کردبوو.

فرۆکە ئەنگێوراوە ئۆکراینیەکە ١٧٦ کوژراوی لێکەوتەوە و وەک "ئاغا" فەرموویەتی بە خۆشیەوە هیچکەس بە برینداریش ڕزگار نەبوو بۆ ئەوەی ئێستا زماندرێژی بکات و هەزار بوختانمان بۆ هەڵببەستێت.

جا ئەم جارە گەمە خۆشەکە دەستی پێ کرد و وەک ئیمام خامنەیی داینابوو، دەبوایە لێدانی ئەم فرۆکەیە بەئەستۆی

ئەمریکادا بهێنرێت و پێشان بدرێت ئێران لە کاتێکدا ئەم هەموو تەنەکە بەتاڵە درێژەی ناوەتە عەینولئەسەدەوە، قوڵاغی ئەمریکاییەکی بریندار نکردووە، ئەوە ئێمە ١٧٦ کەسی سڤیلمان بە مووشەکی ئەمریکاییەکان کوژران.

گیان گیان، بووین بە خاوەنی ١٧٦ شەهیدی دیکە. ئەگەر هەر شەهیدێک تەنیا سێ خێزانی خزمی پلە یەکی هەبێت، ئەم ژمارەیە جارانی سێ دەکاتە ٥٢٨ خێزان و ئەگەر هەریەک لەم ٥٢٨ خێزانەش هاورێ و هاودەم و هاورێی ٥ خێزانی دیکە بن، ئەوە دەکات ٢٦٤٠ خێزانی دیکە بەمجۆرە لێکدانەوەیە ئەوای لێ دێت، ١٧٦ خێزانی ١٧٦ شەهیدەکە و ٥٢٨ خێزانی خزمی پلە یەکی ١٧٦خیزانە شەهیدەکە و ٢٦٤٠ خێزانی هاودەم و هاورێی ئەم ٥٢٨ خێزانە بە هەموویانەوە دەکاتە ٣٣٤٤ خێزان. ئەگەر هەر خێزانێک لە ٤ ئەندام پێکهاتبێ دەکاتە ١٦هزار٧٢٠ کەس.

دیسان گیان گیان، بە ئەمە دەڵێن پرۆسەی بەردەوامیی شەهیدسازی، خەنی لە خۆمان. ئەمە ئەنجامی ئەزموونی سەردەمی ئاگرتێبەردانی هینەکەی ئابادانە. ئەو هینەی نزیکەی ٤٢٠ شەهیدی لێوە دروست بوو.
جەنابی ئاغا وای دانابوو، قاتڵی قاسم سولەیمانی بیبێتە بکوژی ١٧٠ کەسی بێتاوانی نێو فرۆکە ئۆکراینییەکە و ئێمەش دوای ئەوەی لەسەر جادە و شەقام و لە حوسێنیە و مزگەوتانەوە هاوار بکەین و بڵێین ئەمریکا دوژمنی هەموو گەلی ئێرانە و ئەم هەموو خەڵکە بێتاوانەی کوشتوە بۆیە ئەم هەموو مووشەکەمان لە عەینولئەسەد بە هێزی ئەمریکا و ئەم هەموو سەرباز و ئەفسەرە پایەبەرزانەیەوە نا و گێژوویژمان کردوون.
جا دوای ئەمەش دەهاتین لە ژێرەوە بە دەستەڵاتی ئەمریکامان دەگوت، بۆ ئەوەی خەڵکی وەزاڵەهاتوو و دڵبریندارتان لێ نەورووژێت، وەک ئەم ساڵانەی ڕابردوو بەدەم هەڕەشەمان لێبکەن و بە ڕادیو تەلەفزیۆن و ڕۆژنامە و دەرکردنی بەیاننامەی "غیرالزامآوار" لە ڕواڵەتدا بمانکوتن.

لە کۆتاییدا خەتای خۆمان بوو. ئەوە نییە دەڵێن دار هۆرەی لە خۆی نەبێت ناقەڵشێت، ئەمە بوو ئەرکانی فەرماندەیی هێزە چەکدارەکانی ئێران بە قسەوقسەڵۆکی خاوەن ماهوارە و مانگی دەستکرد و مەستکرد و جروجانەوەری دیکە دانی بەوە دانا کە خۆمان بە مووشەک سێرەمان لە فرۆکەکە گرتوە و ئەم هەموو مامۆستا و خوێندکار و شارەزا و پسپۆڕانەمان کوشتوە. ئەمانەی باس کران هیچیان ناخۆش نەبوون و ئەوەی هەرەناخۆش ئەمەیە، ئاغا تووشی ئەم زەحمەتە دەبێ لە کاتێکدا دەستە نایلۆنەکەی کەمێک بەرز دەکاتەوە، ناچارە لە قاقەزە بچووکەی دەستی چەپی بڕوانێ و بە ڕیز جنێوی سەیروسەمەر بە ئەمپریالیزم و و "دوشمەن"ی سەهیونیستی بدات.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٣ی جانێویری ٢٠٢٢

## لێکدانەوەی "جاش"انی

با درووود و سەلام بێ ڕوحێ پۆرفوتووحێ بنیانگوزارێ جمهوریێ ئیسلامی و ئارەزوویێ توولی عومرێ ڕەهبەری موعەززەمێ ئێنقێلاب و ئارەزووی موفەقیتێ ڕەزمەندگانێ مودافعێ حەرەمێ مەعسوومین لە سووریە و هەمەی کشورهای هەمجەوار!

زمنێ عەرزکردنی ئەم عەرایزە لە خدمەت ئەساتیدی موحتەرەم و ڕەزمەندەگانی جان بەرکەف و ئیدامە دەهندگانێ وەفاداری ڕاهشان، دەمهەوێ باسێک لە تەزاهورتاها و ئێعتسابات ئەخیر بکەم. قبل ئەز هەرگونە ئێزهارێ نەزەرێک دەمهەوێ بە لەهجەی شیرینی کوردیی خۆمان عەرزی ئێوە بکەم کە ئەم ئێعتساباتەی چەند ڕۆژی قەبلیی موعەلیمان لە شەهرهای موتەفاوت دەستیان پێ کردووە، یەک زەڕە بە نیزامی والای جەمهوریێ ئیسلامی خەدشە وارد ناکەن. وەک دەڵێن نیزامێ موقەدەس بیدێک نییە با ئین بادها بلەرزەد.

ڕەهبەرانی بادرایەتی ئێمە لە بورهەهای موختەلفدا هەمیشە تەهدیدەکانیان بە فورسەتهای عالی تەبدیل کردوە و بە ئەخزی تەدابیری ئەساسیی خۆیان، کەشتیی ئینقلابی ئیسلامییان بە ساحلێ پیروزی هیدایەت کردوە. ئێعتسابی موعەلیمانیش لەم بورهە حەساسەدا کە ئوممەتی هەمیشە دەر سەحنە تەحتێ تەئسیری محاسرەی گوناگوونی ئیستکباری جەهانی قەراری گرتوە، دەکرێ بە فورسەتێکی باش بۆ نیزام تەبدیل بێت. ئێمە چۆن توانیومان موحاسەرەی ئیقتسادیی ئەمریکا بە فورسەت تەبدیل بکەین، هەر ئاواش دەتوانین پووزەی یاوەسەرایانی تەرفداری ئێعتسابی موعلێمان بە خاک بماڵین.

ئەلئان دەرحالیکە مەملەکەت دوچاری وەزعییەتی ئانچانی بووە، موتەئەسیفانە موعەلیمان وا دەزانن بەراهـ ئەنداختەنی چونین ئێعتسابهایەک نیزام بە زانوو دەردەهێنێ. موسلیحانی نیزامی موقەدەسی ئیسلامی زۆر بەئاسانی لە پەسی چونین توتەئەهایەک دردێن.

دەبێ عەرزی حوزاری موحتەرەم بکەم مەسئولینی بادرایەت دەتوانن ئێعتسابەکان لە تەهدیدەوە بە فورسەت تەبدیل بکەن. چنانکە موستەحزەرن، موتئەفسانە در سالهای ئەخیر خوێندنی مندالان لە مەدارس و حەتتا تەحسیلاتی عالیش یەک زەڕڕە نەبۆتە باعیسی پیشرەفتی ئینقلاب. بیلعەکس، ئەو مندالانەی لە مەدارس و دانشگاە باش دەخوێنن، دەبنە باعسی لەتمە

زەدەن بە ڕەوندی پێشرەفتی ئینقلاب. ئەوانەی دە ڕشتەهایی ئیجتماعی و سیاسی و شتی وا دەخوێنن، دەبنە موعاندی نیزام و ئەوانەی دە ڕشتهایێ عیلمیدا بە زاهیر موافەق دەبن، لەجیاتی خدمەت بە ئینقلاب و نیزام بەرەو کشورهای خاریج دەڕۆن و دەبنە خدمەتکاری ئەجانب. لێرە دەکرێ ئیشارەیەکی موختەسەر بە هەواپەیما ئۆکراینیەکە بکەین کە دوو ساڵ لەمەوبەر بە دەستی مودافعانی ئاسمانی موقدەسی کشورمان سەرنگون کرا. ئەکسەرییەتی سەرنشیانی کوژراوی هەواپەیماکە کەسانێک بوون کە مەدرەکی عالیی دانشگاهیان هەبوو و بە قەسدی چوون بۆ کشورهای بیگانە پەروازیان دەکرد. هەر ئەلئان ئەگەر ئامارێکی دەقیق لە ئیرانییانی کوچ کەردە لە مەراکیزی علمیی کیشورهای دیگر بگرین، بۆمان سابت دەبێ، مەدرەسە و دانشگاههای ئێمە ئەوەندەی خدمەتی ئەجانبیان کردوە، لەم چل ساڵەی دوای ئینقلاب بە یەک سوەمیش خدمەتی نیزام و جامعەی خۆمانیان نەکردوە. پەس ئەمە نەتیجەی خوێندن لە کیشوەری ئێمەیە. دەر چنین حاڵەتێ بێسەوادی بە نەفعی مەملەکەت و نیزام و حەتتا بەنەفعی جیبهەی مقاومەتیشە. چون ئەگەر مەردوم زۆر باسەواد بن، بەر سەفی داوتەڵەبانی دیفاع ئەز حەرمەین و حەتتا سفووفی بەسیجیانیش خەدشە وارد دەبێت. واباشە ئاحادی میللەت بە جایێ بەدبەخت کردنی نەوجوانان و جەوانان لە بەردەستی موعەلمانی سەر بە ئەجانب ئەوان فێری تەزکیە و وەفاداری بە ڕاهی شوهەدا بکەن. دیارە عاقبەتی هەموومان در بازگەشت بە ڕاهێ شوهدادایە. عاقبەتی ئەمریکا و سەهیونیزمیش لە بەر چاوان دیارە و وەقتێک ڕزمەندەگانی ئێمە کاخی سفید بە حوسەینیە تەبدیل بکەن، ئەوانەی لە کشورهای خارج بوونەتە چوماقی دوشمنانی قسەم خوردەیێ ئینقلاب ڕاهی فەرارێکیان بۆ نامێنیتەوە.

لە نەتیجەگیریی کولیدا دەبێ عەرزی بەسیجیانێ جان بەرکەف و ئومەتی هەمیشە دەرسەحنە بکەم، ئیعتساباتی موعەلیمان نەتەنها زەربە لە نیزام نادا، بەلکە خدمەتیش دەکا. ئەگەر ئەم ئیعتساباتە ئێدامەیان هەبێت، بە عیللەتی تەعتیلیی مەدارس، ئەو دانشئاموزانەی ئیحتماله باش بخوێنن و ببن بە سەرمایەی بیگانەگان، دوچاری موشکلات دەبن. خەڵک خویندن بە فشە دەزانن و دڵیان بە مەدارس خۆش نابێت و لە ناردنی منداڵان بۆ خوێندن سارد دەبنەوە و دەرنەتیجە پێش بە کوچی سەرمایەهای کشور بۆ خارج دەگیرێت.

وەختێک مدارس لە کار دەکەون و فراگیری علومی مەدی نەزەری کوفار و ئەجانب موشکل دەبێت و موعلمانی زدی ئینقلاب دەر جەریانی ئیعترازات ئاشکرا دەبن و ئەز تەرفێ نەهادهای ئینقلابی کونترۆل دەکرێن، بە نەتیجەی قەتعی دەگەین کە ئەم غائلیەیەش لە تهدیدەوە بە فورسەت تەبدیل دەکرێت.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٥ی فێبریوێری ٢٠٢٢

## تاوانی غەزەل و سەربڕینەکەی

(سوخەنڕانیی دارسمە دەر ڕاستایێ ئەهدافێ ئینقلاب و فەرمایشاتێ ڕەهبەری با مێحوەری موجازاتی قاتڵی خانمێکی ئەهەوازی)

زیددی ئینقلابی وابەستە بە ئیستکباری جیهانی هەمیشە دەرکەمینە تا بوانێ بەهانەیەک بە مەنزووری دوشمەنی با ئینقلاب و نەهادهای موقەدەسێ ما سەرێ هەم بەند بکا. گروهەکها و عەناسوری وابەستە بە ئیستکبار و هەمچونین وابەستگانێ ئەوان دەر داخلی کشوەر بە تەوری مداوم تۆوتئەچینی عەلیهێ نیزامن.

دوشمەنانی نیزامی موقدەس و ڕەهبەری، بە مەوردی هەدەف قەرارداانی ئیسلام از بهانەهای موختەلف ئیستفادە دەکەن. دوشمەن هەمیشە دەرکەمینە و حەتا لە بهانەهای زۆر پیشێ‌پا ئوفتادە عەلیهێ ما ئیستفادە دەکات. ئەخیرەن دوشمنانێ قسەمخوردەی ئێسلام و ئێنقلاب بە بەهانەهای واهی بە موقدەساتێ ما حەملە دەکەن. ئەو بانوەی دەر ڕوزهای اخیر موتەئسفانە بەر ئەسەرێ ئێختلافاتێ خانوادەگی لە جنووبی کشور بە دەلیلی مەسائیلی نامووسی بە دەستی ئەولیای خۆی کوژرا، بە دەستاویزی تەبیلغاتی شوومی زیددی ئینقلاب و موعانیدانی جەمهووریی ئیسلامی تەبدیل بووە.

بە نەزەری من قەزیەکە ئەز ئێبتدا بەو نەوعەی بلەندگوهایێ تەبلیغاتیی زیددی ئینقلاب مونتشری دەکەن موهم نەبوو. هەر چەند بە تەلەفبوونی ئەو زعیفەیەی کە بە قوربانیی ئیختلافاتی خانەوادگی تەبدیل بوو زۆر موتەئەسفم، ئەمما در ئەساس ئەسلی قەزیەکە بە ئینحراف بردراوە و دەبێ خاهەران و بەرادەرنی موخلیسی ویلایەت و ڕەهبەری و تەرەفدارانی حقووقی بانوانی موسولمان لە قەزیەکە دەرکی واقعیان هەبێ. بە هەمین خاتر ئیتلاعڕەسانیی سەدا و سیما و ڕوزنامەهای کیشوەر در ئین ڕاستا قابلی تەحسینە. هەرچەند ڕەسانەهای ئینقلابیی ئۆممەتی هەمیشە دەر سەحەنەیان لە چونین موردهایی ئاگاە کردوە، ئەلحەق دەبوایە بیش ئەزئین مەوزووعەکەیان بۆ موخاتەبینیان تەشریح کردبا.

وەک عەرزی حوزاری موحتەرەمم کرد، شەرحکردنی ئەسلی قەزیەکە بەرخلافی شەرع و بەدستی مەنابعی خەبەریی ئیستکبار و مەعاندی ئیسلام و زیددی ئینقلابە. ئەو خانمەی ئەخیرەن لە ئەهواز بەدەست مەحارمی خۆی کوژرا، دەر ئەساس خۆی موجریمە. دەرحالیکێ لازمە وەک موسوڵمان لە خوداوەندی موتەعال مەغفەرەت و بەخششی بۆ درخواست بکەین، ئەمما لە یادبردن و پەنهانکردنی حەقایقیش ئێقدامێکی غەیری ئینسانی و غەیری دینییە. درحالیکە دوشمنانی فەرهەنگ و

تەمەدونی ئێرانی و ئیسلامی دەر تولێ شەبانەروز و ئەز تەریقی کانالهایێ ماهوارەیی و شەبکەی کەسیفی ئینترنێت مەشغوڵی زەربە زەدەن بە ئیسلام و ئینقلابن، تەشریحی چنین ئیتفاقاتێک بۆ نەسلی جەوان، نەسلێک کە دەورانی تاغوتیان نەدیتوە، زۆر لازمە.

قەزییەکە بەم جۆرەیە بانوویەک دەر سنینێ بلوغ یەعنی پس از سنینی نۆ سالەگی لەگەڵ خزمێکی خۆی ئیزدواجی کردوە و حاصلی ئەم ئیزدواجە شەرعیە منداڵێکی جوانە. موتەئەسفانە ئەو خانمە تەحتی تەئسیریێ شەبەکەهای فاسدێ ئیجتماعی دەر ئینترنێت ئەغفال کراوە و ئەز ڕاهێ غیرێ قانوونی بە هەدەفی ڕۆیشتن بۆ کشورهای غەربی چووەتە تورکیە. بەعد ئەز ئین ئەبەوی خۆی بۆ تورکیە موهاجرەتی کردوە و لەوێ ئەو خانمەی ڕازی کردوە بگەڕێتەوە ئێران و داویەتەوە دەست هەمسەرەکەی کە بە ڕەزایەتی بابی خۆی ئیزدواجی دەگەڵ کردوە و بەعد ئەز ئان سەفەری غەیری قانوونی خارج ئەز کشور و حەریمی موقەدەسی خانەوادە بە عەسەبانیەتی هەمسەری موحتەرەمی تەبدیل بووە و ناچار بە ئیقدام بە قەتڵی کردوە. دەر ئین میان لازمە بە دیدی خودەمانی و بە دور ئەز تەعسوبات و دوور ئەز تەئسیرپەزیری از تەبلیغاتی شوومی ئەجانب و زیددی ئینقلابی ئەز خودا بیخەبەر ئەم موزووعە موردی بەررەسی قەرار بگیرێ. ئاشکرایە ئەم خانمە دەرحالی کە ئەز نەزەری قانونی ١٧ساڵ سنی تەواو کردوە و منداڵی هەبوو، وەک خانمی بالغ و حەتا وەک مادەر حیساب بکرێ، بە خاهانی خۆی بە دونبالی بەرهەم زەدەنی ئەساسی خانەوادە بووە و هاوسەریشی بە عینوانی سەرپەرستی تامولئیخییاری خانوادە و بە نەفعی ئیجتماع و دەر ڕاستای حیفزی مەوازینی ئیجتماعی و ئەخلاقی ئیقدام بە قەتڵی کردوە.

هەرچەند لێرەدا نەزەری مەراجعی موحتەرم زۆر موهیممە، ئەمما بە نەزری بەندە جوداکردنەوەی سەری مەقتوول لە بەدەنی کارێکی مەوردی پەسەند نییە.

بۆ نەتیجەگیری لەم ڕوویدادە هەرچەندە مەراجعێ موعزەم بە تەوری سەریح ئیبرازی نەزەریان نەکردوە، ئەما دیگر ساحەبنەزەرانی داخلی و ئینقلابی دوو نەزەری موتەفاوتیان هەیە. بەخشی ئەز ساحەبنەزەران پێیان وایە قاتڵ دەر ڕاستای تەنبێکردنی موتەخەلیفان کارێکی باشی کردوە و بەرخی دیگەر ئەز ساحب نەزەران دەڵێن دەبوایە قاتڵ تەنیا بە قەتڵەکە ئیکتفای کردبا و ئیقدام بە سەربڕین و نمایشی سەری بڕدراوی مەقتوولەی موتەخلیف، ئیقدامێکی باش نەبووە و ئەو ساحیبنەزارانەی ئەخیر ئیشارەیان کردوە کە ئیقدامی قاتل باعیسی خۆشحاڵکردنی زیددی ئینقلابە و بەهانەی بە دەستی ڕەسانەهایێ موعاند دا کە حەتتا ناوی مەقتوولەیان لە غەزەلەوە کردوە بە موونا. هەر بەم دەلیلە لازمە دادگای عادلی ئینقلابی بە تۆمەتی چونین ئیقدامێک موجازاتی کافی بۆ قاتڵ دەرنەزەر بگرێ.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ١٩ی فێبریوێری ٢٠٢٢

# هەڵۆ لە پەرەسێلکە بەرزتر دەفڕێ

یەک دوو ڕۆژی دیکە ڕۆژی ٨ی مارس دێتەوە. ٨ی مارسی ئەمساڵ دەکەوێتە ١٧ی ڕەشەمەی خۆمان. پێموابێ ئەم چوارشەمەیە نا چوارشەمەی ئەولاتر چوارشەممە سوورییە. ئەمجارە ڕووی قسەم دەگەڵ ئەو کیژۆڵە و گەورەکچ و سەرەژنانەیە بەخۆیان دەنازن و شایی بەخۆن و دەستیان لەم دنیا خۆشە بەرنەداوە. منیش وەک ئێوە دنیام پێ خۆشە. هەتا ئەوێ ڕۆژێ دەنێو گۆڕیچەی قەبریدا درێژم دەکەن و خۆڵەبانی چاوانم دەکەن، واز لەو دنیا خۆشە ناهێنم. جا ئەگەر دنیا خۆش نەبایە ئەو خەڵکە بۆ ئەوەندە خۆی بۆ ماندوو دەکرد و ئەم هەموو فرت و فێڵەی دەکرد.

چەند ساڵێکە لەکاتەوە ئەم ڕۆژنامە و ڕادیۆ و تەلفزیۆن و شتانە لە جاری جاران بەهێزتر بوونە و ئەم ئینترنێت مینترنێتە گەیشتووەتە سەر هۆبە و هەوار و کانی و دەراوانیش، شتی وا کەوتوونەتە سەر زار و زمانان چەند ساڵ لەمەوبەر نەمانبیستبوون. ٨ی ماریس هەر لەم دواییانەدا کەوتە سەر زار و زمانی پیاوان و ژنانی ئێمە.

دارسمەی خۆتان لە سەروبندەی ١٧ی ڕەشەمە و ٨ مارس بەبۆنەی ئەم جەژنە خۆشە پیرۆزبایی لە هەمووتان دەکا. هەروا بێتەوە، شتێکی دیکەش بڵێم باشە، ئەویش ئەمەیە بەشێک لە پیاوان ٨ی مارس و ژن و منیان بە فشە گرتووە و دەڵێن هەموو شتێک بۆ پیاوانە. بەڵام قسەی خۆمان بێت و لەنێو خۆمان دەرنەچێ، ئەوانیش درۆ دەکەن. لە خەڵوەتی ژیانیاندا ناوێرن بە قاقا پێبکەنن، بەڵام بە نەرمی بەرانبەر بە درۆی خۆیان گڕ دەبنەوە و دەڵێن "ئەوانەی پێیانوایە ژن ژیانە، ئەشەدووبیلا ڕاست دەڵێن، خوا پێمان ڕەوا ببینێ، هەر پیاوێک سێ چوار ژنی هەبێت باشە." ئەو پیاوانە بە بیستنی ناوی ژنی ڕووهەڵماڵاوی وەک پێشمەرگەی کوردستان و شەڕڤان و شتی وا تێکدەچن و هەرلە بنەڕەتڕا کەیفیان بەو ژنانە نایەت خۆیان دە کاروباری پیاوان هەڵبقورتێنن. بەڵام ئەو ژنانەی بە قسە و ڕێنوێنیی ئەوان خۆیان لە کاروباری پیاوان وەردەدن، ئەوانیان پێ باشە.

پێم خۆشە ئەو چەند قسەی دواییم بۆ نێو پیاوان دزە نەکا و لە مەجیلسی ژنانە درنەچێ. هێندیک پیاو هەن پێیان وایە ژن و پیاو بەرانبەرن، بەڵام لەنێو ئەم هەموو خەڵکە دووڕوویە ناسینەوەیان زۆر زەحمەتە. خۆ ناوێرم لەنێو ژنانیش باسی هەموو شتێک بکەم. هی وایان تێدایە زاربەهاوارە و خێرا بە نێو خەڵکدا بڵاوی دەکاتەوە. زۆربەی پیاوانی ئێمە لەبەرانبەر ژناندا دەستەوەستانن. مەبەستم هەر پیاوانی کورد نییە، ئەم قسەیەم هەموو پیاوانی ڕۆژهەڵاتی نێوەراست و بەشێک لەو ولاتانانەش دەگرێتەوە کە خۆیان بە پێشکەوتوو دەزانن. ئەم جۆرە پیاوانە کاتێک بە یەکتری ناوەستن، ژنان بە گژ

بەرانبەریاندا دەکەن.

هەتا ئێستا ئەگەر دەیانگوت "سیاسەت قوولە"، پێکەنینم دەهاتێ، بەڵام ئێستێ دەترسم ئێمەشی تێ بکەوین. هێندیک جاریش ژنی وا هەڵدەکەون پاڵ بە پیاوانەوە دەنێن و لە قووڵایی سیاسەتدا دەیان"خنکێن"ن.

لەم چەند ڕۆژەی دواییدا خانمێکی جوولەکە بە ناوی"کاترین شەکدەم" ئاشکرای کرد چەند ساڵێکە خۆی لە پەڕۆپال و مەقنەعە و چارشێوەوە وەرپێچاوە و هەتا بن لووتی ڕێبەری کۆماری ئیسلامی لێی نزیک بووەتەوە و باوەشی گەرمی پێشانی ئەندامانی بنەماڵە و دەست و پێوەندیی دەم بەلیکاوی "نیزامی موقەددەس"داوە و ئەوانیش بە چەشنێک دەمیان بۆی بەش کردووەتە، هەرچی دەنێو دڵ و دەروونیان دابووە بۆیان هەڵڕشتووە.

کاترین خانم پاش ئەوەی بە سەرۆپۆش و باڵاپۆشی پەسندی کۆماری ئاخوندانەوە لە خۆباندان و وتار نووسین و پێهداهەڵدان بە بەژن و باڵای نیزامی موقدەسدا دەستی لە "ئەنیسە خەزعەلی" و "شەهێنی مەلاوێردی" و "مەعسوومە ئیبتکار"یش ئەستاندووە، ئاوێکی ساردی بە بەژن و باڵای ئاخوند و ماخوندی هەڵسووڕێنەری کۆماری ئیسلامی داکردوە. لە ڕۆژنامە و گۆڤاری دوور لە دەسەڵاتی ئێران قژی بەلادا کردووە و سنگی ڕەپێش ختووە و خۆی لەسەر پیاوە فسۆسەکانی کۆماری ئیسلامی هەڵسووراندووە. ئەو دوای ئەو پەندەی بەسەری هێناون، پەنجەیان لێ بەرز دەکاتەوە و بە گەمژەییان پێدەکەنێ.

ئێستا دەستوپێوەندیی خامنەیی دەزانن کاترین لە جیات ئەوەی خوێرییەتیەکانیان لەهەڵا بدات، لە ژێرەو دەیانقورینجێتو هەتا ڕۆژی مردن هەڵیاندەلەرزێنێ و چۆنی بیهەوێ هەڵیاندەپەڕێنێ.

پێش ئاشکرابوونی بەسەرهاتی ئەم کاترین خانمە، خۆ لەبیرتانە کە میرزا حەمەعەلی نەجەفی، شارەداری پێشووی شاری تارانیش، "میترا استاد"ی هاوسەر خۆی دابووە بەر ڕێژنەی فیشەک و کوشتبووی. دواتر گوتیان ئەو لەجیاتی ژنی خۆی تەنیا "پەڕەسێلکە"یەکی کوشتووە.

پەرسێلکە باڵندەیەکی جوان و ناسکۆڵەیە. هەرکەس بۆ بگیرێ و بکەویتە بە دەستی، دەست بەسەر تووکی نەرمی دادێنتی، دەنووکی ماچ دەکا و دەیخاتە باوەشی و خوراکی پەسندی خۆی بۆ دەدۆزیتەوە و دەیخاتە نێو قەفەسی زێڕینەوە. ئەمە هەمووی بەجێگەی خۆی، بەڵام ئەو ناز و کرێشمەیەی ئەم جۆرە پەڕەسێلکانە دەیکەن، کوا بەمن و بە تۆ دەکرێ؟ پەڕەسێکە

وا لە خۆی دەکا مەیدانی باڵەفڕکە و قوندە قوندە کردن و چینەکردنی بکاتە شەڕگەی پیاوانی چاوچنۆک و بێدەسەڵات.

هەندێک جاریش پیاوان چاویان بە شەوارە کەوتوە و هەڵۆ و پەڕەسێلکەیان لێ تێک چووە و خۆیان بوونتە کۆترە باریکەی بەر چەنگی ئەم جۆرە هەڵۆیانە.

**هەشتی مارس لە "پەڕکووری چەنگ بەخوێن" پیرۆز بێت.**

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٧ی مارچی ٢٠٢٢

## تۆ بڵێی ئەم شێوازە خۆشەی تۆڵەسەندنەوەیە ببێتە باو؟

دەسەڵاتدارانی ئێران لە سەرەتای دروستبوونی ئەم ئێرانەوە لە تۆڵەسەندنەوە لە دوژمنانیان بەردەوام بوونە و ڕێبازی هەمەچەشن و جۆربەجۆریان بۆ تۆڵەسەندنەوە گرتووەتە بەر. لەم بابەتەدا مەبەست لە سەردەمی دروستبوونی ئێران هاوکات لەگەڵ دامەزرانی دەسەڵاتی حەمەڕەزای قزڵباش دەست پێدەکا.

هەروەک ئاماژەی پێ کرا، دەسەڵاتی ئەم ئێرانە هەتا هەنووکە بۆ ئەستاندنەوەی تۆڵە دەستی داوەتە گەلێک شێوازی جۆربەجۆر، بەڵام لەم دوایییەدا شێوازی زۆر مۆدێرن و نوێی دۆزیوەتەوە. هەندێک لەم جۆرە تۆڵەسەندنەوانە ئەوەندە مۆدێرن و سەردەمیانە و پێچەڵپووچن، هەر پیاو نا، تەنانەت ژنیش سەری لێ سوڕ دەمێنێ.

دەسەڵاتی ئەم چلساڵەی دوایی ئێران بە جۆرێک تۆڵەسەندنەوەکانی "ترشوخوێ" کردوە هەر مەپرسە. بەڵام لە تەنیشت ئەم شێوازە نوێیانە کەمتازۆر شێوازە کۆنەکانیش هەروا بەردەوامن. ئەوەی پێی دەگوترێ تێرۆر و تۆقاندن و لە جۆری وەک تەقەلێکردن بە چەکی وەک تۆفتۆقە و دەمانچە و تفەنگ و ڕەشاش و تۆپ و فرۆکە و تەنانەت مووشکی دوورهاوێژیش ئەنجام دەدرێ، تەنیا بۆ دوژمنانی نێوخۆی ئێران و دەسەڵاتی کەمهێزی دەروجیرانان کەڵکی لێ وەردەگیرێ. شێوازە کۆنەکە لە دوو جۆری بێدەنگ و بە هاتوهاواردا جێبەجێ دەکرێ.

لە جۆری یەکەمدا بە بێدەنگی نەیارێک یان چەند نەیاری دەسەڵات بە کەڵکوەرگرتن لە نامرۆڤانەترین شێوازی گونجاو دەکوژرێن و لەسەر ڕێگە لا دەدرێن و دەسەڵات وەک بکەری تیرۆرەکە قەراقوپ دەکا و دەمی هەموو دامودەزگاکانی دەبن بە تەڵەی تەقیو. بەڵام لە جۆری دووهەمدا کە گەلێک جاران دەسکەوتی کەم یان پێچەوانەی لێ دەکەوێتەوە، دەیکەن بە هاتوهاوار و پێداهەڵدان. بۆ ئەمەیان دوو نموونەی لێدانی بنکەی عەینولئەسەدی عێراق و ئاخرین مووشەکبارانی قەراغ و بیجاغی هەولێر بەرچاون. لەمەی دواییاندا دوای کوژرانی دوو چەکداری سوپای قودس لە سووریە بە دەست ئێسرائیل کە پێچەوانەی هەزاران کوژراوی لەم شێوەیە هەر ڕۆژی یەکەم ناویان ئاشکرا کرا، کۆماری ئیسلامی بۆ تۆڵەسەندنەوە پەنای بۆ تیۆریی "بکوتە کورتانی" برد و ڕێگەی بکوتە کورتانی گرتە بەر. لەم ئاراستەیەدا لە دوو قۆڵی نیزیک تەورێز و نزیک کرماشانەوە بە مووشەکان داگژایە بنکەیەکی گەورەی خەیاڵیی ئیسرائیل لە نزیک شاری هەولێر.

ئەم بنکە ستراتیژییە خەیاڵییەی کە ئێران بە تۆڵەی کوژرانی دوو پاسدارەکەی چەند ڕۆژ پێش دایە بەر ڕێژنەی ١٢ مووشەک، بریتی بوو لە بنکەیەک کە گەورەترین پلاندارێژەرانی ئیسرائیل لەوێوە پلانی بەڕێوەبردنی ئیسرائیل و هەموو جیهانیان دادەڕشت. ئەم بنکەیە ئەوەندە ستراتیژی بوو، سەردانی ئەم دواییەی "نەفتالی بێنێت"ی سەرۆکوزیرانی ئیسرائیل بۆ وڵاتانی کەنداو، ڕووسیە و فەرەنسە لەوێوە داڕێژرابوون. بەگوێرەی خشتەی ناوی ئەو جوولەکانەی ئێران دەڵێت لەم هێرشە مووشەکیەدا کوژراون و هەمووشیان هەر یەکەو بە جۆریک لە فرۆکەخانەی نێودەوڵەتی هەولێر کاریان دەکرد، لەمەودوا کاری لۆبیی ئیسرائیلی لە ڕووسیە، ئورووپا، ئەمریکای نێوەندی و کانادا و ئەمریکای باشوور و ئەفریقا و ئاسیا و وردە دوڕگەی دووری نێو قووڵایی جەمسەری باکووری زەویش بێئاکام دەمێننەوە. ئەمە هەمان پێشەکی و سەرەتای نەمان و پووکانەوەی ئیسرائیل لە ٢٣ ساڵ و چەند مانگی دیکە دایە. پێشتریش نازانم ساڵێک و چەند مانگ لەمەوبەر بوو ئێران ڕایگەیاند ئیسرائیل ٢٥ ساڵی دیکە لەنێودەچێ.

ئەمەی لەسەرەوە باسی کرا، ئاخرین هەنگاوی تۆڵەسەندنەوە بە شێوازی کۆن یان کلاسیک بوو کە کۆماری ئیسلامی ئەنجامی دا. بەڵام شێوازە نوێ یان مۆدێرنەکە شێوازێکی سەرنجڕاکێشە و پێویستیی بە هەڵوێستە و لێکدانەوەی زیاترە. ئەمەیان دەکرێ ناوی بنێین، شێوازی "ئانتی شەکدەم". کاترین شەکدەم ئەو خانمە جوولەکە بە ڕەگەز فەرەنسەییە بوو لە ماوەی ڕابردوودا دوای چەند ساڵان خەپخەپێن و تێکەڵبوون لەگەڵ بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی ئاشکرای کرد لەم چەند ساڵەدا کڵاوێکی وای ناوەتە سەریان هەر دووک گوێ و چاوانیشیان داپۆشێ. دوای ئەمە کۆماری ئیسلامی ویستی لە "پاتەک" یان دژە هێرشێکی "برقآسا"دا تۆڵەی بستێنێتەوە و شێوازە مۆدێرنەکەی بەم جۆرە دەستی پێ کرد: خاتوونێکی ٢١ ساڵەی بە ڕەچەڵە ئێرانی بە ناوی "نیکا نیکۆبین" لە شاری "لاسڤێگاس"ی ئەمریکا، لەناکاو بیری کەوتەوە بە شێوەیەکی خۆش تۆڵەی کوژرانی قاسم سولەیمانی لە نزیکترین کەسی ئەمریکایی بکاتەوە. لەو جۆرە تۆڵەسەندنەوەیەدا سیاسەتی "نە شیش بسووتێ، نەکەباب" سیاسەتێکی سەرکەوتووانەیە. خانمە بە ڕەچەڵەک ئێرانییەکە زۆر لێزانانە نەخشە دادەڕێژێ و پیاوێکی ئەمریکایی بۆ تۆڵەسەندنەوە بە بیانووی خۆشەویستی دەستنیشان دەکا و دوایە بە بیانووی خۆشەویستی دەبیاتە ژووری هوتێلێک. لەوێ چاوی دەبەستێ و سەرەتا بەئارامی خۆشیی پێدەگەیەنێ و لە درێژەدا بەئارامی خەریک دەبێ ملی ببڕێتەوە. ئەمریکاییەکە دوای ئەوەی ئازار بەملی دەگا، واز لە خۆشییەکە دەهێنێ و لە دەست ژنە ٢١ ساڵە ئێرانییەکە ڕا دەکاتە دەرەوە و بەمجۆرە لەنێو دڵی دوژمندا تۆڵەسەندنەوەی کۆماری ئیسلامی بە وردی و بە نەرمی ئامانجی خۆی دەپێکێ. پرسیارێکی گرینگ: لە نێوان "نیکا نیکۆبین" و "کاترین شەکدەم" کامیان لە ئەرکی قورسیاندا سەرکەوتووتر بوون؟

**پرسیارێکی گرینگتر: تۆ بڵێی لەمەودوا ئەم شێوازە تۆڵەسەندنەوەیەی "نیکاگیان" ببێتە باو؟**

**سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٠ی مارچی ٢٠٢٢**



سەرچاوە
Serchawe

## بۆکڕووز و بۆچرووکی گوڵی سووسەن و یاسەمەن

من بە قەرایی توزقاڵێش بە سووتاندنی پەی"کەر"ی خومەینی لە "مەیدانی مەرجەعییەت"ی شاری قوم دڵخۆش نیم. ئەمەش هیچ نیشانەی دژایەتیکردنی دیموکراسی نییە و خۆم بە کەسێکی تەواو لایەنگری دیموکراسی دەزانم. یانی نە دژی سووتاندنی پەی"کەر"ی پیرۆزی خومەینی لە سەروبەندی ١٢ی خاکەلێوەم و نە دژی دووبارەکردنەوەی دوو ڕۆژ دواتری ئاگرتێبەردانی پەی"کەرێک"ی دیکەی ئاخوندێکی دیکەی ئەم مەیدانەم.

من نە دژی دروستکردنی پەی"کەر"ی ئاخوندان و نە لایەنگریانم، ئەوەی پێیەوە تێکدەچم و سەرم دێشێنێ و نارەحەتم دەکا، ئەو دووکەڵ و بۆچرووک و بۆکڕووزەیە لە سوتاندنی مووی لەشی پەی"کەرەکەکانەوە" چاوم تێژ دەکا و هەناسەم تێکدەدا و ناهێڵێ خۆشیی سێزدەبەدەر و سەوزەگرێدان و چای بۆدووکەڵی دەشت و سەحرا هەست پێ بکەم. سەیرانی کیژ و کوڕی جوان و هەڵبەزودابەزی منداڵانی زیت ببینم و چێژ لە بۆنی کەباب و چزەچزی پشکە گۆشت و چزیلکی سەر خەڵووزی گەشاوەش وەربگرم.

ئەمساڵیش لە سەروبەندی سێزدەبەدەردا، ئەوکاتەی دەمهەیست لەم سیاسەت و میاسەت و شتانە دوور بکەومەوە، هەواڵی سووتاندنی پەیکەری جەنابی خومەینی سێزدەبەدەرەکی لێم تاڵ کرد. ئەگەر پەیکەری خومەینی و برووجێردی لە پێش و پاش ١٢ی خاکەلێوە ئاگر نەدرابایە، هەر بیرم لە ١٢ی خاکەلێوە نەدەکردەوە و بێ سێودوو لێکردن خۆم بە سێزدەکەدا دەکرد و لە سێزدەبەدەری دەمکردە سەما و هەڵپەڕکێ و دەمگوت:

**دەگەڵ یارێ ساز دەبم دەچمە سێزدەبەدەرێ**
**ڕەشبەڵەک گیراوە یارم دێ هەڵدەپەڕێ**
**چاوانم لێدەگێڕی و بەدوای مندا دەگەڕێ**
**داخوا لەسەر باڵاکەی پەندی چۆنم بەسەرێ**

ئەمساڵیش ئاگرتێبەردانی پەی"کران" تووشی کردم. ئەگەر ئەوا نەبا، بە بێدەنگی سێزدەبەدەری خۆمم دەکرد. من ئەو شتانەم نەدەویست. نەمدەویست باسی چل و چەند ساڵ لەمەوبەر بکەم و ناچار نەبووم کای کۆن بەبا بکەم. بە تەما نەبووم بتانبەمەوە مانگەکانی دوای ڕووخانی حکوومەتی پاشایەتی. کوا من پێم باشە بیر لە ١٢ی خاکەلێوەکەی دوای ڕووخانی

ڕێژێمی پاشایەتی بکەمەوە و ئەو ڕۆژە ڕەشە بێنمەوە بەرچاوی خۆم؟

ئەگەر دوازدەی ئەم مانگە ئەو پەی"کەرانە" ئاگر نەدرابان و ناوی خومەینی نەکەوتبایەوە سەر زار و زمانان، کوا من بیری ئەم فەرمایشتەی بکەومە کە دەیفەرموو: "باب و باپیرانی ئێمە لە کاتی خۆیدا ڕێژێمی پاشایەتییان ویستووە، ئێستا زەمان گۆڕاوە و ئێمە نامانهەوێ".

من بیرم لە مردنی خۆم کردبایەوە، هەرگیز بە زەینمدا نەدەهات بە بۆچرووکی سووتاندنی ئەو پەی"کەرانە"وە بکەومەوە بیری بۆنی "گوڵی سوێسن و یاسەمەن" و ئەو گۆرانیەم بیر بکەوێتەوە، بەیەکەوە دەمانگوتەوە:

"بوی گل سوسن و یاسمن آید
عطر بهاران کنون از وطن آید
رهبر محبوب "خلق" از سفر آید"

ئەم بەزمی سووتاندی پەیکەران و بیرکەوتنەوەی ئەم شێعرەی سەروو نەبوایە، کوا من بیرم بۆ ئەوە دەچوو ئێستا "خلق" کراوە بە "امت" و دەستەواژەی "همیشه در صحنه"شیان بە قوونیەوە هەڵواسیوە. ناشوێرم بڵێم هەر نۆ تەلاقی بارامە سێژنەی بکەون و بە هیچ مەلا و شێخێک چاک نەبنەوە، ئەگەر بۆنی گوڵی سوسەن و یاسەمەن ببێ بە بۆنچرووکی سووتانی پەیکەران و خەلق بووبێ بە ئوممەت، ڕەهەبەری مەحبووبیش هەر هیچ نەبێ بووەتە دێوەزمە.

کوا من دەوێرم ئەو ناماقووڵیە بکەم و باسی ناماقووڵیی ئەو هەموو خەڵکە بکەم لە ١٢ی خاکەلێوە گۆڕینەکەدا لە ڕاپرسیەکدا دەنگیان دا بە ئوممەت و پشتیان کردە خەڵک، دەنگیان دا بە عەبا و چارشێوی ڕەش و پشتیان کردە جلی ڕەنگاورەنگ و ئاڵووالای کچان و شۆڕەژنانی خڕوخۆڵ و نەرم و نیان، ڕوویان کردە تەقینەوە و زیندان و سێدارە و پشتیان کردە هەڵپەڕکێ و سەما و لێکدانی پیاڵان، دەنگیان دا و بە تێکدانی کارگەی شەرابی شیراز و ڕوویان کردە ئەو کیسە ئاوەترێیانەی لە شەقامی شارەگەورەکان لە پێش ئەو لاوانە هەڵیاندەڕێژن، لە "خلق"ـەوە بوونەتە "امت همیشه در صحنه" و پێشیان دەڵێن "ساندیسخۆر"؟

سێزدەبەردەری ئەم ساڵ لە هەموو ئەو سێزدەبەدەرانەی ڕابردووی تەمەنم ناخۆشتر بوو. ئەم سێزدەبەدەرە بۆچرووک و بۆ دووکەڵی سووتاندنی پەیکەران لە سەروبەندی ١٢ی خاکەلێوە مێشکی سەری بردم و بۆ ١٤ و ١٥ مانگیش شوێنەواری هەر دەمێنێ.

**پرسیارێکیش لە مێشکمدا دێت و دەچێ. ئەویش ئەمەیە ئەگەر ٩٨ لە سەدی خەڵکی ئێران لە دەنگدانەکەی ١٢ی خاکەلێوەی گۆڕین دەنگیان بەم شتانەی سەروو دابێ و ئێمەی کوردانیش وەک ئەوان دابایان، بە هەموومانەوە دەبووین بە چەند لەسەد؟**

**سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٤ی ئەپریلی ٢٠٢٢**

## سووکە ڕێگەی دابینکردنی کەرەستەی هەناردەکردنی شۆڕشی ئیسلامی

لەم ئێرانەی خۆمان یانی ئەو ئێرانەی فڕی بەسەر ئێمەوە نییە و لەو کاتەوە ناوی ئێرانیان بۆ هەڵبەستوە، بۆ تاقانە جارێکیش دەستەڵاتدارانی تەنانەت هەرزنیشیان بە کڵاوی ئێمە نەپێواوە، بەڵام ئێمە هەر دەڵێین ئێرانی خۆمان؛ دەسەڵاتدارانی تازەپێگەیشتووی ئێران لە دوای ڕووخانی حکوومەتی پاشایەتی، لە جیات سەوهانی قوم و گەزی ئیسفەهان و حەلوای ورمێ و فەرشی کاشان و پێڵاوی تەورێز و چەقۆی زەنجان و نانبرنجیی کرماشان و شەرابی شیراز و زرشک و زەعفەرانی مەشهەد و پستەی ڕفسەنجان و تۆی حسێنتەڵایی سەقز، تەنیا بیریان لە هەناردەکردنی شۆڕش کردەوە.

ئەلحەق و ئینساف دوای ئەوەی شۆڕشەکە هەناردەی سووریە و لوبنان و بەتایبەت یەمەن کرا، خەڵکی ئەم وڵاتانە بە تێروتەسەلی لە داهاتی ئەم شۆڕشەیان خوارد، بۆیە بەردەوام بەدەم لستنەوەی پەنجە و دەمولەوسیانەوە قرپی وایان دێتێ، دەڵێی شەمەندەفەری هەڵگری "ڕەزمەندە""گان" بە تەپ و تۆز و دوکەڵەوە لە قووڵایی گەدەیانەوە بە سورێنچکیاندا بە تەقوهۆڕەوە بەرەو قوڕگیان هەڵدەکشێ.

دەسەڵاتی ئێران بۆ زیاتر هەناردەکردنی شۆڕشی ئیسلامی پێویستی بە خەڵکی مێشکبەتاڵە و ئێستایشی لەگەڵدا بێ، ئەوانی میشکیان بەتاڵ نەبێ نەک هەر دەسەڵات لایان لێ ناکاتەوە، بەڵکوو تووشی زیندان و ئەشکەنجە و لێدان دەبن و کوشتوبڕیشیان تێدەکەوێ. ئەو بەمێشکانەی دەکەونە بەر غەزەبی دەسەڵاتەوە، زۆری وایان تێدایە ئەوەندە ڕەن لێیان دەڕژێ. زۆر جار ئەمانە بێ سێ و دوولێکردن ڕوو دەکەنە هەندەران و لەوێ دەبن بە مامۆستای زانکۆ و مانکۆ و یان دەبن بە فەرمانبەری وڵاتان و هەندێکیشان دەبن بە دکتۆر و ئەندازیار و جاروبارە وەزیر و گزیر و نوێنەری پەرلەمانیش.

بەرپرسانی هەناردەکاری شۆڕشی ئیسلامی دوای هەناردەکردنی شۆڕش بۆ وڵاتانی دەرودراوسێ و ڕاکردنی زانا و پسپۆر و شارەزا بۆ هەندارانی دوور و وەستانی کارگە و کارخانە و شتی وا هەستیان بە بێپارەیی کرد و ئابووریزانانی شڕ و شەپڕێویان وەخۆ کەوتن. ئەم ئابووریزانە شەق و شڕانە بیریان کردەوە لە بەرانبەر وەرگرتنی پارەیەکی باشدا مافی نیشتەجێبوون بدەن بە خەڵکی وڵاتانی ئورووپا و ئەمریکا و بە مەرجی دانانی ٢٥٠ هەزار دۆلار، بۆ ماوەی پێنج ساڵ لە ئێران ئیزنی مانەوەیان پێ بدەن. دوای ماوەیەک چاوەڕوانی کەس ملی نەدا لە ئورووپا و ئەمریکای بەهەشتئاساوە بچێتە دۆزەخی کۆماری ئیسلامی. بۆیە ٢٥٠ هەزار دۆلاری گۆڕین بۆ ٩٠ هەزار یۆرۆ کەم کرایەوە و دیسانیش کەس نەهات. دوای ئەوەی ئەم پیلانە سەری نەگرت، چازانان و لێزانانی شەق و شڕ دەستەوەستان دانەنیشتن و ڕێگەیەکی دیکەیان گرتەبەر،

ئەویش ئەمە بوو لەسەر یەکێک لەو فێڵانەی ساڵانی بەرێ بەردەوام بن. ئەم فێڵەش زۆر پێچەڵپووچ نییە و تەنیا کەمێک سەبر و چاوەڕوانیی دەوێ. هیچ پێویست ناکات ئەوەند چاوەڕوانی بێگانان بی و بۆ پێنج ساڵان مانەوە ۹۰ هزار یۆرۆ بدەن.

ئەوەی لە کۆتاییدا بیری لێ کراوەتەوە زۆر ئاسانترە و پلانەکە بەم جۆریە ئەوانەی چەند ساڵ لەمەوبەر بە خواستی خۆیان چوونەتە دەرەوە و بوونەتە هاووڵاتیی وڵاتانی دیکە، ئێستا هەوای کەونەلان لەسەریان دەدا و بەرەبەرە بە مەبەستی سەردانی کەسوکاریان دەگەڕێنەوە. هەر چوارپێنج کەس لەمانە بکرێنە نێچیر و بخرێنە زیندانەوە کار تەواوە.

دوای ئەوەی ئەو دۆلارانەی لەگەڵ خۆیان هێناویانە ئێران هەموویان خەرج کرد و خەریک بوون بگەڕێنەوە، دەکرێ لە فرۆکەخانە بەربینگیان پێ بگری و بە تۆمەتی سیخۆڕی و دژایەتیکردنی وڵات بەرەو زیندان گلیان بدەیەوە و چاوەڕوان بی هەواڵی گیرانیان بە جیهاندا بڵاو بێتەوە. بە دوای ئەمەدا دژبەرانی هاووڵاتی لە نێوخۆ و دەرەوە سەریان قاڵ دەبێ و خێرا خێرا هەواڵی گیرانیان بڵاو دەکەنەوە. ئەو وڵاتانەی لێیانەوە هاتوون، داوای ئازادکردنیان دەکەن و دەکرێ لەبەرانبەردا داوا لەم وڵاتانە بکەی لە ئاست هەناردەکردنی شۆڕشی ئیسلامی نەرمتر بن و نێونێوە تۆمەتی ئەم گیراوانەش قورستر بکەی و جاروبار دەرفەتیان پێ بدەی هەواڵی گیران و ژیانی نێو زیندانیان دزە بکاتە دەرەوە و میدیاکان بە خۆیەوە سەرقاڵ بکا و ئاگایان لە زۆر شتی دیکە نەمێنێ. دوای یەک دووساڵ دانووستان و گفتوگۆ لە گەڵ ئەو وڵاتانەی لێیەوە هاتوون، ساتوسەودایەک دەکرێ و ئەوان ڕازی دەبەن بۆ ئازادکردنی ئەم هاووڵاتیانەیان پارەیەکی باش بدەن. ئەو پارەی ئەوان دەیدەن هیچ نەبێت چەندین هێندەی ئەو پارەیەیە دەکرا لەوانە دەست بکەوێ کە دەبوایە بە ۹۰ هەزار دۆلار بۆ مانەوەی پێنج ساڵە بێنە ئێران.

**ئەم شێوازە سوودی بێئەژماری هەیە و بەشێک لەم سوودانەش بریتین لە:**

۱- ئەوانەی دەگیرێن هاووڵاتیی ئێران و وڵاتانی دیکە بە هاووڵاتیی خۆیانیان دەزانن.

۲- وڵاتانی جیهان ئەوەندە پێیەوە سەرقاڵ دەبن، لەنێوخۆ کەڵ و وشتران بخنکێنە و لە هەناردەکردنی شۆڕشی ئیسلامییش بەردەوام بە، چاوی لێ دەنووقێنن

۳- هەرکەس لەنێوخۆ دژایەتیی دەسەڵاتی کرد، بیگرە و بیخنکێنە، هەواڵی ئەوان لە پەنا هەواڵی جەماعەتی "دوو تابعییەتی"دا شرت و گوم دەبێ.

**٤- ئەو پـارەیەی لـە فرۆشـتنەوەیان بە وڵاتـانی ڕۆژئـاوا دەسـت دەکەوێ زۆر لە دەسـتمایەی دابینکردنـی کەلـوپەلی هەناردەکردنی شۆرشی ئیسلامی بۆ وڵاتانی دراوسێش زیاد دەبێ.**

**سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٠ی ئەپریلی ٢٠٢٢**



سەرچاوە
Serchawe

## زاوای خراپ بەڕەی خەزووری دەخاتە سەر ئاو

سەد هەزار خۆزگەم بە جاری جاران، مەبەستم سەردەمی چندین ساڵ لەمەوبەرە. زۆر لەمەوبەریش نا، تەنیا سی چل ساڵ پێش ئێستا، ئەوکات ئەم بێنەوبەردەیە وا بە چڕی نەدەقەوما. ئەم هاتوهاوارەی ڕاگەیاندن و تۆڕی کۆمەڵایەتی و نازانم چی و چییە سەری هەڵنەدابوو و ماڵی لە هەموو لایەکی نەشێواندبوو.

لەوان سەردەماندا کچ و کوڕ بەزەحمەت جێیژوانیان دەدۆزیەوە و بۆ بەیەکگەیشتن زۆر ماندوو دەبوون. ئەگەر کوڕ و کچێک ویستبایان بە یەک بگەن، زۆر کون و کەلێن و کەلەبەریان ڕەچاودەکردن و لە کۆتاییدا شوێنێکی گونجاویان بۆ خۆیان دەدۆزیەوە. ئەگەر کەمێک بە وشیارییەوە جووڵابانەوە، کەم وا دەبوو خەڵکی دیکە هەست بە خۆشەویستی یان پێوەندیی نێوانیان بکەن. ئەوکات نەک هەر سۆشیال میدیا و تەلەفزیۆن و سەتەلایت و مەتەلایت و لەتەلایت و شتی وا نەبوون، بەڵکوو لە زۆر گوندان ئەم کارەبا و مارەبایەش نەبوو کۆڵان و مۆڵانان ڕووناک بکاتەوە. ئەگەر مانگەشەویش بوایە، لە گوندان دەتتوانی بەبن سێبەری پەلەسوانە و بن دیوارانـدا کەمێک خۆت ڕەدیواری بە قوڕەسوور سواخدراو یان خڕەبەردی نێوچاوان دەرپەڕیوی دیوارانـدا بخشێنی و بە فیکەیەکی باریک یان هاویشتنی دوو زیبکە بەردی بچووک کچە حەیرانێ ئاگادار بکەیەوە و پاشانیش بە کەیفی خۆتان. ...

کوڕ و کچی بێعەلاوە هەر هیچ، خۆ ژنی بەمێردیش بۆ ئەوەی هەست بە بەرەوژوان ڕۆیشتنی نەکەن، لە تاریکایی نێوەشەواندا بێهەست خۆی دەگەیاندە کوڕە حەیرانێ. ئەدی ئەوە نییە بەگۆرانی دەیانگوت: "هەی ڕۆڵە سەردڵ خڕ بی، بابمردوو بی شەو درەنگە بۆ جێژوانێ/ ئەوە ڕۆژی ڕووناکە هەموو عالەم دەزانێ؟"

دزیکردنیش هەر دزیکردنی جاران. ئەگەر شەوانە شنەبایەکی هاتبایە و گەڵا و پەلکی داران و بڕکەی بێستانانی لێکدابا، خشە و مشەیەکی وای دەخولقاند کەس هەستی بە دزیی بێستان و بەری باخان نەدەکرد. لەنێو گوندانیش دیواری بە قوڕ و بەردی تەویلە و کولێنان کون دەکران و گا و گوڵ و مەڕ و ماڵات و زۆر شتی دیکەیان پێدا ئاودیو دەکرا. سەگەلی پاسەوانی هۆڵ و ئاغەڵانیش بە پەلکە نان و پارچە گۆشتان کلاویان دەچووە سەر و بە بێدەنگی دەستیان بە کلک ڕاوەشاندن دەکرد. لە شاران کار لەمەش ساناتر بوو. خاوەنماڵان لەم نێو حەشیمەتە زۆرەدا باش دەخافڵان و بە سووک و هاسانی دزییان لێی دەکرد.

بەشی یەکەم

ئەو سەردەمی زۆر خۆشتر بوو، بەڵام لەم ساڵانەی دواییدا ئەم ماهوارە و ئینترنێت مینترنێتە کاری خرا کردوە. ئێستا لە جیاتی بن دیوار و بن دەوڵان و کادێن و رێگای قوتابخانە و کۆڵان و پارکان دەکرێ لە شوێنی زۆر ساناتر بە گراوێت بگەی. ئێستا دەکرێ هەر لە ماڵی خۆتەوە یان لە شوێنی کارکردن و خوێندن و شتی واش پەنجە بە ڕووبەری مۆبایل یان کامپیۆتێرەکەتەوە بنێی و هەرچی پێت خۆش بوو بۆ گراویی بەڕێ بکەی. لەگەڵ ئەم هەموو کارئاسانییەدا، کێشەی نوێش سەریان هەڵداوە. هاککردن و دزینی زانیاری وکۆپیکردنی چات و دزینی ڤیدیۆ و زۆر شتی ترشتریش، بەڵای ئەم سەردەمەن. لەبەر ئەوانە ژوان و موانی ئەم سەردەمە گرفت و ترس و لەرزی زۆرترە.

جاری جاران ئاغا و شا و گزیر و کوێخا و کاربەدەستان هەرچی خواردبایان و پاشقولیان دابا، تەنیا چەند کەسێک چاویان پێیدەکەوت و پاش ماوەیەک لەبیر دەکران. ئێستا وەک جاران نییە و ئەم میدیا و تۆڕە کۆمەڵایەتی و شتانە خێرا هەموو شتێک لە هەڵلا دەدەن.

بە تایبەت کاری پاشقولدان ئەمڕۆ بۆ بەرپرسان و دەستەڵاتداران بووەتە پێوستییەکی ڕۆژانە. ئەو بەرپرس و دەستەڵاتدارانەی ناچارن ڕۆژانە پێداویستیی خەڵک و هاووڵاتیان گران بکەن، پێداویستیی لە ڕادەبەدەری خۆیان تەنیا لە ڕێگەی پاشقوڵدان جێبەجێ دەکرێ. پاشقولدان لە نێو ترس و لەرز و مەترسیی ڕاپەڕینی خەڵکدا لە ڕادەبەدەر پێویستە.

ئەوە نییە سەرۆکی مەجلیسی شۆڕای ئیسلامی بەم هەموو کوێرەوەری و زەحمەتەی لە فەرماندەیی پۆلیسی ئینتیزامییەوە کێشای و بوو بە شارەدار و ئەم هەموو پارەیەی کۆ کردەوە و دوایی بوو بە سەرۆکی مەجلیس و بە ڕاو و تەکبیری کەسوکاری نزیکی خۆی بیری لە داهاتوو کردەوە و خێزانی نارده تورکیە و دوو دەستە خانووی بۆ ڕۆژی هەڵات هەڵاتێ بکرێ و لەوێ هەم پارەیەک لە بانکان دابنێ و خانووەکانیش بەناوی خۆی بکا، بەڵام زاوا لەچەرەکەی لێی تێکدا. ئەو هەتیوەی زاوای لە کاتێدا هێشتا منداڵیان لە زگی دایکیدا بوو، لە تورکیە کۆڵێک جلی هەرزانی تورکانی بو کڕیبوو. ئاخر بڵی هەتیوە مل شکاوە دەستقووچاوە ئەوە نییە خەسوو و خەزوورت بۆ پاشەڕۆژێ خانوویان لە تورکیە کڕیوە و پارەیان لە بانکان داناوە. ئاخر بڵی هەتیوە لەچەرە بۆ وات کرد ئەو بارگە و بنە بکەوێتە بەر کامێرای ئەو بەرهەڵایانەی لە فرۆکەخانە خۆیان بۆ ئەم دەرفەتانە حەشار داوە؟

منداڵی ئەم سەردەمە ئەوا هیچ و پووچە بە دوو دەست جلی شڕی منداڵێکی هێشتا لەدایک نەبوو، بەڕەی خەزووری دەخاتە سەرئاو.

تۆ خوا حەقی ئاغای قالیباف نییە بە زاواکەی بڵی، "هەی ڕۆڵە سەردڵ خڕ بی کۆستکەوتوو بی لەگەڵ دیاری هێنانێ/ پیلانمان ئاشکرا بوو هەموو خەڵک دەزانێ."

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٥ی مای ٢٠٢٢



سەرچاوە Serchawe

## "دڵداری دەرمانی" شێوازی نوێی چارەسەری هەموو کێشانە
## "بەرهەڵێخ" بە شێوازی دیکە نوێ دەبێتەوە

پەندێکی کوردی هەیە دەڵێت "لە کۆتەرەدار ڕەویەوە بەسەر بەرازدا کەوت". ئەم پەندە لە خۆمان یانی لەمن و لە تۆ و هەموو ئەوانی دیکە ڕووی داوە.

ماوەی چەند ڕۆژێکە لە ئێران زیاتر لە جاری جاران نان چووەتە پشتی شێران و برسیەتی فرە هێرشی هاوردووە. هەر لەبەر ئەمەشە خەڵکی ئێران شەوانە خەریکن لە شار و بازاڕان خۆیان پێشان دەدەن، یانی شەوانە خەریکی خۆپێشاندانن. خۆپێشاندانی شەوانە چەند هۆکارێکی هەیە. یەکیان ئەمەیە خەڵک بە ڕۆژ بە دوای ناندا دەدەگەڕێن و ئەگەر دەستیان کەوێ لە شوێنێک دەیدۆزنەوە، گوێی دەگرن و دەیهێننەماڵەوە و بە دزیی دەروجیران و دوور لە چاوی میوانی سەربەخۆ پارچە پارچەی دەکەن و دەیخەنە گووپی ژن و منداڵی برسییانەوە.

یەکی دیکە لە سوودی زۆری خۆپێشاندانی شەوانە ئەمەیە شەوان زۆربەی کووچە و کۆڵانی شاران تاریکن و خۆپێشاندەران باشتر دەتوانن لە پەسیواندا خۆ لە ڕاوەدوونان و گرتنی هێزی تازەناوی "فەراجا" بپارێزن.

یەکێکی دیکەی دیکەی هۆکاری خۆپێشاندانی شەوانەش کۆتاییهێنان بە شەودانیشتنی هەتا درەنگانە. شەودانیشتن لە ماڵاندا تام و چێژی جارانی نەماوە. هەتا ئەم دواییانە باش بوو خەڵکەکە لە ماڵەوە هەرکەس بە مۆبایلی خۆیەوە خەریک دەبوو، بەڵام ئێستا بە گەدەی بەتاڵ و ترسی نەبوونی نانی سبەی سەیرکردنی تۆڕ و مۆڕی کۆمەڵایەتیش تاموچێژی جارانی نەماوە و ئەمەش یەکێک لەو هۆکارانەیە ژن و پیاوی ماڵەوە شەوان دەچنە خۆپێشاندان و چوون بۆ خۆپێشانانیش هەر هیچ نەبێ دوو سوودی بەرچاوی دیکەی هەیە: یەکیان ڕاکردن لەدەست پرتەوبۆڵەی ئەوانی دیکەی نێو ماڵەوە و ئەوی دیکەش خەوی بەیانیەکەیە و دەکرێ بڵێی هەتا درەنگانی شەو لە خۆپێشاندان بوومە و ئێستاش ئەگەر بە ڕۆژ کارم نەبێت، خەوتن زۆر باشترە و بۆ خۆپێشاندانی شەوی داهاتووش وزەیەکی باشترم دێتەوە بەر.

ئەم هەوڵ و جووڵەی خەڵک لە کاتێکدایە هەڵسوڕێنەرانی کۆماری ئیسلامی دوای ئەوەی بە حیساب و کیتاب و لێکدانەوەی پارە و داهاتی پاشکەوتکراوی خۆیان ڕاگەیشتن، بیر لە دەنگ نەهێنانەوەی حیزبوڵڵای لوبنان و سەرنەکەوتنی چوارچێوەی

هەماهەنگی لە عێراق و دەرچوونی هێزی چەکداری رووسیە لە سووریە دەکەنەوە. بەرپرسانی پلەبالآی مەملەکەتی ئیسلامی شوکرانەبژێرن دەبینن خۆیان پێداویستییەکی ئەوتۆیان نییە و ماڵ و منداڵیان لێرە و لە هەندەران تێر و تەسەلەن. خودی جەنابی رێبەری کۆماری ئیسلامی ئەمشەو بیری لە قسەی رۆژی رابردووی شای ئۆردۆن دەکردەوە. شای ئۆردۆن دوێنێ گوتبووی هێزی چەکداری رووسیە باشووری سووریە جێدەهەڵێن و چەکدارانی سەر بە ئێران و حیزبوڵڵا جێگەیان دەگرنەوە. ئێستا جەنابی رێبەری کۆماری ئیسلامی تێدا ماوەتەوە، ئاخۆ جارێ بە شێوەی کاتی سەبارەت بە باشووری سووریە و پێوەبوونی چەکدارانی لەوێ و سەرنەکەوتنی جەماعەتی خۆی لە پێکهێنانی کابینەی عێراق پێشان بخواتەوە، یان بۆ گەرمکردنەوەی ئاگری شەڕی هەموو ناوچە بە حووسیانی یەمەن بڵێ ئاگربەستیان لەگەڵ سعوودیە بشکێنن؟

رێبەرانی بەمشووری ئەم وڵاتە شێوە پشیلەیە، وەنەبی بیر لە خەڵکی نێوخۆش نەکەنەوە. هەر لە دوو سێ رۆژی رابردوودا بەرپرسانی موحتەرەم بە تایبەت لەنێو هەزارەزیلەی پایتەخت، بۆ پێشگیریکردن لە سەرهەڵدانی خۆپێشاندان، بە بیانووی خۆڵبارین لە هەموو قوتابخانە و زانکۆ و ئیداران پشووی رەسمییان راگەیاند. لە کاتێکدا بۆ رۆژی دووهەم هەوای تاران پاک و خاوێن بۆوە، پشووی راگەیەندراو هەروا بەردەوام بوو، لەبەرئەمە بوو کەوتینەوە بیر ئەم بەسەرهاتە: "دەگێڕنەوە لە جادەیەک ئوتوبووس لە پێچێک سوڕایەوە و کوڕێک لە تەنیشت خانمێکەوە بە بیانووی نەمانی هاوسەنگی شانی هاویشتە سەر شانی خانمەکە و کەمێک پێ چوو ئوتووبووس راستەڕێ بۆوە، بەڵام کوڕە هەر شانی لەسەر شانی ژنە بوو. خانمەکە دەستێکی گەیاندە شانی کوڕە وگوتی، کاکە راستەوە بە، خۆ دەمێکە پاسەکە راستەڕێ بووەتەوە".

لە لایەکی دیکەوە خۆپێشاندەران و خەڵکی داماو جاروبار بەردی لە دەستدانی کوڕەکەی رەزاشا لە ئەژنۆ دەدەن و دەڵێن "رەزاشا روحت شاد". لێردا نازانم مەبەستیان بیرهێنانەوەی پەندی "رەحمەت لە کفنذزی پێشووە" یان خەریکن جارێکی دیکە "لە کۆتەرەدار دەرەونە و بە سەر بەرازدا دەکەون"؟

ژنانی سەر بە کۆماری ئیسلامیی ئێرانیش بۆ کۆتاییهێنان بە خۆپێشاندانان دەستپێشخەرییەکی باشیان کردوە. ئەوان دەزانن ئەم خۆپێشادانانە بە هۆی برسیەتیەوە سەریان هەڵداوە. لە ئاکامدا پێشنیاریان کردوە ژنان لە نێوماڵی خۆیاندا بۆ چارەسەرکردنی بنەڕەتیی ئەم کێشەیە خۆی لێهەڵماڵن. ژنانی نزیک لە حەوزەی خویندن و ماموستایانی فێرگەی ئیسلامیی قوم دەڵێن پێویستە ژنان شەوانە لە ماڵەوە زیاتر دڵداری لەگەڵ پیاوانیان بکەن و بە ئەوینداری و خۆشەویستی، برسیەتی و نەدارییان لەبیر بەرنەوە. کەسیش نییە چەپڵە بۆ ئەم ژنانە لێ بدا و بڵێت هەی چاوی سەرم بێ! خۆ بەم رێنوێنیەی ئێوە فەرمایشتی میرزا خواجە عەلیش جێبەجێ دەبێ و ئەوانەی شەوانە بەم "شیددەت"ە دڵداری دەکەن، وەچەی زۆرتریان لێ دەکەوێتەوە ئوممەتی شەهیدپەروەری ئێرانیش لە پیری رزگاریی دەبێ.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢١ی مای ٢٠٢٢

## "بەرهەڵێخ" بە شێوازی دیکە نوێ دەبێتەوە

زووتر لەم سەردەمە یانی بەر لە ئێستا، لای خۆمان دیواری ماڵان زیاتر بە قوڕ یان بە خشتی کاڵ هەڵدەچندران. پاشان بە کاریتە و ئاڵوداران دارەڕا دەکران، بە پووش و پەلاش و گەڵەبان دادەپۆشران و سەربان و دەرودیواریان بە قوڕ سواغ دەدا. دوای چەند ساڵان ڕەشەبا و بۆران و بەفر و کرێوە و هەردەهژیان و ڕووداوی سروشتی ئەم دیوارانەیان دەخستە لەرزە. خاوەنانیشیان یان بە هۆی نەبوونی و بێدەستەڵاتی یان لەبەر تەنبەڵی و تەوەزەلی بۆیان نەدەکرا باڵەخانەیەکی نوێ دابنێن و چەند ساڵی دیکە تێیدا بژین. لە دەرەوە یان لە ژوورەوەی خانوو دیوارێکیان بە دیواری لە ڕووخاننزیکەوە هەڵدەچنی و بەم دیوارەی دواییان دەگوت "بەرهەڵێخ."

### ڕابردوانی نەخوێندەواری زانا "بەرهەڵێخ"یان چۆن دروست کرد؟

هەزار ڕەحمەت لە گۆڕی ئەو پیر و پێشوونیانەی لەسەر نەخوێندەواریی خۆیان و دوور لە دەنگی ڕادیۆ و ڕووخساری تەلەڤیزیۆن و چاوبڕکێی بووکەڵەی نێو تۆڕی کۆمەڵایەتیی ئینترنێت و کوڕێژگەی خاوەن بڕوانامەی زانکۆ و کێژۆڵەی لێو ئەستووری دەمچەقوولەی "بێجۆ"(گوێ)، زمانی نەتەوەی خۆیان وەک بیلبیلەی چاویان دەپاراست و خزمەتیان دەکرد. ئەوان بێئەوەی تیۆریی زمان بزانن و لە زانکۆ خەریکی "داتاشینی وشە" بن، هەر خۆیان وشەی "هەڵێخ"یان لە چاوگی "هەڵخستن"وە وەرگرتوە و پێشگری "بەر" یان داوتە "بەر" و ناوی "بەرهەڵێخ"یان بۆ ئەم زێدە دیوارە داناوە و بە "بەر" دیواری سەرەکیی مەترسیلەسەریان هەڵخستووە.

دیارە لەزمانی کوردیدا ئەم زێدەدیوارە ناوی بەرهەڵێخە و نەتەوەی دیکەی دەرودراوسێشمان بەرهەڵێخیان داوەتە پاڵ دیواری لەرزۆکی لە ڕووخاننزیکیان، بەڵام هەر ناوێکی بۆیان داناوە بە من چی و ئەوە ئەرکی ئەو کەسانەیە زمانێک بۆ زمانێکی دیکە وەردەگێڕن.

### هەوڵی ڕزگارکردنی بەرهەڵێخ لە مردن

بەندەی موخلیسی هەموو لایەکتان، (مەبەست لە "هەموو لایەکتان" تەنیا ئەو کەسانەیە خوێندنەوە بە کارێکی قۆڕ و کاتبەر نازانن و بەهۆی خوێندنەوەی زۆر بەسەر ئەم چەند دێڕەش دادەکەون و دەیخوێننەوە)، خەریکم "پێ"م لە بەرەی

خۆ زیاتر ڕادەکێشم و دەست بۆ بڤەیەک دەبەم کاری من نییە. کاری زمانەوانی دەکەم. یانی خەریکم وشەی "بەرهەڵێخ" لە بن دیوارەوە بۆ شوێنی دیکە دەگوازمەوە. ئێستا لە زۆر شوێنی وەک ئابادان باڵەخانەی زۆر بەرز و ڕواڵەت جوان بە سەر هەموو شتی دەورو بەریاندا دەڕووخێن و ئەگەر بەرهەڵێخیشیان لەبەر بێت وای لێ دەکەن دوای هەڵگرتنەوەی داروپەردووی باڵەخانەی ڕووخاو و گەڕان بەدوای مردووان و گیانبەختکردووان و ناسینەوەی کەرەستەکانی دروستکردنی، شوێن و پێگە و جێگە و بایەخی بەرهەڵێخ بۆ کەس ساغ نابێتەوە.

لە سەردەمێکدا دیواری قوڕین و خشتین نەماوە و ئاسن و شووشە و کۆنکرێت جێگەی قوڕ و "کا"ی گرتووەتەوە و فووگە و ئالوومینیۆم و پیڤیسی و کاغەزدیواری شوێنی خۆڵەبان و سواخکردنی داگیر کردوە، بە دوور نییە ئەم وشە کۆنانەی وەک "بەرهەڵێخ" لەبیر بچنەوە و ڕەنجی چەندین ساڵەی باوانمان ئاوەوئاو بڕوات. پاساویشم ئەمەیە نەوەی ئێستامان مانای وشەی بەرهەڵێخ نازانن.

## گەندەڵی و بەرهەڵێخ

مانەی ئەم دوو وشەیە زۆر لەیەکتری دوورن. گەندەڵی بەو بەسەرچوون و نیوڕزین و فاسیدبوونانە دەگوترێ بە هۆکاری جوداوە دروست دەبن. لێرەدا مەبەست لەم قسانە خوای نەخواستە بەرووبوونەوەی گەندەڵی نییە. بەڵام ترسمان لەمە هەیە بە هۆی گەندەڵییەوە شێرازەی زۆر شت تێکبچێت و دوخی زۆر شت بشێوێت و زۆر شت وەک خۆیان نەمێنن و زۆر شتی پیرۆزییان لەدەست بدەن. لە کاتێکدا ئێمە بەهیچ کلۆجێک نامانهەوێت دۆستان و دوژمنانمان بەهۆی شوبهاندیان بە گەندەڵ یان گەندەڵکار لێمان زویر بن. بە شێوەیەکی سنووردار باسی گەندەڵی دەکەین. بۆ وینە دەڵێین گەندەڵی لە بەستێنی، سیاسی، ئابووری، کولتووری و ئەخلاقی و... دا گەشە دەکات. گەشەش نا، چوونکە گەشە بە شتی ئەرێ و باش دەگوترێت. دیارە بۆ ئەوەی دڵی گەندڵکارانمان لێ نەڕەنجێت، دەتوانین بڵێین گەندەڵی لە بنەڕەتڕا خراپ نییە، بەڵام گەشە ناکات و تەشەنە دەستێنێت.

لە سەردەمێکدا پێشوونیانمان بە کوێرەوەری و ڕەنجێکی زۆر بەرهەڵێخیان دروست کردوە و بەر دیواری گەندەڵیان داوە و ئێستاش بە هۆی ئاسن و ماسن و سیمان و میمان و ئالوومینیۆم و مالومیۆم و پیڤیسی و میڤیسی و ئەم شتانە دیواری قوڕینمان نییە لە کاتی لەرزۆک بوونیدا بەرهەڵێخی وەبەر بدەین، ئەم بەرهەڵێخە بۆ ئاقاری ئابووری و سیاسەت و کولتوور و ئەخلاق دەگوازینەوە.

## دەکارکردی نوێی "بەرهەڵێخ"

بۆ ئەوەی کارکردی بەرهەڵێخ لە بواری جیاجیای ئەم سەردەمەدا بزانین، تەنیا ئاماژە بە چەند نموونەی بچووک دەکەین و خوێنەر هەرچەندە ناکاراش بێت دەتوانێت چەندین نموونەی دیکەی هاوشێوەی ئەم بەکارهێنانە بە دوای یەکدا ڕیز بکات و بەمجۆرە "بەرهەڵێخ" لە مردن ڕزگار دەبێت.

١ - هێزی ئەمنی و سەربازی بەرهەڵێخی چارەسەرکردنی سەرهەڵدانی سەرشەقام و بەرەوڕووبوونەوەی دیاردەی کۆڵبەرییە.
٢- هاندانی بڕواداران بە سینگکوتان و ڕەشپۆشی بەرهەڵێخی پتەوبوونی بیرکردنەوە و زانینە.
٣- فراوانکردنی هیلالی شیعە بەرهەڵێخی مانەوە و بەردەوامیی کۆماری ئیسلامییە
٤... - بەرهەڵێخ خۆی بووە بە "تەن" (مادە)، هەرگیز لەنێو ناچێت. کێشی هەیە و بەشی خۆی بۆشایی دادەگرێ، بەڵام لە بیچم و شێوازێکەوە بۆ بیچم و شێوازی دیکە دەگۆڕێت.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٥ی جوونی ٢٠٢٢



سەرچاوە
Serchawe

## هەموو كێشەیەک بە "فوو" چارەسەر دەكرێت

ئۆ ڕەببی بە خاتری ئەو شێخ و مەشایەخانەی من و تۆی ناوریا هیوامان پێیانە، دۆخەكە لەمە باشتر بێت. هێندەی خیزی لە بەستێنی ڕووباران و گەڵای لە داران، سەلام و سەڵەوات بۆ ئەو شێخ و مەشایەخانەی بە هەناسەی پاكیانەوە فوو بە كێشەی دەروێشانی سینەچاک و ڕەخشكێش و زەرگوەشێن و ئاگرخۆری موشتاقی خۆیاندا دەكەن.

كوا بە زمانی لاڵ و لەگۆكەوتووی ئێمەمانان تاریفات و مەدح و سەنای ئەو پیاوچاكانە تەواو دەكرێت؟ ئەوەی ئێمەی برسی و دژوین و نەزان و كەم وزە سەبارەت بەو گەورەپیاوانە دەیڵێین، لە چاو توانای ئەوان تەنیا تۆزقاڵێكە.

هیچ پێویست ناكات بۆ دۆزینەوەی پیاوچاک و ودەبەدەست و كەرامەتداران بۆ ڕابردوو بگەڕێینەوە و بەدوای چیرۆک و ئەفسانەكاندا بخولێینەوە. هەر دوور نەڕۆین ئەوەتا لە بنەوپاڵی خۆمان پەرجۆی وا دەبیین ژن و پیاو سەریان سوڕ دەمێنێت و هیچ بەدوور نییە لە حەژمەتان هەمووومان ڕەقهەڵێین و ببینە بەردیش.

لەم سەروبەندەی دواییدا سەرداری سەرداران "ڕەحیم سەفەوی" یەكێک لە فەماندەرانی سوپای پاسداران، لە كاتی وانەگوتنەوە لە زانكۆی ئەفسەرانی ئەم سوپایەدا، بەسەرهاتێكی خۆشی لەگەڵ ڕێبەری ئینقلابی هەمیشە ئیسلامی (ئەرواحونا لەهولفیدا) بۆ ئەفسەرانی قوتابیی زانكۆكە دەگێڕێتەوە و هەموویان سەریان لەم بەسەرهاتە سووڕ دەمێنێت. ئاغای سەفەوی، باس لە نەوەیەكی خۆی دەكات و "دەڵێت نەوەكەم تووشی زەردوویی بوو و دوكتوران لە چارسەركردنی دامابوون. ڕۆژێک لە خزمەت ڕێبەری موعەززەمی ئینقلاب نوێژمان دەكرد. دوای نوێژكردن جەنابیان فووی بەسەر قەندانێک قەنددا كرد و دوعای بەسەردا خوێند و ئێمە حازریان قەندەكانمان بەسەر خۆماندا دابەش كرد و لە ماڵەوە نەوەكەم بە خواردنی یەكێک لەم قەندانە وەک گوێزی ساغی لێهاتەوە".

دوای ئەوەی سەردار سەفەوی بە ئەمانەتەوە ئەم بەسەرهاتەی گێڕایەوە، ئێمەی مورید و خاكی بەر دەرگای ڕێبەری موعەزەم بەردەوام شتێک دڵمان ختۆكە دەدات و ئێستا دەیكەین بە دوعا و نزا و پاڕانەوە لە خزمەت جەنابیان. جا هیواداراین گوێ بداتە نزای ئێمە و بە مەرامی جۆراوجۆر فوو بە قەند و زۆر شتی دیكەدا بكات.

بەم هیوایە کاربەدەستان و مەقاماتی لەشکەری و کشوەری، فێرگە و زانکۆیان جێ بهێڵن و بەگوێرەی پێویست فەردە قەندی ورد لە بەرماڵی جەنابیان ڕیز بکەن و بۆ ماوەی چەند ڕۆژێک قەندانانی لێ پڕ بکەن و داوا لە جەنابیان بکەن ڕۆژانە بە بەردەوامی فوو بە چەند قەندانە قەندێکدا بکات. دوای ئەوەی جەنابیان فووی بە قەندەکاندا کرد، بەردەستان و خادمانی جەنابیان قەندە فووپێداکراوەکان بە دنیادا بڵاو بکەنەوە. دوای ئەمە هەموو گرووپ و ڕێکخراوی نێو بەرەی مقاومەت لە لوبنان و سووریە و عێراق و یەمەنەوە هەتا دەگاتە ئەفغانستان ڕابسپێرن قەندی فوو پێداکراو بەرەو شوێنی خۆیان بگوازنەوە و بەسیجیانی جانبەرکەفی نێوخۆش بەشێک لەم قەندانە بە هەموو کەلێن و قوژبنی وڵاتدا بڵاوبکەنەوە بەم جۆرەی خوارەوە ئاکامەکەی ببینەوە:

١- لە سووریە و لوبنانەوە چەند کلۆقەندێک بۆ لە نێوبردنی ئیسرائیل بەسە و ئیتر پێویست ناکات کلۆقەندی فووپێداکراو بۆ تەقاندنەوەی ئەو مووشەکانەی ئیسرائیل لە سووریەیان دەدات و ئەو سێخوڕانەی لەنێو ئێران پیاوانی جەنابیانی پێ دەکووژن، خەسار بکرێن.

٢- با چەند کلۆ قەندیش بۆ لەنێوبردنی وەهابیانی سعوودی تەرخان بکرێت، ئەوکات نەک هەر یەمەن، بەڵکوو هەموو ناوچە لە دەست ئالی سەعوود ڕزگاری دەبێت و ئەمریکاش دەستی لە کەنداوی هەمیشە فارس کورت دەبێتەوە. جا ئەوکات کەنداو زمانی عەرەبیی لەبیر دەچێتەوە و بەتەواوی دەگەڕێتەوە سەر زمانی فارسی.

٣- لە سەردەمی مەرحووم شا ئیسماعیلی سەفەویدا دوای ئەوەی سەرچاوەی ئاوی قەڵای دمدم دۆزرایەوە و ئاوی نێو قەڵاکەیان بڕی، خانی لەپزێڕن و سەرهەڵداوانی نێو قەڵاکە خۆیان بەدەستەوە دا. بەم ئەزموونەوە وا باشە قەندێکی زۆر بکرێتە نێو سەرچاوەی ئاوی کوردان لە هەر چوارپارچەی کوردستان و وابکرێت هەموویان یەکجێ زمانی کوردییان لەبیر بچێتەوە و واز لە تورکییش بهێنن و بە فارسی بە پلاتفۆڕمی یەکپارچەیی ئێرانەوە بنوسێن و ئۆپۆزسیونی فارسی ئێرانیش سەرئێشەی تەجزیەتەڵەبانی لەکۆڵ بێتەوە. ئەوکات پێویست نابێت داوا لە ئەفسەرانی وڵاتانیتریش بکەن بە مووشەکی "نوفتەزەن" قەڵای دێموکراتیان بۆ بنگێون.

ئەگەر ژمارەی ئەم چاوەڕوانیانە لە قەندی فووپێداکراو زیاد بکەین، بۆ چاپکردنی چەند مەن کاغەزمان دەوێت و هەتا کۆشکی سپیش دەکەینە حوسێنییە ئەم چیرۆکە هەر درێژ دەبێتەوە. بەڵام چەند کارێکی بەپەلە بۆ نێوخۆی ئێران پێویستن و تەنیا بە تەرخانکردنی چەند کلۆقەندێک زۆر کێشەی بنەڕەتی چارەسەر دەکرێن. ئەگەر سەرەتا دوو سێ قەندانی پڕ لە قەند بە فووی جەنابیانەوە لە کارگەکانی ئێران بڵاو بکرێنەوە و پێداویستیی ئەم کارگەیانە لە زەوی دەربقوڵێت و چەند

کلۆقەندێکیش ڕووباران وەخۆ بخەن و بەنداوی ئێران پڕببنەوە، تەنیا یەک دوو کلۆش بۆ داخستنی پێشەوەی مانتۆی "ڕووباز"ی ژنانی سنگپانی گەرنکێڵ لە سەرانسەری ئێران تێچوویەکی زۆر نییە.

داوای لە هەموویان بەپەلەتر ئەمەیە نەک هەر قەندانێک و چەند قەندان، بەڵکوو با تەرخانکردنی فەردیەک قەندی فووبەسەرداکراویش بۆ دابەزانەندنی نرخی دۆلاری ئەمریکای جیهانخۆر و گەڕاندنەوەی نرخی دۆلارێک بۆ حەوت تومەنی جاران پەلەی لێ بکرێت، بەڵکوو خەڵکیش چی دیکە بە ڕەزا کەچەڵ نەڵێن ڕوحی شاد.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٢ی جوونی ٢٠٢٢

## لێکدانەوەی دوو گۆرانیی موبتەزەل

جاری جاران واتە سەردەمی کەمولکێک کۆن، یانی سی چل ساڵ لەمەوبەر ئەم گۆرانییەی عەلی مەردان هیچ کێشەیەکی لێ نەدەکەوتەوە. سەردەمی عەلی مەردان وابوو، بەڵام ئێستێ ئەمجۆرە دەربڕینانە مەترسیدارن. زیان بە نیزامی موقدەس دەگەیەنن و هەرکەسێک دەق و ڕستەی ئەم گۆرانییە بە چپە و لەسەرخۆش بڵێتەوە، بە "زیددی ئینقلاب" و " دژبەری خوا" و "بۆگەنی سەرزەوی" واتە "موفیسدول فیل ئەرز" دەناسرێت.

ئەو عەلی مەردانەی لەنێو کوردان بە دەنگبێژ و هونەرمەند ناسراوە و ڕێزیشی لێدەگیرێت، ئێستا ئەگەر نەمردبایە، بە تۆمەتی گوتنی گۆرانیی "شەرمی پێناوێ پەچەکەت لادە"، وەک سەلمان ڕوشدی خەڵاتی سەری دیاری دەکرا و دەبوایە وەک دوژمنی خوا چاوەڕوانی ملپەڕاندن یان بەمل هەڵواسین بوایە. ئەگەر کەرکووکی جارانیش وەک ئێستە بوایە، ئەوە جەماعەتی بەرەی موقاوەمەت هەرامەیان لە فەللاقە دەدا.

ئەم عەلی مەردانە لە کاتی گوتنی گۆانیی پەچەکەت لادە، لە ڕادەبەدەر شووڵی لێ هەڵدەکێشیت. بەوەندە ناوەستێت داوا بکات تەنیا لە ماڵەوە پەچە لابدرێت. ئەو یەک بە گەووری بە خەڵکی کۆڵان و سەرجادە دەڵێت پەچەیان لابدەن:

**کۆڵان بە کۆڵان جادە بەجادە**
**نەشمیلەی چاومەست پەچەکەت لادە، پەچەت لادە**
**خۆمم بۆ سێدارەت کردوە ئامادە**
**شەرمی پێناوێ پەچەکەت لادە، پەچەت لادە**

پەچە لادان بە مانای لەبەرچاونەگرتنی حیجابە. زیاتر لە چل ساڵە کەسانی دژی شۆڕش هەوڵ دەدەن بە لادانی پەچە دژایەتیی پێکهاتەی پیرۆزی کۆماری ئیسلامی بکەن. سەرەتا لایەنگرانی لادانی پەچە زۆر کەم بوون، بەڵام بە درێژایی ئەم ساڵانە لە زیادبوونن. ئێستا زیاتر لە نیوەی ژنان و پیاوان داوای لادانی پەچە لەسەر زۆر شت دەکەن.

پەچەلادان شتێکە گەورەپیاوانی بەساڵاچووی وەک پیرئەحمەد جەننەتی بە هیچ شێوە و شێوازێک پەسندی ناکەن. لە ماوەی نزیک بە نیوسەدە دەسەڵاتی ئاخوند و پیاوچاکان لە ئێران چاویان لەبەرانبەر خۆزەقکردنەوەی خانمان نووقاندوە و

ئیزنیان داوە ژنان هەر چۆنێک پێیان خۆشە گۆڕان بەسەر ئەو جلوبەرگانە دابهێنن لەلایەن عولەمای ئەعلەمی نیزامی موقدەسەوە بۆیان دیاری کرابوون. وەک میناک خانمان دەتوانن مانتۆکانیان وا بدروون جیاوازیەکی کەمی لەگەڵ تیشێرت هەبێت و کەڵک وەرگرتن لە قوماشی ئیستریچ یان مەتات هیچ کێشەیەکی نییە و خانمان دەتوانن بۆ پێشاندانی ئەندامانی سەرنجڕاکێشی لەشیان چۆنی پێیان باش بێت جلکی بەریان ڕێکبخەن. بەڵام لادانی پەچە هێڵی سوورە و هەرکەسێک لە کۆڵان و لەسەر جادە پەچە لابدات، بە توندترین شێوە بە دەستی "ئامرانی بە مەعرووف و ناهیانی لە مونکەر" سزا دەدرێت. هەر کەسێک پەچە لابدات بە قژانی ڕادەکێشن و بە شەپانی خەنی دەکەن. پەچەلادان تەنیا پێشاندانی لەش و لاری ژنان نییە و لێفەهەڵدانەوە لەسەر هەتیوانە.

خاتوونی بەڕێز! تۆ دەتوانی مانتۆی پێش ئاوەڵا بکەیە بەر و شەڵواری تەنکی نەتەنگیش هیچ کێشەیەک نانێتەوە. ئەودەم فێنکایی و سیلەچاوی جوانیپەسەندی "برادەرانی موعەممەم"یش لە هەموو لەشت دەگەڕێت و بە دیتنی لەشولارت هەر حەفتا و دو حوورییەکەی خۆیان دێتە بەرچاو و بە تۆیان دەشوبهێنن؛ بەڵام پەچەلادان نا.

پەچەلادان بڤەیە و کێشە تەنیا پەچەلادان لەسەر قژ و ڕوخساری ژنان نییە. پەچەلادان تەنیا بابەتی ژنانە نییە بۆ زۆر شوێنی دیکە تەشەنە دەکات. ئەگەر پەچەلادانی ژنان لەسەر شەقام و لە نێو ئوتووبووس و میترۆ و تاکسی و ئیدارەجاتان شلەی بدرێتێ. ئەم پەچەلادانە پەل داوێتە زۆر شوێنی هەستیاری دیکەش. دەنا خوای لە ژووری سەر ئاگادارە، ئەگەر پەچەلادان تەنیا بە دەرخستنی قژی خانمان و لادانی لەچکە کەسکە تەسکەکەت کۆتایی هاتبایە، هیچ کەس ئەوەندەی ماموستا و قوتابیانی قوم تاران و مەشهەدی پیرۆز حەزی لە دیتنی لەش و لاری ژنان نییە. خواوەندی داهێنەری ئێمە و هەموو کائینات ژن و پیاویانی بە ڕووتی ئافراندوە. خۆ دەکرێ بڵێین خۆداپۆشین دەست لە کاری خوا وەردانە و گوناهیشە. جگە لەمانەش ژن وەک خزمەتکاری پیاو هەتا ڕوحسووک و جوان و لەبەردڵان بێت و جوانییەکەی بەرچاوتربیت، باشترە. ئەگەر لادانی پەچە کێشەی درووست نەکردبا، چ قەیدی بوو با خەڵک هەر بە ڕووتی کۆڵان بە کۆڵان و جادە بە جادە سووڕابانەوە.

ئەوەتا هەر لەم ئاخر و ئۆخرانەدا، لەکاتێکدا ژنان لادانی پەچە و فڕێدانی لەچکەیان دەست پێکردوە، پیاوی وەک مستەفا تاجزادە، ئەو مستەفایەی هەتا ئێستا هەر خزمەتکاری نیزامی موقەدست بووە، دەستی بە پەچەلادان کرد و تەنانەت خەریک بوو پەچەی لەسەر کاروکرداری ئەوانی سەر سەرەوەش هەڵدەدایەوە. ئەگەر ڕاپێچی زیندانیان نەکردبایە، ئێستا پەچەیەکی زۆری لادابوو.

بەشی یەکەم

هەر دوور نەچین دوو ڕۆژ لەمەوبەر موحسنی هاشمی، کوڕی عەلیئەکبەر هاشمی ڕەفسەنجانی کەمێک پەچەی لەسەر باروودۆخی وڵات هەڵدایەوە. دیارە ئەویش پەندی لە خنکاندی باوکی لە گۆلی مەلەکردندا وەرنەگرتووە و خەریکە بە هەڵدانەوەی پەچە لەسەر ئاکاری ڕێبەری موعەززەمی ئینقلاب تاوانی گرانی و برسیەتی و بەکوشتدانی خەڵک و توندیوتیژی دژ بە ژنان و بێکاری و هەموو ئەوشتانە دەخاتە ئەستۆی ڕێبەری مەزنی وڵات. ئەوە نییە فائیزەی خوشکیشی هەر لەچکی سەری توند دەکا و بە چادرەی ڕەش هەموو لەشی دادەپۆشێت و پەچەش لەسەر سیاسەت و میاسەت هەڵدەداتەوە؟

هەتا ئێستا دەقی گۆرانی "پەچەکەت لادە"ی عەلی مەردان زۆر بیری لێ نەکراوەتەوە و وەک "بەلەنجە بەلەنجە"ی ناسر ڕەزازییش ڕاستەوخۆ دژایەتیی عەبا و مەبای نەکردوە، ڕەزازی ئاوی لە ئاوەڕیە دەرکردووە و هەر بەئاشکرا دەڵێت:

ئای بەلەنجە بەلەنجە، بەلەنجە هیچ نەماوە
هەموویی ون بوو بزر بوو، بە دەست حوکمی مەلاوە
هەموویی ون بوو بزر بوو، لە ژێر هەوری عەباوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٢ی جوولای ٢٠٢٢

## گەڵاڵەی سەرکەوتووانەی کۆماری ئیسلامی بۆ خزمەت بە فراوانکردنی دەسەڵاتی جوولەکان

لەم چەند دێڕەی خوارەوەدا بەوردی جیاوازیی نێوان سیاسەتی هەڵەی حکوومەتی پاشایەتی و کۆماری ئیسلامی لە بەرانبەر ئیسرائیلدا ڕوون دەکرێتەوە و دەسەلمێنرێ دەسەڵاتی پاشایەتی یان پاشای ئێران هەرچەندە لە سەرەوە دۆستی ئیسرائیل بوو و نێوانی لەگەڵ ئەم وڵاتە زۆر خۆش بوو، بەڵام لە ژێرەوە یان دوژمنی ئیسرائیل بوو، و یان زۆر نەزانانە زیانی بەم وڵاتە و بە بەرژەوەندیی جوولەکان دەگەیاند.

شای ئێران پێچەوانەی هەموو وڵاتانی عەرەب و ئیسلامیی دوور و نزیکی ئیسرائیل نوێنەرایەتیی سیاسیی لەم وڵاتە هەبوو. جوولەکەش لە تاران و شاری گەورە گەورەی ئێران باڵیۆزخانە و کۆنسوڵخانەیان هەبوو و هاتووچۆ و تێکەوڵیکە بەپێی فیلان بوو. بەڵام کۆماری ئیسلامی وای نەکرد و سیاسەتی پێچەوانەی گرتەبەر.

کۆماری ئیسلامی لە ناوچەدا خۆی وەک دوژمنی ئیسرائیل و جوولەکە و سەهیۆنیزم ناساند و بە تیرۆر و هێرشکردن و تەقاندنەوەی کۆڕ و کۆمەڵی جوولەکان لەملا و لەولای جیهان هەمووانی وا تێگەیاند کە دوژمنی جوولەکانە. خومەینی هەر زوو داوای کرد هەموو موسوڵمانانی جیهان یەکە و سەتڵێک ئاو بە ئیسرائیل دابکەن، بەڵکوو ئاو بیبات. ئەو دەیزانی ئیسرائیل ئاو نایبات و بەهۆی ئەوەی موسوڵمانان خۆیان لە دەیان فرقە و گرووپی جیاواز پێکهاتوون، بە جیا ئاوەکە بە ئیسرائیل دادەکەن و لەئاکامدا ڕیشەی داری جوولکە پاراو دەبێت و ڕەگی زیاتر دادەکوتێت. بۆ ئەوەی زیاتر بچینە نێو ئەم گەڵاڵەیەی کۆماری ئیسلامییەوە، تەنیا لە لێدوانی وەزیری نەوتی ئێران لە پەراوێزی کۆبوونەوەی ئەم دواییانەی "ئۆپێک (وڵاتانی هەناردەکاری نەوت) ورد دەبینەوە:

وەزیری نەوتی ئێران دەڵێت واباشە وڵاتانی ئورووپا خەمی زستانیان لەبەر بێت و ئیزن نەدەن زستانی داهاتوو میللەتی ئەم وڵاتانە ئاگردانانیان سارد بێتەوە و لەسەرمان هەڵەرزن. سەرچاوەی هەواڵی ئێران لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا بڵاویان کردەوە جەواد ئەوجی، وەزیری نەوتی ئێران لە پەراوێزی کۆبوونەوەی وڵاتانی هەناردەکاری نەوت، کەوتە یادی زستانی ساردی وڵاتانی ئورووپا و گوتی واباشە ئەم وڵاتانە بیر لە سەرمای سارد و سەخڵەتی زستان بکەنەوە، دیارە مەستی ئەوە بوو ئەوان نەوت و گازی زیاتر بکڕن.

بێ هۆکار نییە وەزیری نەوتی ئێران لە چەقی کۆبوونەوەی وڵاتانی هەناردەکاری نەوت باسی سەرماوسۆڵەی زستانی داهاتووی ئورووپای کردوە و لێدوانی لەم بارەیەوە هاویشتووەتە نێو پەراوێزی کۆبوونەوەکە. هۆکارەکەی ئەمەیە ئەگەر لە پەراوێزی کۆبوونەوەدا باسی شتی نابەدڵی ڕووسیەش بکرێت، زۆر گرنگ نییە و ئەم وڵاتەی دۆست و برا پێی نارەنجێت و توورە نابێت.

بابەتێکی دیکەی سەر لێدوانی وەزیر نەوت عەرەبستانی سعوودییە. سعوودییە وەک سوورەکوانی لاملی کۆماری ئیسلامییە. ئەگەر دەوڵەتانی ئورووپا بەهۆی گەمارۆی سەر نەوت و گازی ڕووسیە و سەرماوسۆڵەی زستان، نەوتی زیاتر لە وڵاتانی دیکە بکڕن، ئەوە لەبەر گەمارۆی ئابووریی ئەمریکا لەسەر ئێران، زیاتر نەوتی سعوودییە دەکڕن و ئێران نەوتێکی بەرچاوی بۆ نافرۆشرێت. بەڵام ئەگەر نەوتی سعوودییەش بفرۆشرێت هەر بۆ ئامانجی درێژخایەنی کۆماری ئیسلامی خێری تێدایە. ئەوەی کۆماری ئیسلامی لە درێژمەودا دا دەیهەوێت، بەهێزبوونی ئیسرائیل و پەرەسەندنی جوولەکان لە خۆرهەڵاتی نێوەڕاستە. بەم لێکدانەوەیە ئەگەر سعوودییە نەوتی زیاتری بۆ بفرۆشرێت و پارەی زیاتری دەست بکەوێت، دوای ڕێککەوتنی ئەم دواییانەی سعوودییە و ئیسرائیل، پەیوەندیی نێوانیان گەرموگوڕتر دەبێت و لە دۆستایەتیشدا هەرکام لە لایەنی دۆست باری داراییان باش بێت، بە قازانجی ئەوی دیکەشە. دەی بەمجۆرە خێری سعوودییە خێری ئیسرائیلیش بەدوای خۆیدا ڕەکێش دەکاتن.

ئەم میرزا جەوادەی وەزیری نەوتی ئێران خۆ بەمە نییە لە بەرەی جەنگی هەشت ساڵەی عێراق و ئێران یان ئێران و عێراق، شەپۆل واتە مەوجی تەقینەوە لە مێشکی داوە و مەوجی بووە و ئێستا لە جیات جواد "ئەوجی" دەتوانین بڵێین جواد "مەوجی". ئەو سەرەڕای مەوجی بوونی، زۆری پێ باشە ئێستا ئێران لەگەڵ بەشێک لە دەستوپێوەندی عێراقی ڕێککەوتووە و نەوتی ئێران بە گەمیی هەڵگری نەوتی عێراق و هەر بە پسوولە و قەبالەی عێراق هەناردەی دەرەوە دەکەن و بەم جۆرە بە ڕیشی گەماڵۆری ئەمریکا بۆ سەر هەناردی نەوتی کۆماری ئیسلامی پێدەکەنن. لەئەنجامدا ئەگەر دەوڵەتانی ئورووپا نەوتی ئێرانیش بە هەرجۆرێک بکڕن هەر پارەکەی لە قازانجی سیاسەتی حەکیمانە و درێژمەودای ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامی لە پێناو پەرەسەندنی جیهانی جوولەکان خەرج دەکرێت.

ئەم پارەی نەوتە دوای ئەوەی گەڕایەوە وڵات و بەرپرسانی بەشێکی باشیان بۆ گیرفانی خۆیان و منداڵانیان گل دایەوە بۆ ئەوەی لە کانادا و ئەمریکا و ئورووپا وەدوای گوزارانیان بکەون و بەشێکیشیان بۆ کوشتنی جودابیران لەم بلژیک و سۆئید و موئێد و عیراق و مێراقەدا دانا و هەندێکیان بۆ مووشەکی دوورهاوێژ و شتی وا بەلاوە نا، ئەوی دیکەی بە ناوی بەرەی خۆڕاگری و پارێزەرانی حەرەمی زێنەب و مێنەب و جەماعەتی حووسی و مووسی خەرج دەکەن بۆ ئەوەی ئەوان بە

**هەڵبەزدابەزیان لە سووریە و لوبنـان و عێـراق و یەمەن کۆشکی دەستەڵاتدارانی عەرەب وەلەرزە بـخەن و نـاچاریـان کەن لە ئیسرائیلی برا نزیک ببنەوە و بەم جۆرە لە دوژمنانی ئیسرائیل کەم بێتەوە و دۆستانی زۆر بن.**

**ئەمەیە سیاسەتی حەکیمانەی خزمەت بە ئیسرائیل و جولەکە و سەهیۆنیزم. قسەی خۆمان بێت پاشا گەوجەکەی پێشوو ئاوا شارەزا نەبوو.**

**سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٧ی ئاگۆستی ٢٠٢٢**

---

# نەقیزەی دەسەڵات و کۆڵمتی چاکسازیخوازان

بەشێکی زۆر سنووورداری خوێنەران ڕەنگە مانای زۆربەی وشەی نێو ئەم بابەتە بزانن، بەڵام ئەوانەی لە شاران ژیاون و خۆیان لە زمانی کوردییش بەدوور ڕاگرتووە، بە دوور نییە باش لەم وشانە نەگەن. لەبەر ئەمەیە لێرە زۆر بە پێویستی دەزانین دوو وشەی" نەقیزە" و "کۆڵمت"تان بۆ شی بکەینەوە.

لە سەر ئیزنی زمانزانانی چازان دەڵێم، "نەقیزە" پارچە بزمارێکی بچووکە هەردوو سەری تیژ کراون و هەتا نیوە دە داردەستێکی باریکیان بڕیوە و نیوەی دیکەی لە سەری داردەستەکە بەدەرەوەیە و بۆ تێکوتان و تێوەژەنین ئامادەیە.

"کۆلمت"یش بە شوێنی پێکگەیشتنی لای سەرووی هەردوو لینگی مرۆڤ یان ئاژەڵ لە لای دواوە دەگوترێت.

بۆ ئەوەی گوێدرێژ یان دوور لە ڕووی ئێوە گوێکورت خۆ نەدەنە تەنەخی و لە ڕێکردنی بەبارەوە خۆ نەبوێرن یان لە قسەی خاوەنانیان دەرنچن، نەقیزە دەخێوێنرێتە کۆڵمتیان و ئەوانیش دەردەپەڕەن و خێراتر ڕێگە دەبڕن و هێندێک جار ڕاستەڕێش دەبنەوە. لێرەدا ڕەنگە پرسیارێک بۆ خوێنەری هێژا قوت بێتەوە و بڵێت باشە نەقیزە و کۆڵمت چ پێوەندییان بە سەردەم و سیاسەتەوە هەیە؟

بۆ وڵامی پرسیاری سەروو، ئەم پرسیارە دادەڕێژمەوە و هەرخۆشم وڵامی دەدەمەوە: ئەدی "نیر" چ پێوەندییەکی بە جیهانی ئەمرۆوە هەیە؟ لە وڵامدا دەبێ بڵێین "نیر" واتە ئەو دارەیە جووتیاران دەیانخستە سەر ملی دوو "کەڵ"، "کەر" یان "گا" و عارەبانەیان پێ ڕادەکێشا و زەوییان پێ دەکێڵا. بەڵام ئێستا لە زۆر ڕستەی نێو بابەتی سیاسیدا دەبیستین بۆ وێنە دەڵێن "خەڵک لەژێر نیری زۆرداریدایە". دەستەواژەی "نیری زۆرداری" لە ژیانی جووتیارییەوە پەڕیوەتە نێو جیهانی سیاسەت و میاسەت.

ئەمجارە دوای ئەوەی بەرچاوی خوێنەری بەڕێزمان سەبارەت بە "نەقیزە" و "کۆڵمت" ڕوون کردەوە، بە "نەقیزە"وە دەچینە خزمەت چاکسازیخوازانی نێو دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی.

چاکسازیخوازان یان "ئیسلاحتەڵەبان" لەنێو دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیدا هەم لەلای شۆڕشگێڕان و هەم لەلای دەستەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامیەوە بە شێوەی جۆراوجۆر کەڵکیان لێ وەرگیراوە. هەرچەند هەندێک جار شۆڕشگێڕان توانیویانە لە پەنا ئەو درووشم و مرووشمانەی چاکسازیخوازان جاروبار داویانە، دۆخەکە بە قازانجی بەرەی شۆڕشگێر بقۆزنەوە و هەندێ هەنگاوی زۆر ورد و سنووردار لەپێناو خەڵکدا بنرێت، بەڵام سوودیان بۆ دەستەڵاتی ئێران شتێکی دیکە بوو.

چاکسازیخوازی بۆ دەستەڵاتی ئێران دووشەش بووە. بۆیە دەڵێم دووشەش چونکە دووشەش زۆر جار مۆرەیەکی باشە، بەڵام لە هەندێک گەمەدا بە چەشنێک دەتوپێت، لە ملی خاوەنی دەبێتە بارێکی قورس.

چاکسازیخوازانی نێو دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامییش هەتا ئەوکاتەی بزاڤی سەوز یان جونبیشی سەوزیان لێ کەوتەوە، نەک هەر لە خزمەت دەسەڵاتی ئاخوندیدا بوون، بەڵکوو ببوونە هۆی کپکردنی بەشێک لە دژبەرانی دەسەڵات و وایان دەنواند دەستەڵات بێ شۆڕش و ڕاپەرین و ڕووخاندن بەرەو چاکبوون هەنگاو دەنێت.

چاکسازیخوازان دوای ئەم بزاڤە سەوز و مەوزە وێڕای بەردەوامبوونیان لە خزمەتکردن بە دەسەڵات، هەندێک جار دەردیسەریشیان دەخوڵقاند. ڕێک لەو سەردەمەوە دەسەڵاتدارانی ئێران بە مەبەستی دەمکوتکردن و دەرپەڕاندنی ئەم تاقمەی خزمەتکارانیان دەستیان بۆ نەقیزە برد و بەم کارەیان "نەقیزە"شیان وەک "نیر" لە فەرهەنگی بەرەو فەرامۆشیی ژیانی گوندانەوە هێنایەوە ڕۆژگاری نوێ و ڕوحێکی دیکەیان وەبەر نا.

دوای ئەوەی چاکسازیخوازان پاش سەرخستنی مەحموود ئەحمەدینەژاد و خۆپێشاندانی لایەنگرانی کەڕوبی و میرحوسێن مووسەوی، خۆیان چەمووش کرد و بەشێکیان بەئاشکرا لە دەسەڵاتیان بادایەوە، دەسەڵاتدارانی خاوەن هێز ناچار بوون میرزا حوسێن و سۆفی کەرووبی لە ژووری داخراوەدا بخەنە ژێر چاودێرییەوە.

ئێستا لە کاتێکدا هەموو لایەک دەزانن چاکسازیخوازی لەنێو دەسەڵاتی ئێراندا باوی نەما و بۆ هەموو لایەک یانی هەم بۆ لایەنگرانی دەسەڵات و هەم ئەوانەی دژایەتیی دەکەن و بە تەمای لەنێوبردنین و تەنانەت خودی چاکسازیخوازانیش دەزانن ئەم ڕیفۆرمخواز و میفۆرمخوازانە شتێکی زیادەن. جا ئێستا سەرانی نیزامی موقەدەس لە هەموو لایەکەوە نەقیزەیان تیژ کردوون و خەریکن لە کۆڵمتی ڕیفۆرمخوازانی دەکوتن.

بەشی یەکەم

ئێستا چاکسازیخوازان بە مەبەستی پاراستنی کۆڵمتیان لە نەقیزەی دەسەڵاتدارانی ڕەها ناچارن بەسەر دوو تاقمدا دابەش بن. بەشێکی زۆریان واز لە چاکسازی و ماکسازی دێنن و بۆ خزمەتکردن بە دەستەڵات دەستەونەزەر ڕادەوەستن و بەشێکی کەمتریش ڕادەکەنە هەندەران و دەبن بە شارەزای لێکدانەوەی دۆخی نێوخۆی ئێران و کاتی بەنرخیان بە خولەک و سەعاتان بە تەلەفزیۆن و ڕۆژنامان دەفرۆشن.

**ئێستا لە کاتێکدا چەمکی چاکسازیخوازی دووشەشێکی تۆپیوە، نەقیزە خەریکە ئەم دوو بەشەی دوایی بە دوو ئاراستەی جوودادا بەتەواوی ڕاستەڕێ دەکات.**

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٢ی ئاگۆستی ٢٠٢٢

# تێرۆریزمی نەرم و مەخمەلی یان تێرۆری گەشتیارتۆقێن

وشەی terror وەک هەموو چەمکێکی زیندوو و بەردەوامی ئەم سەرزەمینە ڕۆژبەڕۆژ گۆڕانکاریی بەسەر دادێت. چۆن زمان و سیاسەت و زانستی پزیشکی و هەسارەناسی و زەویناسی و مەوی‌ناسی و تەنانەت خرەکەبەردی ئەم سەرزمینەش گۆڕانیان بەسەردا دێت، هەر ئاوا تێرۆریش بەردەوام لە گۆڕانکاری‌دایە. کۆماری ئیسلامیی ئێران سوارچاکی بەدیهێنانی گۆڕانکاریی نوێگەرایی لە چەمکی تێرۆریزمە.

فارسان بە زمانی خۆیان وشەی terror یان کردووەتە و بە تێرۆریزمیش دەڵێن، "وحشتافکنی". ئەم "وحشت افکنی"یەی فارسان لە زمانی کوردیدا بووەتە "تۆقاندن". ئەو کەسانەی بڕە کوردی و فارسییەک دەزانن، تێدەگەن "وحشتافکنی" بە مانای بڵاوکردنەوەی "ترس"ـە و تۆقاندنیش بە مانای ترساندنە.

دیارە ترسیش وەک هەموو شتێک بە هەوەنتە بڵاو نابێتەوە و فرتوفێڵی خۆی پێویستە. بۆ ئەوەی بزانین بۆچی بڵاوکردنەوەی ترس ئاکامی دڵخوازی بڵاوکەرەوەی لێ دەکەوێتەوە، پێویستە وشەیەکی هاوخێزانی ترس لێکبدەینەوە، ئەویش وشەی "مەترسی"یە. ڕاستە "مەترسی" لەگەڵ ترس سەر بە خێزانەوشەیەکن، بەڵام مانای مەترسی جوادیە و لەگەڵ "خطر"ی فارسی و عەرەبی هاومانایە. دیارە مردن و لەنێوچوون یەکێک لە لێکەوتەکانی خەتەر یان مەترسییە.

ئەگەر زیاتر لە مانای جودای ترۆر لە دوو زمانی کوردی و فارسی ورد بینەوە، ئەوەی کوردان یان هەمان تۆقاندن زۆرتر ئەوکسانەی تۆقیون یان تۆقێنراون بەکاری دەهێنن. بەڵام "وحشت افکن" ترساندن و تۆقاندن بڵاو دەکاتەوە و خەڵک تووشی مەترسی و خەتەر دەکات. "وحشتافکن" خۆی بکەرە، بەڵام تۆقیو یان تۆقێنراو بەرکارە. بکەر کارێک دەکات و ئەم کارە شوێن لەسەر بەرکار دادەنێت. ئەوانەی تێرۆریستن کەیفیان بە "وحشتافکن"ی دێت و ئەوانەی دەتۆقێندرێن هیچ کەیفیان بە "وحشتافکن" نایەت و زیاتر ناوی "تۆقاندن" دەهێنن. هیچ پێویستیش ناکات "وحشەتافکنی" هەمیشە کوشتن لە خۆی بگرێت. لە فەرهەنگی برایانی فارسدا زیاتر خەباتگێرانی نەتەوەکانی دیکە یان دەرودراوسێکانیان لە پێشاژۆی تێرۆردا دەکەونە بەر گوللە و بۆمب و دەکوژرێن. کەس یان کەسانی دەستکەرەوە و خەباتگێڕ بە ترساندنێکی بچووک و هاکەزاییی داناسەکنێن و بۆیە کوشتنیان لە پێشاژۆی "وحشتافکنی"دا کاریگەرترە. هەر لەبەر ئەمە دەبێ بکوژرێن و لەنێو ببرێن. بەڵام ئەو کەس یان نەتەوانەی لەدژی برایانی فارس ناخەبتن و داوای هیچ مافێکیان لێ ناکەن، بەرپرسانی حکوومەتی فارسانیش بە پێویستی نازانن لەژێر هەیمەنەی "وحشتافکنی"دا بیانکوژن و بە ترساندنێکی سووکتر لە کۆڵیان

دەبنەوە.

تێرۆریستانی فارس لایەنانی بەرانبەریان بە تێرۆریست ناو دەبەن. بۆ وێنە "تیرۆریستانی دژی شۆڕش" ناوێکە دەسەڵاتی ئێستای فارسان بۆ ئەو کەس و لایەن و حیزبە شۆڕشگێرانەی دەکار دەکەن کە داوای مافی ڕەوای خۆیان دەکەن. لە فەرهەنگی زاڵی کەڵەگاییدا مافخوازی یانی تێرۆریست، بەڵام تێروریزمی دەسەڵات بە مانای "صدور انقلاب"ـە. لێرەدا جیاوازییەک دادەنرێت و ئەوانەی تێرۆرکردنیان ناگاتە ئاستی کوشتن بە تێرۆریست ناو نابرێن و هەندێک ناوی نەرمتری وەک "خەفیە"، "شوێنهەڵگر"، "پیاوی بێگانە"، "عوامل اجانب" و شتی لەم بابەتەیان بۆ دادەنێن.

ئامانجی ئەم دوو جۆرە تێرۆرەش لە یەکتر جودان. ئەوەی یەکەم بێدەنگکردن و لەنێوبردن و فەوتاندنی "بیرۆکە" یان "نەتەوە" یان "چین و تۆێژ"ێکی لە خۆی دەگرێت. بەڵام جۆرە خاوەکەی تێرۆر بۆ هەندێک شتی دیکە کەڵکی لێوەردەگێریت و یەکێکیان بەدەستهێنانی پارە و زاڵبوون بەسەر بەرانبەردایە، نەک لەنێوبردن و فەوتاندنی یەکجاری. هێندێک جاریش بە مەبەستی وەرگرتنەوەی "وحشتافکنان"ی خۆماڵی لە وڵاتانی دەرەوە کەڵکی لێوەردەگیرێت.

ئەگەر وابێت دەکرێت لەنێو ئەم هەموو گۆڕانکارییە بەمجۆرە تێرۆریزمەی دوایی بڵێین تێرۆریزمی نەرم یان تێرۆریزمی مەخمەلی.

تێرۆریزم بە مانا نەریتییەکەی لەمێژە لە ئێران باوە و پێش دەستەڵاتدارێتیی ئاخوندان، لەنێو کوردانداندا بۆ وێنە هەمزاغای مەنگوڕ و سمایلئاغای شکاک بە ئەم جۆرە تێرۆرە هێرشیان کرایە سەر، بەڵام تێرۆریزمی مەخمەلی داهێنانی لە سەردەمی دەستەڵاتدارێتیی ئاخوندان داهێنراوە.

ئاخوندان لە ماوەی چل ساڵی ڕابردوودا، زۆر بە وردی کاریان لەسەر تێرۆری جودابیران و دژبەرانی خۆیان کردوە و لە سەرەتای دەسەڵاتیان دەلینگیان لە تێرۆر و کوشتنی دژبەرانیان هەڵکرد. بە سەرۆکوزیران و ئەفسەرانی ڕێژیمی پێشوو دەستیان پێ کرد و بە کوشتنی ترسنۆکانەی ڕێبەرانی کورد و کەسانی سیاسیی دیکە درێژەیان پێدا و هەتا ئاخوندێک زمانی لەنێو دەمیدا بۆ هەڵسورێت و وشەی زیددی ئینقلابی بۆ گۆ بکرێت، لەسەری بەردەوام دەبن.

ئەم تێرۆرە مەخمەلییەش هەر زۆر زوو دەستی پێ کرد. چەند مانگێک دوای چوونە سەر دەسەڵاتی ئاخوندان هەموو کارمەندانی باڵیۆزخانەی ئەمریکا لە تاران بەر ئەم شێوازە تێرۆرە کەوتن. دواتر بە گرتن و زیندانیکردنی هاووڵاتیانی

وڵاتانی ئورووپایی و ئەمریکایی درێژەی پێ درا.

دوای ئەوەی دەسەڵاتدارانی تێرۆریست دەستوپێوەندەکانیان لە سوئێد و بلژیک و وڵاتانی دیکەی ئوورووپا و ئەمریکا تووشی گرتن و کوشتن بوون و "صدور نقلاب" واتە هەناردەکردنی تێرۆریستان هەتا ڕادەیەک چەتی تێ کەوت. ئێستا لە نێوخۆدا داو بۆ هاووڵاتیانی وڵاتانی دیکە دەنێنەوە و وەک "تووریست" یان "گەشتیار" بۆ نێو ئێرانیان ڕادەکێشن و لەنێو وڵاتدا دەست بە ترساندن و تۆقاندنیان دەکەن. دەکرێ ناوی ئەم جۆرە تێرورە بنێن "تێرۆری گەشتیار تۆقێن."

**تێرۆر دیاردەیەکە دەسەڵاتداران لە ئێران نزیکەی سەد ساڵە خوویان پێوە گرتووە و هەتا هەبن لەسەری بەردەوام دەبن:**

**خوویەکی بیگری بە شیری، واز ناهێنێ بە پیری"**

**سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ٢٠ی خەرمانانی ٢٧٢٢**

## بەڵێ بنۆککۆمار هەموو شتێک "بی فایده است"

سەرەتا سەردێڕی ئەم بابەتەم بە ڕستەیەکی لێکدراوی فارسی و کوردی دەست پێ کرد و مەبەستیشم تەنیا ئەمە بوو ڕستەیەکی نێو لێدوانی بەناو سەرۆککۆماری ئێران لە بەرنامەی سەردانی بۆ نیویۆرک لە زمان خۆیەوە بڵێمەوە. "بلە ڕەئیسی" یان باشتر بڵێین "ئاخرین سەرۆککۆماری" هەڵێت و پڵیت بێژی کۆماری ئیسلامی لە دوایین لێدوانیدا سەبارەت بە سەفەری بۆ نیویۆرک بە مەبەستی بەشداریکردن لە کۆڕی گشتیی ساڵانەی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکاندا، پێیوابوو لە وێندەرێ چاوپێکەوتن لەگەڵ جۆ بایدنی سەرۆککۆماری ئەمریکا "بیفایدە است."

بلەی ڕەئیسی بە درێژایی تەمەنی خۆی و کۆماری ئیسلامی تەنیا ئەم ڕستەی "بیفایدە است"ـەی لێ بترازێت، بە خۆی و بە سەرۆک و بنۆکانی دیکەیشیانەوە، تەنانەت بۆ جارێک بەسەر ڕستەیەکی ڕاستدا کەوتوە.

ئێستا واباشە لە نێوبڕێکدا بڵێم لەم گۆشەیەی ڕۆژنامەی کوردستاندا بۆ ئەوەی باش مەبەستی دڵمان بقۆزینەوە، هێندێک جار بە هۆی ناچاری بێت یان هەر بە هەوەسی خۆمان "وشە" یان ڕستەی فارسی دەخەینە نێو ئەم نووسینانە. دیارە ئەمە بۆ خوێنەرانی ڕۆژنامەی "کوردستان" نابێتە ئاستەنگ و لەبەر ئەوەی زمانی فارسی کچەزا یان نەوەی ئەم زمانەی خۆمانە، کەسی وامان نییە لێی تێ نەگات. لەنێو ئێمەشدا ئەمە ڕاستە دایەپیرە و باوەپیرە نەوەی خۆی خۆش دەوێت. ئێمەش هەرچەندە نەوەکەمان زۆر تێکەڵی ئەملاوئەولا بوبێت و خۆی لەنێو فرتوفێڵانەوە پێچابێت، وازی لێ ناهێنین و بەم جۆرەش بێت جاروبار یادی دەکەین.

بەڵی ئەوە نێوبڕەکەی ئەم بابەتە تەواو بوو و دەگەڕێینەوە سەر کۆبوونەوەی بەر لە ڕۆیشتنی بلەشێت بەرەو کۆڕی گشتیی ساڵانەی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و بێ ئەوەی لەمە زیاتر درێژی دابدرێم، دەڕۆمە سەر باسە چرەکەی ئێستام و دەچمەوە سەر ئەو ڕستەیەی بنۆککۆماری ئێران بەر لە سەفەری نابەخێری بۆ کۆبوونەوەی گشتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان کردی.

ڕەئیسی بەرلە وەڕێکەوتنی بەرەو نیویۆرک ڕستەیەکی کەوتبووە سەر دەمی و دەیگوت لە نیویۆرک چاوپێکەوتنی لەگەڵ سەرۆککۆماری ئەمریکا "فایدە ندارد." بەمجۆرە لە ئاخرین کۆبوونەوەی بەر لەم سەفەرەی لە کابینەکەی خۆی ڕووی کردە

ئەو كۆمەڵە كۆنەپاسدار و كۆنەتێرۆریستانەی بە ناوی وەزیر و ئەندامانی كابینە ئێستاش خێرا پلەی ئەفسەربوونیان لە سوپای قودس بەرز دەبێتەوە. ڕەئیسی لەم كۆبوونەوە ڕووكردە گەلی دەوەزیران و گوتی " لەسەر فەرمایشتی ڕێبەر بە ترس و لەرزەوە بەرەو نیۆیۆرك ڕێ دەكەوم. بەڵام بە گیانی ئەم ڕێبەرەی منی ناو نا سەرۆككۆمار و خۆی ئێستا لە گیانەڵڵادایە، چاو پێكەوتنم لەگەڵ جۆو بایدنی سەرۆكی ئەمریكادا "بیفایدە است."

ئەندامانی كابینەی ١٣ بەم ڕستەیەی بلەقرخن كەوتنە بیركردنەوە و دەنێو خەیاڵاتان گەوزین و هەر كامەیان بە چەشنێك بیریان لە دەستەواژەی "بیفایدە است" دەكردەوە.

- وەزیری كاروباری ئابووری هەرچەندی بیری لێ دەكردەوە، زیاتر هەستی دەكرد پەلەقاژەی هەڵگرتنی گەمارۆی ئابووریی سەر ئێران "بیفایدە است."

- وەزیری تەندروستیش خەریك بوو دڵی خۆی بە هەرزانكردنی خزمەتگوزاریی پزیشكی و دەواودەرمان خۆش دەكرد، بەڵام لەبنەوە وەزیرانی دەرەوە و بەرگری خێسەیان لێ كرد و ئەویش لەبنەوە سەیرێكی كردن و بەتەواوی ساغ بۆوە، بەرزكردنەوەی ئاستی تەندروستیی خەڵك "بیفایدە است".

- وەزیرانی دەرەوە و بەرگریی هەرچەندی هەوڵیان دەدا سەربەخۆ و بەجیا بیر بكەنەوە، بەڵام وەك خوێندوارانی سەردەمی ئێستێ دەڵێن كۆی بیركردنەوەیان هەر لەخۆڕا دەبوو بە یەك پاكێج و دەچوونەوە سەر هیلالی شیعە و لە دڵی خۆیاندا بە جووتە دەیانگوت ئەم هەموو پەلەقاژەیە لە دەوری حەشدی شەعبی و حیزبوڵڵا و حەماس و حووسی و مووسیان "بیفایدە است".

- وەزیری كشتوكاڵ لەم ئانوساتەدا هەوڵی دەدا لە دڵی خۆیدا بیر لە بارانی بەڕەحمەت و پڕبوونەوەی بەنداوان بكاتەوە، بەڵام بەستێنی شەقاری زایەندەڕوودی بەر سیوسێ پۆلی ئیسفەهان لێی بوو بە دێوەزمە و دەخۆیەوە دەنووسا و ئەم ڕستەیەی بەرەو قوڕگی سەروبن كرد. لەكاتی قووتدانەوەیدا ڕوو بە سەرۆككۆماری لە دەمی دەرپەڕی: بەڵێ گەورم "بیفایدە است".

- وەزیری پێوەندییەكان دەتگوت هەر لە كۆبوونەوەی كابینەدا نییە و مێشكی خۆی بۆ سنووردداركردنی تۆڕی ئینترنێتی

بێسنووری مانگیلەی دەستکرد ڕێک دەهێنا. لە ناکاو و وەک لە خەودا بە نەقیزە تێیان کوتابێت ڕووی کردە سەرۆککۆمار و بەرزتر لەوانی دیکە گوتی بەڵێ گەورەم منیش دەڵێم "بی‌فایدە است."

وەزیری ئیتلاعاتیش بەنێو بیرکردنەوە لە چاودێریی دزەکردنی ئیسرائیل بۆ نێو کۆبوونەوەکەی ئەمجارەدا شۆڕ ببۆوە، کەوتەوە یادی ڕاگوێزانی چەند تۆن بەڵگەنامەی ئەتۆمی لە تاران و لەسەرەخۆ بە گوێی ڕەئیسیدا چرپاندی: زۆرزۆر بەداخەوە: "بی‌فایدە است".

وەزیری نێوخۆ سەرەتا خەریک بوو ژمارەی ئەو کۆڵبەرانە بیر خۆی بێنێتەوە بە تەقەی هێزی ئاسایشی نیشتمان پێکراون، بەڵام ئەوەندەی نەخایاند دەنگی دروشمی "مەرگ بەر دیکتاتۆر، بجەنگ تا بجەنگیم و ژن، ژیان، ئازادی" لەنێو کاسەسەریدا زرینگایەوە و وەک ئەوەی ئەوەی لە ناکاو دە ئاوی ساردت هەڵکێشابێت، بە پشووی هەڵماڵاوی و هەناسەی سارد و بە هانکەهانکەوە گوتی "بلە قربان کاملەن بی فایدە است".

**بەڵێ جەنابی بنۆککۆمار هەموو شتێک "بی فایدە است"**

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ٣١ی خەرمانانی ٢٧٢٢

# یەکسانیخوازی بە زەبری زیندان و فیشەک

کۆماری ئیسلامی ماوەی ٤٤ساڵی ڕەبەقە خەریکی پتەوکردنی دەستەڵاتە. قسەی خۆمان بێت هێشتا ٤٤ساڵەکەی تەواو نەکردووە و خوا بەوێ ڕۆژێ نەکات ٢٢ی ڕێبەندانی داهاتوو چل و چوارەی تەواو دەکات و پێ دەنێتە چل و پێنج ساڵی. ئەم کۆماری ئیسلامییە لە ماوەی ئەو سی و سێ ساڵ و چەند مانگەی تەمەنیدا هەر هاوار دەکات و دەڵێت ئێمە یەکسانیخوازین و خەڵکیش بڕوای پێ ناکات. لە یەکەم ڕۆژانی دەستەڵاتدا دامەزراندنی بونیادی موستەزعەفان و جانبازان و ئاستانی قودسی ڕەزەوەی بە مەبەستی پیادەکردنی یەکسانی لە نێوان ئاحادی ئۆمەتی هەمیشە در سەحنە دامەزراند. ڕێبەران و شارەزایان و تیۆریزانانی ئیسلامی هەر زوو بەم ئاکامە گەیشتن ناتوانن هەموو خەڵکی ئێران بکەن بە خاوەنی کار و پیشە و پارەداریان بکەن و زانیشیان پێداویستیی بەڕێوەبردنی ئەم هەموو خەڵکەیان بۆ جێبەجێ نابێت و بیریان لەوە کردەوە هەموو خەڵک هەژار بکەن.

ئەگەر خەڵک هەموویان یان هیچ نەبێت زۆربەی دانیشتووانی ئێران بکەونە ژێر هێڵی هەژارییەوە، بۆ گەیشتن بە یەکسانیی خەڵک هەنگاوێکی زۆر گەورەیە. جا بونیادی موستەزعەفان و جانبازان و هەر وا بێتەوە ئاستانی قودسی ڕەزەوی بە یارمەتیی قەرارگای خاتەمولئەنبیای سەر بە سوپای پاسداران ئەرکی کۆکردنەوەی سەرەوت و سامانی ئێرانیان گرتەئەستۆ. بەڕێوەبەرانی خاوەن تەگبیر و تێگەیشتووی دەستەڵاتی ئیسلامی زوو زانیان ئەگەر خۆیان برسی بن، لە بەڕێوەبردنی بەرنامەی یەکسانیسازیدا سەر ناکەون. هەر لەبەر ئەمەش بوو بەشێکی بەرچاوی ئەو پارەیەی لە ڕێگەی سێ دەزگای بونیادی موستەزعەفان و جانبازان و ئاستانی قودسی ڕەزەوەی و قەرارگای خاتەمولئەنبیای سوپای پاسدارانەوە کۆیان دەکردەوە دایان بە بەرپرسانی دەسەڵات. ئەو بەرپرسانەش بۆ ئەوەی وەک خۆیان دەڵێن ئەنباشت واتە کەوتنەسەریەکی سەروەت و سامان ڕوو نەدات، بەشی بەرچاوی پارەکەیان نارده بانکەکانی دەرەوە یان لە وڵاتانی دیکە کارگە و مارگەیان پێ دامەزراند. ئەوان بەم کارەیان لەلایەک نەیانهێشت سەروەت و سامان لەنێو وڵات بکەوێتە سەریەک و لەلایەکی دیکەوە نایەکسانیی وڵاتانی نەیاریان پێ زیاتر کرد.

لەم لاوە بونیادی موستەزعەفان و جانبازان و ئاستانی قودسی ڕەزەوەی و قەرارگای خاتەمولئەنبیای سوپای پاسداران بەیەکەوە دەستیان دایە دەستی یەک و پارەی زیادەیان بۆ مووشەک و فڕۆکەی بێفڕۆکەوان دانا و بەشێکیشیان کردە مووچە و مەعاشی ئەو خەڵکەی لە عێراق و یەمەن و لوبنان و سوریە شەڕیان بۆ دەکردن. دیارە دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی بە

دامەزراندنی بنکەی خۆی لە وڵاتانی دەوروبەر دەیهەویست لەو وڵاتانەش دەست بە یەکسانیسازی بکات و لە هەندێکیاندا هەتا ڕادەیەک سەریش کەوت.

ئەمانە هەمووی لە کاتێکدا بوو کۆماری ئیسلامی لە هەوڵدا بوو یەکسانیی ڕەگەزیش بسەپێنێت و بۆ ئەمەیان ناچار بوو نەخشەیەکی باش دابڕێژێت. دیارە کاتێک شەڕێکی وەک شەڕی یەمەن و عێراق و لوبنان و سووریە دەقەومێت، لەبەر ئەوەی زیاتر پیاوان لەبەرەی شەڕن ئەوان کوژراویان زۆر دەبێت و زۆر لە کچان یان شوویان دەست ناکەوێت و یان دوای شووکردن هاوسەرانیان لە جەنگدا دەکوژرێن و خۆیان بێمێرد دەمێننەوە. دیارە دەوڵەت و دەسەڵاتیش، دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامییە و بەگوێرەی یاسا و ڕێنوێنییەکانی ئەم دەسەڵاتەش ژن دەبێ لە ژوورەوە دانیشێت و وێڕای بەخێوکردنی منداڵان نان و چێشتی جەنگاوەرانیش ساز بکات. بە هۆی ئەم جۆرە پرۆژە و بەرنامەیەی دەستەڵاتی کۆماری ئیسلامی نەک هەر لە ئێران، بەڵکوو لە هەموو ناوچەکە، ژنان لەزیاد بوون بوون و پیاوان کەمیان دەکرد. ئەمە بوو بەهۆی ئەوەی ژنانی بێکار لە قوتابخانە و زانکۆیانیش خەریکی خوێندن بن و بەتەواوی پارسەنگیان بەسەر پیاواندا بشکێتەوە. وای لێ هات ماموستا و ئەندازیار و پزیشک و کۆمەڵناس و مۆمەڵناس و هەزار پسپۆڕ و مسپۆڕی جۆراوجۆریان لێ کەوتەوە و ئێستا ژنان خەریکن هەموو شتێک وەبن خۆیان دەدەن. ئەگەر ئەمەش ڕێگەچارەیەکی بۆ نەدۆزرابایەوە، یەکجاری هەموو شتێک دەکەوتە دەست ژنان و هەر بەدوور نەبوو لە داهاتوویەکی نزیکدا داوای پشنوێژیکردن و سەرۆککۆماریەتی بکەن و ڕەنگبوو ببن بە هەڕەشە بۆسەر ڕێبەری مەزنی کۆماری ئیسلامییش. تەنانە ئەوەندە قایشیان لێ کێشابوو لەم دواییانە لە خۆپێشاندانان دروشمی وەک "تانک، توپ، نەفەربەر و هەرسێ نازانم چی و چییان" دەدا. هەر لەبەر ئەمەش بوو نیزامی موقەدەسی کۆماری ئیسلامی لێیان وەخۆ کەوت و بە بڵاوکردنەوەی گەشتی ئیرشاد تووڕەی کردن و وای لێ کردن وەخۆ بکەون و بەگژیاندا بێنەوە و ئەوانیش بۆ ئەوەی یەکسانیی دانیشتووانی ژن و پیاو لە سەرانسەری ئێرانی یەکپارچەدا لەنێوان ژنان و پیاوان بەرقەرار بێت، ئێستا دەستیان بە کوشتنی زیاتری ژنان کردووە. بەم جۆرە تۆڵەی کوژرانی پیاوان لەنێو حەشدی شەعبی و سوپای قودس و مودافیعانی حەرەم و چەکدارانی حووسی و سوپای فاتمیوون دەکرێتەوە و ئەگەر تەمەنی پڕ بەرەکەتی کۆماری ئیسلامی بەم جۆرە بەردەوام بێت، ئەوە بە حەول و قوەی بسیجیان جان بەرکەف نەک ژنانیش وەک پیاوان دەکوژرێن بەڵکوو ژنانی کوژراو لە پیاوانیش زیاتر دەبن و بەم جۆرە یەکسانییەکی تەواو لە نێوان ژنان پیاواندا دروست دەبێت.

## ئەدی بۆ دژمنانی قەسەمخوردەی نیزام دەڵێن کۆماری ئیسلامی یەکسانیخواز نییە؟

ئەم بابەتە لە ژمارەی٨٣٢ی ڕۆژنامەی کوردستان بڵاو کراوەتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ١٩ی رەزبەری ٢٧٢٢

## لێکدانەوەی گەوجانە

لەم ڕۆژانەی دواییدا لە سەروبەندی کۆتایی‌هاتنی حکومەتی ئاخوندانــدا زۆر کەس سەریان لێ‌شێواوە. لە وڵاتی ژێر دەستەڵاتی ئاخوندان لە زۆر بواراندا بە دەست لێکدانەوی ناهاوسەنگەوە دەناڵێنین.

لەو کاتەوە خوشک و برایانی غەیرە کورد لە ئێران وەک ئەوەی حەوت مێشیان لە خەڵەفێکدا دۆزیبێتەوە، لە ڕێفراندۆمە گەوجانەکەی بەهاری ١٣٥٨ی هەتاویدا دەنگیان بە کۆماری ئیسلامی دا، دەستەڵاتی ئاخوندان پەرەی سەند. وێڕای پەرەسەندنی ئەم دەستەڵاتە، ناهاوسەنگییەکی سەیر لە نێوان زۆر شتاندا دەستی پێ کرد. میرزا ڕوحوڵڵای خومەینی وەک سەردەستەی بەڕێوەبەرانی ڕێفراندۆمەکە، لە کاتێکدا لە ڕستەسازیدا زۆر کول و کڵۆڵ بوو و باش نەیدەزانی لەنێو ڕاستاندا وشان باوێتە سەر جێگەی خۆیان، قسەی زۆر سەیر و سەمەرەشی دەکردن:

دەیگوت وا دەکەم پارەی نەوتی ئێران بە سەر هەموو خەڵکدا دابەش بکرێت و سووتەمەنی و ئاو و کارەبا و تەنانەت هاتوچۆکردن بە پاسیش لەنێو شاراندا دەکەمە بەلاش. زۆرجاریش فەرمانی نێو ڕستەی داویشتە نێوەڕاستی ڕستە و ڕستەکە دەبوو بە جنێو و سووکایەتی‌کردن. سەرەڕای هەموو ئەمانە جوغرافیای ئێرانیشی باش نەدەزانی. هەموولایەک بیستبوویان و خوێندبوویانەوە کوردان لەبەر ئەوەی لە بەحران دوورن و لە وشکانیدا داگیرکەران دەورەیان داون نەبوونە خاوەنی وڵاتی سەربەخۆ. بەڵام میرزا ڕوحوڵڵاخانی خومەینی ماوەیەک دوای ئەوەی پەیڕەوانی خاپێنراوی گوتیان ڕووخسار و ڕیش و دەمولووتە مرچومۆنەکەیان لەنێو مانگدا دیتووە و هەتا دەنگیشیان نووسا هاواریان کرد "امام تو ماه است"، بڕوای پێکردن و خۆی کردە نوێنەری خوا لەسەر زەوی و سواری شەپۆلی گەمژان بوو. میرزا ڕوحووڵڵا کاتێک لەشکری گەلحۆیانی بەدەوری خۆیەوە دیت، هاتە سەر ئەو بڕوایە هێرش بکاتە سەر ئەو کوردانەی نەیتوانیبوو بیانگەوجێنێت و بیانباتە سەر سندووقی ڕێفراندۆمەکەی. فەرمانی جیهادی دا و داوای لە سێ بەشەکەی ئەوکاتی ئەرتەش کرد هێرش بکەنە سەر کوردستان و گوتی لە زەوی و ئاسمان و دەریاوە لە کوردان بدەن. خێڵی پەیڕوانیشی ئەوەندە گەوج بوون، هەستیان نەکرد یان دڵیان ئیزنی نەدا بە جەنابی ڕێبەریان پێبکەنن و پێی بڵێن قوربان کوردان دەریایان بەدەورەوە نییە و هێزی دەریاییش بە کێوانەوە هەڵناچێت. ئەویش نەک هەر پارەی نەوتی نەدایە خەڵک و سووتەمەنی و ئاو و کارەبا و پاسی نێو شارانیشی نەکردە بەلاش، بەڵکوو هێزی دەریاییشی هان دا کەشتی و پاپۆڕە جەنگییەکانیان بە وشکانیدا بازۆن، بەڵام نەکرا.

لە هەمووی سەیرتر هەناردە یان سادرکردنی ئینقلاب بوو. جەنابی ڕێبەر وایزانی ئینقلاب پستەی ڕەفسەنجان و سێوی

لوبنانە و بۆ ئەوەی مۆرکە و کرم لێی‌نەدات وا باشە سادر یان هەنارده بکرێت.
خێڵی گەمژانیش بەردەوام پشتگیریی ڕێبەری گەمژەیان دەکرد و خۆیان داویشتە نێو چاڵە قیری عێراقییان و بە سەر مەیدانی میناندا بەرەو کەربەلا ڕێگەی شەهادەتیان دەگرتە بەر. هەتا وردە وردە کەمیان کرد و بەشێکی بەرچاویان بە کوشتن چوون و بەشێکیشیان وشیار بوونەوە و قوونیان لەسەر دەرپێی خۆیان دانا.
دوای مەرگی ڕێبەری گەمژە، دەستەڵات کەوتە دەست عەلیە گۆج ناوێک و ئەویان زیاتر فکری دزی‌کردنی دەکردەوە و ئەوەندی دزی هەتا ئابووریی وڵات بە یەکجاری نێوکی کەوت. پارەی ئێران بە چەشنێک لە بەرانبەر دراوە جیهانییەکاندا بێ‌بایەخ بوو، حەوت تومەنی سەردەمی پێش دەسەڵاتی ئاخوندان لەبەرانبەر دراوی جیهانیدا ٨ هەزار و ٧٠٠ ئەوندەی خۆی هەڵمسا. ئێستا ئەگەر کەسێک لە ئێران بچێتە بازاڕ، لە جیات هەر حەوت تومەنێکی پێش دەستەڵاتی ئاخوندان، پێویستە ٣٢ هەزار ٨٠٠ تومەنی پێ‌بێت. یانی لە جیات ٧٠ تومەنی ئەو کات، ٣ میلیۆن و ٨٠٠ هزار تومەن پێویستە و ئەوکات ئەوەندە پارەیەی ئێستا بۆ نموونە ٤١٠ ماشێنی جیبی پێ دەکڕدرا.
ئەم نووسینە سەرلێشێواوە خوێنەری بە سەبر و چیکڵدانەی دەوێت. خوێنەرێکی وای دەوێت نەڵێت بەم حیساب و لێکدانەوانە سەرم لێ دەشێوێت. کاتێک جەنابی عەلیە گۆج و "حەمەی باقری"ی فەرماندەی هێزە چەکدارەکانی ئێران سەریان لێ شێوابێت، وەبزانە بیلامانێ، پەرژینێکی بەگوڵ بێت لە ڕووی ئێوە، هەموو شتێک لە گرێژەنە چووە. کاتێک خەڵک دەڵێن "توپ، تانک، نەفەربەر..." و عەلی چۆڵاخ دەڵێت پەکوو سروودی "سەلام فەرماندە"م پێخۆشە؟ یان کاتێک حەمەی باقری فەرماندەی گشتیی هێزە چەکارەکانی کۆماری ئیسلامی ناوی خۆی دەخاتە پاڵ نەیارانی و بە تێرۆریست ناویان دەبات، چۆن حیسابی لێ تێکناچێت؟ باقری دوای هێرشی مووشەکی بۆ سەر شۆڕشگێڕان، بە میدیاکانی خۆیانی گوت: ٣ هەزار دژە شۆڕش لە باشووری کوردستانن و ١٢٠٠ بنکەیان هەیە. ئەوەندی بیری لێ دەکەینەوە، حیسابی جەنابی فەرماندە لە حیسابی دۆلار و تومەنەکەش تێکەڵتره. ئەو ناچارمان دەکات ٣٠٠٠ دژبەری ئاغای باقری بە سەر ١٢٠٠ بنکەدا دابەش بکەین و هەر بنکەیەک دوو کەس و نیوی بەردەکەوێت. ڕەنگە نەزانن ڕازی ئەم لێدوانەی جەنابی فەرماندە لە چی دایە، بەڵام ئەو خەریکە لەم دابەش‌کردنەدا بەشێکی بەرچاوی نەیارانی بە کوشتن بدات. بۆ ئەوەی نیو نەفەرەکان بەسەر ئەم هەزار و ٢٠٠ بنکەیەدا دابەش بکەین و هەر بنکەیەک دوو کەس و نیوی بەربکەوێت، پێویستە٦٠٠ نەفەران دوولەت بکەن و بیانکەین بە ١٢٠٠نیو نەفەر و حیسابەکە ڕاست دەربچێت.

**جەنابی فەرماندە سەری دا لە بەرد، خۆ ئێمە قەسابخانەمان دانەناوە.**

**سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ٣ی خەزەڵوەری ٢٧٢٢**

## بۆ خوێندنەوەی ئەم بابەتە دەست بە چاوتانەوە بگرن

غولامڕەزا حەسەنی، ئیمام جومعەی سەپێنراوی شاری ورمێی ڕۆژهەڵاتی کوردستان،ساڵانی ڕابردوو خومەینی وەک ئیمام جومعەی ئازەرییە شیعەکان و نوێنەری خۆی لە نێوەندی ئەم پارێزگایە دەستنیشانی کردبوو. حەسەنی، چەند ساڵ لەمەوبەر بە نەخۆشیی شێرپەنجە مرد و تەمەنی درێژی دا بە تۆی خوێنەر و ئەوەندەی ئەو تۆزقاڵە خۆڵانەی لەسەر گۆڕیەتی، تەمەنی پڕ لە شانازیی ئێوە درێژ بێت.

"

ئایەتوڵە" حەسەنی ئەوەندەی بڵێی دەمشڕ و هەموو گیانی "پێکەنینۆک" بوو. "پێکەنینۆک" ئەو دەستەواژەیەیە لە پەنا گێڕانەوەی بەسەرهاتی ئیمام جومعەی مردووی ورمێدا دەمهەوێت وەک هاومانای "جۆک"ی ئینگلیسان و "لطیفە"ی فارسان و "نکتە"ی عەرەبان دەرخواردی مێشکی خوێنەری هێژای بدەم، بەڵکوو جێ بە وشە هاومانا بێگانەکان لەق بکات.

ئەم حەسەنییەی لێرەدا هاتە بەرباس، لە ژیانی ڕابردووی خۆیدا، دوای ئەوەی وازی لە نۆکەری و خەزمەتکاریی زیرۆبەگی ژەنراڵی سەردەمی کۆماری کوردستان هینا، پاش ڕووخانی ڕێژێمی پاشایەتی لە سایەی فەرمانی خومەینیدا بوو بە دەمڕاست و کەیخودای دەستەڵات لە ورمێ و بۆ هەموو لایەک بوو بە سەرچاوەی "پێکەنینۆک"ان و هەموو جاران دوای ئەوەی خوتبەی نوێژی هەینیی دەخوێندەوە، فەرمایشتەکانی دەبوون بە گاڵتەجاڕی ڕۆژنامە و مۆژنامەی ئەوکاتی سەر بە دەستەڵاتدارانی ئێرانیش.

حەسەنی ڕۆژێک لە خوتبەی نوێژی هەینیدا داوا دەکات بۆ هەفتەی دواتر ژنان بەشداریی نوێژی هەینی نەکەن و دەڵێت داوا لە خوشکان دەکەم هەفتەی داهاتوو نەیەنە نوێژی هەینی و تەنیا پیاوان بەشدار بن، چونکە من دەمهەوێ جوێنی نامووسی بە ئەمریکا بدەم .

نووسەری ئەم دێرانەش لەکاتێکدا پێیوایە دەبێت هەر نەبێت وەک حەسەنی پابەندی بنەما ئەخلاقییەکان بێت، بەڵام دەترسێت لە درێژەی ئەم بابەتەدا دوو لەڕووی ئێوە تووشی زمانشڕی بێت.

خۆتان باش ئاگادارن دروشمدان چەکێکی گرنگی ئەو خۆپێشاندەرانەیە لە ئێران کە بە دەستی بەتاڵ دەستەویەخەی

دەستەڵاتداران بوونەتەوە و دەڵێن هەتا نەیانخنکێنن وازیان لێ ناهێنن. ئەگەر خۆپێشاندەر بە دەستی بەتاڵەوە دروشم نەدات، چۆن دەنگی بە بەردەنگان و بە دۆست و دوژمنانی بگەیەنێت؟ منیش بە بیرهێنانەوەی تێبنییەکەی حەسەنی دەترسم لە درێژەی ئەم دێڕانەدا لەکاتێکدا بەتەمام هەر نەبێت لە بەر دڵی ئەم هەموو خۆپێشاندەرانەش بێت، دژی دەستەڵاتی کۆماری ئیسلامی دروشم بدەم، بە دووری نازانم لە درێژەی دروشمداندا گەرم دابێم و لە چەند دێڕی داهاتوودا خوای نەخواستە هێڵی سوور ببەزێنم. هەر لەبەر ئەمەشە لە سەرەتاوە گوتم، کاتی خوێندنەوەی ئەم بابەتە دەست بە چاوتانەوە بگرن با دێڕەکانی نەبینن.

ئەو کەسانەی گوێم پێ نادەن و هەرچی من دەیڵێم پێچەوانەی دەکەن و بە چاوی کراوە و دەنگی بەرزەوە ئەم بابەتە دەخوێننەوە، لە کەمدەستەڵاتیی خۆمەوە پێیان دەڵێم دەتوانن بە دوای مندا بە دەنگی بەرز هەموو دروشمەکان بڵێنەوە. بۆ ئەوەی دەستەڵاتی کوردینەزان و دانیشتووانی ناوچەکانی فارسنشین و ئازەرینشین و بەلووچنشین و عەرەبنشین و تورکماننشینی ئێران لە دروشمەکانم تێبگەن، جگە لە دروشمی "ژن، ژیان، ئازادی" ئەوانی دیکە بە زمانی "کەڵەگا" دەڵێمەوە:

"ژن، ژیان، ئازادی"، "زن زندگی آزادی"، "مرگ بر دیکتاتور"، "مرگ بر خامنەای"، "ننگ ما، ننگ ما، رهبر الدنگ ما"، "بجنگ تا بجنگیم"، "امسال سال خونه، سەید علی سرنگونه"، "بسیجی جیرەخور، آخرشە سیر بخور"، "توپ، تانک فشفشە، آخوند باید گم بشە"،" توپ تانک فشفشە، خامنەای...کشە"، "توپ تانک نفربر هر سە تو... رهبر"، "نە این ور نەآن ور.... تو بیت رهبر."

لەبەر ئەوەی خۆ سانسۆڕکردن لە سانسۆڕی دیکتاتۆڕ و میکتاتۆڕ و زۆر تۆڕی دیکە بەرفراوانترە و ئەم خۆسانسۆڕکردنە ئەوەندە بەهێزە، بەشی زۆری بابەتی نووسەر و مووسەرانیش دەگرێتەوە و تەنانەت گێڕانەوەی "پێکەنینۆک"انیش زۆر جار لە دڵی خۆیانیدا خۆیان سانسۆڕ دەکەن. هەر لەبەر ئەمە منیش ناچار بووم لە جیات هەندێک وشەی نێو ئەم دروشمانەی سەرەوە سێ خاڵی لە دوای یەک یان وەک فارسان دەڵێن نوقتەچین دابنێم.

ئەرێ هەتا ئێستا بیرتان لەوە کردووەتەوە خۆسانسۆڕکردنیش ئەگەر پەنگی خواردەوە، وەک بەنداوی پڕ دەتەقێتەوە و چۆڵیان و ئاوەدانیان دەگرێتە بەر؟ ئەوە نییە کچان و کوڕانی ئێرانیش پاش دەیان ساڵ خۆسانسۆڕکردن هەرچی لە دەمیان دەرچوو بە ئاخوندان و لە سەرووی هەموویانەوە بە ڕێبەرە دەستنایلۆنەکەی کۆماری ئیسلامییان گوت؟ چاویان نووقاند و دەمیان کردەوە و بە بێسانسۆڕی دوندی دەستەڵاتدارانیان جنێوباران کرد.

بەشی یەکەم

لە کۆتاییدا پرسیارێک لەو خوێنەرانە دەکەم گوێیان بە فەرمایشتی من نەداوە و کاتی خوێندنەوەی ئەم دێڕانە دەستیان بە چاوانیانەوە نەگرتووە و لێیان دەپرسم ئەرێ ئێوەش وەک من لە بەرانبەر ئەم دروشمە بێسانسۆڕەی فارساندا هەست بە کەمی و کووڕی ناکەن؟ ئەرێ ئێوەش وەک من پێتان خۆش نەبوو دروشمی جوێنی کوردیشمان بوایە؟

خۆم ئەوەندەی بیری لێ دەکەمەوە تەنیا دروشمێکی لەو شێوەیەی کۆن و تەنانەت مێژووییشم لەبیرە و ئەویش "پێشمەرگەی نێو تەلاشان"ە و سەرواکەی دەگەڵ وشەی "جاشان" دێتەوە. من لەبەر ئەوەی لە ترسی سیاستەتوانان خۆم سانسۆر کردووە ئەم دروشمە بێسانسۆڕە لە دڵی خۆمدا دەڵێمەوە و ئێوەش هیمەت بکەن و چەند دروشمی نوێی لەم شێوەیە بڵێنەوە با ناوچە کوردنشینەکانی ئێرانیش لە ناوچە فارسنشینەکان دوا نەکەون.

ئەم بابەتە لە ژمارەی٨٣٤ی ڕۆژنامەی کوردستان بڵاو کراوەتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ١٧ی خەزەڵوەری ٢٧٢٢



سەرچاوە
Serchawe

## هەناردەی قاچە مریشک لە جیات "صدور انقلاب"

ئەوانەی ئەمڕۆ یانی ڕۆژی دەرچوونی ئەم ڕۆژنامەیە یان وردتر بڵێم ١٥ی خەزەڵوەری ١٤٠١ی هەتاوی تەمەنیان خۆی لە پەنجا ساڵی داوە، یان دایک و باوک و خزم و کەسیان دەگەڵ سیاسەت و میاسەت وردە تێکەڵاوییەکیان هەیە، سەبارەت بە سەردەمی سەرکەوتنی ئاخوندان دوای ڕووخانی دەسەڵاتی پاشایەتی وردە زانیارییەکیان هەیە.

ئەوکات، گەلانی ئێران دوای ئەوەی دەسەڵاتی پاشایەتی هەڵوەشا، هەموویان بە خومەینییان گوت "بڵقاسم" و کردیان بە سەرۆک و ڕێبەری دەسەڵاتی تازەی ئێران. گرێی بەختی "بڵقاسم"ی شۆڕشی ئێران بە چەشنێک کرایەوە، لە ئاخروئۆخری دەسەڵاتی پاشایەتیدا، بەشێکی زۆری خەڵکی پایتەخت و شارەگەورەکانی ئێران بە دوودڵی و دڵەڕاوکێوە هەستیان دەکرد ڕدێنی خۆمەینی بە مانگی تاقی ئاسمانەوە نووساوە و دەیانگوت "امام تو ماه است" واتا "ئیمام لەنێو مانگدایە". ئەوان بەرزی و نزمیی سەر گۆی مانگیان بە ڕیشە چڵکنەکەی خومەینی شوبهاندبوو. هەرکەسێک بکەوێتە بەر ڕەحم و بەزەیی گەمژان، لە بڵقاسمبوونی خۆی گومانی نامێنێت. خومەینییش بەم جۆرە دەرفەتەکەی قۆستەوە. چاوی لێ نووقاند و دەمی کردەوە. لەجیات قووقلیقووقوو گوتی: کارەبا و مارەبا و هاتووچۆی پاس بۆ هەموو دانیشتووانی نێو ئێران دەکەم بە بەلاش و پارەی داهاتی نەوتی ئێرانیشتان بەسەردا دابەش دەکەم. بڵقاسمی گۆڕین بەوەندەوە نەوەستا و ڕوحمی بۆ وڵاتانی دەر و دراوسێ و کیشوەر و قاڕە و مارەی دوور و نزیکیش بزووت و گوتی "انقلاب اسلامی را به تمام جهان صادر میکنیم". بڵقاسم وای دەزانی دەکرێت "انقلاب"یش وەک سێوی کوردستان و ئازەربایجان و برنجی ڕەشت و پستەی ڕەفسەنجان و گەزی ئیسفەهان و کشمیشی شیراز هەناردەی وڵاتان بکرێت.

ساڵان هاتن و ڕۆیشتن، خومەینی ڕۆیشت و عەلیەگۆج ناوێک شوێنی بڵقاسمی کۆنی گرتەوە و ئەمەیان نەک هەر لەسەر دروشمی سدووری ئینقلاب بەردەوام بوو، هێندێک گۆڕانیشی بەسەردا هێنا و ناوی "صدور انقلاب"ی گۆڕی و کردی بە "جبهەی مقاومت". لاتولووتی چەند وڵاتی دەوروبەری کۆ کردەوە و ویستی لە ڕێگەی ئەوانەوە ئینقلابەکە بەئاسانی هەنارده بکات. گەوجێتیی پەیڕەوانی بڵقاسمی دووهەم بە "صدور انقلاب" بۆ وڵاتانی دەر و دراوسێوە نەوەستا و گوتیان لە ئەمریکاش کۆشکی سپی دەکەین بە "حوسەینییە."

کورد پەندێکی هەیە، دەڵێت هەر ئەم ساڵ خۆزگە بە پار. بۆ بڵقاسمیش خۆزگە بۆ بڵقاسمی پێشوو. ئەویان بۆ ڕزگاربوون

لە شەڕی هەشت ساڵەی عێراق بە خواردنەوەی جامێ ژار خۆی قوتار کرد و گوتی من دان بەم ئاشتییە لەگەڵ عێراق دادەنێم و وا دەزانم جامێ ژار دەخۆمەوە. خواردییەوە و "صدور انقلاب"ـەکەشی هەتا کاتی مردنی وەک تراویلکە مایەوە. ئێستاش گەمارۆی ئابووری و دروشمی "ژن ژیان ئازادی" و فشاری نێوخۆ و دەرەکی وای لە بڵقاسمی دووهەم کردووە ئەویش "صدور انقلاب"ی خۆی لێ ببێت بە تراویلکە. عەلی خامنەیی یان بڵقاسمی دووهەم ئەوندە کەیفی بە "صادرات" یان بە کوردیی خۆمان "هەناردە" دێت. خەریکە لەجیات ئینقلاب قاچەمریشک هەناردە بکات.

سەبارەت بە هەناردەکردنی قاچە مریشک، چەند ڕۆژ لەمەوبەر "مەهدی سەفەری"، جێگری ئابووری و دیپلۆماسیی وەزیری دەرەوەی ئێران بە ڕەسمی ڕایگەیاند کۆماری ئیسلامیی ئێران دەتوانێت لە ساڵێکدا ١٥٠ بۆ ٣٠٠ میلیۆن تۆن قاچی مریشک هەناردەی وڵاتی چین بکەین .

هەڵبژاردنی قاچی مریشک بۆ هەناردەکردن لە جیات ئینقلاب و دەستنیشانکردنی وڵاتی چین بۆ ئەم مەبەستە بۆ چەند هۆکارێکی زۆر گرینگ دەگەڕێتەوە و بەشێکیان بریتین لە:

١- وڵاتی چین چەند سال لەمەوبەر ویرووسی کۆرۆنای وەک دیارییەکی بەکەڵک هەناردەی ئێران کرد و بە هۆی بڵاوبوونەوەی ترس لە کۆوید١٩ خەڵک خۆیان لە هاتن بۆ سەر شەقامان بوارد و سەرهەڵدان دژی کۆماری ئیسلامی بۆ چەند ساڵێک دوا کەوت. ئەمەیان وەک چاکە و پێزانین لە بەرانبەر "چین"دا دەچاوی کۆماری ئیسلامیدا ماوەتەوە.

٢- وڵاتی چین لەبەر ئەوەی دەستەڵاتێکی ئیدئۆلۆژیکە و حەزی لە دێموکراسی و مێمۆکراسی و لیبراسیم و میبرالیسم و ئازادی و مازادی و شتی لەم بابەتە نییە، دەکرێت وەک باشترین هاوبەشی بازرگانی سەیری بکرێت.

٣- وڵاتی ینگەکان، لە کاتێدا وڵاتێکی لائیکی خاوەن ئیدئۆلۆژیی چەپە، تەنانەت لە کۆماری ئیسلامیی ئێرانیش باشتر خزمەتی ئایین دەکات. بۆ وێنە ئاڵا لەچەند ڕەنگی کەسک و ڕەشی سێ سووچ و چوارگۆشە و پەڕۆکی بە دروشمی یاحوسێن و ئایەتی دەستپێکردنی ئۆتۆمبێل ئاژۆتن و شمشێری درێژ بۆ خۆپێشاندانی ڕۆژی عاشوورا و زۆر شتی دیکە ئەو بەرهەمانەن چین لە ناوچەکە هەناردەی کۆماری ئیسلامی و دۆستانی کۆماری ئیسلامییان دەکات.

کۆماری ئیسلامیی ئێرانیش دوای ئەوەی زانیی قاچە مریشک مادەیەک بە ناوی کۆلاژینی تێدایە و ئەم مادەیەش بۆ پتەوکردنی کرکڕاکەی ئەژنۆ و جومگەی مرۆڤ بەسوودە، بە باشی زانی خەڵکی چین لە خواردنی ئەم مادەیە بێبەش نەبن و

بەشی یەکەم

باشتر بتوانن کەلوپەلی پێویست بەرهەم بهێنن و هەناردەی ئێران و باقی ولاتانی نێو "جبهەی مقاومت" یان بەرەی خۆڕاگری بکەن. دیارە دوژمنانی ویلایەتی فەقیهـ بەم بەرەی خۆڕاگرییە دەڵێن "هیلالی شێعە."

دوای خوێندنەوەی ئەم چەند دێڕەی سەرەوە بۆمان دەردەکەوێت هەناردەی قاچە مرشیک بۆ دەرەوە هەمان ئەوە "صدور انقلاب"ـەی بلقاسمی یەکەمە و پاش ٤٤ساڵ گۆڕانی باش و ئەرێنیی بەسەردا هاتووە. باشییەکەی لەوەی دایە ئەو پەڕۆوپاڵە سەوزانەی ولاتی چین دروستیان دەکات و بە دروشمی دڵخوازی بڵقاسمی دووهەمەوە بۆ بۆ ولاتانی نێو بەرەی مقاومەتیان دەنێرێت، چەند دانەیەکیان بگەنە دەرو دیواری کۆشکی سپی، بێگومان ئەویش دەبێتە حوسەینیە.

**تێبینیی یەک: پەندێکی کوردی هەیە دەڵێت لە شوێنێک مەلا نەبێت، بە کەڵەشێر دەڵێن بڵقاسم. تێبینیی دوو: سەرهەڵدانی ئەمجارەی ئێران بێ بڵقاسمە.**

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ٢ی سەرماوەزی ٢٧٢٢

## دوو کیسە چای چەکوشسەوز بۆ حەمیدی نووری لە سوئید

ئەم خۆپێشاندان و مۆپێشاندان و سەرهەڵدان و مەرهەڵدان و ڕاپەڕین و ماپەڕین و ئاژاوە و ماژاوەی زیددی ئینقلاب و میددی ئینقلاب لە سەرانسەری ئێران ناویەتەوە، لە کەناڵی تەلەڤزیۆنی و ڕادیۆی دوژمنان و سۆسیال میدیای بەکرێگیراوانی بێگانان ئەوەندە بە بەربلاوی بلاو دەبێتەوە، زیانێکی زۆری بە کاروباری پرۆفیشناڵانە و دەروەستانەی میدیاکان و "اصحاب رسانە" گەیاندووە.

دوای ئەوەی ئەم هەموو خەڵکە لە ئێران سنگی بە فیشەکی کەلاشینکۆف و ساچەمەزەنی پارێزەرانی ئاسایش (تۆ بڵێ: مدافعان امنیت)ەوە ناوە و لە ماوەی ئەم سێ چوار مانگەی ڕابردوودا نزیکەی پێنسەد کەس خۆیان بە کوشتن داوە، زۆر ڕووداوی ڕاستەقینە پەردەپۆش کراون و زوڵم و ستەمێکی بێ‌پایان لە هێندیک لەو کەسانە کراوە ئێستا لە ژێر ئەشکەنجەی بەناو پارێزەرانی دیموکراسیی ئەورووپاییدا دەناڵێنن.

لەژێر سەرپۆشی ئەو هەڵلاوبگرەی بە بیانووی خۆ بە کوشتندانی دژبەرانی ئاسایشی ئێران و گەورەکردنەوەی "خۆپێشاندان و مۆپێشاندان و سەرهەڵدان و مەرهەڵدان و ڕاپەڕین و ماپەڕین و ئاژاوە و ماژاوەی زیددی ئینقلاب و میددی ئینقلاب لە سەرانسەری ئێران"دا، دەستەڵاتدارانی وڵاتانی ئورووپایی و ئەمریکایی وەک ئەمریکا، کانادا، ئاڵمان، فەرانسە و سوئێد و چەندین وڵاتی دیکە بە پشتیوانیکردن لەو کەسانەی لە ئێران سنگ بە گوللەی پارێزرانی ئاسایشەوە دەنێن، خەریکی چەواشەکارین.

ئەوەی زۆر گرینگە و هەتا ئێستا باسی لێوە نەکراوە، ئەمەیە لەنێو ئەم هاتوهاوارەی بۆ کوژرانی پینسەد کەسێک بەدەستی پارێزەرانی ئاسایشی ئێران ساز دراوە، پارێزەرێکی ئاسایشی ئەم وڵاتە لە زیندانی سوئید ئیزن نادرێت بە ڕێژەی پێویست چا بخواتەوە و هیچ بەدووریشی مەزانن هەر ئێستا بە دەست ژانەسەرەوە بناڵێنێت.

هەر وەک خوێنەر و موێنەر و تەنانەت گوێگر و موێگر و هەموو بەردەنگ و مەردەنگان ئاگادارن، حەمید نووری یەکێک لە پارێزەرانی ئاسایشی ئێرانە و بە هاوکاریی ئەم کاکە ئیبراهیم ڕەئیسییەی خۆمان چەند کەسی دیکەی وەک "جەعفەر مونتەزیری"ی دادوەری ئێستای ئێران، لە ساڵی ١٣٦٧ هەزاران کەس لە دژبەرانی ئاسایشیان لە زیندانی تاران گوللەباران

کرد. ئاغای نووری لەم دواییانەدا لەدڵی خۆیدا هەستی بە "ژن، ژیان، ئازادی" کردبوو و بە مەبەستی "ژیـان" و هەڵکێشـانی هەناسەی "ئـازاد" و تێر سەیرکردنی "ژن"انی بێسەرپۆش سەردانی سوئێدی کرد و هەر لەوێ بە داوی پـۆلیس و دادگـاوە بـوو و بە قسە و قسەڵۆکی ئەو شایەتانەی دژی ئاسایشی دەستەڵاتی ئێران بوون، زیندانی هەمیشەیی بەسەردا سەپا.

حەمید نووری لەبەر ئەوەی "مدافع امنیت"ی ئیران بوو، ئێستا لە زینـدانی سوئێدە و لەلایەکی دیکەوە دژبەرانـی "امنیـت" لە شـار وشـارۆچکە و گونـدەکانی وڵات وەخۆکەوتـوونەتەوە ودەسـتیان بە ئـاژاوەگێری و شـێواندنی "امنیـت" کـردووە. ئەم ئاژاوەگێڕانە لەکاتێکدا هەر لە ماوەی ئەم سێ مانگەدا سەدان کەسیان بەدەستی "مدافعان امنیت" کوژراوە و هەزاران کەسیان بریندار و لە زینـدانان دان، کەشێکی ئەوندە خراپیان خوڵقاندووە، هەواڵـی بێبەشکردنی حەمیـد نـووری لە چا خـواردنەوە، لە هیچ تەلەفزیون و ڕادیۆ و تۆڕێکی کۆمەڵایەتییەوە بڵاو ناکرێتەوە.

"مەجید نووری" کوڕی ئەم زیندانیە ئیرانییە لە سوئید ئیزنـی پـێ دراوە لە بەنـدیخانە چـاوی بە بـاوکی بکەوێـت. ئەم کـوڕە باوک بەندکراوە، بە چەشنێک بـاس لە ئەشکەنجەی سپی دژی بـاوکی دەکـات، دڵـی بەرد بـۆی دەبێـتە ئـاو. ئەو لە وتـووێژ لەگەڵ ماڵپەڕی "ئینساف نیوزی" ئێران دەگێڕێتەوە. "لەم جۆرە ئەشکەنجانە لە سوئید زۆر بـاون. بـۆ وینـە دە خولەک پـێش چاوپێکەوتنی ئێمە باوکمیان لەژێر فشاردا ناردبوو لە حەمام خۆی بشوات. کاتێک دیتم ئاڵۆز و شێواو بوو. باوکم حەزی لە چا خواردنەوەیە. هەفتەیەک بە ڕێکوپێکی چایان پێداوە دواتر لەناکاو ئەم چاپێدانەیان ڕاگرتـووە. سوئێد لە ئەشکەنجەی سپیدا پسپۆڕە."...

لەکاتێکـدا دەوڵەتـی خـوێنڕێژ و مرۆڤکـوژی سـوئێد گـوێ بە "ملت همیشـه در صحنه"ی ئێـران نـادات و خـۆی لە ئـازادکردنی کەسێکی بێتـاوانی وەک حەمیـد نـووری دەبوێرێت، لانیکەم جێبەجێکردنـی ئەم خـاڵانەی خـوارەوە بـۆ هاوسـۆزی لەگەڵ کـوڕە دڵبریندارەکەی ئازادیی چا خواردنەوەی زۆر پێویستن:

١- پێویستە دەستەڵاتی سوئێد قبوڵی بکات، جگە لە سێ ژەمی بەیـانی و نیـوەڕۆ و شـەوانە، چێشـتنەگاو و ئێـواران و بەرلە خەوتنـان ئەوندەی حەمید نووری خۆی داوا دەکات چای خواردنەوەی بۆ دابین بکات.

٢- بە مەبەسـتی ناسـاندنی سـەرەڕۆیی و سـتەمی بێپایـانی دەسـتەڵاتدارانی سـوئێد دەرحەق بە حەمیـد نـووری، پێویسـتە پێشـاژۆی چـاخواردنەوە نەک بـۆ حەمیـدی نـووری بەڵکـوو بـۆ هەمـوو زینـدانیانی نێـو سیاچاڵی سوئید بە جیهـانی بکرێت و نوێنەرانی هەموو ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان لەژێر چاودێریی ڕێکخراوی مافی مرۆڤی سەر بە دەستەڵاتی دادوەریی ئێران

نەک هەر لە سوئێد بەڵکوو لە سەرانسەری ئورووپا و ئەمریکا چاودێریی چاخوردنەوەی بەندکراوان بکەن.

٣- ڕێکخراوی مافی مرۆڤی سەر بە دەستەڵاتی دادوەریی ئێران ئەو مافەی پێ بدرێت مانگانە لانیکەم دوو کیس چای چەکوشسەوزی "ئەعلا" بە چاودێریی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان ڕاستەوخۆ ڕادەستی حەمید نووری بکات و ئەم کارە هەتا ئازادی یان کۆچی دوایی ئەم زیندانییە خۆڕاگرە ئێرانییە بەرداوم بێت.

## ئەنجام:

دوای خوێندنەوەی ئەم بابەتە هەوڵ و تێکۆشانی ماندوویینەناسانەی "مدافعان امنیت" و بەرپرسانی دڵسۆزی ئێران و دڵڕەقی و ئاکاری دژەمرۆڤانەی وڵاتانی ئورووپایی لە سەرووی هەموانەوە وڵاتی سۆئیدمان زۆر ڕوونتر لە جاران بۆ دەردەکەوێت.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ١٦ی سەرماوەزی ٢٧٢٢

## فارسی شەکەرە و حیزبی دیموکراتمون "حەللە"

ئەم شێوە ئاخاوتنە فارسییەی ئێستا وەک زمانێکی سەربەخۆ سەیری دەکرێت، بەشێکی دابڕاوی زمانی فراوانتری کوردییە. ئەم بۆچوونە ڕاستەی بەندە بەدور نییە ببێتە هۆی گاڵتەجاڕیی ئەو کوردانەی بە گەڕەکی فارساندا فێری زمان دەبن. هەروەها بێ سێودوو لێکردن دەبێتە هۆی تووڕەبوونی هەندێک لەو دۆستە فارسانەی پێیانوایە ڕێ پێشاندەر و براگەورەی هەمووانن. ئەوان دەڵێن هەموو خەڵکی نێو ئەم چوارچێوە جوغرافیەی ناوی ئێرانە دەبێت دەستەونەزەری ئێمە بوەستن و دەڵێن ئەم شێوەزارە فارسییە شازمانی زمانانە.

ئەوان هەتا ئەم دواییانە و ئێستاشی دەگەڵدا بێت دەڵێن فارسی "شەکەر ئەست". ئەگەر کەمێک دان بە جەرگی خۆتاندا بگرن، ڕوونی دەکەمەوە دەستەواژەی "فارسی شەکەر ئەست" زۆر ڕاستە و لە جێگەی خۆیدایە. فێربوونی زمانی فارسی بۆ ئاخێوەرانی زمانانی دیکە وەک شەکەر وایە. شەکەر پێکهاتەیەکی خۆراکیی شیرین و بەتامە و بە تایبەت لە زمانی "ئافرەت"انەوە بەرەو پیاوانی مێخواز زۆر خوش و ڕەوان و ئەفسووناوی دێتە گوێ. هێنانی وشەی "ئافرەت" لەم دێڕەی پێشتردا لەجیات وشەی "ژن" بۆ پێلانێکی نەگریسی نووسەری ئەم دێڕانە دەگەڕێتەوە و وادیارە دەیهەوێت چۆن شێوەزاری فارسی لە زمانی سەرەکیی کوردی دوور کەوتووەتەوە، بەم جۆرە ئافرەت لە ماکەی سەرەکیی خۆی واتە ژن دوور بخاتەوە.
فێربوونی شێوەزاری فارسییش بۆ کوردان وەک خواردنی شەکر وایە و سەرەڕای شیرینیەکەی دەگەڵ بەرەوژوورچوونی تەمەن نەخۆشیی "قەند"یان "شەکرە"ی زمانیی لێ دەکەوێتەوە و زمانیی سەرەکیی فێرخواز تووشی سەدان جۆر ژان و ئازار دەکات.
ئەم شێوەزارەی زمانی کوردی (مەبەستم فارسییە) دوای هاتنی ئایینی ئیسلام بۆ ناوچە بە چەشنێک ئاوێتەی زمانی عەرەبی بووە، بووەتە تێکەڵەیەکی زۆر سەیر و سەمەرە و وەک چێشتی مجێور و "حەوتترینگە"ی لێ هاتووە.

ئەوکاتەی مرۆڤ فێری ئەم شێوە زارە دەبێت و وا دەزانێت زمانێکی سەربەخۆ فێربووە، لە زمانی دایک واتە زمانی سەرەکیی ئاخێوەرەکە دەبێتە نەخۆشیی شەکرە. لێرەدا ئەو قسەیەی ئاخێوەرانی شێوەزاری فارسی پشتڕاست دەبێتەوە دەبێت بڵێین "فارسی شەکەر ئەست".

ئەگەر شێوەزاری فارسی بەم جۆرە ئاوێتەی عەرەبیی نەبوایە، وەک زمانی دایک یانی هەمان زمانی کوردی، ساکار و بێگرێوگۆڵ دەبوو و پێویستیی نەدەکرد بۆ ئەم شێوەزارە بەلاڕێدابراوە ناچار بین بەگژ دەقەکۆنەکانی عەرەبیی سەردەمی

ئیسلام و تەنانەت سەردەمی چاخی جاهیلیی عەرەباندا بچیەوە و شێوە ڕێنووسی گوماناویی بۆ نوسینی وشەی وەك "كۆبرا" و "سوغرا" و "مووسا" و "تەها"ش سەرمان لێ بشێوێنێت.

لێكۆڵینەوەی زیاتر بۆ ئەم مەبەستە ئەركی زمانزانان و ئەو كەسە لێهاتووانەیە بە باشی بەسەر زمانی فراوانی كوردی و عەرەبییدا شارەزان و بە وردیش لە شێوەزاری فارسییان تێدەگەن. بۆ ئەوەی زۆر لە بابەتی سەرەكیی خۆمان دوور نەكەوینەوە، بەگوێرەی ئەوەی شێوەزاری فارسی بەشێكە لە زمانی كوردی و ئاوێتەی زمانی عەرەبی بووە، دەچینەوە سەر دەستەواژەی " حیزبی مونحەلەی دیموكرات."

ئەو كەسانەی كەمێك شارەزای ڕووداوەكانی ئەم چەند ساڵەی دواییین، ئاگادارن كەسێك بە ناوی "ڕووحوڵڵای مووسەویی خومەینی" هەمان ئەوكەسەی سەردەستەی دزانی شۆڕشی گەلانی ئێرانی دژبە دەستەڵاتی پاشایەتی بوو، زیاتر لە چل ساڵ لەمەوبەر ئەم دەستەواژەی" حیزبی مونحەللەی دیموكرات"ی داهێناوە. لێرەدا بۆ لێكدانەوەی مانای ڕاستەقینەی ئەم دەستەواژەیە واتا "حیزبی مونحەللەی دێموكرات" پێویستە بچینەوە سەر بنەمای بە سەقەتی تێكئاڵاوی بنزاراوەی فارسی و زمانی عەرەبی. ئەوانەی گوێیان داوەتە لێدوانی خومەینی، دەزانن ئەو زۆر بە سەقەتی بەم شێوەزارە سەقەتە دەدوا. بۆ وێنە زۆر جار جێگۆڕكێی بە وشان دەكرد و "ڕستەی وەك " شوما ڕا نەسیحەت میكونەم"ی دەكردە "میكونەم شما ڕا" بەدرەنگەوە دهاتەوە بیری و دەستەواژەی " لاكن نەسیحەت"ی بەدوایدا بەڕێ دەكرد. دەستەواژەی "حێزبی مونحەللەی دێموكرات"یش بەگوێرەی ئەم یاسایە پێویستە سەر لەنوێ دابڕێژێتەوە و بكرێتە "حیزبمون حەللێ، دیموكرات" واتا حیزبی ئێمە حەللە، لاكن دێموكرات" و مانا تەواوەكەشی ئەمە دەگەیەنێت: حیزبی دیموكرات حەللە" یانی حزبی دیموكرات حەللە و تواوەتەوە.

وەك ئەو خۆپێشاندان و مانگرتنانەی خەڵكی ڕۆژهەڵاتی كوردستان دوای بانگەوازی ئەم حیزبە بەرپایان كردووە، دیارە دێموكرات دەنێو دڵ و دەروون و هەست و خوستی خەڵكی ڕۆژهەڵاتی كوردستاندا تواوەتەوە و وەك كورد دەڵێت دە ڕەگ و ئیسقانیان مردووە و تێیدا حەلل بووە.

خومەینی لە ڕێكەوتی ٢٩ی گەلاوێژی ١٣٥٨ی هەتاوی ڕایگەیاند حیزبی دێموكراتی كوردستانی هەڵوەشاندووەتەوە. ئەم حیزبە ٣٤ سال پێش ئەم فەرمایشتەی خومەینی دامەزراوە و ئێستاش ٤٣ ساڵ بەسەر كاتی هەڵوەشاندنەوەیدا تێدەپەڕێت. مەودای ژیانی دوای هەڵوەشاندنەوەی حیزب بە قسەی خومەینی، ٩ ساڵ لە مەودای تەمەنی بەرلەو هەڵوەشاندنەوەیە درێژترە و لەوكاتەوە دێموكرات زیاتر پەرەی سەندووە و باشتر لە دەمارە درشت و وردەكانی خەڵك مردووە و لە جیات

هەڵوشانەوە پەلۆپۆ و لقوپۆپی هاویشتووە و زیاتر ڕەگی داکوتاوە.

ئەگەر فەرمایشتەکەی خۆمەینی بە دڵی خۆی و پەیڕوانی لێک بدرێتەوە ئەوە جەنابیان درۆی فەرمووەوە و دێموکرات نەک هەر هەڵنەوشاوەتەوە، بەڵکوو دوای تێپەڕینی ٤٣ ساڵ بەسەر هەڵوەشاندنەوەدا بەشێکی بچووکی لە دەرەوی ڕۆژهەڵات دەکەوێتە بەر هێرشی مووشەکی مەودابڕی دوورهاوێژ و لەجیات هەڵوەشانەوە دەبێتە گرێپووچکە .

لە دۆخی دووهەمدا ئەگەر بمانهەوێت سەرۆکی شۆڕشدزان بە پاک و بێبەری لە هەڵە و مەڵە بزانینن و ڕێز و ئیحترامی بۆ دابنێن و هەر بڵێین ڕێبەری موعززەمی ئینقلابە، ڕەنگە خەتای ئەو "شەکەر" بوونەی فارسی بێت و لەم دۆخەدا وا باشترە ئەوانەی لە زاراوەی فارسی نزیک دەبنەوە، ئاگاداری تووشبوون بە نەخۆشیی شەکرە بن.

"بەڕاستی فارسی شەکەر ئەست" ئێمەش حیزبمون هەموو شتێکی حەللە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ٢ی بەفرانباری ٢٧٢٢

# شێوازیک بۆ بێزارکردنی خەڵکی لە گۆشتخواردن

ئێستا دانیشتووانی ئێران لە ناوچەی کوردنشین، ئازەریشین، تورکماننشین، عەرەبنشین، لوڕنشین، قەشقاییشین، تاتیوتالشیننشین و گیلەکیشینی ئەم وڵاتە بە نەتەوە سیخاخکراوە هەموویان لە یەک خاڵی هاوبەشدا کۆ دەبنەوە. ئەم خاڵە هاوبەشەش دابەزین و نزمبوونەوەی توانای گۆشتکڕینە.

ئەم خەڵکە زۆر و جوداوازەی لە ناوچەی جۆراجۆری ئێراندا هەر کامیان بۆخۆیان شتێکنشینن، لەم چەند ڕۆژەی دواییدا ژمارەی "دوو" کەمێک پشووی پێ سوار کردوون. بەرپرسانی خاوەن ڕاوتەکبیر و چازان و لێزانی ئەم ئێرانە هەموو شتێک نشینە، زۆر تامەزرۆی کەڵکوەرگرتن لە ژمارەی "دوو"ن. هەرچەند منی نووسەری ئەم دێڕانە لەگەڵ ئەم نووسینەی بەرچاوتاندا سەر بە هەموو کون و قوژبنی ماڵاندا ناکەم و لە سەر لاپەڕەی ڕۆژنامە و ڕووبەری کامپیۆتێر و موبایلانەوە ناتانبینم، بەڵام سوور سوور سوور یانی سوورێکی وەک دڵۆپی خوێن دەزانم ئێوەش وەک من و بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی حەزتان لە ژمارەی دووە. ئێوەش پێتان خۆشە لەجیاتی جارێک دووجار بژیێن، سامانتان دوو ئەوەندەی ئێستا بێت و زۆر شتتان دوو دوو بن. دەی بەرپرسانی کۆماری ئیسلامییش بەم جۆرەن و پێیانخۆشە تەمەنی خۆیان هەشتا ساڵ تێپەڕێنێت و هی خۆشیان ١٥٠ ساڵ. ئەوانیش پێیان خۆشە تەمەنی خۆیان و دەسەڵاتیان دوو ئەوەندەی ئێستا بێت. دوو ئەوەندەی ئێستا یۆرانیۆمی خالیس بپیتێنن، منداڵانیان دوو ئەوەندەی ئێستا پارە ببەنە بانکەکانی دەرەوەی ئێران. دوو ئەوەندەی ئێستا پارە بگەیەننە حیزبەڵای لوبنان و دوو ئەوەندەی دیکە فرۆکەی بێفڕۆکەوان بدەنە حروسان (ڕووسیە). بەڵام لەم هەموو دووە جارێ خەریکی دوو دووی زۆر سەیر و سەمەرەن. بۆ ئەوەی باسەکەمان بکرێتەوە و باشتر لێکی بدەینەوە، وەک شارەزایانی لێکدانەوە و شیکردنەوە دەڵێن پێویستە ئەم ٢ دووە بەجیا شی بکەینەوە.

**دووی یەکەم:** ئەم دووە لە پۆلێنکردنی ئێمەدا پێوەندیی بە هێڵی هەژارییەوە هەیە. لەم چەند ڕۆژەی ڕابردوودا بەرپرسانی سەر بە دەستەڵاتی کۆماری ئیسلامی گوتیان ئەو خەڵکەی لە ئێران لە ناوچەی کوردنشین،ئازەریشین، تورکماننشین، عەرەبنشین، لوڕنشین، قەشقاییشین، تاتیوتالشیننشین و گیلەکیشینی ئێران، لەژێر هێڵی هەژاریدا دەژیێن، ژمارەیان لەم ساڵەی دواییدا گەیشتووەتە دوو ئەوەندەی خۆی. هەر لە درێژەی ئەم بابەتەدا فەرموویان ژمارەی ئەو خەڵکەی لەژێر هێڵی هەژاریدان، یەک لەسەر سێی دانیشتووانی ئێرانن. بەگوێرەی هەڵکشانی نرخی شتومەک دۆلارە سەوزەکەی سەرۆکی ئیستکباری جیهانی، لە ساڵی داهاتووشدا خەڵکی ژێر هێڵی هەژاری زیاد دەکەن و ئەگەر ئەوەندەی

دیکە زیان بکەن بە حیسابی منی ئابووریەنەزان ئەمساڵیش هەر دەڵێین دوو ئەوەندە زیادیان کردووە، بەڵام دوو ئەوەندەی یەک لەسەر سێش دەکاتە دوو لەسەر سێ و بەمجۆرە ژمارەی کاخنشینان هەڵبەت ئەگەر بۆ وڵاتانی دیکە ڕانەکەن مەبەستم ئەوەیە کۆچ نەکەن، زۆر کەم دەبێتەوە و ژمارەی کۆخنشیانان دەگاتە ئەوپەڕی خۆی و ئەودەم پیاوانی برسی زیاتر بۆ ناردنیان بۆ سووریە و عێراق و یەمەن دەست لەسەر سنگن و بەشێکیشیان ئامادەن بە پارەی کەم لە نێوخۆ لەسەر شەقامان بکەونە دوای کیژان و کوڕانی خۆپێشاندەر. ئەمانە هەموو لە جێگەی خۆیاندا ڕاستن و لێرەشدا چاکەیەک دەگەڵ بەرپرسانی کۆمـــاری ئیسلامی دەکەین و باس لە چەند ئەوندە زیادبوونی خێڵی لایەنگرانی دروشمی "نە این وەری و نە اون وەری" ناکەین.

**دووی دووهەم:** ئەم دووەیان هەر بۆ دڵخۆشییە و سەرانی نیزام پێی دڵخۆش دەبن، ئەویش جێبەجێکردنی سیاسەتی حەکیمانەی دوو جار لەسێدارەدانی ئەو ئاژاوەگێڕانەیە قسەی سووک بە وەلیی ئەمر دەڵێن و تەنانەت پارێزەرکانیانیشیان نەیانتوانیوە لە دادگا سەیری دۆسیەکانیان بکەن و حوکمی کوشتنیان بۆ دەرچووە. بۆ ئەم مەبەستەش لاوێکی ١٨ ساڵانی خەڵکی باکووری ئێران لە کاتێکدا دیار نەکراوە ناوچەکە گیلەکینشینە یان تاتی و تالشینشین، بەڵام هۆکاری دەرکردنی حوکمەکە وەک ڕۆژی روون ئاشکرایە و حوکمێکی ڕەواشە. ئەم کورە لاوە کیوسک یان "ژۆرۆکەیکی سەر شەقامی" هێزی ئینتزامیی ئاگر داوە و ئەمە هۆکاری دەرکردنی حوکمی دووجار کوشتنیەتی. ئەگەر باس لە ئەو زیانە زۆرەی ئاگردانی ژوورۆکە یان کیوسکەکەی هێزی ئینتزامی بکەین، نەک هەر خەڵکی شارەکە، بەڵکوو پێویستە هەموو خەڵکی ئێران ئەوانەی لە دەسەڵات نین و دوور نییە لە داهاتوودا بکەونە ژێر هێڵی هەژاریی ساڵانی داهاتوو، پێویستە هەموویان لە سێدارە بدرێن. بەڵام هۆکاری دوو جار ئێعدامەکە بۆ دوو هۆ دەگەڕێتەوە. یەکەمیان بە لەنێوبردنی کەسێکی مەترسیدار بۆ نیزام نامێنێت و خەڵکیش پێیەوە دەترسن و دووهەمجار کوشتنیشی بە مەبەستی کوشتن یان کەمکردنەوەی ترسی بەرپرسانی نیزام و ورەپێدانیانە.

باسێکی دیکە لەم ڕۆژانەدا لە سەر زار و زمانانە. ئەویش باسی قیمە و شفتە و کۆتلێتە. دوای ئەوەی سەردار قاسم سولەیمانی ئەو قاسم سولەمیانیەی خودییەکان پێی دەڵێن ژێنراڵ و دوژمنان دانی پێدانانێن، لە پێش فرۆکەخانەی بەغدا پارچە پارچە کرا، نەیاران ناوی قیمە و شفتە و کۆتلێتیان بەسەردا بڕیوە. هەرچەندە ئەمە لای دۆستانی شتێکی ناشرینە، بەڵام سوودێکی نادیاریشی هەیە. ئەوشی ئەمەیە خەڵکی برسی و ڕش و ڕووت بەردەوام بە بیرهاتنەوە ئەم ڕووداوە، ئەو خوردەمەنیە گرانبەها و (هزینەبردار)انەیان لەبەر چاو دەکەوێت و ئەودەم خەڵک ڕوو دەکەنە خواردنی دانەوێڵە و مانەوێڵە و ئەحشام و ئاژەڵیش هەناردەی دەرەوە دەکرێن و دۆلاری سەوز لە ئابووریی وڵاتدا بەرچاوی هەموو لایەک ڕوون دەکاتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ١٦ی بەفرانباری ٢٧٢٢

## منداڵەبەربوون بە شانتەکاندنێک

بۆ ئەوەی ژمارەی مامناوەندیی ئەو خانمانەمان لە ئێراندا دەست بکەوێت لە بواری تەمەن و لەشساخییەوە دەرفەتی زاوزێ و وەچەنانەوەیان هەیە، پێویستە سووکە ئاوڕێکی لە دانیشتووانی ئەم وڵاتە بدەینەوە.

ژمارەی دانیشتووانی ئێرانی ئێستا نزیکەی ٨٨ میلیۆن کەسە و ئەگەر ژنان تەنیا نیوەی کۆمەڵ بن و ژمارەی پیاوان و ژنان وەک یەک حیساب بکەین، ئەوە هەرکامیان ٤٤ میلیۆن کەس لە دانیشتووان پێکدێنن. هەرچەندە دوای ڕاپەرینی ئەم دواییە لەژێر ناوی شۆڕشی ژینادا نزیکەی نیوەی ئەم پیاوانەش ئێرەیی بە ژنبوونی ژنانەوە دەبەن و پێیان خۆشە ژن بوایەن، بەڵام ئەمە حیساب و کیتابە و لە حیسابی ئێمەدا ئەو مافەیان پێ نادرێت و ناچارن هەتا دەیانخەنە گۆڕەوە بە پیاوەتیی خۆیانەوە بناڵێنن. دیارە ئەوانەی لە بواری داراییەوە توانای گۆڕینی ڕەگەزیان لە پیاوەوە بۆ ژن هەیە، ئەوەندە زۆر نین ئەم حیسابەی ئێمە بشێوێنن و ئەو ڕیسەی خەریکین دەیڕێسین بیکەنەوە خوری.

بەگوێرەی ئەو ژمارانەی بەرپرسانی لێهاتووی ئێران بەدەستیانەوە دەدەن، ئێستا نزیکەی ١٠ لەسەدی ژنانی ئێران لە سەرووی تەمەنی شێست ساڵین. یانی ٩٠ لەسەدی ئەم ژنانە توانای زاوزێ و نانەوەی وەچەیان هەیە و نزیکەی ٤٠ میلیۆن کەسێک دەبن. هەر بەگوێرەی ئامارەکان پێنج لەسەدی ئەو ژنانە بەمنداڵ حیسابن. دیارە لێرەدا پرسیارێک ختۆکەمان دەدات، ئەویش ئەوەیە نازانین تەمەنی منداڵانی کچ لەژێر نۆ ساڵییەوە حساب دەکرێت یان لە ژێر تەمەنی ١٨ ساڵییەوە. هەرچۆنێک بێت ئێمە بەم ئاکامە دەگەین زیاتر لە ٣٠ میلیۆن ژن لە ئێران ساغ و سەلیمن و ئامادەی ئەوەن منداڵیان ببێت.

**لێرەدا با ژمارەی ئەم ٣٠ میلیۆن کەسەمان لەبیر بێت و لە خوارەوە خەریکی سووکە حیسابێکی دیکە بین:**

لەم ڕۆژانەی دواییدا ئاخوندێک لەو ئاخودانەی ساڵانی ڕابردوو دەچوونە سەر مینبەر و خەڵک بە قسەیانی دەکرد و بۆ شەهیدبوون خۆیان بە ئاو و ئاگردا دەکرد، لەسەر مینبەر چەند ڕستەیەکی بەیان کرد و سەری لە خۆی و بەردەنگانی شێواند. هەرکەسێک گوێ بداتە ئەم ئاخوندە وەک وێنە بەناوبانگەکەی مامۆستا حەسەن زیرەک ئەنگوستی سەرسووڕمان دەخاتە نێوان لێوانی سەروو و ژێرینی و لە شوێنی خۆی ڕەق هەڵدێت.

جەنابی ئاخوندی گۆڕین لە گرتەیەکی ڤیدیۆییدا قسەی کردووە و باس لە ڕووداوێک دەکات ئەگەر جاری دیکە ڕووبداتەوە،

لەم جیهانەدا نەک هەر جێگەی خۆمان بەڵکوو جێگەی ئەنگوستی شایەتمانیشمان نابێتەوە بەرزی بکەینەوە. ئاخوندەکە لە زمان کەسێکەوە ڕووداوێکی ژیانی ئیمامی عەلی دەگێڕێتەوە و دەڵێت ئیمامی عەلی ژنێکی حەنەفی مەزەبی بەناوی "خوولە" هەبووە و خولە بە ئیمامی گوتووە بۆ نابێ ئەویش منداڵێکی جوانی لە ئێمامی عەلی هەبێت؟ ئیمامی عەلیش دەستێک لە شانی ژنە حەنەفی مەزەبەکە دەدات و دەڵێت ژنە ببە بە خاوەنی محەممەدێک. ژنە حەنەفی مەزەبەکە خێرا سکی بۆ کۆرپەیەکی نێرینە بە ناوی محەممەد پڕ دەبێت و دوای کاتژمێرک محەممەدە جوانکە لەدایک دەبێت.

لێرە ئیمە وەک هەموو لێدوانی ئاخوندان کێشەمان لەگەڵ ئەم لێدوانەش نییە، بەڵام پرسیار ئەوەیە ئەگەر ئیمامی عەلی تەمەنی نزیکەی ٣٠٠ ساڵ بووبێت، یانی دوای بڵاوبوونەوەی ئایینزای حەنەفی لە ژیاندا مابێت، ئەوە ئاخوندە لاو و تازەپێگەیشتووەکەی ئیمە ڕاست دەکات و درۆی بەزاریدا نایەت. ئەوە نییە هەموو ئاخوندەکان دەزانن درۆ دوژمنی خوایە؟
لەوها هەلومەرجێکدا ئێمە تەنیا لە ئێران خاوەنی ٣٠ میلیۆن خانمی ئامادەی وەچەنانەنەوەین و دەستی ئیمامی عەلیی ئاخوندۆکەی ئێمە بگاتە شانی هەموویان بە یەک کاتژمێر دەبینە خاوەنی ٣٠ میلیۆن کۆرپە و هەر منداڵەش دوای گەورەبوونی چەند منداڵی دیکەی لێ پاش دەکەویت. بەمجۆر تۆ بڵێی بە ٢٤ کاتژمێر ژمارەی دانیشتووانی ئێران بگاتە چەند کەس؟ تکاتان لێ دەکەم خۆتا بە لێکدانەوەی زاوزێی مانگ و ساڵانەوە خەریک مەکەن.
وا باشترە بیر لە چوون بۆ هەسارەکانی دیکە بکەینەوە و لە بەر خۆمان بەردەوام دوعا بکەین ئەم ئاخوندە ئیمامەکەی لەگەڵ خۆیدا نەباتە هەسارەکانی دیکە. باشترین چارەسەر ئەوەیە دوعا بکەین ئەو منداڵانەی بەم جۆرە لەدایک دەبن، زیاتریان ژن بن و بەمجۆرە خوازیارانی ئازادیی ژنان و کچانی بێ لەچک و ڕووسەری لە زیندانەکانی کۆماری ئیسلامی جێگەیان نەبێتەوە.
لەگەڵ بڵاوبوونەوەی هەواڵی وتاری ئەم ئاخوندۆکەیە هەواڵێکی دیکەش بڵاوبۆتەوە و لەویاندا فڕۆکەوانێکی فڕۆکەی کۆمپانیای "ئیران ئەیر"ی ئێران لە فڕۆکەخانەی مێهرابادی تارانەوە بەرە و خۆرڕەمئاوا بەڕێ دەکەوت، داوای کردووە لەبەر قورسبوونی باری فڕۆکەکە دوو کەس لە فڕۆکەکە دابەزن. یەکێک لەو دوو کەسەی خۆبەخشانە لە فڕۆکەکە دابەزیوە بە میدیاکانی گوت کاتێک داوایان لە ئێمە کرد دابەزین، شوێنی شەش حەوت کەسی دیکەش لە نێو فڕۆکەدا بەتاڵ بوو.
بڕوا بکەن نە بوختان بە ئاخوندۆکە و نە بە فڕۆکەوانەکە ناکەم. بەڵام حیسابی زیادبوونی دانیشتووانی ئێرانم بۆ لێک نادرێتەوە. تەنیا ئەوەندە دەزانم بەم حیسابە "مناطق کردنیشن، فارسنشین، عربنشین و نمیدانم چ و چ نشین ایران" پڕ دەبێت لەم منداڵە ورتکانە و هەر دەبێ بڵێین بەم هیوایە ئیمام عەلی بە قسەی ئەم ئاخوندانە نەکات.

**ئەم بابەتە لە ژمارەی٨٣٩ی ڕۆژنامەی کوردستان بڵاو کراوەتەوە.**

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ٢ی ڕێبەندانی ٢٧٢٢

# ئابووریزانی لێهاتوو لە دکتۆری قۆڵبڕ باشترە

"دکتۆر سید یاسر جوبرئیلی ماموستای پێوەندییە نێونەتەوەییەکان و دکتۆرای بەشی توێژینەوەی زانستە سیاسییەکانە."

گومانی تێدا نییە خوێنەرانی ئەم دێڕەی سەرەوە بە دیتنی پاشناوی "ماموستای پێوەندییە نێونەتەوەییەکان و دکتۆرای بەشی توێژینەوەی زانستە سیاسییەکان"، سەرەڕای ئەوەی خۆیان بۆ درێژەپێدان بە خوێندن لە زانکۆکانی ئێران پەژیوان دەبنەوە، بێئێوەپێدان منداڵانیان بۆ خوێندن هان دەدەن.

ئەم کاک سەید یاسرە، یەکێک لە ڕاوێژکارانی برایمی ڕەییسییە و بەرلە سەپاندنی ڕئیسی وەک سەرۆککۆمار و دوای داسەپاندنیشی بە تایبەت وەکراوێژکاری کاروباری ئابووری لە یارمەتیدانی بەردەوامە و بۆ گەشانەوەی ئابووریی ئێران هەوڵ دەدات و هەنگاوی باشیشی بۆ بەهێزکردنی بنەمای ئابووریی کۆماری ئیسلامی ناوە. لێرەدا بەکورتی ئاماژە هێندیک لەم هەنگاە باشانە دەکەین.

لە سەرووی هەموو ئەم کارە ناوازانەی ئابووریزانی کۆماری ئیسلامی بابەتی نرخی دۆلاری ئەمریکا لە گشتیان گرینگترە. لە کاتێکدا ئەمریکا بەم دۆلارە سەوزانە دەستی بە سەر ئابووریی جیهان داگرتووە و ڕۆژانە ئەم دۆلارانە بەگڕ خەڵکی هەژاردا دەکات، ئەم ئابووریناسە لەگەڵ تیمی لێهاتووی ئابووریزانانی ئێران هەتا ئێستا نرخی دۆلارێکی ئەمریکایان گەیاندووەتە زیاتر لە ٤٤ هەزار تمەن. ئەمە لە کاتێدایە هەر ئەم دۆلارە لە سەردەمی ڕێژیمی پێشوودا تەنیا حەوت تمەنی دەکرد. دیارە دوای ئەوەی سەید بلەی ڕەئیسی بوو بە سەرۆککۆمار، هەمان تیمی لێهاتووی ئابووریزانان و لێزانان کارێکی وایان کرد نرخی ئەم دۆلارە لەم ماوەیەدا نزیکەی ١٠هەزار تمەن گرانتر بێت و بەمکارە دەردێکیان دایە ئابووریی لەرزۆک و بێبنەمای سەرکردەی ئیستکباری جیهانی با بە دەواری شڕی نکات.

ئەگەر زۆرتر لەمە درێژدادڕی نەکەین، ئەنجامی کورتی گرانبوونی دۆلار ئەمانەن: لەم دۆخەدا یەک بەرمیل نەوتی ئێران بە پارەی میللی نزیکەی سی میلیۆن تومەن دەکەوێت و مانگانە بە هەشت نۆ دە میلیۆن تمەن یانی بە پارەی هەشت نۆ بەرمیل نەوت مووچەی فەرمانبەرێکی مامناوندی دابین دەکریت و هەروەها ئەو دۆلارانەی بە هۆی برادەرانی دەرەوە و ژوورەوە دەست کۆماری ئیسلامی دەکەون، وەک سەردەمی ڕێژیمی گۆڕبەگۆڕ هەرزانفرۆش ناکرێن.

هەنگاوێکی بەنرخی دیکەی ئابووریزانانی وەک سەید یاسری گۆڕین داخستنی هێڵی ئینترنێت و کردنەوەی بە کەرەستەی" ڤی‌پی‌ئین"ـە. ئەمەیان هەر شاکارێکی زۆر گەورەیە. فرۆشتنی ئینترنێت بە خەڵک داهاتێکی ئەوتۆی نییە و شتێکی بەرچاو دەست حکومەت ناکەوێت. ئەوەی ئابووریزانان بیریان لێ کردەوە و وەک کورد دەڵێت باشیش گرتی، ئەمە بوو بە بیانووی خۆپێشاندان لەلایەک ئینترنێت دابخرێت و لە لایەکی دیکەوە خەڵک ناچار بن بۆ کردنەوەی ئینترنێتە داخراوەکە "ڤی‌پی‌ئێن" لە دەست و پێوەندیی حکوومەت بکڕنەوە و بەمجۆرە دوو جار پارەی ئینترنێت لە خەڵک وەربگیردرێت.

سێهەم هەنگاوی بەنرخی وەگەڕخستنی هاوردەی ماشێنی دەرەکی بۆ نێو ئێرانە و زیادکردنی گۆمرکی ئەم ماشینانەش دەبێتە هۆی داهاتی زیاتری دەوڵەت.

مادەی هۆشبەر یان مەوادی موخەدریش یەکێک لە سەرچاوەکانی داهاتی نیشتمانیی کۆماری ئیسلامیی ئێرانە و بۆ ئەم کارەش هێزە ئازاکانی ئەرتەش و سوپای پاسداران لە دەریا و وشکانیدا شانیان وەبەر گواستنەوەی باری قورسی مادەی هۆشبەر بۆ وڵاتانی دیکە داوە و ئەو دۆلارانەی لەم مادانەش دەست دەکەون، وەک ئەو دۆلارەی لە نەوتفرۆشتن دەست دەکەوێت، لە بازاڕی ئازادی ئێراندا هەر دۆلارێکیان بە زیاتر لە ٤٤ هەزار تومەن دەفرۆشرێت. دیارە بەگوێرەی ئەم بەرنامەڕێک وپێکەی ئابووریزانان دایانڕشتووە لە داهاتوودا دەکرێت ئەم دۆلارانە لەمەش گرانتر بفرۆشرێنەوە و ئابووریی ئێران بەهێزتریش بکرێت.

ئاکامی سەرەکی و هەرەگرنگی زۆربوونی پارەی خۆماڵیش ئەمەیە ناهێڵێت بەرپرسانی پایەبەرزی ئەم کۆمارە زۆر شەرمەندەی ڕەزمەندەگانی "جان برکف"ی عێراق و سووریە و یەمەن و لوبنان بن .

ئەم کاک سەید یاسرەی لە سەرەوە باسمان کرد، لەم چەند ڕۆژەی دواییدا لە گفتوگۆیەکی ڕاشکاوانەدا زۆر بەکورتی باسی دۆخی ئابووریی ئێرانی کرد و لە خوا بەزیاد بێت، وەک ئەو دەڵێت خەڵکی ئێران لە بواری ئابوورییەوە تەنیا کێشەیان لەگەڵ دابینکردنی سێ چوار شت هەیە و ئەم سێ‌چوار شتە کەمبایەخەش بریتین لە "دابینکردنی "شوێنی نیشتەجێ بوون"، "کەرەستەی هاتووچۆ"، "خواردەمەنی" و پێداویستیی "لەشساغی یان تەندروستی."

دیارە وەک ئەم ئابووریزانە شارەزایە ئاماژەی بۆ کردووە، ئەمانە کێشەی بنەڕەتیی ئۆممەتی لەخۆ بوردوو نین و نەبوونی ماڵ و ماشێن و خواردەمەنی و دەوا و دەرمان هەر بۆ ئەوە نابن خۆمانیان پێوە ماندوو بکەین.

ئەگەر بە قووڵی بیری لێ بکەینەوە، لەبەردەست نەبوونی خانوو هەر زۆریش باشە. ئەگەر خانوو کەم بێت، کوڕان دوای زەماوەندکردن خێرا پیرەدایک و پیرەباوکیان جێ ناهێڵن و هەتا لە ماڵ دەریان نەکەن وەک هەلووک لەبەردەستیاندا دێن و دەچن. ماشێن و کەرەستەی هاتووچۆش هەر بۆ ئەوە نابێت باسی بکەی. ئەی نەتاندیتووە چۆن ئەم خەڵکە بە هۆی خۆپێکدادان و هەڵدێرانی ئەم پڕاید و مڕایدە وەک بارێزە بەردەبنەوە و هەر پێمان دەکرێت کۆڕی پرسە ومرسەیان بۆ دابنێین؟ خواردنیش وەک ئاخوندانی زانا دەڵێن هەر هیچ نیە، ئەوەی بەووەج و جێگەی سرنجە تەنیا قەناعەتە، قەناعەت!

دەوا و دەرمان و کەرەستەی لەشساغییەکەش هەر بۆئەوە نابێت بیریشی لێ بکرێتەوە. با هەر خوێنەری بەڕێز وڵامی ئەم پرسیارە بداتەوە، بێ دەوا و دەرمانی باشترە یان خۆ بدەینە بەر چەقۆ و نەشتەری ئەم دکتۆر و مکتۆرە قۆڵبڕانە؟

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ١٦ی ڕێبەندانی ٢٧٢٢

## هەر خامنەیی دەزانێت کێ کۆنەپەرەستە!

ئەوانەی باس لە گرانیی پێداویستیی خەڵک و بەرزبوونەوەی نرخی دۆلار دەکەن، کۆنەپەرستن، کۆنەپەرست.

هێشتا ئەم خەڵکە گێژە یانی ئەو خەڵکەی ڕێبەری کۆماری ئیسلامی پێی‌وایە گێژن، مانای کۆنەپەرستی نازانن. نازانن کۆنەپەرستی یانی وابەستەبوون بە شتی کۆن و دژایەتی‌کردنی شتی نوێ و تازە.

عەلی خامنەیی ڕێبەری کۆماری ئیسلامیی لەژێر کاریگەریی خۆپێشاندانی کۆنەپەرستانەی سێچوارمانگ لەمەوبەری خەڵکی کۆنەپەرستی ئێران لە ٢٢ی ڕێبەندانی ئەمساڵدا ناچار بوو بە مەبەستی حەسانەوە تریاکێکی زۆرتر بکێشێت. جەنابیان لەبەر ئەوەی ئەم ساڵ لە ساڵوەگەڕی ڕۆژی ٢٢ی ڕێبەندان تریاکێکی زۆری کێشابوو، هەتا سێچوار ڕۆژ دواتر نەیتوانی پەیام و مەیامێک بەم بۆنەیەوە بڵاو بکاتەوە.

دوای ئەوەی ڕێبەری کۆماری ئیسلامی ڕۆژی ٢٦ی ڕێبەندان نەشئەیی ئەو کێشانەی بەسەر چوو، پەیامێکی زۆر ژیرانەی ڕوو بە خەڵکی کۆنەپەرستی ئێران بڵاوکردەوە. خامنەیی باسی ئەو کەسانەی کرد خۆیان بە سیاسی دەزانن و لەم دواییانەدا ڕەخنەیان لە گرانیی شتومەک گرتووە. ئەو داوا دەکات ئەوانەی خۆیان بە سیاسی دەزانن، نابێت ڕەخنە لە گرانی و دەستنەکەوتنی پێداویستییەکانی خەڵک بگرن و ئەو کەسانە بە "کۆنەپەرست" ناو برد. لە قامووسی سیاسیدا کۆنەپەرست بەو کەسانە دەگوترێت "دژی پێشکەوتن و گۆڕانکاریی بنەماکانی کۆمەڵایەتی، ئابووری، سیاسی یان پێوەندییە کۆمەڵاتی، ئابووری و سیاسیەکانن".

بۆ ئەوەی بە خوێنەر بسەلمێنین کۆماری ئیسلامی خاوەنی هەموو تایبەتمەنییەکانی پێشکەوتنخوازنەیە و هەموو تایبەتمەندییەکانی کۆنەپەرستبوون و دژی گۆڕانکاری و پێشکەوتن لای دژبەرانی ئەم پێکهاتە پیرۆزیی کۆماری ئیسلامییە،

**لە خوارەوە چەمکی کۆنەپەرستی زیاتر شی دەکەینەوە و بەکورتی باس لە دوو جۆری کۆنەپەرستیی مێژوویی و کۆنەپەرستیی سەردەمیانە یان کۆنەپەرستیی هاوچەرخ دەکەین:**

### کۆنەپەرستیی مێژوویی:

فرێندانی لەچک و سەرپۆشی ژنان کارێکی زۆر کۆنەپەرستانەیە. کاتێک بمانهەوێت بەقووڵی باس لە کۆنەپەرستی بکەین، دەتوانین لایەنگرانی کۆنەپەرستی لە زۆر ڕوانگە و گۆشەنیگاوە بخەینە بەر باس. یەکێک لە جۆرە هەرە گرینگەکانی دابەشکردنی کۆنەپەرستی دابەشکردنی مێژووییە. لە مێژووی کۆندا پێش هاتنی ئیسلام و دینەکانی دیکە خەڵکی ئەو سەردم نەک هەر سەرپۆش و ڕووپووش بەڵکوو جلوبەرگی زۆر کەمیشیان لەبەر دابووە. بەڵگەی مێژوویی دەڵێن دوای ئەوەی مرۆڤ بەڕووتی هاتووەتە سەر گۆی زەوی، دوای ئەوەی ماوەیەکی زۆر بە ڕووت و قووتی سووڕاوەتەوە، سەرەتا پاش و پێشی خۆی داپۆشیوە. دواتر ژنان لە داخی پیاوان سینگ و یەک دوو شوێنی دیکەی دیکەشیان بە توێکڵەدار و گەڵای پان داپۆشیوە. دیارە لەو سەردەمەدا کەس بیری قژ داپۆشینی نەکردووەتەوە. ئەم کۆنەپەرستییە یانی دانەپۆشینی قژ و لامل و سەرووی سینگی ژنان ئێستاشی لەگەڵدا بێت لە وڵاتانی دواکەوتووی ئوروپا و ئەمریکا و خۆرهەڵاتی ئاسیا بەردەوامە و تەنانەت لە چەند وڵاتی دوروبەریش کەمتاکورتێک ڕەچاوی دەکەن و لە ئێرانی هەمیشە ئیسلامیی ئێمەش کۆمەڵێک کۆنەپەرەست داوای ڕەچاوکردنی دەکەن و تەنانەت خۆیانی لەپێناودا بەکوشتن دەدەن. بۆیە ئاغای خامنەیی دوای ئەوەی تەزووی تریاک و مریاکەکە بەری دا بە بیری داهات بڵێت ئەوانەی باس لە لادانی حیجاب و میجاب دەکەن کۆنەپەرستن.

## کۆنەپەرستیی سەردەمیانە:

بۆ پیشاندانی دۆخی کۆنەپەرستیی سەردەمیانە، باسکردن لەم نرخی دۆلارە لە ئێران نموونە و وێنەیەکی زۆر بەردەست و بەرهەستە. ئەگەر دوور نەڕۆین هەر سی چل ساڵ بەر لە ئێستا نرخی دۆلارێکی ئەمریکا لە بازاڕی ئێران حەوت تومەن بوو. یک دۆلاری ئەمریکا بە ٧ دانە تاکە تومەن دەفرۆشرا، بەڵام ئێستا هاوکات لەگەڵ دەرفرتاندنی فەرمایشتی ڕێبەری کۆماری ئیسلامی، یک دۆلاری ئەمریکا لە بازاڕی " سەوزە مەیدان"تاران یانی چەند چەند شەقام خوارتری شوێنی نیشتەجێبوونی خامنەیی بە ٤٧ هەزار ٥٠٠ تومەن فرۆشرا. یانی هەر دۆلارێکی ئێستا ٦٧٨٥ ئەوەندەی ئەوکات نرخی بەرز بووەتەوە. لێرەدا هیچ پێویست ناکات دژی فەرمایشتی خامنەیی بین. هەر لە تۆی خوێنەر دەپرسم گێڕانەوەی دۆلاری پەنجا هەزار تومەنی بۆ نرخی حەوت تومەنەکەی سیچل ساڵ لەمەوبەر کۆنەپەرستی نییە. ئەدی کۆنەپەرستی بە چی دەڵێن؟
درنگانی شەوی ٢٧ی ڕێبەندانی ١٤٠١ خەریک بووین پنتی کۆتایی ئاخرین ڕستەی ئەم دێڕانە دابنێین، بەڵام کۆنەپەرستان جارێکی دیکە لە تاران، شیراز، ئیسفەهان، خورەمئاوا، تەورێز، ڕەشت و چەندین شاری دیکە هاوار دەکەن "نە این ورى نە آن ورى "..." تو بیت رهبرى". ئەمەشیان ئەوپەڕی کۆنەپەرستییە بەشێک لە ئەندامی لەشیان داوێنە نێو بنەماڵەی خامنەییەوە!

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ٣ی ڕەشەمەی ٢٧٢٢

## ژن، ژیان، ئازادی" بووەتە دارتەرمی مێژوویەک

ئەم دروشمەی "ژن، ژیان، ئازادی" خەوی هەموو لایەکی زڕاند. بێچووەپاشا و کوڕە هەژار و فەرخە ئاخوند و تەنانەت منی نووسەر و ئەگەر نووسەر بم و تۆی خوێنەریش ئەگەر خوێنەر بی، ئەم دروشمەی "ژن، ژیان، ئازادی"یە بە توندی هەڵیبەزاندووینەوە.

بەر لە هەمووان کوڕەگەورەکەی حەمەڕەزای خۆمان، پاش چل و چەند ساڵ خواردن و ڕیتنەوەی بێحیساب و کیتاب، دوای ڕاپەڕینی جەماوەریی شۆڕشی ژینا و بەرزبوونەوەی دروشمی ژن، ژیان، ئازادی، هەوای پاشایاتی لە کەللەی دا و لە شۆکی چل و چەند ساڵە هاتە دەر و بەباشی زانی وەک سوارچاکی لێهاتوو هەوساری سەرهەڵدانەکە بگرێتە دەست و خۆی باوێتە سەر پشتی و ئەسپی خەیاڵی بەرەو کۆشکی پاشایەتی لینگ بدات. پادشای خەیاڵاویی داهاتوومان بە ژێر سێبەری ئاپۆرای خەڵکی ڕاپەڕیودا دەڕوات و "خەیاڵاوی دەیڕوانێت". واهەست دەکات بە جادەی چۆڵ و سێبەردا دەڕوات. جادەیەک دوای ڕاکردنی باوکی و دامەزرانی جێگرەوە ئاخوندەکانی، نە ڕێبەرانی ڕاپەڕینی تێدا تیرۆر کراوە و نە هەزاران پێشمرگەی شۆڕشگێڕ و ژن و پیاو و منداڵی کوردی تێدا شەهید کراون و نە بە هەزاران کەس لە زیندانانەدا بەرەو گۆڕی بەکۆمەڵ گوزراونەتەوە. دروشمی "ژن، ژیان، ئازادی وەک " ئەسپەک" لەسەری شای خەیاڵاویی داوە و گێژی کردووە. ئەو لێی تێکچووە نێرینەیە و وادەزانێت کچەگەورەی باوکیەتی و حەمەی باوکی بە زیندوویی سەری خۆی تاجی پاشایەتیی ناوەتە سەر. هەر لەبەر ئەئەمەشە خەریکە دروشمەکە بۆ "ژن، ژیان، شاهەنشا" بگۆڕێت.

ئەم کابرایە ڕەنگە لێی شێوابێت و دروشمەکەی بە "پیاو، ژیان، ئازادی" تێگەیشتبێت، ئەگینا لە گشتمان خاستر دەزانیت خانەوادەی موحتەڕەمی پەهلەوی لەنێو خێزانی خۆشیاندا "شلەی بۆگەن"یشیان بە کڵاوی کچ و خوشکانیان نەپێواوە.

ئەم میرزا ڕەزایەی خەیاڵی پاشایەتی هەڵیگرتووە، لایەنگرانیشی لە خۆی گەوجترن. دوای ئەوەی ماڵپەڕی بی.بی.سی لە تویتێکدا بەشێک لە لێدوانی لێپرسراوی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانی سەبارەت بە شەرمەزارکردنی نزیکبوونەوەی خەباتگێڕان لە کوڕی شای کۆنی بڵاو کردەوە، بەندە یانی "دارسمە"ی نووسەری ئەم دێڕانە هەموو تێچێن و کۆمێنتەکانی لایەنگرانی پاشام لەژێر توویتەکەی "بی.بی.سی" دا خویندنەوە. لە کۆی سەدان تێچێن، نزیکەی ٩٠ لەسەدیان نووسەرانیان زمان شڕیان کردبوو و باسی ئەسپابەکەی نێوگەڵی خۆیان کردبوو. لە ئەنجامی لێکدانەوەی بەندەی موخلیستاندا وا دەرکەوت

لایەنگرانی کوڕی شای ماوەبەسەرچوو باڵەخانەی سەروویان بەکرێ داوە و بەشێوەیەکی کاتی یان بۆ هەمیشە بارگە و بنەی ئەندێشە و تێگەیشتنیان بەرەو نێوگەڵیان گواستووەتەوە.

بەداخێکی گرانەوە ئاخوندان پێچەوانەی شازادە لە پەڕی قوودا نەخەوتوون و وەک کەروێشکی خەواڵوو بازرەی دەشت و دەر و چیاوچۆڵی سیاسەت و میاسەت نەبوون و باڵەخانەی سەروویان بەکرێ نەداوە و مڵۆزمی خۆیانی تێدا بەخێو دەکەن. ئەوان دوای زیاتر لە چل ساڵ ئەزموونی دەستەڵات، لە وەشاندنی جووتە و شەقۆن بەردەوام بوون و فکرێکی دیکەیان لە حاڵی خۆیان کردەوە.

دروشمی ژن، ژیان، ئازادی دوای بەردەوامیی نزیکەی ساڵێک خەباتی خەڵکی ئێران بە ڕێبەرایەتیی ژنان، وای لە ئاخوندان کرد هەست بکەن ئێستا تا ڕادەیەک توانیویانە قەیرانەکە ڕابگرن، بەڵام لەترسی داهاتووی زۆر نزیک و دووریش دونیایان لێ بوو بە چەرمی چۆلەکە. دروشمی ژن، ژیان ئازادی هەروا بەردەوام و ژنان بە پیر و لاویانەوە دەستیان خستووەتە بینەقاقای کۆنەپەرستی و ها ئەمڕۆ و سبەی بیخنکێنن.

ئاخوندان لە هەنگاوێکی نوێدا دژی ڕەگ و ڕیشەی ژن و ژیان وەستاونەتەوە و خەریکی شیمیاییباران کردنی قوتابخانەی کچانن. ئەوان ژاری شیمیایی دەدەنە کچانی بچووک و پێیان وایە ئەم گورزەیان ئەمڕۆ و داهاتووش دەگرێتەوە. کاروانی شیمیاییباران کردنی کچانی بچووک ئێستا ڕۆژێک لە قوم و ڕۆژێک لە تاران و ڕۆژێکی دیکە لە خوڕڕەمئاوا و خووزستانە. ئامانجی کورتخایەنیان ئەمەیە خەڵک دروشمی لێدە لە بەیتی ڕەهبەری بۆ دروشمی "کۆتاییهێنان بە ژاراویکردنی کچان" بگۆڕن و بۆ داهاتووش بە وازهێنانی کچان لە قوتابخانە و خوێندن ژنانی داهاتوو بە نەخوێندەواری بمێننەوە.

**لە بەرانبەردا ئازادیخواز و خەباتگێڕانیش تابووتێکیان لە کەرەستەی پتەوی "ژن، ژیان، ئازادی" هەڵبەستووە و لاشەی دوو دیکتاتۆری پاشایەتی و کۆماری ئیسلامیان خستووەتە سەر و بەرەو لێواری دۆزخ شانیان داوەتە بەر، بەڵام جارێ پەلەقاژەی هەردوو مەیتەکە لە نێو "ژن، ژیان، ئازادی"دا بەردەوامە.**

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ١٨ی ڕەشەمەی ٢٧٢٢


**سەرچاوە: ڕۆژنامەی کوردستان و ماڵپەڕی کوردستان و کورد**

بەشی یەکەم

**کۆکردنەوەو ئامادەکردنی**: ڕەحمان نەقشی

**پووشپەری ٢٧٢٦ی کوردی = جوونی ٢٠٢٦ی زایینی**

---





# سپاس و پێزانین

**بۆ نووسەری وتارو نووسراوەکان ئەم نامیلکەیە.**

**دەستتان خۆش و هەروا قەڵەم ڕەنگین بن بۆ گەل و نیشتمان.**

**ڕەحمان نەقشی**



سەرچاوە
Serchawe